CFS

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

ژمارە (١٦) ساڵی چوارەم، تشرینی یەکەم، ٢٠٢٥. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات



- چالاکڤانیی ژنانی کورد لە نێوان هەڵپەسێردراوی و بە جەماوەریبووندا
- ئایین و ڕەگەز؛ کاریگەریی دیسکۆرسی ئیسلامیی سوننە لەسەر شۆڕشی ژینا
- چین و جەنگی دوانزە ڕۆژەی ئیسرائیل- ئێران
- هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و هەڵوێستی وڵاتانی هاریکاریی کەنداو
- ڕیفۆرمخوازان و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران
- دەوڵەت لە هزری شیعیی ئێرانی و عێراقیدا

# وەرزنامەی ئێرانناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیژی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٦) ساڵی چوارەم، تشرینی یەکەم ٢٠٢٥

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین: د. هەورامان فەریق کەریم



بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول
د. هەردی مەهدی میکە

هەڵەبڕ: هاشم خدر

دیزاین: ڕەوشت محەمەد



شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G، شووقەی (4)

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:

www.centerfs.org

Facebook: Center.of.Future.Studies

Instagram: centerfs

Email: info@centerfs.org

وەرزنامەی
# ئێراناسی

وەرزنامەی ئێرانناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەریان لەســـەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێرانناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەترێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پرۆسەی سیاسەترێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەرۆك


**سەروتار**

لە پەراوێزی کێشەکانی نێوان ئێران و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم | بارام مەجیدخان ........................... ٤

**توێژینەوە**

چالاکڤانیی ژنانی کورد لە نێوان هەڵپەسێردراوی و بە جەماوەریبووندا | د. ئازاد حاجی ئاقایی ..................... ٨

چین و جەنگی دوانزە ڕۆژەی ئیسرائیل- ئێران | د. هۆشمەن عەتا ................................................ ٢١

هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و هەڵوێستی وڵاتانی هاریکاریی کەنداو | د. یاسین عزەم ............................ ٣٤

ڕیفۆرمخوازان و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران | د. محەمەد حسێن زادە ................................ ٤٩

دەوڵەت لە هزری شیعیی ئێرانی و عێراقیدا | م. میران حسێن حەسەن .................................................. ٨١

**توێژینەوەی وەرگێڕدراو**

ئایین و ڕەگەز؛ کاریگەریی دیسکۆرسی ئیسلامیی سوننە لەسەر شۆڕشی ژینا

ئەحمەد محەمەدپوور | فاتیح سەعیدی _ و: مورتەزا مورادی (ئارما)................................................ ٩٥

ململانێی ئێران و ئیسرائیل: ململانێیەک بۆ نەوت، مووشەک و دەسەڵات شەڕی جیۆپۆلەتیکی

ئەمبرین ئامان، فەرحان خالید، ڕۆشان ئارا | و. عەزیز ڕەئووف ...................................................... ١١١

**شرۆڤە**

ڕێگە لە ئێران نەگیراوە؛ تاران و واشنتۆن و ئەو شکستانەی بوونە هۆکاری شەڕ | وەلی نەسر| و. ئارام مەحمود ... ١٣٠

سیناریۆکانی مەلەفی وزەی ئەتۆمی ئێران، لە نێوان یەکلاکردنەوە و پەرەسەندندا و. گۆران سەلام | ......... ١٤٤

**کەسایەتی**

میر حسێن موسەوی «سەرۆك وەزیرانی جەنگ» | ئامادەکردن: ئێرانناسی .............................................. ١٥٤

**کتێبناسی**

کورد لە سەفەرنامەکاندا (لە سەفەوییە تا کۆتایی پەهلەوی) | ئامادەکردنی: ئێرانناسی .............................. ١٦٤

**چەمکناسی**

بزوتنەوەی سەوز (جنبش سبز) | هەورامان فەریق .............................................................. ١٦٩

بارام
مەجیدخان



# لە پەڕاوێزی کێشەکانی نێوان ئێران و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم

ئێران، ئێران، ئێران... زیاتر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە و هەمیشە ئەم ناوە لە زەین و یادەوەری باوان و ڕەچەڵکی دێرینمان ڕاستەوخو و ناڕاستەوخۆ، زرنگاوەتەوە. لەسەر شاڕێی شارستانییەتە دێرینەکان و تا کوچە و کۆڵانەکانی سەمەرقەند و بوخارا ئێران بوونی هەبووە. هەندێک جار بە ئاڵایەکی شەکاوە و هەندێک جاریش بە ئاڵایەکی شکاو و بریندار.

دوا برینی سەر جەستەی ئێران، شەڕی دوازدە ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا کە دۆخێکی قورسی لە سەر کۆی سیاسەت و ڕێڕەوی سیاسی و ستراتیژی ئێران خوڵقاندووە. دوا بزماری وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش بۆ سەر تابووتی ئێران، کارا کردنەوەی میکانیزمی ماشە بوو. میکامیزمی ماشە ئەو بەندەی ناو ڕێکەوتننامەی بەرجام کە تێیدا ئێران بە پابەند دەکات بە ڕێکەوتننامەکەوە. ئەو داوەی کە بۆ ئێران لە بەرجام دانرابوو مینڕێژ کراوە بە چەندین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە لە پێش ساڵی ٢٠١٥ لە دژی ئێران ڕاگەیەندرابوو. هەموو گەمارۆکانی سەر ئێران کە لە ڕێکەوتننامەی بەرجام ناکارا کرابوون، جارێکی تر کارا کرانەوە.

گەمارۆکانی سەر ئێران لە سەردەمی حکومەتی ئەحمەدی نەژاد بە کاغەزی بێکەڵک ناوبرابوون. ئێستاش حکومەتی ئێران پێی وایە کە: «سناپ باک کاریگەری زۆری لەسەر ئابووری ئێران نابیت. ئێستاش بە بێ سناپ باک هەمان ئەو گەمارۆیانەمان لەسەرە کە لە سناپ باک بڕیاری لێ دراوە.» ئەگەر شێکردنەوەیەکی لۆجیکی بۆ ئەم بۆچوونەی ئێران بکەین، ئەوا هەڵەیەکی زەقی تێدا بەدی دەکرێت. ئەویش گەمارۆکانی کە بەر مەبنای سناپ باک دەگەڕێنەوە شەرعیەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە پشتەو و ئێران دەخاتە ژێر فەسڵی حەوتی ئەنجومەنی ئاسایش. زلهێزەکانی وەک چین و ڕووسیا پابەند دەکات بە جێبەجێکردنی گەمارۆکان و هەم وڵاتانی ئەورووپا چیدی هیچ چەشنە سەودایەکی بازرگانی لە گەڵ ئێراندا ناکەن. لە ڕوی سیاسییەوە ئێران بە تەواوی گۆشەگیر و دەستەودامان دەکات. هەڵاوسانی ئابووری ئێران کە ئێستا لە ئاستی داڕمانی ئابووریدایە زیاتر دەکات. کەشتیوانی ئێران پەک دەخات. ترانزێتی کاڵا لەگەڵ ئێران نامێنی. سیستەمی بانکی ئێران ئیفلیج دەکات. پیشەسازی فڕۆکەوانی بە ڕێژەیەکی زۆر لاواز دەکات. لە هەموو گرنگتر چیدی بەرجام بوونی نامێنی و وڵاتانی ئەورووپا لە بەرجام نامێنن. ئەمەش هەموو ئامادەکارییە بۆ ئەوەی لە ژێر فەسڵی حەوت مامەڵە لەگەڵ ئێران بکرێت.

لە سەر ئاستی ناوخۆش حکومەت لەو توانایەی کە ئێستا هەیەتی ناتوانی خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بە هاوڵاتیان خۆی بکات. ئەمەش بەو مانایە دێت کێشە ئابووری و ژینگەیی و سەندیکاییەکانی ئێران بە چارەسەر نەکراوی دەمێننەوە. هەر چەشنە نارەزای دەربرین و خۆپیشاندانێکی سەندیکایی و پیشەیی بەبێ وەڵام وەک خۆیان و بە چارەسەر نەکراویی دەمێننەوە. کەرتی تایبەتی ئابووریش لە تەنیشت کەرتی گشتی هەرەس دەهێنێت. کاتێک کە سەرمایەدارەکان نەتوانن پەیوەندی بە جیهانی دەرەوەی ئێرانەوە بکەن.

پێشنیاری ئاشتی لە غەزە لە لایەن سەرۆکی ئەمریکا و بە پشتیوانی پشتی پەردەی وڵاتانی عەرەبی لەو پرۆژەیە، پێدەچێت، هەم ئێران و هەم ئیسرائیل بە ناچاری سیاسەتی ئەمری واقیع قبووڵ بکەن. نە ئیسرائیل و نە ئێران لە ناخەوە بە پرۆژەکەی سەرۆکی ئەمریکا ڕازی نیین. هەم ئێران و هەم ئیسرائیل هۆکاری جیاوازیان هەیە. ئیسرائیل لە ژێر گوشاری سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتەکەی و فشارەکانی ئۆپۆزسیۆن، پێویستی بە

ڕێگەچارەیەک هەیە بۆ چارەسەری کێشەی غەزە. بەڵام پێیان وایە هێشتا حەماس بە پێوە وەستاوە و ناکرێت هێرشەکان بە بێ دەستکەوتی گەورە بۆ ئیسرائیل کۆتاییان بێت. هەرچی سیاسەتی ئێرانیشە وەستانی شەڕ لە غەزە و کپکردن و سەرکوتکردنی غەزە دەرفەت دەداتە ئیسرائیل بۆ سەرکوتکردنی جەمسەرەکانی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکە و پاشان هێرشی دوبارە بۆ سەر ئێران. پرۆژەی ئاشتی لە غەزە سەربگرێت، یاخود شکست بهێنێت، کێشەکە چەند دەرهاویشتەی گرنگی تێدا بەدی دەکرێت:

چارەسەری کێشەکانی ناوچەکە لە غەزەوە وەک داوێکە بۆ ئێران و لاوازکردن و پاشان هێرشکردنەسەر ئەو وڵاتە دەبینرێت. بە هەر دوو جەمسەری شەڕ و ئاشتی لە غەزە ئێران هیچ دەستکەوتێک بۆ خۆی ناچنێتەوە. ئامانجی کۆتایی پرۆژەی ئاشتی لە غەزە، پەیوەستکردن و یارگرتنە بۆ پەیمانی ئیبراهیمی لە ناوچەکە کە ئامانجی درێژ خایەنییان؛ پەیوەستبوونی ئێرانە بەو پرۆژەیەوە. بۆیە ئێران پێی ڕازی نابێت.

هاوکات و هاوتەریب لەگەڵ هەوڵەکانی سەرۆکی ئەمریکا بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە نێوان عەرەب-ئیسرائیل، چارەسەری هەمیشەیی بۆ ئەو کێشەیە، جووڵە سەربازییەکان لە ناوچەکە پەرەی سەندووە. دۆسییەی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا گەیشتووەتە بنبەست. ئەگەری پێکدادانی سەربازیی لە ئارادایە. لە ناوخۆی ئێران باس لە ئەگەری هێرشی پێشدەستانە دەکرێت، ئەو کاتەی دڵنیا بوونەوە لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئەو وڵاتە. ئەم بۆچوونە ئەگەریش بۆ ڕازیکردنی ناوخۆی وڵاتیش بێت ئێران پشتی بەو فڕۆکە هێرشبەرانە بەستووە کە لە لایەن ڕووسیاوە بە دەستی هێناوە. هەموو ئامادەکارییەکی جەنگێکی نوێ لە ناوچەکە کراوە. فڕۆکە و کەشتی جەنگی ئەمریکاش لە ناوچەکە بوونیان هەیە. لە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگ لە ناوچەکە ئەگەری تێوە گلانی هەندێک لە گرووپەکانی هاودەنگ و هاوڕیز لەگەڵ ئێران بوونی هەیە. هەرێمی کوردستانیش پریشکی ئەو جەنگەی بەر دەکەوێت لە لایەن هەر دوو جەمسەری جەنگەکە.

# توێژینەوە

ئێرانناسی



# چالاکڤانیی ژنانی کورد

## له نێوان هه‌ڵپه‌سێردراوی و به جه‌ماوه‌ریبووندا

د. ئازاد حاجی ئاقایی



## پوختە

لە کاتێکدا ئیسلامی سیاسی لە باشووری کوردستان، لە ژێردەسەڵاتی حکومەتێکی شێوە-سیکۆلار خەریکی پەرەسەندنی سێبەرکانی خۆی بە سەر جومگەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەدایە و هاوکات پانتایی تاکەسیی هەڵسوکەوتی ژنانیشی کردۆتە ئامانجی سەرەکی خۆی، ئەم دۆخە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ژێر سێبەری دەسەڵاتێکی ئایینی، ڕەوتێکی پێچەوانە تێدەپەڕێنێت. لە سێهەمین ساڵوەگەڕی سەرهەڵدانی ژن، ژیان ئازادی و لە کاتێکدا کە دۆخی ئابووری و سیاسی ئێران ڕووەو تەقینەوەی خاڵەکانی قەیران هەنگاو دەنێت،ڕەوتیخەبات، داخوازی و ئەو ئاسۆیانەی ژنان بۆ داهاتووی سیاسی دەخوڵقێنن، تا چ ڕادەیەک دەتوانێت کاریگەریی لەسەر گۆڕانی پانتایی سیاسی ئێران بە گشتی و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت؟ ئەم وتارە بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی خەباتی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵ دەدا سیکۆلاریستبوونی بزاڤی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک هێزی داینەمۆی گۆڕانی کۆمەڵگە، وەک ڕەوتێکی مێژوویی تاوتوێ بکات.

## بەرایی

گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە مەودایەکی زەمەنی درێژخایەن، لە ناو تێگەیشتنی کۆمەڵگە بیچم دەگرن و لە کاتە هەستیارەکانی وەرچەرخانی سیاسی، یان ئەو کاتەی کۆمەڵگە موبیلیزە دەکرێت، وەک دروشم یان ویستی گۆڕانکاری گشتی، لە چەشنی هاتنە سەر شەقام و چەکێکی مادی، خۆیان دەردەخەن. گشتگیربوونی دروشمی سیکۆلار و دژە هیرارکییەکانی باوکسالاری و دەسەڵاتدارییەکی ئیسلامی و سەرەڕۆ لە کۆمەڵگەی ئێران، ژن، ژیان ئازدی، ئەگەرچی ئاخێزگەکەی کوردستان بوو، بەڵام زۆر ئاماژەی سیاسی و دیرۆکی لە خۆیدا حەشار داوە.

هاوکات لەگەڵئاماژەکردن بە لایەنە سیاسییە ڕووتەکانی ئەم بزووتنەوەیە، وەک لابردن یان لە ناوچوونی دەسەڵاتێکی ئایینی، کە ئایین وەک هێزی یاسادانەر دەناسرێت، دژایەتیکردن لەگەڵ نەریتە زاڵەکانی کۆمەڵگەی نەریتیش، وەک باڵا دەستی پیاو بەسەر ژن، دژایەتی لەگەڵکۆنترۆڵی جەستەی ئافرەت لە لایەن پیاو- دەسەڵات، بەشێکی تر لەم ویستە بە هەژموونکراوەی ئەم سەرهەڵدانە بوو کە سێ

ساڵ پێش ئێستاکە چوارچێوەکانی جوگرافیای سیاسی ئێرانی تەنییەوە.

سەرەڕای ئەم تێبینیانە، کە لەسەر بنەمای چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیی درێژەمەودا، بە زمانی ئینگلیزی نوسراوە، لەم کورتە وتارەدا هەوڵ دەدرێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە و هەروەها، تەعبیرە جیاوازەکان، یان هەوڵدانەکان بۆ بەلاڕێدابردنی ئەم دیسکۆرسە، کە لە سەرەتادا وەک دروشمێک بەرز کرایەوە، بە گرنگیپێدانی بزووتنەوەی ژنانی کوردلە ناو جوگرافیای سیاسی ئێران، پێشینەی سیکۆلاری خەباتی ژنان لە دژە دەسەڵاتدارییە سەرەڕۆکانی ئێران، بۆ بەدیهێنانی مافە مرۆڤییەکان و نەتەوەییەکان، لە ماوەیەکی نزیکەی یەک سەدە،بنەما پراکتیک و فکرییەکان بخرێنە بەر باس.لە کۆتاییداهەوڵ دەدرێتئاسۆکانی داهاتووی بزاڤی ژنان لە کوردستان و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕۆژەڤی داهاتووی سیاسی ئێران وەک، گریمانەیەک باس بکرێت.

بەم تێڕوانینەوە کە چالاکڤانیی ژنانی کورد، بەردەوام لە ژێر کاریگەری مێژوونووسی پیاوانەدا، لە کوردستان شاردراوەتەوە، ئەم کورتە وتارە بە داکۆکیکردن لەسەر گێڕانەوەکانی ژنانی کورد، هەوڵ دەدات بە ئاماژەکردن بە جیۆپۆلەتیکی فێمینیستی، ڕوخساری دیرۆکی خەباتی ژنان بە تیۆری، Abeyance هەڵپەسێردراوی بخوێنێتەوە. بەڵام خوێندنەوەیەک لە ڕۆڵی ژنان لە ناو بزاڤی کوردستانی، بەم تیۆرە،لە یەکەم ساتدا،بە پێچەوانەی تیۆرە ڕۆژئاواییەکان کێشەیەکی مەعریفی لێ دەکەوێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی گێڕانەوەی ژنانە لە سیاسەت و کردەی سیاسی، لە ناو ئەدەبیاتی سیاسی کورد، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەم چەند ساڵەی دوایدا کەمو زۆر پەرەی سەندووە، بەڵام وا دێتە بەرچاو، بە هۆی باڵادەستی ئێپیستمۆلۆژی پیاوانە[١] و دیرۆکنووسی پیاوسالارانە[٢] بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ژنەکانیان بە شێوازێکی سیستەماتیک لەبەرچاو نەگرتووە، ئەم ڕەوتە تاکو ئێستا نەیتوانیوە ڕێچکەیەک لە بەرهەمهێنانی زانست لە کوردستان پێک بێنێت.هاوکات مێژوونووسیبزاڤی کوردستانی، نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو لە پارچەکانیتریش، تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر باندۆریدیرۆکنووسی ناسیۆنالیستی پیاوسالار بووە و زۆرجارگێڕانەوەکانی ژنان لەمەڕ مێژووی سیاسی پەراوێز خراوە یان بە ڕوانگەیەکی پیاوانە، گێڕانەوەکان، نووسراونەتەوە.

لەگەڵ ئەم کێشە گشتییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ناکرێ تەنیا بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەربەست بکرێتەوە، لەم بەشەی وڵات، هەندێک چالاکڤانی ژن، وەک گۆڵرۆخ

قوبادی، مەلەک مستەفا سوڵتانی، ئامینە کاکەباوە و... توانیویانە بە نووسینەکانی خۆیان، دەلاقەیەک، هەم ڕووەو گێڕانەوەی خەباتی ژنان بکەنەوە و هەمیش، لە بەرهەمهێنانی زانستی دژە باو، ڕۆڵیان هەبێت. لە لایەکی ترەوە، توانیویانە، بیرەوەری سیاسی-کۆمەڵایەتیش سەبارەت بە کردەی سیاسی تووشی ئاڵوگۆڕ بکەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم کێشەگشتییە، دەکرێ، باس لە تیۆری هەڵپەساردن بکرێت. سەرەڕای دەسەڵاتە دیموکراسییە ڕۆژئاواییەکان کە کەم و زۆر مەیلێکی سیکۆلاریان هەیە و ئامادەی دابەشکردنی دەسەڵات بە سەر چین، توێژ و ئەتنیکەجیاوازەکانی کۆمەڵگەن، ئەم مەیلە لە ناو دەسەڵاتدارییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بە گشتی و بە تایبەت ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لە ژێر کۆنترۆڵ دایە، بە هۆی ویستی ناوەندخوازانە یان ویستیی ئایینی، تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاو، بەرتەسک ترە. پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە هەم بۆتە هۆکاری لاوازکردنی پێکهاتەکانی دەوڵەت و هەم ڕێگری لە پێشکەوتنی دیموکراسی کردووە.

بەڵام بزووتنەوەکانی ژنان، بە پێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بە هۆی نەریتییبوونی کۆمەڵگەو سیاسەتەکانی دەسەڵات، بە تایبەت لە ئێران، بەردەوام لە دۆخێکی شێوە-هەڵپەسێردراو ماونەتەوە. سەرەڕای ئەم بەربەستە، دۆخی ژنان لەناو بزووتنەوەی کوردستانیشدا، ئەم بەربەستەی زەقتر کردۆتەوە. ئەمە وایکردووە لە لایەکەوە چالاکڤانیی ژنانی کوردهەم نەبینراوە، وەک بزاڤسەیر بکرێت و هەمیش بە پێی دۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسی جڤاکی ئێران، هەڵکشان و داکشانێکی بێ وێنەبە خۆیەوەببینێت. لەم ئاستەدا کە تیۆری هەڵپەساردن، دەتوانێ ڕەوتی گەشە و گۆڕانی چالاکڤانی ژنانی کورد لە ناودەقی کۆمەڵگە نا-دیموکراتەکان و دۆخی نەریتیی کۆمەڵگەی کوردی، وەک بزووتنەوەیەکی ئینتەرسێکشناڵ، شەن و کەو بکات.

پەیوەندیدار بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسی، بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی ئامانج و مەبەستی خۆیان دەتوانن ئامانجێکی تایبەتیان هەبێت یان بەشێوەیەکی فراوانتر بۆ پرسە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکان، ئامانجەکانیان تەرخان بکەن. پرۆگرام،ناسنامە و بەردەوامیی[٣] یەکێک لەم تایبەتمەندییانە بۆ پێناسەی بزاڤی ژنان، بەڵام بەو هۆکارانەی پێشتر، باسیان لەسەر کرا، چالاکڤانیی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاکو ئێستاش لە چەشنی بزووتنەوەیەک نەبینراوە.

لەناو بەستێنی تیۆرەکانی پەیوەندیدار بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، چوارچێوەی هەڵپەساردن سەرنجی زانستی زۆری ڕاکێشا بەهۆی شیکارییەکانی بۆ ستراتیژی و میکانیزمەکانی مانەوە کە لەلایەن بزووتنەوەکانەوە بەکاردەهێنرێن لە قۆناغەکانی وەستان لە نێوان ژینگە دوژمنکارەکان یان ئاڵنگاری نزیکدا. فۆرمولەکردنەکە سەرنج دەخاتە سەر قۆناغەکانی گەشەسەندنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کە پێشتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە، کاتێک زەحمەتە بەشداریکردنی جەماوەری کۆبکرێتەوە و، ڕێگە بە زانایان دەدات لە «هەڵگرتن» لە نێوان بزووتنەوەکان تێبگەن[٤].

لە چوارچێوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەناودۆخە دیموکراتییەکاندا بە گشتی و بزووتنەوەی ژنانی ئەمریکی بە تایبەت، ڤێرتا تایلۆر (١٩٨٩) چەمکی هەڵپەساردنی پێناسەکردو پەرەی پێدا.بەو پێیەی کە ڕێکخراوە فێمینیستەکان لە قۆناغی ڕاستەوخۆی دوای جەنگی جیهانی دووەمدا خۆڕاگر بوون، ئەم تیۆرە جەختی لەسەر چالاکییە ناوخۆییە کولتوورییەکان دەکردەوە. هاوکات پابەندی چالاکشانانی ژن بە بەهایبەرەنگاری، لە ناو دۆخی نالەباری گوشار لەسەربزاڤی ژنان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم پێناسەکردنە بوو. هەر بۆیە لەم پێناسەیەدا، تایلۆر پێداگری لەسەرئەمخاڵە کرد کە لە ئەگەری داکشان یان هەڵپەساردنی چالاکیی ژنان، ئەوە بەم واتایە نایەت کە بزووتنەوەکە لەناوچووە، بەڵکوقۆناغەکانی داهاتوو نیشانی دەدات. چالاکشانان بە کەڵک وەرگرتنی لەدەرفەتە جیاوازەکان، دەتوانن بەستێنێکی بەهێز بۆ قۆناغەکانی داهاتوو دابین بکەن[٥].

بەپێی تیۆری هەڵپەساردن، دەرفەت یان کەشی کراوە، کولتوورەکانی هاودەنگی، تۆڕە شاراوەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کولتووری سیاسی بەرخۆدان و سۆزی خۆشەویستی، وەک دەلالەتەکانی هەڵپەساردنی بزووتنەوەیەک لەکاتە هەستیارەکاندا، دەتوانێت پێناسەیەکی وردتر سەبارەت بەم تیۆرەبە دەستەوە بدات[٦] و[٧] هەر کام لەم چەمکانە ئاماژەیەکن بۆ ئەوەیکە چۆن نەوەستانی بزووتنەوەکان، بەستێنێک بۆ سەرهەڵدانەوەی نوێ دەڕەخسێنێت. هەر بۆیە چەمکی هەڵپەساردن، گرنگی دەخاتە سەر ئەم خاڵەگرنگە کە کەشە ئازادەکان، سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ سەرلەنوێ هەستانەوەی ئەو کەسانەی بەرەو ڕووی سیستەم و نەهامەتی بوونەتەوە(٨).

بنەماکانی هەڵپەساردن لە ناو بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان خاوەنی سێ تایبەتمەندین: تۆڕەکانی چالاکشانیی و مانەوەیان دەپارێزن، ئامانج و تاکتیکەکان ڕادەگرن و

ناسنامەی گشتی بەشداربووانەدەپارێزن،[٩] بەپێی ئەم سێ تایبەتمەندییە ،لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی-دیرۆکی، تاوتوێکردنی بزاڤی ژنان لە قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی کۆمەڵگە دەسەڵاتخوازەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەلاقەیەک بۆ خوێندنەوەی چالاکڤانیی ژنانی کورد لە بەستێنی نادیموکراتی دەسەڵاتە ئێرانییەکان لەمێژووی هاوچەرخ دەکاتەوە.

## دەرکەوتنی چالاکڤانیی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵات

دەرکەوتنی چالاکڤانیی کۆمەڵایەتی سیاسی ژنانی کورد، گرێدراوی بەستێنەکانە و کاریگەربوون یان ناکاریگەربوونی، ڕەنگە تەنیا گرێدراوی تواناییەکان و جۆری چالاکییەکان نەبێت. بۆ نمونە دەرکەوتنی چالاکیی ژنانی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان،لە سەردەمی مۆدێرن، گرێدراوی ئەو بەستێنەبوو، کە بۆشایی سیاسی لەجوگرافیای سیاسی ئێران ودیاردەیەکی نوێ، وەک دەرکەوتنی کۆماری کوردستان لە مهاباد، بەستێن و دەرەفەتەکانی ڕەخساند.

تەنانەت ئەگەر وەک ڕواڵەتێکیش بێت، دامەزرانی پارتی ژنانی دیموکراتی کوردستان، لە ٨ ی مارسی ١٩٤٦ یەکەم هەنگاوبوو ژنان توانیان، لە پانتایی گشتی سیاسی، نوێنەرایەتی بەشێک لە توێژی کۆمەڵگەی کوردی بکەن. لە کاتێکدا ژمارەی ژنان، بەپێی گێڕانەوەی کوبرا عەزیمی، هەم کەمبوو و هەمیش زۆرتر بە مەبەستی یارمەتیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام دیسکۆرسی نەتەوەخوازانە، توانی بۆ یەکەمجار ژنان بێنێتە ناو پانتایی گشتی سیاسی و ژنانێکی زۆرتر لە ناو پانتایی سیاسی، مۆبیلیزە بکات.

موجاب پێی وایەبوونی ژنان لە ناو پارتی سیاسی، ژیانی ژنانی لەناو سیاسەتدا فۆرمولە کرد ولەناو بڕیارە سیاسییەکاندا پەراوێزخران[١٠] بەڵام هەر ئەو میراتە سیاسییە کورتخایەنە وایکرد ئەم ڕەوتە لە ماوەیەکی کورت، نزیکەی ١٠ ساڵ دواتر، بە فۆرمێکیتر، لەژێر کاریگەی سیاسەتی مۆدێرنیزاسیۆنی دەسەڵاتی پەهلەوی، لەتەواوی جوگرافیای سیاسی ئێران و بە تایبەت لە بەشی کوردستان[١١] سەرلە نوێ خۆی بنوێنێتەوە.

گوڵێ قوبادی، چالاکڤانی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەبارەت بەم کاریگەییانە پێی وایە سەرکوتی سیاسی، کەش وهەوای نادیموکرات، هەڵاواردنی ئابووری و

بیروەرییەکانی کۆماری مهاباد، ژنانی کوردی هاندا تاوەکو ناوەندەکانی خۆڕاگریلە ناو بزاڤە چەپگەرەکان پێک بێنن. لە کاتێکدا ژمارەی ژنان، بە پێی گێڕانەوەی کوبرا عەزیمی، هەم کەم بوو و هەمیش زۆرتر بە مەبەستی یارمەتیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام دیسکۆرسی نەتەوەخوازانە، توانی بۆ یەکەمجار ژنان بێنێتە ناو پانتایی گشتی سیاسی و ژنانێکی زۆرتر لە ناو پانتایی سیاسی، مۆبیلیزە بکات. لەم بارەیەوە قوبادی پێی وایە:

تێڕوانینە ئایدۆلۆژییەکانی کەسانی مۆدێرن بە هۆی چوارچێوەکانی مارکسیی سۆڤیەتی، هاوڕێ لەگەڵ تێگەیشتنەکان لە کوبا و ئەمریکای لاتینەوە فۆڕمی پێدرابوو. لەناو ئەم پێکهاتە سیاسییەدا، خەیاڵکردی ئەخلاقی ئێمە لە هاوسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی وەک بەردی بناغەی کۆمەڵە وابوو. لە ئاکامدا، هاوکارییەکان لە نێوان هاوسەران و برایان، گەشەسەندنی چالاکڤانیی ژنانی کوردی لێکەوتەوە.

ئەگەر چی، کۆمەڵگەی نەریتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەک وەک لەمپەر لە ئاست چالاکڤانیی ژنانی کورد وەستایەوە، بەڵام بەپێی گێڕانەوەی چالاکانی ژن لە سەردەمی پێش شۆڕشی ١٩٧٩، لە ژێر کاریگەری خەیاڵکردەکانی پەیوەندیدار بە یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و لە ژێر کاریگەریی بیرەوەرییەکانی کۆماری کوردستان، چالاکان توانیان، سەر لەنوێ، دوای ماوەیەک هەڵپەساردنی کردەی سیاسی، چالاکییەکانیان دەست پێ بکەنەوە. وەک گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆیان، گوڵروخ قوبادی، ڕەخشەندە بلوری و شەمسی خوڕەمی، وەک چالاکانی سیاسی بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان، کە هەم لە سەردەمی پێش شۆڕشی ١٩٧٩ و هەمیش دوای ئەو، چالاکییان کردووە، ئاماژە بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵیەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وەک شوێنێک بۆ دۆزینەوەی فەزای چالاکییەکانیان دەکەن.

بە پێی گێڕانەوەکانیان، ژنان لەم سەردەمەدا بۆ ئەوەی بتوانن لە دۆخی پڕ لە دژایەتی لە هەمبەر ژنان، چالاکیی خۆیان بەردەوام بکەن، هەندێک تاکتیکی کردەیی جیاوازیان بۆ خۆیان پێناسە دەکرد. پێکهێنانی گرووپی کتێب خوێندنەوە، ژیان لە بەشە هەژارەکانی ناوشارەکان یان دیهاتە دوورەکان، کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ هەژارەکان و ژنانی لێقەوماو، پەرەپێدانی خوێندن و نووسین و لە ئاکامدا، پاڵپشتی کردن لە مافەکانی ژنان.

گێڕانەوەی ئەم ژنانە لە کردەی سیاسی خۆیان، یەکێک لە ئەڵقە پێناسەکراوەکانی تیۆری هەڵپەساردن، نیشان دەدا، واتە ئەو کاتەی دۆخی سیاسی وا دەکا چالاکڤانانی ژن، چیتر لە پانتایی سیاسیدا نەمێنن، هەندێک لە باوەڕپێکراوترین چالاکان، تاکتیکی کارکردن، لە پانتایی سیاسییەوە بۆ پانتایی کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەگوازنەوە تاکو هەم بەردەوامیی گرووپ بپارێزن و هەمیش ئامانجاکان بە شێوازێکی تر بپێکن.

ئەگەرچی دوابەدوای شۆڕشی ١٩٧٩ کرانەوەیەکی گەورە بۆ چالاکانی سیاسی و بە تایبەت ژنان کردەوە و ژنان توانیان لە ناو ئەنجومەنی شارەکاندا خۆیان ڕێکخستن بکەن و تەنانەت دواتر، ئەگەر ژمارەیان کەمیش بووبێت، هێزی پێشمەرگەی ژنان لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا پێک بێنن، بەڵام ئەم ڕەوتە درێژخایەن نەبوو. کەمتر لە دوو ساڵ، بەرفراوانبوونەوەی دەرفەتە سیاسییەکان بۆ بەشداری سیاسی و وەگەڕکەوتنەوەی بزووتنەوەی ژنان[١٢] و [١٣]. بە هۆی ڕاگەیاندنی جیهاد لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینی، وایکرد ئەم ڕەوتە توشی دابڕان ببێت,[١٤]

لە گێڕانەوەکانی چالاکڤانانی ژن سەبارەت بە پەیوەستبوونیان بە هێزی پێشمەرگە، دوای دەرکردنی فتوای جیهاد لە دژی کورد، هەر کامیان، ئاماژەیان بە هۆکاری جیاواز کردووە. هەندێکیان بە مەبەستی تێکشکاندنی باڵادەستی پیاوان، بەدەستهێنانی ئازادیی و هەندێکیشیان دەربازبوون لە قەفەسی تەنگی نەریتیی کۆمەڵگەیان وەک بەڵگە هێناوەتەوە. ئەگەرچی هەر کام لەم چەشنە بەڵگاندنانە دەتوانێت ئاماژە بە لایەنێکی سایکۆلۆژی و تاکەکەسیش بێت، بەڵام سەرەڕای ماوەیەک هەڵپەساردن، بە هۆی بەستێنە سازکراوەکانی پێشووی بەرەی پێش لە چالاکانی ژن، بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژیانەوەیەک کورت مەوداوی بە خۆوە بینی. دوابەدوای هەڵگیرسانی شەڕی ئێران- عێراق و دواتر هێرشی گەورە بۆ سەر شارەکانی کوردستان،لە ساڵی ١٩٨٧ بە دواوە، ژمارەیەکی زۆر چالاکانی سیاسی تووشی گیران، ئەشکەنجە و ئیعدام بوون، بەشێکی زۆریشیان لەگەڵ هێزی پیشمەرگەی باشوور بوون.

بە پێی گێڕانەوەی چالاکانی سیاسی، لەم سەردەمەدا، خەباتی ژنان بە شێوازی شاراوە، لەناو شارەکان پەرەی پێدرا. بەڵام ژینگەی سیاسی چالاکانی ژنی بۆ پاراستنی پەیوەندیی و ڕێکخستنەکانیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان، تووشی مەترسی گەورە کردەوە. ئەگەر دژواریش بووبێت، پاشماوەی ڕیکخستنەکان و شانەی ناوشارەکان، بە

پێکهێنانی گرووپی ئابووری بچووک، دروستکردنی کارگەی بچووکی فەرش چنین، یان گرووپی دانیشتنی شەوانە هەوڵیاندا تۆڕی نا-سیاسی دابمەزرێنن و ئەزموونەکانی خۆیان بگوازنەوە بۆ بەرەی داهاتوو.

بەم پێیە لە قۆناغی بەدیارکەوتنی ژنان لە بەستێنی سیاسی، لە سەردەمی کۆمار و هەڵپەساردنی ئەم چالاکییە لە دوای ڕووخانی کۆمار، دەکرێ لانیکەم دوو سیکڵی هاوشێوە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی چالاکیی ژنان لەگەڵ دۆخی دژ و نا-دیموکراتیکی ئێران ئاماژەی پێ بکرێت. یەکەمیان سەرلەنوێ ژیانەوەی چالاکیی ژنان و دەبڕینی داخوازییەکانیان لە ناو بەستێنی سیاسی حیزبە سیاسییەکان. دوابەدوای ئەمە موبیلیزەبوونی ژنان لە ناو پانتایی سیاسی و هێزی سەربازی. دامرکانەوەی چالاکیی سیاسی-کۆمەڵایەتی بە هۆی زەخت و گوشارەکانی ژینگەی نا-دیموکراتیک. هەروەک سەردەمی دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان، لەم بەستێنەدا، ژنان هەوڵیان دا بە تاکتیکی جیاواز، پابەندبوونی خۆیان بە خەیاڵکردە کۆمەڵایەتییەکانی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بە شێوازی جیاواز ڕابگرن و بپارێزن.

سەردەمێکی کورت و مەودای نوێ

ساڵانی نێوان ١٩٩٧-٢٠٠٥ لە ئێران وەک سەردەمی کرانەوەی سیاسی دەناسرێت. لەم ماوەیەدا ڕیفۆرمیستەکان بە سەرۆکایەتی محەمەد خاتەمی هەوڵیاندا لە ناو پێکهاتەی داخراوی ئێران، کەم و زۆر کەشێکی سیاسی کراوەتر بخوڵقێنن. ئەم سەردەمە هاوکات بوو لەگەڵ کەمبوونەوەی مەترسیی سەرکوتی توند و گەشەپێدانی هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی و کرانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی.

سەرەڕای ئەوەی لەم ماوەیەدا، چالاکیی ژنان لە ئێران زۆرتر لە ژێر ناوی فێمینیسمی ئیسلامی[١٥] بەرەوپێشچوو، بەڵام دەرفەتەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوێرەی ناوەندی ئێران کەمتر بوو. ئەم سەردەمە هاوکات بوو لەگەڵ گەشانەوەی چالاکیی کولتووری، پەرەپێدانی گۆڤار و ڕۆژنامە و کۆڕ و کۆبوونەوەکان لەناخۆ، سەقامگیربوونی شێوە-دەوڵەتێکی سەربەخۆی باشوور و پەرەپێدرانی چالاکیی پارتە سیاسییەکانم بە تایبەت پارتی کرێکارانی کوردستان لە ڕۆژهەڵات.

ئەم ژینگەیە، دەرفەتێکی نوێی بۆ بووژانەوەی چالاکڤانیی ژنانی کورد بەدی هێنا. کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکان، لە دەستپێکدا نیشانەیەک بوو بۆ خۆڕێکخستنەوەی

ژنان لەسەر بنەمای شوناسی نەتەوەیی و دواتر لە فۆرمی ناسنامەی جێندەردا خۆی نواندنەوە. بیرەوەری کۆماری کوردستان لەم سەردەمەشدا وەک سیمبولێکی بەرەنگاری و خەبات، بوونی خۆی پاراست(١٦).

گێڕانەوەی ژنانی بەرەی سێهەم لە بیرەوەرییەکانیان لەسەردەمی ڕیفۆرمدا پێداگرییەکە لەسەر بەردەوامکردنی خەباتی بەرەی دووهەم. بۆ نمونە دیبا عەلیخانی، پێی وایە بیرەوەرییەکانی کۆمار، خەیاڵکردی ژنانی کورد لەناو پێشمەرگە، دوای ١٥ ساڵ، ئەو ڕێگەیەی کردەوە بەستێنەکانی چالاکڤانیی ژنان ڕووەو ئاقاری تر وەک وەستان لە ئاستی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، دەمارگرژی ڕەگەزی، دژایەتیی لەگەڵ هەڵاواردنی ڕەگەزی بڕوات.

ئەزموونی سیاسی، وایکردبوو ژنانی کورد لە ساڵانی کۆتایی سەردەمی ڕیفورم لە ئێراندا، ڕێکخراوتر داخوازیی زۆر بنەڕەتی تریش بهێننە زمان. عەلیخانی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لە سەردەمی چالاکیی بەبیر دێنێتەوە:

لە کاتێکدا ژنان لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێران لە هەوڵی ئاشتکردنەوەی ئیسلام و فێمینیزم بوون، ئامانجی ژنانی کورد، لابردنی حیجابی زۆرەملی بوو. ئەو کاتەی ئێمە وەک ژنانی کورد لە تاران، پێشنیاری وەلانانی حیجابی زۆرەملێمان کرد، ئەوان وتیان ئەم ویستە لەگەڵکارە لە پێشینەکانی ئێمە هاوئاهەنگ نییە. ئەوان زۆرتر لەسەر مافی تەڵاق و سەرپەرشتی منداڵ دوای تەڵاق پێداگریان دەکرد.

هاوکات لەگەڵ ئەم چالاکییانە، چالاکڤانانی ژنی کورد، بۆ ماوەیەکیش لەگەڵ فێمینیستە ئیسلامی و سیکۆلارەکانی ناوەند، کاری هاوبەشیان دەستپێکرد. ئەم چالاکییە، لە کۆتاییدا چەشنە درزێکیشی خستە ناو چالاکی ژنان لە ناو ئێران و پرسی ئینتەرسێکشناڵبوونی چالاکیی ژنانی کوردی لە ناو جوگرافیای سیاسی ئێران زەق کردەوە.

لە ماوەی کەمپەینی یەک میلۆن واژۆ، یەکێک لە چالاکڤانە کوردەکان بەبیر دێنێتەوە کە ژنانی ناوەند پێیان وابوو ژنانی کورد، نابێ باس لە ناسنامەی کوردی خۆیان بکەن و پێویستە تەنیا لەسەر ڕەگەزی خۆیان وەک ژن، داکۆکی بکەن.

مشتومڕەکانی ئەم پرسە لە ناوخۆی ئێران و لە ناو کوردستان، پەرەی بە چەمکی ئینتەرسێکشناڵبوونی پرسی ژنی کورد، وەک ئۆبژێکتێکی یەکتربڕ لە ناو چەند پرسی هاوکات لێکەوتەوە، واتە ژنی کورد، لە ناو کۆمەڵگەی نەریتیی کوردی بە تێڕوانینی

باوکسالاریی، ژێر دەستبوونی لەناو جوگرافیای سیاسی ئێران وەک کورد و وەک ژنێک لە ژێر دەسەڵاتی ئایینی، لە جەند لاوە تووشی هەڵاواردن و نایەکسانی بۆتەوە.

هەر بۆیە دەرەنجامەکانی ئەم پرسە دوابەدوای هەڵگیرسانی ناڕەزایەتییە درێژخایەنەکانی ناو جوگرافیای سیاسی ئێران، پاشکوژرانی ژینا ئەمینی، تەنیا بە پرسی کورد لە ناو ئێراندا بەربەست نەکرا، بەڵکو زۆر بە توندی پێکهاتەی پارتە سیاسییەکانی کوردستانیشی لە ڕۆژهەڵات هەژاند.

بە تێڕوانینێکی کورت لە سێ قۆناغی جیاوازی مێژووی هاوچەرخی کوردستان لە ناو ئێران، دەکرێ بوترێت، چالاکڤانیی ژنانی کورد لەم سێ قۆناغەدا تا ڕادەیەکی زۆر گرێدراوی بەبەریەکەوتنی پێکهاتە پیاوسالارەکان لە کۆمەڵگەی کوردستان، خەیاڵکردی ژنان بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەری و لە کۆتاییدا، ئاوێتەبوونی پرسی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندخواز-ئایینی لە ئێراندا بیچمی گرتووە. ئەم سێ لایەنە، هاوکات بەربەستیان بۆ چالاکڤانیی ژنانی کورد بەرهەمهێناوە و لەلایەکی تریشەوە، ئەم ژینگە پڕ لە دژایەتییە، وایکردووە ژنان، بۆ دەربازبوون لەم بەربەستانە، هەوڵی کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان، ڕێکخستنو پەرەپێدانی تۆڕی پەیوەندییەکانیان بدەن.

بەرەی یەکەمی چالاکانی ژن، سەرەڕای ئەوەی نەیانتوانی کاریگەرییەکی کردەیی بەرچاویان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی هەبێت، بەڵام ڕەنگدانەوەی بیرەورییەکانی ئەوان لە ناو بەرەی دووهەم و سێهەم،لە ژێر کارتێکەری کۆماری کوردستان لە مهاباد، ویستی یەکسانی و شوناسی نەتەوەیی و جیندەری،وایکرد دژایەتی لەگەڵ پێکهاتەکانی دەسەڵاتێکی ناوەندخواز و ئایینی، ببێتە بنەمایەک بۆ بەردەوامی کاروچالاکی.

تیۆری هەڵپەساردن کە لە سەرەتادا بۆ تاوتوێکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو کۆمەڵگە دیموکراتەکاندا فۆرمولە کرابوو، بە هۆی توانستەکانی بۆ خوێندنەوە خەباتی شاراوە، لێدوان سەبارەت بە قۆناغەکانی چالاکی و هەڵکشان و داکشانی چالاکڤانیی، بەردەوامی کردەی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگە نا-دیموکراتەکانیش ڕوون دەکاتەوە. ڕەنگە زوو بێت باس لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێت، بەڵام بە پێی ئاماژەکردن بە سێ قۆناغی چالاکڤانیی ژنانی کورد، دەکرێ باس لەوە بکرێت ئەم چالاکڤانییە، نە تەنیا لە ژینگەیەکی نا-دیموکراتیکدا مانەوەی خۆی مسۆگەر کردووە، بەڵکو دوابەدوای شۆڕشی ژن، ژیان ئازادی، بەرەو

پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی ژنان و بزووتنەوەیەکی ژنانەش هەنگاوی ناوە.جیا لەوە، تێکەڵاوبوونی ئەم چالاکڤانییە لەگەڵئایدۆلۆژیا سیاسییەکانی وەک ناسیۆنالیزم و سۆشیالیزم، لە ناو ژینگەی پڕ لە دژی ئێران و ڕۆژهەڵات، سیمایەکی تایبەتیشی پێ بەخشیوە.

## تێبینی:

ئەم کورتە وتارە، لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی درێژخایەن لە سەر چالاکڤانیی ژنانی کورد لە زانکوی یاگیولیسنکی لە کراکۆ، نوسراوەتەوەو و وەک تێزی پۆست دۆکتۆرای نووسەر، لە هەوڵی ئەوەدایە چالاکیی ژنانی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەک وەکوو خەباتێکی کورتخایەن، بەڵکوو وەک تێڕوانینێکی ستراتیژیک، بە چەمکیی هەڵپەساردن و بەردەوامیی تیوریزە بکا. دەتوانن لەم دوو لینکەی ژێرەوە دەتوانن بڕواننە سەرچاوە سەرەکییەکانی بەشێک لەم تێزە و ئەم کورتە وتارە.

Enacting Citizenship: Kurdish Women›s Resilience, Activism and Creativity | SpringerLink

Full article: Kurdish women's activism in Iran: struggle for re-conquest of the public sphere

## سەرچاوەکان

1- Ça?layan, H. (2020). Women in the Kurdish Movement: Mothers, comrades, god desses. Palgrave Macmillan.

2- Baker, A. (1998). Voices of resistance: Oral histories of Moroccan women. State University of New York Press.

3- Tilly, C., Castañeda, E., & Wood, L. J. (2020). Social movements, 1768–2018. Routledge.

4- Gusfield, J. R. (1981). Social movements and social change: Perspectives of linear ity and fluidity. In L. Kriesberg (Ed.), Research in social move-

ments, conflict and change (Vol. 4, pp. 317–339). JAI Press. p. 324

5- Taylor, V. (1989). Social movement continuity: The women's movement in abey ance. American Sociological Review, 54(5),

6- Taylor, V. (1989). Social movement continuity: The women's movement in abey ance. American Sociological Review, 54(5), 761–775.

7- Crossley, A. D., & Taylor, V. (2015). Abeyance cycles in social movements. In B. Klandermans & C. van Stralen (Eds.), Movements in times of democratic transition (pp. 64–87). Temple University Press.

8- Polletta, F. (1999). Free spaces in collective action. Theory and Society, 28, 1–38.

9- Taylor, V. (1989). Social movement continuity: The women's movement in abey ance. American Sociological Review, 54(5), 761–775.P.762.

10- Mojab, S. (2001). In Bannerji, Mojab, & Whitehead (Eds.), In: Of property and propriety: The role of gender and class in imperialism and nationalism (pp. 116–152). University of Toronto Press.

11- Cabi, M. (2020). The roots and the consequences of the 1979 revolution: A Kurdish perspective. Middle Eastern Studies, 1–20. P.85.

12- Cabi, M. (2020). The roots and the consequences of the 1979 revolution: A Kurdish perspective. Middle Eastern Studies, 1–20. P.85.

13- Qobadî, G. (2015). Shaghayegh-ha Bar Sanglakh, Zendegi ve-Zamaneye Yek Zane Kord az Kordestan-e Iran [Poppies on rocky].

14- Moghissi, H. (1996). Populism and Feminism in Iran: Women's Struggle in a Male-Defined Revolutionary Movement. Macmillan Press.

15- Moghissi, H., & Mojab, S. (2023). Feminist Ethics: The End of "Islamic Feminism" and the Rise of "Woman, Life, Freedom" [Persian]. https://www. radiozamaneh.com/765807

16- Vali, A. (2011). Kurds and the state in Iran: The making of Kurdish identity. Palgrave Macmillan. P.137.



# چین و جەنگی دوانزە ڕۆژەی

# ئیسرائیل- ئێران


د. هۆشمەن عەتا

دکتۆرا لە مێژووی هاوچەرخ




## بەرایی

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك یەکێك لە کاریگەرترین هێزە هەرێمییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو کاتەی کە لە ١٩٧٩ەوە دەسەڵاتی وەرگرتووە، لە ململانێ و جەنگی سارددایە لەگەڵ هێزە ڕۆژئاواییەکان، بەتایبەتی ئەمریکا و ئیسرائیل. ئەو ناکۆکی و دوژمنایەتییەش لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەدا بە چەندین شێواز و وێستگە و جەنگی بە وەکالەتدا تێپەڕیوە. پاش ڕودواوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ و دەستپێکردنی جەنگی حەماس و ئیسرائیل، ناکۆکی و دوژمنایەتی ئیسرائیل بە چەند قۆناغێك لە لێدان لە هێزە پرۆکسییەکانی ئێران لە ناوچەکەوە دەستییپکرد، هەتا گەیشتە هێرشی ڕاستەوخۆی ئیسرائیل بۆسەر ئێران، ئەگەرچی لە چەندین قۆناغدا ئێران خۆی بواردووە لە جەنگی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل، بەتایبەت پاش هاتنەسەرکاری سەرۆکی ڕیفۆرمخواز مەسعود پزیشکیان، ئەو هەوڵە دیپلۆماسییەکانی چڕکردەوە بۆ دانوستان لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، بەڵام لە سەروبەندی ئەو دانیشتنانە و لە بەرەبەیانی ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، ئیسرائیل هێرشی چڕوپڕی کردە سەر ئێران و بەوەش جەنگی ڕاستەوخۆی ئەو دوو وڵاتە بە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی بۆ ماوەی دوانزە ڕۆژ بەردەوام بوو. لەماوەی ئەو دوانزە ڕۆژە، بەپێچەوانەی ئیسرائیل کە کۆمەکی و پشتیوانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی هەبوو، ئێران لە تەنهایی و بێ پشتیوانییەکی ڕاستەقینە دەبینرا. هاوپەیمانەکانی ئێران، ڕووسیا و چین، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر ڕێڕەوی جەنگەکە و کۆتایی پێهێنانی نەبوو، ئەوەش پرسیار و گریمانەی زۆری لەسەر جۆری پەیوەندی و ڕادەی متمانەی ئەو هێزانەی لای ئێرانییەکان دروستکردووە. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لە چەند ڕەهەندێکەوە و بەتایبەتی لە دیدگای چینەوە بۆ ئەو پرسە بڕوانێت و هەتاوەکو لە کۆتاییدا بگاتە وەڵامی ئەو پرسیارەی بۆچی چین هەڵوێست و پێگەی بەهێز نەبوو لە جەنگی دوانزە ڕۆژەدا.

## چین و جەنگی دوانزە ڕۆژە:

کۆماری گەلی چین هەمیشە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا جەختی لەسەر بنەمای دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکە کردووەتەوە، ئەم پرەنسیپە بە یەکێک لە پایە بنەڕەتییەکانی ئەو سیستەمە نێودەوڵەتییە کە مەبەستیەتی بەرقەراری

بکات (هەڵوێستی چین لەسەر قەیرانی دارفۆر لە سودان و شەڕی ناوخۆی سووریا و هەوڵەکانی بۆ ڕێگریکردن لە دەستوەردانی دەرەکی لەم دوو پرسەدا بەڵگەن لەسەر سیاسەتی دەرەوەی چین لە قەیرانە نوێکان). هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ئارەزووی بەشداریکردنی لە هاوپەیمانییە سەربازییەکاندا نییە، نەبادا پەکین ڕابکێشێتە ناو ململانێیەکی نەخوازراوەوە. بە پێچەوانەی سیاسەتەکانی ئەمریکا کە پەنا دەباتە بەر دەستێوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆ یان فشاری سیاسی و ئابووریی بەهێز لە قەیرانە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکاندا، چین پێی باشترە پێگەی خۆی وەک ناوبژیوانێکی بێلایەن و ئەکتەرێکی بەرپرسیار و داکۆکیکارێک بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی قەیرانەکان جێگیر بکات[1]. لە ڕاستیدا ئەو بیرکردنەوەی چین بەشێکی بەهۆکاری دینامیکیەتی ناوخۆیی چینەوەیە، چینیەکان بێزارن لە دەستوەردانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆ تایوان و بەکارهێنانی وەك کارتێکی گوشار لە دژی چین، هەر بۆیە لەناو بیری سیاسی دەستەبژێری چینیدا هەمیشە بە خۆپارێزی و وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ پرسە هەستیارەکانی جیهاندا دەکەن. لەلایەکی دیکەوە چین لە ئێستادا سەرقاڵی گەشەپێدانی ئابوورییە، هەر جۆرە تێوەگلانێك لە قەیرانە جیهانیەکان، کاردەکاتە سەر خاوبوونەوەی ئەو ئاڕاستە خێرایەی کە ئابوورییە گەشەسەندووەکەی پێدەناسرێتەوە.

ڕێبازی دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی چیندا بەم جۆرە پێناسە کراوە «بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی نێودەوڵەتی خاوەن داهاتوویەکی هاوبەش»، چەمکێک کە جەخت لەسەر هاوکاریی، پێکەوەژیانی ئاشتیانە، ڕێزگرتنی سەروەری نیشتمانی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە ڕێگەی گفتوگۆوە دەکاتەوە. چین هەوڵ دەدات خۆی لە وێنەی هێزێك کە سیستەمی نێودەوڵەتی تێکدەدات، دوور بخاتەوە و لەبری ئەوە، خۆی وەک ئەکتەرێک پیشان بدات کە گرنگی بە سەقامگیری جیهانی دەدات و ئامرازی دیپلۆماسی بەکاردەهێنێت بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان.

بەبڕوای توێژەری ئێرانی باروت کوبزادە، هۆکاری ئەوەی کە چین بەشداری و پشتگیری بەهێزی ئێرانی نەکردووە لە ماوەی شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیلدا، دەتوانرێت بەشێکی بەهۆی توانای سەربازیی ئێران لە کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکەدا لەقەڵەم بدرێت، ئەو پێی وایە ئێران توانیویەتی زیانی زۆر بە ژێرخان و ناوەندە

سەربازییەکانی ئیسرائیل بگەیەنێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بە یارمەتی ڕاستەوخۆی دەرەکی هەبێت. جگە لەوەش ئێران هیچ داواکارییەکی فەرمی بۆ دەستێوەردان یان پشتیوانی هاوپەیمانەکانی نەکرد، و ئێران و چین هیچ پەیمانێکی بەرگری هاوبەشیان نییە، بۆیە ناتوانرێت نەبوونی چین بە وڵاتێکی بێباك لە حاست هاوپەیمانەکانی هەژمار بکرێت. لە شیکردنەوەی ڕەفتاری چیندا، ئەو هەروەها پێی وایە پێویستە سنووری کاتیی ململانێکەش لەبەرچاو بگیرێت، بەراوردکردنی شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل لەگەڵ ١٢ ڕۆژی یەکەمی شەڕی ڕووسیا و ئۆکراین، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چین لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەو شەڕەشدا دەستوەردانی نەکردووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بووە یەکێک لە کڕیارە سەرەکییەکانی نەوتی ڕووسیا، ئێستا تەنانەت هەندێک پارچەی ئامێر و کەرەستە سەربازی و جەنگییەکان بەکاردەهێنرێن لە ڕێگەی کۆمپانیا چینییەکانەوە دەگەنە ڕووسیا. بۆیە چاوەڕوانی دەستێوەردانی دەستبەجێی چین لە ململانێیەکی کورتخایەنی وەک شەڕی ئێران لەگەڵ لۆژیکی سیاسەتی دەرەوەی پەکین ناگونجێت[٢]. هەروەها سەبارەت بە جیاوازی پەیوەندی نێوان ئێران و چین و پەیوەندی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل، پێویستە بگوترێ کە پەیوەندی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل، پەیوەندییەکی قووڵی ئایدیۆلۆژی، ستراتیژی و بونیادییە. ئیسرائیل وەک ئەکتەرێکی ناوچەیی، لە ڕاستیدا دروستکراوێکی ڕۆژئاوایە بۆ کۆنترۆڵکردنی پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئامرازێکە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا. ئەمەش بە ڕوونی لە پشتیوانییە بێمەرجە سیاسی و سەربازی و ئەمنییەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئیسرائیلدا دەبینرێت. ئەو هەروەها پێی وایە بەبێ ئەم چەک و پشتیوانییە دیپلۆماسییە ڕۆژئاواییە، ئیسرائیل بەرگەی ئەکتەرە بەهێزەکانی وەک ئێران نەدەگرت[٣].

لە بەرامبەردا پەیوەندی ئێران لەگەڵ چین سروشتێکی جیاوازی هەیە. چین ئێران وەک هاوبەشێکی ستراتیژی لە ڕۆژئاوای ئاسیا دەبینێت. ڕێککەوتنی ستراتیژی ٢٥ ساڵەی نێوان هەردوو وڵات و پشتیوانی چین لە ئێران لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەڵگەن لەسەر ئەمە. بەڵام ئێران تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە بە بەراورد لەگەڵ هاوبەشە ناوچەییەکانی دیکەی چین، کە هاوبەشی گوتارییە لەگەڵ چین لە دژایەتیکردنی ئەو نەزمە تاک جەمسەرییەی کە زاڵە بەسەر جیهاندا و

ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئەمریکا. ئەم هاوبەشییە بووەتە هەوێنی جۆرێک لە لێکتێگەیشتنی ستراتیژی لە نێوان تاران و پەکین[٤].

ڕۆژی ١٤ی حوزەیران، وەزیری دەرەوەی چین وانگ یی پەیوندی تەلەفونی لەگەڵ عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران ئەنجام دەدات. بەگوێرەی ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی چین لەو پەیوەندییەدا عێراقچی بە هاوتا چینیەکەی وتووە «ئیسرائیل بەو هێرشەی بە شێوەیەکی جددی یاسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێل کردووە. ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی ئیسرائیل زۆر مەترسیدارە و ڕەنگە تەواوی ناوچەکە بکێشێتە ناو شەڕی سەرتاسەرییەوە. ناوبراو هیوای خۆی دەربڕیووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بانگەوازێکی یەکگرتوو بۆ هاندانی ئیسرائیل بۆ وەستاندنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دەرببڕێت. سەید عەباس عێراقچی سوپاسی چینی کرد بۆ تێگەیشتن و پشتیوانی بەردەوامی لە هەڵوێستی ئێران و متمانەی دەربڕی کە چین ڕۆڵێکی گرنگتر لە پێشخستنی ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکەدا دەگێڕێت[٥].

لە بەرامبەردا وەزیری دەرەوەی چین، وانگ یی وتویەتی، چین ڕاستەوخۆ بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆی دەربڕی دوای هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران. «چین بە ڕاشکاویی ئیدانەی پێشێلکردنی سەروەری و ئاسایش و یەکپارچەیی خاکی ئێران دەکات و بە توندی دژایەتی ئەو هێرشە بێباکانە دەکات کە بەرپرسانی ئێران دەکەنە ئامانج و قوربانیی خەڵکی مەدەنی لێدەکەوێتەوە. چین پشتیوانی لە ئێران دەکات لە پاراستنی سەروەری نەتەوەیی وڵاتەکەی و بەرگری لە ماف و بەرژەوەندییە ڕەواکانی و دەستەبەرکردنی سەلامەتی گەلەکەی. ئەم کارانەی ئیسرائیل بە شێوەیەکی جدی ئامانج و بنەماکانی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و بنەڕەتی بەهاکان کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەدەبەن، پێشێل دەکات. بە تایبەتی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران پێشینەیەکی مەترسیداری داناوە کە ئەگەری لێکەوتەی کارەساتبارانەی لێدەکەوێتەوە. چین پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات لە بەرزڕاگرتنی دادپەروەری و هەڵوێست وەرگرتن لە زووترین کاتدا. هەروەها چین داوا لەو وڵاتانە دەکات کە کاریگەرییان لەسەر ئیسرائیل هەیە هەوڵی کۆنکرێتی بدەن بۆ گەڕاندنەوەی ئاشتی[٦].

وادیارە وەزیری دەرەوەی چین ویستویەتی ئاستی چاوەڕاونیەکانی ئێران لە چین کەمکاتەوە و بۆیە لە کۆتاییدا بەم جۆرە پەیوەندیەکی تەواوکردوە «لە ئێستادا دۆخی ناوچەکە لە ساتێکی گرنگ و چارەنووسسازدایە، چین ئامادەیە پەیوەندی لەگەڵ ئێران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەدا بپارێزێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە ڕۆڵی بنیاتنەر لە کەمکردنەوەی گرژییەکان. هیوای دەربڕی کە لایەنی ئێرانی ئاسایش و سەلامەتی دامەزراوە و کارمەندانی چینی مسۆگەر بکات».[٧]

بە بڕوای چینناس ئۆلیڤەر کۆنراد، لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و ئیسرائیل، چین وەک خوازیارێکی بوون زلهێزی جیهانی ڕووبەڕووی دووڕیانێک بووەتەوە، ئەویش ئەوەیە چۆن لە یەك کاتدا خاوەن پێگە و کاریگەریی بێت و لە هەمان کاتدا لە ڕووی سەربازی و ئەمنییەوە بەشداری ململانێکان نەکات، ئەو ئاڵنگارییە نوێیە لە کاتێکدایە کە ئەمریکا جارێکی دیکە دەستی بە ململانێ و پەرەپێدانی دیپلۆماسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پەکین بۆ ئاسایشی وزە پشتی پێبەستووە[٨].

دوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی ئێران و دواتر بۆردومانی سەر دامەزراوەی ئەتۆمی فۆردۆ لەلایەن ئەمریکاوە، بە شێوەیەکی کاریگەر چاوەڕوانیەکانی مەسعود پزیشکیانی بۆ دووبارە بونیادنانەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا تێکشکاند. ئەوەش کاتێك دەرکەوت کە باڵیۆزی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند واشنتۆن بواری بۆ دانوستاندنەکان نەهێشتووەتەوە. [٩] ئەو بێ ئومێدیە لە ڕۆژئاوا، ڕەنگە جارێکی دیکە تاران ناچار بکات بەدوای بەدیلدا بگەڕێت و دەست بۆ بژاردەی دیکە ببات، وەك بژاردەی سیاسەتی ئاوڕدانەوە بۆ ڕۆژهەڵات (سیاست نگاه به شرق) کە لەسەردەمی سەرۆکی پێشووی ئێران مەحمودی ئەحمەدی نەژادەوە دەستپێکردووە[١٠].

بۆ ئێران لە دوای شەڕی دوانزە ڕۆژەوە، چین وەك بژاردەیەکی ناچاریی لە ناوەندی ستراتیجی مانەوەی ڕژێمەکەی دەبینێت. بە لای چینەوە بەهۆی گەمارۆکانی ڕۆژئاواوە ئەم خواستەی ئێران لەبەردەم ئاستەنگی گەورەدایە، بە تایبەت ئەگەر بێت و ئێران هەڕەشەکانی بۆ داخستنی گەرووی هورمز لە وەڵامی هەر هێرشێکی ئیسرائیل یان ئەمریکا لە داهاتوو جێبەجێ بکات. بە سەرنجدان لەوەی کە چین

نزیکەی ٤٥٪ نەوتەکەی و ٣٠٪ گازی شلی سروشتی لەڕێگەی گەرووی هورمزەوە هاوردە دەکات، داخستنی ئەو ڕێڕەوە، مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی وزەی وڵاتەکەی دروست دەکات. لە بەرامبەردا، پەکین هەوڵەکانی خێراتر کردووە بۆ هەمەچەشنکردنی ڕێگەکانی دابینکردنی وزە، بەتایبەتی بە پێداچوونەوە بە پلانەکانی بۆری سیبیریا ٢ کە بەهۆی ناکۆکیی لەسەر نرخ ماوەیەك وەستابوو. بە بڕوای لیکۆڵەر ئەحمەد عەبدوڵلا، جەنگی دوانزە ڕۆژە، قەیرانێکی بۆ چین دروستکردووە کە پێی دەوترێت (قەیرانی هورمز Hormuz Dilemma)، ئەو قەیرانە ئاسایشی وزە و داهاتوی گەشەسەندنەکانی چینی خستووەتە بەردەم مەترسیەوە[١١].

لەم نێوەندەدا، ئارامیەکی زیاتر بەهۆی ئەگەری گۆڕینی ڕژێم دێتە ئاراوە. بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل چەندین جار قسەی بۆ گەلی ئێران کردووە، لە ٢٠٢٤ و لە ساڵڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبەردا، پەیامی بە گەلی ئێرانداوە و ڕایگەیاندووە، «بەم زووانە ئازاد دەبن» پەیامێک کە ڕۆژێک دوای دەستپێکردنی شەڕەکە لە ١٣ی حوزەیران دووبارەی کردەوە. ترەمپ بۆ ماوەیەکی کورت ئەم وتەیەی دووپاتکردەوە و ڕایگەیاند کە «ئەگەر ڕژێمی ئێستای ئێران نەتوانێت جارێکی دیکە ئێران گەورە بکاتەوە، بۆچی ئەو ڕژێمە نەگۆڕدرێت؟، هەرچەندە دواتر و لە کاتی ئاگربەست ڕایگەیاند کە ئەوان مەبەستیان لە گۆڕینی ڕژێمی سیاسی ئێران نییە[١٢]. لە پرسی گۆڕینی ڕژێم چین بێدەنگی هەڵبژاردووە. وادیارە ئەزموونی گۆڕینی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا کە دۆستی نزیکی ڕووسیابوو وانەیەکی فێرکارییە بۆ چین. دەکرێت حکومەتێکی ئێرانی کە زیاتر دۆستی ڕۆژئاوابێت و بێ گەمارۆی ئابووری بێت، هاوشێوەی وڵاتانی عەرەبی کەنداو، دەتوانێت دەرفەتی نوێ بۆ پەیوەندی قووڵتری ئابووری و دیپلۆماسی پێشکەش بە پەکین بکات. سەرنجدانێکی نوێی چین بە بۆری سیبیریا لە ئێستاوە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە بەردەوامیدان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی تادێت قورستر دەبێت.

شەڕی ئێران و ئیسرائیل بە توندی تیشکی خستۆتە سەر سنوورەکانی نزیکبوونەوەی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەرەڕای گەشەسەندنی ئامادەیی ئابووری و هاوبەشییە ستراتیژییەکانی لە ناوچەکەدا، لە ڕاستیدا ڕۆڵی پەکین لە کاتی ململانێکەدا پەراوێزخراو بوو. لە کاتێکدا ئەمریکا باڵادەستی سەربازی و دیپلۆماسی نیشان دەدا،

داواکارییەکانی چین بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان و پەنابردنە بەر گفتوگۆ و پێشنیارەکانی نێوەندگیری تا ڕادەیەکی زۆر پشتگوێ خران[١٣].

ئەگەرچی ڕکابەریی ستراتیژیی نێوان چین و ئەمریکا لە هەموو شوێنێکدا هەیە. بەڵام لەوانەیە ئەگەر شەڕی ئێران و ئیسرائیل درێژە بکێشایە، ڕەنگە چین ئاهێکی ستراتیژی لە کێبڕکێی هیندستان و زەریای هێمن لەگەڵ ئەمریکادا هەڵکێشایە، ئەمەش ڕێگەی بە پەکین دەدا دەسەڵاتی زیاتر لە ئاسیادا چەسپاندبا لە کاتێکدا واشنتۆن سەرقاڵ بوو. لە لایەکی دیکەوە، چارەسەرکردنی خێرای شەڕەکە لەلایەن ئەمریکاوە، پێگەی ئەو وڵاتەی وەک ئەکتەری سەرەکی سەقامگیری ئاسایشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا برەو پێدا و پەکینیشی لە ڕۆڵێکی بێ بایەخدا بەجێهێشت[١٤].

شەڕی ئێران و ئیسرائیل خاڵی لاوازی لە ستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی چیندا تۆخکردووەتەوە، دەرکەوت چین پشت بە ناوچەیەکی ناجێگیر دەبەستێت بۆ دەستکەوتنی نەوت و گاز، هاوپەیمانی لەگەڵ ئێران کە تووشی چەندین قەیران بووتەوە و هەم کاریگەری و هەم ئامادەیی نییە بۆ چارسەری کێشەکان، ئەم ڕوداوانە ڕەنگدانەوەی لە ڕکابەرییە بەرفراوانەکەی ئەمریکا و چیندا لە ئاستی جیهانیدا دەبێت. بەڵام تا ئەو کاتەی چین ئامادە نەبێت یان نەتوانێت بە شێوەیەکی بەهێزتر بەشداری لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا بکات، ئەوا پێگەی بە لاوازی دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان لەسەر هەژموونە جیهانییەکەی[١٥].

## گەشەکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی چین و ئێران لە پاش جەنگی دوانزە ڕۆژە

جەنگەکە لاوازییەکانی سیستەمی بەرگری و هێزی ئاسمانی ئێرانی بەدیارخست، ئەگەرچی ئێرانیەکان توانیان لە ڕێگەی موشەکە بالستیکەکانەوە ناوجەرگەی ئیسرائیل بکەنە ئامانج و زیانی پێبگەیەنن، بەڵام ئەو زەبرەی ئێران بە بەراورد بە ئیسرائیل گەلێك سنووردراربوو، ئیسرائیلیەکان لە کۆتایی جەنگەکەدا کۆنترۆڵی تەواوەتی ئاسمانی ئێرانیان کردبوو، بەڕادەیەك فڕۆکە ئیسرائیلییەکان بە نزمی بە ئاسمانی تاراندا دەفڕین. ئەوەش مایەی ژان و ئازارێکی گەورەبوو بۆ ڕژێمی ئێرانی، هەربۆیە

ئێرانیەکان پاش جەنگەکە بەجدی بەدوای دەسکەوتنی سیستەمی بەرگری ئاسمانی و فڕۆکەی پێشکەوتووی جەنگییەوەن. لەوەشدا ڕووسیا بەهۆی جەنگی ئۆکراین و ناڕوونی و ئاڵۆزیی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێران بژاردەیەکی باش نییە، تەنها بژاردە چینە، ئەگەرچی بە بڕوای چاودێران تەکنەلۆجیا و دیزاینەری موشەکە زیرەکەکانی ئێران بە ناسراون بە موشەکی سەرو دەنگ (Hypersonic Missile) لەلایەن چینەوە دابین کراون، بەڵام دەستەبژێری سیاسی و سەربازی ئێرانی چاویان لە فڕۆکەی جەی ١٠ی چینە، بەتایبەت پاش ئەوەی دەرکەوت کە توانای ئەو فڕۆکەیە لە فڕۆکەی شەڕکەری ڕافاڵی فەرەنسی زیاترە لە جەنگی کورتخایەنی پاکستان و هیندستاندا.

دوابەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی دوانزە ڕۆژەی ئیسرائیل- ئێران لە حوزەیرانی ٢٠٢٥، چین پەیوەندییە ستراتیجیەکانی لەگەڵ ئێران خێراتر کردووە، ئەویش بە نوێکردنەوەی پابەندییەکانی بونیادنانەوەی ژێرخانی ئێران، بەرفراوانکردنی هەماهەنگی تەکنەلۆجی، پتەوکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان. ئەم هەڵوێست و مامەڵە سیاسیەی چین ڕەنگدانەوەی ئامانجە بەرفراوانەکەیەتی کە بریتییە لە بونیادنانی ناوچەی کاریگەری و هەژموونی خۆی، بەبێ بەشداری هێزە ڕۆژئاواییەکان.[١٦] هەڵکەوتەی ئێران وەك ناوچەییەکی گرنگ بەهۆی بایەخی جوگرافی و ژێرخانی دەوڵەمەندی ووزەوە، دەتوانێت ببێتە ناوەند و چەق لە ستراتیجی بونیادنانی جیهانێکی فرە جەمسەری چیندا. ئەگەرچی ئێرانی پاش جەنگی دوانزە ڕۆژە وەك دەوڵەتێکی شکستخواردوو دەردەکەوێت، بەڵام چین دەیەوێت ئەم هەلومەرجە وەك دەرفەتێك بقۆزێتەوە هەتاوەکو پێگەی خۆی لە ناوچەکە بەهێزتر بکات.

لە پاش تێپەڕینی چەند مانگ لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکە، هەندێك بەڵگەی حاشاهەڵنەگر هەن کە دەرخەری ئەوەن پەیوەندییەکانی چین و ئێران چالاکتربوون. بۆ نمونە جەختکردنەوە لە بەردەوامی ڕێکەوتنی هەماهەنگی ستراتیجی ٢٥ ساڵە، خێراکردنی پڕۆژەکانی بونیادنانی ڕێگاوبان و هێڵی ئاسن، فراوانکرنی ئاستی هەماهەنگییەکان لە کۆمەڵێك بواری تەکنەلۆجی هەستیاردا وەك ژێری دەستکرد و پەیوەندییەکان. لەلایەکی دیکەوە گوتاری دیپلۆماسی هەردوولا زیاتر لێکنزیك بووەتەوە، لە بواری جەختکردنەوە لە پاراستنی سەروەری دەوڵەتان و بەرەنگاربوونەوەی فشارەکانی ڕۆژئاوا،[١٧] ئەو هەڵوێستانە دەرخەری قۆناغێکی نوێی

پەیوەندییەکانی هەردوولان.

دیارترین نیشانە لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٥دا هات، کاتێک عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران و کۆنگ پیۆ، باڵیۆزی چین لە تاران، بە ئاشکرا پابەندبوونی بەهێزی حکومەتەکانیان بە جێبەجێکردنی تەواوەتی ڕێکەوتننامەی هاوکاری ستراتیژی ٢٥ ساڵە دووپاتکردەوە.(١٨) لەبری ئەوەی ڕێگە بدەن ئەم پەیماننامە درێژخایەنە لەناو گێژاوی جیۆپۆلەتیکیدا کاڵ بێتەوە، ئەو هەنگاوەی هەردوولا وەك پەیامی خۆڕاگری و بەردەوامی ستراتیژی لێکدرایەوە.

بەهێزبوونی پەیوەندییەکان لە پەراوێزی لوتکەی ڕێکخراوی هاوکاری شەنگەهای زیاتر دەرکەوت. کاتێك لە ٢ی ئەیلوولی ٢٠٢٥، مەسعود پزیشکیان سەرۆک کۆماری ئێران و شی جی پینگ سەرۆکی چین کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵییان ئەنجامدا. هەردوولا نەک هەر بەڵێنیان بۆ قووڵکردنەوەی هاوبەشی ستراتیژی دووپاتکردەوە ، بەڵکو بڕیاری خێراکردنی پرۆژە ژێرخانییە سەرەکییەکانیشیان ڕاگەیاند، کە پێشتر لە پلانی ٢٥ ساڵەدا هاتووە، بەتایبەتی بونیادنانی هێڵی ئاسنی خێرا و ڕێگوزەرە سەرەکیە نێودەوڵەتییەکان. دور لە سیمبۆلیزم، ئەم هەنگاوانە واتای پابەندبوونی بەرچاوی چین دەگەیەنن بۆ ئێران، کە ئێران پێگەیەکی ناوەندی و سەرەکی لە دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگەدا هەیە(١٩).

پەرەسەندنی هاوکاریی ئێران و چین لەو بوارانەی کە ئاماژەیان پێدرا، تەنها نمایشێکی سیاسی بێناوەڕۆك نییە، بەڵکو ئاماژە بە هاوبەشییەکی پێگەیشتوو دەکەن. لە کاتێکدا کە هاوکارییە سەربازییەکان کەمتر بە ئاشکرا دیارە و بەشێکی نهێنییە، بەڵام ڕەهەندە ئابووری و تەکنەلۆژی و ژێرخانییەکانی پەیوەندیی نێوان چین و ئێران لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٥ەوە بە شێوەیەکی بەرچاو چڕتر بووەتەوە، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە چین نەک تەنیا پشتیوانی ئێرانی هەڵبژاردووە، بەڵکو دەیەوێت چالاکانەتر لە قووڵایی پەیکەری پەیوەندییەکانی ئۆراسیا و بەرگری جیۆپۆلەتیکیدا تێکەڵی بکات.

ئەم پەیوەندییانە لەوانەیە ئاماژەی ئەوەی تێدابێت کە لە دورمەودادا کاریگەریی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابنێت. پەیوەستکردنی ئێران بە چوارچێوەی ستراتیجی ئۆراسیای چینەوە، دەرخەری ئەوەیە کە ئاستی پەیوەندیەکان لە جۆری هەمانگی

سەربازی کلاسیکی و یارمەتی ئابووریی تێپەڕیووە بۆ بواری دیکەی وەك بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی، تەکنەلۆجیا،[٢٠] کاریگەریی ستراتیجی دوور لە هێزە ڕۆژئاواییەکان دەرخەری ئەوەیە کە هەتا فشارەکانی ڕۆژئاوا زیاتربێت، ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین زیاتر دەباتە پێشەوە.

بۆ چین تەنها ئێران گرنگ نییە، بەڵکو ئەو وڵاتە پەیوەندی و بەرژەوەندی هاوبەشی لەگەڵ ئیسرائیلیش هەیە، پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ ئیسرائیل لە پێش شەڕی غەزە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٣ەوە لاوازبوون، فشارەکانی ئەمریکا بووە هۆی ئەوەی حکومەتی ئیسرائیل بەشداریکردنی چین لە کەرتە هەستیارەکانی وەک تەکنەلۆژیای باڵا و بونیادنانی ژێرخانی بەندەرەکانی ئیسرائیلدا کەم بکاتەوە. ڕەخنە توندەکانی پەکین لە هەڵسوکەوتی ئیسرائیل لە غەزە پەیوەندییەکانی ئاڵۆزتر کرد، جەنگی حوزەیرانی ٢٠٢٥ لەگەڵ ئێران دۆخەکەی خراپتر کرد. بەڵام سەرەڕای گرژییە سیاسییەکان، ڕەنگە ئابووری پراگماتیک بەرگەی ئەو تەنگەوچەڵەمانەش بگرێت. کۆمپانیا تەکنەلۆژییەکان و خاوەنکارە ئیسرائیلییەکان کە هەمیشە پراگماتیکن، ڕەنگە بەردەوام بن لە بەدواداچوونی سەرمایە و بازاڕەکانی چین، بە تایبەت ئەگەر بودجەی وەبەرهێنانی ئەمریکا زیاتر دابەزێت. بەڵام پێدەچێت سەردەمی هاوکاری فراوانی چین و ئیسرائیل کۆتایی هاتبێت. بۆ چین ڕەنگە ئەمە خەسارێکی قوورس نەبێت. قوورسایی ستراتیژی ئیسرائیل لە پلانە جیهانییەکانی پەکیندا سنووردارە و پاراستنی متمانە لە نێوان دەوڵەتانی زۆرینە مسوڵمان کە زۆربەیان لە ڕۆژئاوا بێهیوا بوون، بەبێ گومان بۆ چین بەنرخترە.

پاش تەواوبونی جەنگەکە، ڕاپۆرتێکی سەنتەری ئۆرشەلیم لە ئیسرائیل باس لە هەناردەی نهێنی چەك و تەکنەلۆجیای سەربازی چینی بۆ ئێران دەکات، بەجۆرێك دەریدەخات کە هەواڵگری ئیسرائیل و چاودێرانی ڕۆژئاوا زیادبوونی هەناردە سەربازییەکانی چینیان بۆ ئێران دەستنیشان کردووە. دوجار لە ٢٠٢٥، فڕۆکە بارهەڵگرەکانی چینی بە هێمنی لەسەر خاکی ئێران نیشتنەوە و پێکهاتە گرنگەکانیان دابەزاند کە مەبەست لێی زیندووکردنەوە و فراوانکردنی تواناکانی مووشەکی بالیستی و بەرگری ئاسمانی ئێران بوون. ئەم گەیاندنانە لە کاتێکدایە کە هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل جبەخانەی مووشەکی ئێستای ئێران و سیستەمی بەرگری

ئاسمانی دروستکراوی ڕووسیای پەکخست. لە کاتێکدا کە پەکین بە ئاشکرا هەڵوێستی بێلایەنی پاراستووە، ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکان واقیعێکی ئاڵۆزتر پیشان دەدەن، ڕۆڵی چڕی چین لە بونیادنانەوەی هێزی سەربازیی ئێران وەک بەشێک لە هاوبەشییەکی ستراتیژی فراوانتر کە ئامانجی بەرپەرچدانەوەی کاریگەرییەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا گوزارشت دەکەن. بەپێ ڕاپۆرتەکە ئیسرائیل ڕووبەڕووی دووڕیانێکی قوورس بووەتەوە، هەر هێرشێکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئەم بارانەی چین مەترسی پەرەسەندنی گرژییەکانی بە شێوەیەکی سەرنجراکێش لەگەڵ پەکین هەیە.[٢١]

## ئەنجام:

١. شەڕی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل و ئێران، هەستیاری سەقامگیریی ناوچەکە و مەترسیەکانی سەر ئاسایشی وزەی جیهانی زەقترکردەوە. هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ ماوەیەکی کاتی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانیان دواخست، بەڵام نەیانتوانی دەستکەوتی ئەمنی یان سیاسی بەردەوام بەدەستبهێنن.

٢. لەکاتێکدا ئیسرائیل پشتگیری ڕاستەوخۆی سەربازیی، هەواڵگریی، دیپلۆماسی... ئەمریکا و ئەورووپا و تەنانەت هەندێك وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەك ئەردەن هەبوو، کەچی ئێران لە گۆشەگیری و تەنهاییەکی ڕاستەقینەدا بوو، هاوپەیمان و دۆستانی وەك چین و ڕووسیا کاریگەری ئەوتۆیان نەبوو.

٣. ئێرانییەکان لەم ساڵانەی دواییدا وەك بژاردەیەکی ناچاری ڕوویان لە چین کردووە بۆ فرۆشتنی نەوت و پڕکردنەوەی پێداویستییە تەکنەلۆجی و سەربازییەکانی، بەڵام چین بۆ خۆپاراستن لە گوشارە ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا، بە وریایی و نهێنی و سنوورداری مامەڵەی لەگەڵ ئێران کردووە.

٤. ئێرانییەکان نابێت گرەو لەسەر پشتگیری بێ چەندوچوونی چین بکەن لە قەیرانی ئەمنیدا، چونکە چین بە سروشتی خۆی دەپارێزێت لە قەیران و ململانێ، لەلایەکی دیکەوە بەرژەوەندی گەورەتری لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی عەرەبی نەیاری ئێران هەیە، هەربۆیە هەماهەنگی و پشتیوانی چین بۆ ئێران قوورسە لە ئێستادا بگاتە هاوبەشی ستراتیجی.

# سەرچاوەکان

١. دانیال باروت کوب زادە، ایران، چین، و جنگ ١٢ روزە، مرکز تحلیل راهبردی و بین الملل، ٠٧ مرداد ١٤٠٤، https://ir.isacenter/3140405070630-2/
٢. سەرچاوەی پێشوو
٣. سەرچاوەی پێشوو
٤. سەرچاوەی پێشوو
5. Ministry of Foreign affairs of people's republic of China, Wang Yi Has a Phone Call with Iranian Foreign Minister Seyed Abbas Araghchi, June 14, 2025 23:00, retrieved from: https://www.fmprc.gov.cn/eng/wjbzhd/202506/t20250615_11648771.html
٦. سەرچاوەی پێشوو
٧. سەرچاوەی پێشوو
8. Oliver Konrad, The Iran-Israel War and China: Global Ambitions, Limited Leverage? China Observers in Central and Eastern Europe, July 29, 2025, retrieved from: https://chinaobservers.eu/the-iran-israel-war-and-china-global-ambitions-limited-leverage/
٩. سەرچاوەی پێشوو
١٠. هۆشمەن عەتا مەحمود، پەیوەندییەکانی چین و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ١٩٩٣-٢٠١٣ عێراق و ئێران بەنموونە، تێزی دکتۆرا لە بەشی مێژووی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوەتەوە.
11. Ahmed Aboudouh, The Israel–Iran ceasefire is a relief for China. But the war exposed Beijing's lack of leverage, CHATAM HOUSE, retrieved from: https://www.chathamhouse.org/2025/06/israel-iran-ceasefire-relief-china-war-exposed-beijings-lack-leverage
١٢. Oliver Konrad, سەرچاوەی پێشوو
١٣. سەرچاوەی پێشوو
١٤. سەرچاوەی پێشوو
١٥. سەرچاوەی پێشوو
16. Dr. Pierre Pahlavi, China's Long Game in Iran's Short War, Australian institute for international affairs, 26 Sep 2025, retrieved from: https://www.internationalaffairs.org.au/australianoutlook/chinas-long-game-in-irans-short-war/
١٧. سەرچاوەی پێشوو
١٨. سەرچاوەی پێشوو
١٩. سەرچاوەی پێشوو
٢٠. سەرچاوەی پێشوو
21. Oded Ailam, the covert Rise of China-Iran Military Ties and Israel's Dilemma, Jerusalem Center for Security and Foreign Affairs, September 28, 2025, https://jcpa.org/the-covert-rise-of-china-iran-military-ties-and-israels-dilemma/



# هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و هەڵوێستی وڵاتانی هاریکاریی کەنداو

د. یاسین عزەم

دکتۆرا لە مێژووی هاوچەرخ



## بەرایی

ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناغێکی وەرچەرخاندا تێدەپەڕێت، کە دەتوانێت داهاتووی سیاسی و ئابووری و ئەمنی ئەم ناوچە هەستیارە بۆ ماوەیەکی درێژ دیاری بکات. گۆڕانی ماهیەتی ململانێکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە شەڕی بەوەکالەت و ڕاگەیاندنەوە بۆ بەریەککەوتنی سەربازی ڕاستەوخۆ، کۆمەڵێك پرسیاری گرنگ دەخاتە ڕوو سەبارەت بە داهاتووی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا .هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە تەموزی ٢٠٢٥ و کوشتنی چەندین لێپرسراوی بەرزی سەربازیی و زانای ئەتۆمی، لەگەڵ تێکدانی دامەزراوە ناوکییەکانی ئەم وڵاتە، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بوو لە شێوازی بەڕێوەبردنی کێشەکانی ناوچەکە. ئەم هێرشە نەك تەنها کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە هەبوو، بەڵکو هەموو وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی وڵاتانی هاوپەیمانی کەنداوی خستە بەردەم دۆخێکی نوێ و پڕ لە ئاڵنگاری، وڵاتانی کەنداو کە ماوەی چەند ساڵێکە سەرقاڵی جێبەجێکردنی پرۆژە گەشەپێدان و گۆڕانکاری ئابوورین و هەوڵدەدەن ناوچەکە بگۆڕن بۆ ناوەندێکی جیهانی بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان، ئێستا خۆیان لە بەردەم مەترسییەکی جددی دەبینن، کە دەتوانێت ئەو هەوڵانەیان بخاتە مەترسیەوە. مەترسی فراوانبوونی شەڕەکە، ئەگەری داخستنی گەروی هورمز، تێکچوونی ژینگە بە هۆی هێرش بۆ سەر دامەزراوە ناوکییەکان، و بوونی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی ئەم وڵاتانە، هەمووی وایکردووە ئەم دەوڵەتانە بەتەواوی سیاسەت و هەڵوێستەکانی خۆیان هەڵبسەنگێنن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات تیشك بخاتە سەر هەڵوێستی وڵاتانی هاریکاری کەنداو لەبەرامبەر شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل، و شیکاری ئەو مەترسی و ئاڵنگارییانە بکات کە ئەم وڵاتانە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، هەروەها ڕێگە و شێوازەکانی دیپلۆماسی کە ئەم دەوڵەتانە بەکاریان دێنن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و پارێزگاری لە ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە لە قۆناغێکی وەها هەستیاردا.

## -هێرشی ئیسرایل بۆ سەر ئێران

لە ڕۆژی ١٣ی تەموزی ٢٠٢٥، ئیسرائیل هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ئێران، سەر باری هێرشی بەرفراوان بۆ سەر دامەزراوە ناوەکییەکانی ئێران، هاوکات هەر لەو هێرشەدا چەند سەرکردەیەکی سەربازی وەك»حسێن سەلامی» فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران،سەرۆك ئەرکانی گشتی هێزە چەکدارەکان»لیوا محەمەد باقری، فەرماندەی «خاتەمول ئەنبیاء» لیوا «غولام عەلی ڕەشید»، هاوکات چەند زانایەکی بەناوبانگی ناوەکی وك» ئەحمەد ڕەزا زولفەقاری و مەهدی تەهرانچی فەرەیدون عەباسی کوژران». هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە کاتێدا بوو، کە وابڕیار بوو ئەمریکا و ئێران دوای دوو ڕۆژی دیکە کۆبوونەوەیەکی گرنگ سەبارەت بە بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران ئەنجام بدەن. دوای ئەنجامدانی هێرشەکە، وتەبێژی سوپای ئیسرائیل لە ڕاگەیەندراوێکیدا جەختی لەوە کردەوە، ئەو کارەی ئەوان سەرەتای دەستپێکردنی هێرشی ئیسرائیلە بۆ سەر تاران، تا ڕێگری بکات لەو وڵاتە ببێتە خاوەن چەکی ناوەکی.

سەرچاوەکانی هەواڵی ئێران ئەوەیان بڵاوکردەوە، کە هێرشی ئەمجارەی ئیسرائیل بۆ سەر تاران چاوەڕوان نەکراو بوو، چونکە وابڕیار بوو لە دوو ڕۆژی داهاتوو لەگەڵ نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا، لە مەسقەتی پایتەختی عەمان کۆببنەوە، بەڵام بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی، ئیسرائیل هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر تاران و چەندین کەسایەتی سەربازی و زانای ناوەکی و دامەزراوەی پیتاندنی یۆرانیۆمنی کردە ئامانج. لە ڕاستیدا هێرشی ئەمجارەی ئیسرائیل، ئێرانییەکانی تووشی شۆککرد، ئەوان لەو بڕوایەدا نەبوون، ئیسرائیل بتوانێت وا بە ئاسانی ئەو سەرکردە سەربازیانەی وڵاتەکەی بکاتە ئاماجی هێرشەکانی.(١)

سەبارەت بە هۆکاری ئەنجامدانی ئەو هێرشە، سوپای ئیسرائیل ئەوەی دووپاتکردەوە، هێرشەکانی ئەوان دەستپێشخەری بووە بۆ ڕێگریکردن لە تاران لە پەرەپێدانی بەرنامە ناوەکییەکەی، لێپرسراوێکی باڵا لە سوپای ئیسرائیل ئەوەی دووپات کردەوە، وڵاتەکەی زانیاری پێگەشتووە، کە ئێران سەرقاڵی ئەوە بووە پەرە بە بەرنامە ناوەکییەکەی بدات و نزیك بووە لە بەرهەمهێنانی چەکی ناوەکیی، ئەوەش بەلای وڵاتەکەیەوە بەزاندنی هێڵی سوورە، ئەو هێرشانەش بۆ ڕێگریکردن بووە لە

بەرهەمهێنانی چەکی ناوەکی لە لایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە.(٢)

سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل «بنیامین ناتانیاهۆ» جەختی لەوە کردەوە، کە ئێران بەردەوامە لە دژایەتیکردنی وڵاتەکەی و بووەتە مایەی هەڕەشەیەکی جددی، هەربۆیە لە ئەگەری بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی، بە تەواوی وڵاتەکەی دەکەوێتە بەر مەترسی ئێران.

ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم، لە ڕاپۆرتێکیدا ڕۆژێك بەر لە هێرشەکەی ئیسرائیل، ڕایگەیاند، کە تاران هەماهەنگی ناکات لەگەڵ لیژنەکەیان و پابەند نییە بە یاسای ڕێگریکردن لە بڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی. ئەوە لەکاتێکدا بوو، کە تاران بە هەموو شێوەیەك ئەو ڕاپۆرتەی ئاژانسەکەی بەدرۆخستەوە و ڕایگەیاند، ئەو ڕاپۆرتە دوورە لە ڕاستییەوە و متمانە بە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

دوابەدوای ئەنجامدانی هێرشەکە، ئەمریکا ئەوەی دووپات کردەوە، ئەوان بەشداریی ئەو هێرشەی ئیسرائیلیان بۆ سەر ئێران نەکردووە. دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا سەرباری بەشداری نەکردنی وڵاتەکەی لەو هێرشانە، بەڵام پشتگیری خۆی بۆ ئیسرائیل دووبارەکردەوە و هێرشەکەشی بە سەرکەوتوو ناوبرد. سەرۆکی ئەمریکا جەختی لە هاوکارییەکانی وڵاتەکەی بۆ ئیسرائیل کردەوە و ڕایگەیاند ئەوان بە جۆرێك هاوکاری ئیسرائیل دەکەن، کە پێشتر نەکراوە، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی «وۆڵستریت جۆرناڵ»، ڕایگەیاند ئەوان ئاگاداری هێرشەکەی ئیسرائیل بوون، بەڵام خۆیان بەشداریان نەکردووە.[٣] لە بەرامبەردا ئێرانییەکان ئەوەیان دووپاتکردەوە، کە ئەمریکا و ئیسرائیل دوو هاوپەیمانی نزیکن و ئیسرائیل بە بێ ئەمریکا ناتوانێت هێرشێکی لەو جۆرە ئەنجام بدات، هاوکات جەختیشیان لەوە کردەوە ئەو دوو وڵاتە باجی ئەو کردە سەربازییە بە زوویی لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەدەن.

ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی «عەلی خامنەیی» جەختی لەوە کردەوە داهاتوویەکی تاریك چاوەڕێی ئیسرائیل دەکات، بەزوویی وەڵامی ئەو دەستدرێژییەی وەردەگرێت، هاوکات هەڕەشەی لەو وڵاتانەش کرد، کە هاوپەیمانی ئیسرائیلن بەتایبەتی ئەمریکا. دوای هەڕەشەکانی ئێران، لە ئەمریکا، وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە» مارکۆ ڕۆبیۆ» ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بەشداری هێرشەکەی نەکردووە، بەڵام لە

لایەن ئیسرائیلەوە ئاگادارکراوینەتەوە، کە بۆ پاراستنی خۆیان ئەو هێرشانە ئەنجام دەدەن. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەختی لەوە کردەوە، کە پێویستە لەسەر ئێران دوور بکەوێتەوە لە بە ئامانج گرتنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی و بەڕوونی ئەو پەیامەی دا بەگوێی ئێرانییەکاندا، ئەوان لە ئێرانی قبوڵ ناکەن، هێرش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە ئەنجام بدات.(٤)

## وەڵامی ئێران بۆ هێرشەکەی ئیسرائیل

دوای هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، ململانێکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، چون لە پێشتردا شەڕی بە وەکالەتیان دەکرد، بەڵام ئیتر دەرفەتێك نەما بۆ ئەوەی ئێران لە ڕێگەی لایەنگرەکانییەوە هێرش بۆ سەر ئیسرائیل ئەنجام بدات، لە وەڵامی هێرشەکەی ئیسرائیل، ئێران بڕیاریدا چالاکی «وعده صادق٣» دژ بە ئیسرائیل ئەنجام بدات. هێرشی پێچەوانەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل بە ئاڕاستەکردنی چەندین مووشەکی بالیستی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بۆ سەر شارو شارۆچکەکانی ئیسرائیل دەستپێکرد. هەرچەندە لە لایەن هێزی بەرگری ئاسمانی ئیسرائیل و» قوبەی ئاسنین» بەشێکی زۆر لە هێرشە مووشەکییەکەی ئێران پوچەڵ کرایەوە، بەڵام چەند مووشەکێك لە شارو شارۆچکەکانی ئیسرائیل کەوتنە خوارەوە و زیانی ماددی و گیانیشی لێکەوتەوە. ئیسرائیل لەو بڕوایەدا نەبوو، کە تاران بتوانێت مووشەکەکانی بگاتە خاکی وڵاتەکەی و ئامانجی خۆی بپێکێت، هەربۆیە بەزوویی کەوتە خۆی بۆ وەڵامدانەوەی ئێران و لە ڕێگەی فڕۆکەکانییەوە چەندین هێرشی بۆ سەر پێگە گرنگ و ستراتیجییە ئەتۆمییەکانی تاران ئەنجامدا.(٥)

بەردەوامی هێرشی ئیسرائیل و ئێران بۆ سەر یەکتری، وڵاتانی جیهانی هێنایە دەنگ و داوایان کرد هەرچی زووە کۆتایی بە هێرشەکانیان بهێنن، لەو بارەیەوە حکومەتی فەرەنسا دەستپێشخەرییەکی خستەڕوو بۆ گفتگۆ لە نێوان ئیسرائیل و ئێران بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە هێرشەکانیان بۆ سەر یەکتری، هاوکات وەزیرانی دەرەوەی هەریەکە لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا، لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا داوای کۆبوونەوەیان لە وەزیری دەرەوەی ئێران عەباس عێراقچی کرد، بۆ ئەوەی لە شاری جنێف لەگەڵی کۆببنەوە. سەبارەت بە داواکەی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا،

عێراقچی ئەوەی دووپاتکردەوە، وڵاتەکەی هێشتا چارەسەری دیبلۆماسی بە کاری بە پێشینەی خۆی دادەنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام لە ئامادەباشیدا دەبێت بۆ وەڵامدانەوەی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر وڵاتەکەی .

لە مۆسکۆ، سەرۆکی ڕویسا «ڤلادیمێر پۆتن»، جەختی لەو کردەوە پێویستە هەرچی زووە کۆتایی بەو شەڕەی نێوان ئیسرائیل و ئێران بهێندرێت، هاوکات جەختی لەوە کردەوە، تاران داوای یارمەتی سەربازی لە وڵاتەکەی نەکردووە، ئەو یارمەتییە سەربازییانەی ڕویسا لە ئێستادا هیچ پەیوەندییەکی بە شەڕەکەوە نییە، سەباری نەرمی لێدوانەکانی سەرۆکی ڕوسیا دەربارەی شەڕەکە، بەڵام لە زاری جێگری وەزیری دەرەوە»سێرگی ڕیباکۆف»، هۆشداری توندی دا بە ئەمریکا لە ئەگەری بەشداریکردنی لە شەڕەکەدا، جێگری وەزیری دەرەوە بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کرد، بەشداری ئەمریکا پەلدەکێشێت بۆ کارەساتێکی ئەتۆمی لە ناوچەکە، هەربۆیە داوادەکەین ئەمریکا خۆی بە دوور بگرێت لە وەها بڕیارێك.(٦)

سەرباری هەڕەشەکانی جێگری وەزیری دەرەوەی ڕوسیا، ئەمریکا هێرشێکی گەورەی بۆ سەر چەند بنکەیەکی ئەتۆمی ئەنجامدا، سەرۆکی ئەمریکا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا هێرشی وڵاتەکەی بۆ سەر بنکەی ئەتۆمی» فۆردۆ و نەتەنز و ئەسفەهان» پشتڕاستکردەوە. دۆناڵد ترامپ هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی وڵاتەکەی بۆ سەر ئەو بنکە ئەتۆمییانەی ئێرانی بە سەرکەوتوو ناوبرد و ڕایگەیاند لە ئێستادا، کە من قسە دەکەم فڕۆکەکانمان چالاکییەکەیان بە سەرکەوتوویی ئەنجامداوە وئاسمانی ئێرانیان جێهێشتووە. سەبارەت بە شێوازی ئەنجامدانی هێرشەکە، سەرۆکی ئەمریکا جەختی لەوە کردەوە، هیچ هێزێك لە دونیا ناتوانێت بەو شێوەیە ئەو چالاکییە سەربازییە ئەنجام بدات، دوای کۆتایی هاتنی هێرشی وڵاتەکەی داوای کرد، ئیتر کۆتایی بەو شەڕەی نێوان ئێران و ئیسرائیل دەهێنن، هەربۆیە داوای لە هەردوو وڵات کرد، کە هێرشەکانیان بۆ سەر یەکتری ڕاگرن. سەرۆکی ئەمریکا هەڕەشەی لە ئێران کرد لە ئەگەری کۆتایی نەهێنان بە هێرشە مووشەکییەکانی بۆ سەر ئیسرائیل، ئەمریکا هێرشی دیکە بۆ سەر ئەو وڵاتە ئەنجام دەدات.(٧)

## هەڵوێستی وڵاتانی هاریکاریی کەنداو

دوای چەند ڕۆژێك لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، ئەنجومەنی هاریکاریی وڵاتانی کەنداو لەسەر ئاستی وەزیرانی دەرەوەی ئەنجومەنەکە و بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتی ئەنجومەنەکە «جاسم ئەلبدێوی»، لە ڕێگەی پەیوەندی ڤیدیۆیی کۆبوونەوەیەکیان بە سەرۆکایەتی وەزیری دەرەوەی کوەیت ئەنجامدا، کە لەو کاتەدا سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەی دەکرد. ئەلبدێوی لە وتەیەکیدا لەبەردەم ئامادەبووانی کۆبوونەوە ڤیدیۆییەکە، ئاماژەی بەوە کرد ناوچەکە بە بارودۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، کە لە پێشتردا وێنەی نەبووە، ئەوەش بە هۆکاری هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و وەڵامدانەوەی ئەو هێرشانەیە لە لایەن ئێرانییەکانەوە، هەر بۆیە داوای کرد بە گرنگییەکی زۆرەوە لە بارودۆخی ناوچەکە وردببنەوە و تەواوی سیناریۆکانی داهاتوو لە بەرچاو بگیرێت. سکرتێری ئەنجومەنەکە جەختی لەوە کردەوە هێرشەکانی ئیسرائیل بووەتە هۆکاری پەکخستنی هەوڵە دیبلۆماسییەکان بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی هەڵپەسێردراوی نێوان ئێران و ئەمریکا، هەربۆیە داوای لە وڵاتانی ئەندام کرد سەرکۆنەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران بکەن. هاوکات داوای لە ئامادەبووان کرد بەتەواوی خۆیان بۆ دۆخی نوێ ئامادە بکەن، چونکە بارودۆخەکە پێویستی بە خۆسازدانی زیاتر هەیە، بۆ ئەوەی ئەو هەلەی کە ئێستا لە بەردەستدایە لە کیس نەچێت، تابتوانن ڕووبەڕووی ئاڵنگارییە چاوەڕوانکراوەکانی داهاتوو ببنەوە.(٨)

## هەڵوێستی عەرەبستانی سعودی

دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعودی دوابەدوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە ڕۆژی هەینی، سەرکۆنەی هێرشەکەی کردو بە دەستدرێژی بۆ سەر وڵاتێکی خاوەن سەروەری ناوی برد، هاوکات جەختی لەوە کردەوە ئەو هێرشە پێشێلکارییەکی ڕوونی یاسا نێودەوڵەتییەکانە. بەیاننامەکەی وەزارەتی دەرەوەی سعودیە، بە هەموو شێوەیەك ئیسرائیلی بە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان تۆمەتبار کرد و داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد «بە بەرپرسیارێتی خۆیان هەستن و ئەو هێرشە دوژمنکارانەیە ڕاگرن».

**-کوەیت**

دەوڵەتی کوەیت وەك یەکێك لە وڵاتانی هاریکاری کەنداو، سەرکۆنەی هێرشەکانی ئیسرائیل، بۆ سەر ئێرانی کرد، لە بەیاننامەیەکدا، بە شێوەیەکی زۆر توند دژ بە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی ئێران هاتە دەنگ و ڕایگەیاند ئەو هێرشە پێشێلکردنی تەواوی یاسا کارپێکراوە نێودەوڵەتییەکانە، هاوکات دەستدرێژییە بۆ سەر خاکی وڵاتێکی خاوەن سەروەریی، جگە لەوەش ئەمن و ئاسایشی ناوچەکە بە هۆکاری هێرشەکە کەتۆتە بەر مەترسی و نائارامی.

**-قەتەر**

هاوشێوەی وڵاتانی هاریکاری کەنداو، قەتەریش هێرشەکەی ئیسرائیلی بە پیشێلکاری یاسا نێودەوڵەتییەکان ناوزەندکرد، هاوکات ئەوەی دووپاتکردەوە ئەو جۆرە هێرشانە دژە لەگەڵ تەواوی ئەو یاسا نێودەوڵەتیانەی، کە لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دەرکراوە. دەوڵەتی قەتەر لە بەیاننامەکەیدا مەترسی ئەوەی خستە ڕوو کە ناوچەکە دووچاری نائارامی دەبێتەوە، هۆکارەکەشی هێرشەکەی ئیسرائیلە بۆ سەر خاکی ئێران، هەربۆیە داوای کرد هەرچی زووە وڵاتان بکەونە خۆ بۆ کۆتایی هێنان بەو پێشێلکارییەی ئیسرائیل بەرامبەر بە ئێران، هاوکات جەختیی لەوە کردەوە تاکە ڕێگەی بەردەمیان چارەسەری دیبلۆماسییە بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکانی ناوچەکە.

وەزیری دەرەوەی قەتەر «محەمەد بن عەبدولڕەحمان»، لە لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوە کرد تەواوی وڵاتانی دونیا سەرقاڵی ئەوەن کێشە هەڵپەسێردراوەکان لە ڕێگەی دیبلۆماسییەوە چارەسەر بکەن، بەڵام ئیسرائیل بەو هەڵوێستە شەڕانگێزییەی، چانسی ئاشتی ناوچەکە بەرەو لەباربردن دەبات، هەربۆیە پێویستە لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، پێش ئەوەی چانسی ئاشتی لەدەست بچێت، تەواوی هەوڵی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە بخەنەگەڕ و ڕێگری لە ئیسرائیل بکەن بۆ ئەوەی نەتوانێت بەو جۆرە یاسا نێودەوڵەتییەکان پێشێل بکات.

**-سەڵتەنەی عومان**

سەڵتەنەی عومان لە زاری وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەیەوە سەرکۆنەی هێرشەکەی ئیسرائیلی کرد، «بەدر ئەلبوسەعیدی» وەزیری دەرەوەی سەڵتەنەی عومان ڕایگەیاند هێرشەکەی ئیسرائیل، تاك لایەنە و دژ بووە بە تەواوی یاسا نێودەوڵەتییە بەرکارەکان،

هیچ بەهانەیەك ناتوانێت ڕێگە بە ئیسرائیل بدات یاسا نێودەوڵەتییەکان پێشێل بکات و هێرشی لەو شێوەیە ئەنجام بدات. هاوکات جەختی لەوە کردەوە هەڕەشەکانی ئیسرائیل، بووەتە مایەی نا ئارامی و دڵەڕاوکێ لە تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەڵوێست وڵاتەکەی دووبارە کردەوە لە سەرکۆنەکردنی هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران. ئەلبوسەعیدی داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد هانی دیبلۆماسی بدەن بە یەك دەنگ، بۆ ئەوەی ئارامی بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە.

-دەوڵەتی ئیمارات

وەزارەتی دەرەوەی ئیمارت، بە شێوەیەکی زۆر توند سەرکۆنەی هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی ئێران کرد، دەوڵەتی ئیمارات هاوخەمی خۆی بۆ ئێران پیشاندا و ڕایگەیاند ئەوان ئەو هێرشانە بە هەوڵێکی دوژمنکارانەی ئیسرائیل دژ بە ئێران لە قەڵەم دەدەن، هاوکات ئیسرائیلی بە تێکدانی ئارامی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تۆمەتبار کرد. ئەوە لە کاتێکدات بوو لە بەیاننامەکەی وەزارەتی دەرەوە داوای لە ئێران کرد دان بە خۆیدا بگرێت بۆ ئەوەی کێشەکە لەوە زیاتر گەورە نەبێت پەرەنەسێنێت بۆ شەڕێکی درێژخایەن، وەزارەتی دەرەوە داوای کرد کێشەکە بە گرتنەبەری ڕێگەی دیبلۆماسی چارەسەر بکەن، چونکە باشترین بژاردەیە و هەر هەوڵێك بۆ قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان زیان بە هەموو لایەك دەگەیەنێت.

-دەوڵەتی بەحرەین

بەحرەینیش وەك یەکێك لە وڵاتانی هاریکاری کەنداو دژایەتی هێرشەکەی سەر ئێرانی کرد، وەزارەتی دەرەوەی مەنامە هێرشەکەی ئیسرائیلی بە هەوڵێك بۆ تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە ناوبرد، هاوکات مەترسی وڵاتەکەی خستەڕوو سەبارەت بە لێکەوتەکانی هێرشەکە لە تێکدانی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە، هەربۆیە داوای لە هەموو لایەك کرد دانبەخۆیاندا بگرن بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێ و مەترسی ڕوونەکاتە دانیشتوانی ناوچەکە. وەزارەتی دەرەوەی بەحرەین داوای لە ئەمریکا و ئێران کرد هەرچی زووە لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆببنەوە بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوانیان لە ڕێگەی دانوستانەوە چارەسەر بکەن. هاوکات جەختی لەوەکردەوە چارەسەری دیبلۆماسی کێشەکان کلیلی دەستەبەرکرنی ئەمن ئاسایشی ناوچەکەیە و بە قازانجی تەواوی خەڵکی ناوچەکەیە.(٩)

## کاریگەرییە ئابوورییەکان لەسەر وڵاتانی کەنداو

کۆمپانیای «ئێس ئەندپس گلۆباڵ» لە ڕاپۆرتێکیدا سەبارەت بە زیانە ئابوورییەکانی بەردەوامی شەڕی ئێران و ئیسرائیل، ئاماژەی بەوە کرد، کە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئابووری وڵاتانی ناوچەکە هەیە، بە هۆکاری ئەگەری ڕووداوی پێکدادان لە ڕێگە سەرەکییەکانی گواستنەوەی دەریایی، ئەوەش ڕەنگە گواستنەوەی نەوت بۆ بازاڕە جیهانییەکان لە ئاوی کەنداو پەك بخات، ئەوە سەرباری کەمبوونەوەی گەشتیار و پەککەوتنی ئەوکەرتە بە تەواوی. جگە لەوەش مەترسییەکانی بەرفراوانبوونی شەڕەکە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت خاوەن سەرمایەکان ناوچەکە بەجێبهێڵن.

بابەتێکی دیکەی هەستیار بەلای وڵاتانی کەنداو، ئەگەری هێرشی ئیسرائیلە بۆ سەر وێستگەی ناوەکی «بووشەهر»، کە نزیکە لە ئاوی کەنداو.هەر هێرشێك بۆ سەر ئەو بنکە ناوەکییە کاریگەری دەبێت لەسەر پیسبوونی ئاوی کەنداو، ئەوەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر تەواوی ئەو وڵاتانەی کە دەڕوانن بەسەر ئاوی کەنداودا. هەربۆیە وڵاتانی هاریکاری کەنداو بە چەندین ڕێگەی جیاواز و لە چەندین کەناڵەوە هەوڵەکانی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕەکە، تا بتوانن وڵاتەکانیان بە دوور بگرن لەو مەترسیانە.(١٠)

مەترسییەکی دیکەی وڵاتانی کەنداو داخستنی گەرووی هورمزە، لە لایەن ئێرانەوە، چونکە دەسەڵاتدارانی ئێران بەردەوام هەڕەشەی ئەوە دەکەن لە ئەگەری بەردەوامی هێرشەکان، یەکێك لە بژاردەکانیان داخستنی ئەو گەرووەیە بەڕووی کەشتییە بازرگانییەکاندا. لە ڕاستیدا داخستنی گەرووی هورمز کە نزیکەی لەسەدا بیستی گواستنەوەی وزەی جیهانی پێدا تێدەپەڕێت، گورزێکی کوشندە دەبێت بۆ وڵاتانی کەنداو، لەگەڵ ئەوەی نرخی سووتەمەنی زۆر بەرز دەبێتەوە، بەڵام ئەو وڵاتانە ناتوانن بە ئاسانی بەرهەمەکانی خۆیان بگەیەنن بە بازاڕە جیهانییەکان، ئەوەش زیانێکی گەورە دەبێت بۆیان. جگە لەوە داخستنی گەرووی هورمز دەبێتە هۆکاری کەمبوونەوەی ئەو پێداویستیانەی کە لە بازاڕەکانی وڵاتی چینەوە دەگاتە ئەم وڵاتانە، بەوەش هەڵاوسان دروست دەبێت و نرخی شتومەك زیاد لە ڕادە بەرز دەبێتەوە.(١١)

هەڕەشە بەردەوامەکانی ئێران، کە باس لە بە ئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکات لە ناوچەکە جارێکی دیکە بووەتە مایەی دڵە ڕاوکێ بۆ

وڵاتانی کەنداو، چونکە لە زۆبەی ئەو وڵاتانە بنکەی سەربازی ئەمریکی هەیە، ئەوەش ئەگەری بەرکەوتنی پریشکی ئاگرەکە بەو وڵاتانە زیاتر دەکات. مەترسی هێرشی ئێران بۆ سەر بنکە سەربازییەکای ئەمریکا لەو وڵاتانی کەنداو، هۆکارێك دەبێت بۆ کەمبوونەوەی گەشت و گوزار و کەمبوونەوەی گەشتیار لەو وڵاتانە، ئەوە جگە لە ڕاوەستانی هێڵی فڕۆکەوانی بە هنۆکاری مەترسی بەرکەوتنی مووشەکی دوور هاوێژ کە ئێران، ئاڕاستەی ئیسرائیلی دەکات. بەردەوامی شەڕو ئاڵۆزییەکان بە هۆکاری ئەوەی وڵاتانی کەنداو هاوسێی ئێرانن، دەبێتە مایەی نەمانیی ئاسایشی ئابووری بۆ وڵاتانی کەنداو.[١٢]

سەرباری ئەو مەتریسانەی کە وڵاتانی کەنداو هەیانە سەبارەت بە داخستنی گەرووی هورمز لە لایەن ئێرانەوە، بەڵام داخستنی ئەو گەروە بۆ ئێران هەروا ئاسان نییە، لێکەوتەی سیاسی و ئابووری گەورەی دەبێت لەسەر ئێران و ئەمریکا و تەنانەت ئەو وڵاتانەی دیکەش کە خۆیان بە هاوپەیمان و دۆستی ئێران دەزانن. داخستنی گەرووەکە بە مانای ڕاگەیاندنی جەنگ دێت دژ بە ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا، ئەوە جگە لە ناڕەزایەتی چین و هیندستان، چونکە ئەو دوو دەوڵەتەش بەشێکی گەورە لە پێداویستییەکانی وزەی خۆیان لە ڕێگەی ئەو گەرووە بەدەست دەخەن، ئەوە جگە لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان و گەیاندی بە بازاڕە جیهانییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی گەرووی هورمزەوە، ئەو دەوڵەتانە لە ڕابردوودا هاوکاری ئێرانیان کردووە، وەك دۆستی ئێران دادەنرێن، لە ئەگەری داخستنی گەرووەکە زیانێکی گەورە بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان دەکەوێت، ڕەنگە ئەوە پاڵیان پێوە بنێت لە ئێران دوور بکەونەوە و ببنە دۆست و هاوپەیمانی ئیسرائیل، هەربۆیە داخستنی گەرووەکە بە زیانی ئێرانیش دەشکێتەوە.[١٣]

### -ئەگەری هێرشی نوێی ئیسرائیل و هەڵوێستی وڵاتانی هاریکاری کەنداو

دوای هێرشی ئەمریکا، بۆ سەر گرنگترین بنکەی پیتاندنی یۆرانیم لە ئێران بەناوی «فۆردۆ»، ئێران بەڵێنیدا تۆڵەی ئەو هێرشە بکاتەوە و هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، لەسەر بنەمای هەڕەشەکانی، سوپای پاسدارانی ئێران بڕیاریدا هێرش بکاتەسەر بنکەی سەربازی «ئەلعەدید» ی ئەمریکا

لە وڵاتی قەتەر، دوابەدوای هێرشەکەی ئێران، قەتەر و وڵاتانی کەنداو زۆر بە توندی سەرکۆنەی هێرشەکەی ئێرانیان کرد، لەگەڵ ئەوەی هێرشەکەی ئێران هیچ زیانێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە، بەڵام وڵاتی قەتەر، ئەو هێرشەی ئێرانی بە دوژمنکارانە وەسفکرد و بە پێشێلکردنی سەروەری خاکی وڵاتەکەی دایە قەڵەم.(١٤)

لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی کۆتایی بە شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل هات، بەڵام ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕەکە لە ئارادایە، بە هۆکاری ئەوەی، کە ئسیرائیل جەخت لەوە دەکاتەوە لە ئەگەری پەنابردنی ئێران بۆ دووبارە پیتاندنەوەی یۆرانیۆم و بەگەڕخستنەوەی بنکە ناوەکییەکان هێرشیان دەکاتەوە سەر، لە بەرامبەریشدا ئێران دڵنیایی ئەوە دەدات، ئەوان دووبارە ئەو بنکانە نۆژەن دەکەنەوە و لە پیتاندنی یۆرانیۆم ناوەستن.

وڵاتانی هاریکاری کەنداو، پێیان وایە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پریشکی ئاگری شەڕەکە بەر ئەوانیش دەکەوێت، هەربۆیە لەگەڵ ئەوە نین دووبارە شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل سەرهەڵبداتەوە، هەرچەندە بەشێك لە چاودێران پێیان وایە لاوازبوونی ئێران و ڕێگریکردن لە هەناردەی نەوتی ئێران بۆ بازاڕەکانی جیهان، لە بەرژەوەندی وڵاتانی کەنداوە، چونکە بازاڕی وزە پێویستی بە بەرهەمەکانی ئەو وڵاتانە زیاتر دەبێت، ئەوە سەرباری بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی، بەهۆکاری زۆری خواست لەسەری، بەڵام هێشتا ناتوانرێت دڵنیایی تەواوی ئەوە بدرێت کە ئەو وڵاتانە دەتوانن پێداویستی بازاڕی وزەی جیهانی پڕبکەنەوە، چونکە ئێران هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمز دەکات، ئەوەش بەمانای کەمبوونەوەی هەناردەی نەوتی وڵاتانی کەنداو دێت، جگە لە عەرەبستانی سعودی کە دەتوانێت ڕێگەی بەدیل بەکاربهێنێت و نەوتەکەی لە ڕێگەی دەریای سوورەوە هەناردە بکات، بەڵام ئەوەش تێچووی زۆری دەوێت ئەگەر بیەوێت لە بازاڕەکانی ئاسیا ساغی بکاتەوە. مەترسییەکی دیکە وڵاتانی کەنداو تێکچوونی بارودۆخی ناوچەکەیە بە هۆکاری ئەگەری ڕوخانی ڕژێمی ئیسلامیی لە ئێران، چونکە ئەو وڵاتە ژمارەی دانیشتوانی نزیك بە نەوەد ملیۆن کەسە، ئەوەش دەبێتە مایەی کێشە بۆ ئەو وڵاتانەی، کە هاوسێی ئێرانن.

لایەنێکی دیکەی ئەرێنی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، لاوازبوونی ئەو وڵاتەیە، ئەوەش بەمانای لاوازبوونی هێزە لایەنگرەکانی ئێران دێت لە ناوچەکە، کە بەردەوام

مایەی مەترسی بوون بۆ ئەو وڵاتانە، وەك حوسییەکانی یەمەن و حیزبوڵڵای لوبنان و هێزە لایەنگرەکانی ئێران لە عێراق و بەشێکی دیکە لە وڵاتانی ناوچەکە. هێرشی ئیسرائیل وا دەکات ئێران بەوهێزانە ڕانەگات و نەتوانێت پڕچەکیان بکات، بەوەش نفوزی ئێران لەدەرەوە لاوازدەبێت، ڕەنگە ئەوە چانسی زیاتر بدات بە وڵاتانی کەنداو تابتوانن پارێزگاری لە ئاسایشی وڵاتەکەیان بکەن. بەڵام شەڕ کاولکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمریکا چەندین بنکەی سەربازی لە وڵاتانی کەنداودا هەیە، ئێرانیش بەردەوام هەڕەشەی ئەوە دەکات لە ئەگەری هێرشی نوێ بۆ سەر وڵاتەکەی تەواوی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکاتە ئامانج. هەر هێرشێك بۆ سەر ئەو وڵاتانە دەبێتە هۆکاری نائارامی و ئەوەش کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر کەرتی ئابووری و بەشێك لەو کۆمپانیا و بازرگانەنەی کە لەو وڵاتانە کاردەکەن، لەوانە بیرلەوە بکەنەوە سەرمایەکەیان بگوازنەوە بۆ ناوچەیەکی ئارام. ئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر گەشەی ئابووری وڵاتانی کەنداو، کە بڕبڕەی پشتی پیشکەوتنی ئەو وڵاتانەیە. هەربۆیە وڵاتانی کەنداو هەموو کەناڵە دیبلۆماسییەکانی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ ڕێگری کردن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕی نێوان ئەو دوو وڵاتە.[١٥]

## ئەنجام

دەوڵەتانی کەنداو لە بەرژەوەندییاندایە، کۆماری ئیسلامیی ئێران لاوازبێت، بەڵام نایانەوێت بۆشایی ئەمنی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروست ببێت، چونکە هەر بۆشاییەکی ئەمنی لە ئاوەکانی کەنداو، لە داهاتوو دەبێتە کێشەیەکی جددی لەسەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی کەنداو. جگە لەوەش نایانەوێت ناوچەکە ڕووبەڕووی جەنگێکی درێژخایەن ببێتەوە.

- وڵاتانی کەنداو، پشتگیری ئێران ناکەن، بەڵام دەترسن لە سەرکەوتنی ڕەهای ئیسرائیلی، کە کارتەکانی ناوچەکە ڕێك بخاتەوە بە شێوەیەك کە ڕۆڵی ئەوان لاوازتر بکاتەوە. هەروەها ئاشکرا دژایەتی ئیسرائیل ناکەن، بەڵام پێیان باشترە پەیوەندییەکەیان لەگەڵیدا لە پشت پەردەوە بەڕێوە ببەن تا بەتەواوی لە بارودۆخەکە تێدەگەن.
- بژاردەی بێلایەنی و خۆ دوور گرتن لە شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە لایەن وڵاتانی کەنداوە وە پلانێکی ستراتیجی ئەو وڵاتانەیە بۆ نەبن بە بەشێك لە قەیرانەکان

و بتوانن وەك ناویژیوان و لایەنی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان ڕۆڵ بگێڕن.

-هەرچەندە وڵاتانی کەنداو بە ڕوونی سەرکۆنەی هێرشەکانی ئیسرائیلیان بۆ سەر ئێران کردووە و بە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی ناویان بردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵەڕاوکێی خۆیان دەربڕیوە لە بەرامبەر ئەگەری فراوانبوونی ململانێکان و کێشانی ناوچەکە بۆ ناو جەنگێکی گشتگیر.

-وڵاتانی کەنداو لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدان، چونکە لەلایەکەوە دەیانەوێت پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل هەبێت، لە لایەکی دیکەشەوە ناتوانن بێدەنگ بن لەبەرامبەر هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر وڵاتێکی ئیسلامی و هاوسێیان. هەروەها مەترسی لێکەوتە ئابوورییەکان وەك داخستنی گەرووی هورمز، کەمبوونەوەی گەشتیاری، و لاوازبوونی وەبەرهێنان، وایکردووە ئەم وڵاتانە هەموو کەناڵە دیپلۆماسییەکان بخەنە گەڕ بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە.

## سەرچاوەکان

(١) ٧ أسئلة لفهم خلفيات الهجوم الإسرائيلي على إيران، لە بەرواری ١٣\٦\٢٠٢٥، لەماڵپەڕی https://www.aljazeera.net/news/١٣/٦/٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.

(٢) كواليس هجوم إسرائيل على إيران.. «معلومة ذهبية»، لەبەرواری ١٥\ يونيو\٢٠٢٥، لە ماڵپەڕی https://www.skynewsarabia.com/middle-east بلاوکراوەتەوە.

(٣) الهجوم الإسرائيلي على إيران: الدلالات والتداعيات والسيناريوهات المحتملة، لە بەرواری ١٣\يونيو\٢٠٢٥، لە ماڵپەڕی https://trendsresearch.org/ar/insight، بڵأوکراوەتەوە.

(٤) ٧ أسئلة لفهم خلفيات الهجوم الإسرائيلي على إيران، لە بەرواری ١٣\٦\٢٠٢٥، لەماڵپەڕی https://www.aljazeera.net/news/١٣/٦/٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.

(٥) التحليل الفني: عملية الوعد الصادق ٣، لەماڵپەڕی https://www.ecssr.ae/ar/research، بڵاوکراوەتەوە، بەرواری سەردان، ٢١\٩\٢٠٢٥.

(٦) رد إيراني بصواريخ فرط صوتية على الغارات الإسرائيلية وترامب يدرس احتمال التدخل العسكري، لەماڵپەڕی https://www.france٢٤.com/ar/، لە بەرواری ١٩\٦\٢٠٢٥

بڵاوکراوەتەوە.
(٧) هجوم أمريكي على منشأت فردو ونطنز وأصفهان النووية في اليوم العاشر من الحرب، لە بەرواری ٢٢\يونيو\٢٠٢٥، لە ماڵپەڕی https://ar.ncr-iran.org/ بڵاوکراوەتەوە.
(٨) دول الخليج تحذر من سيناريوهات مقلقة جراء الهجوم الإسرائيلي على إيران، لە بەرواری ١٦\٦\٢٠٢٥، لە ماڵپەڕی https://www.aljazeera.net/news، بڵاوکراوەتەوە.
(٩) دول الخليج تدين الهجمات الإسرائيلية على إيران، لە بەرواری ١٣\يونيو\٢٠٢٥، لە ماڵپەڕی https://www.alarabiya.net/arab-and-world/، بڵاوکراوەتەوە.
(١٠) دول الخليج العربي تفاجأت بسرعة هجوم إسرائيل على إيران، لە بەرواری ٢٠\ يونيو\٢٠٢٥، لە ماڵپەڕی https://asharqbusiness.com/economics، بڵاوکراوەتەوە.
(١١) اقتصاديون يحذِّرون من تداعيات تجارية عالمية صعبة جرَّاء الحرب الإسرائيلية-الإيرانية، لە بەرواری ١٦\يونيو\٢٠٢٥، لە ماڵپەڕی https://aawsat.com/، بڵاوکراوەتەوە.
(١٢) ما تداعيات الحرب بين «إسرائيل» وإيران على منطقة الخليج؟، لە بەرواری ١٥\٦\٢٠٢٥، لە ماڵپەڕی https://khaleej.online/RMRbVr، بڵاوکراوەتەوە.
(١٣) همايون فلكشاهي، تداعيات الصراع الإيراني الإسرائيلي على الاقتصاد والطاقة، لە بەرواری ٢٧\سونسو\٢٠٢٥، لە ماڵپەڕی https://www.washingtoninstitute.org/ar، بڵاوکراوەتەوە.
(١٤) بعد الهجوم الإيراني على قاعدة العديد.. ما شكل العلاقة بين دول الخليج وطهران؟، بە بەرواری ٢٤\يونيو\٢٠٢٥، لە ماڵپەڕی https://www.bbc.com/arabic، بڵاوکراوەتەوە.
(١٥) عمار الحديثى، الخليج بين إيران وإسرائيل.. بين الحياد العلني والانخراط الخفي، لە بەرواری ١٥\يونيو\٢٠٢٥، لە ماڵپەڕی https://www.noonpost.com/، بڵاوکراوەتەوە.



# ڕیفۆرمخوازان و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران


د. محەممەد حسێن زادە

دوکتۆرای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان




## پوختە

دوای هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر ئێران و بۆردومانکردنی ناوەندە سەربازی و ستراتیژییەکان و بنکە و دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتە لە ماوەی ١٢ ڕۆژدا، جارێکی دیکە مشتومڕی نێوان ڕیفۆرمخوازان و بناژۆخوازانی ئەو وڵاتە سەبارەت بە چۆنێتی داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە پەرەی سەندەوە. بەرەی ڕیفۆرمخوازانی ئێران لە ڕاگەیەنراوێکدا بە فەرمی داوایان کرد حکومەت بە مەبەستی مسۆگەرکردنی مانەوەی خۆی و ڕێگریکردن لە داڕووخانی، بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دانوستان بکات و هەروەها ئامادەیی نیشان بدات بۆ هەڵپەساردنی دڵخوازانەی پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ ئەوەی دۆخی وڵاتەکەیان دوای پەلامارەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا ئاسایی ببێتەوە. بەڵام بناژۆخوازان بە توندی بەرامبەر ئەو داواکاریانە وەستانەوە و هاوشێوەی جارانی پێشوو ڕیفۆرمخوازانیان بە تابووری پێنجەمی ئیسرائیل و خیانەتکردن تۆمەتبار کرد و دەڵێن ڕیفۆرمخوازان خۆیان بەشێکن لەوانەی کە هەوڵی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی دەدەن. دیارە مشتومڕی نێوان بناژۆخوازان کە زۆرینەیان نوێنەرایەتی وێژمانی ڕێبەر دەکەن لەگەڵ ڕیفۆرمخوازان تایبەت بەم قۆناغە نییە و لانیکەم سێ دەیەیە ئەو مشتومڕە لە ئارادایە. سەرباری ئەوەش ڕوانگەی بناژۆخوازان بەردەوام بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا زاڵ بووە و ڕیفۆرمخوازان لە پەراوێزدا ماونەتەوە. ئەم وتارە هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی بنچینەیی باس لە ڕوانگە و بنەما فیکرییەکانی ڕیفۆرمخوازانی ئێران بکات سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان بەو جۆرەی کە خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن. هەروەها سەرەکیترین هۆکارەکانی شکست و نەزۆکی ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی لە سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامیدا بخاتە بەر باس.

## بەرایی

سیاسەتی دەرەکی یەکێکە لە گرینگترین لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی- سیاسی هەر وڵاتێک، چونکە ژیان و مانەوەی وڵاتان بەستراوە بە چۆنی و چلۆنایەتی سیاسەتی دەرەوە. وەک پێناسەیەکی گشتی و سەرەتایی سیاسەتی دەرەوە بریتییە لە ڕێچکە و میتودێک کە دەوڵەتێک لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی دەیگرێتە بەر بە مەبەستی

پاراستنی سەروەری و بەرگریکردن لە بوون و مانەوە و بەرژوەندییەکانی خۆی. لە شانۆی پەیوەندییە نەتەوەییەکانیشدا، سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان پێگە و جێگەیەکی تایبەتی هەیە. سەرچاوەی ڕەفتاری دەوڵەتان لە شانۆی نێونەتەوەییدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوسیاسەتانەی کە پێشتر لە نێوخۆ داڕێژراون بۆ ئەوەی بە باشترین شێواز بەرژوەندییە نیشتمانییەکانیان دابین بکەن. لەم نێوەدا، سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێکیش لەسەر بنەمای هەندێک بەها و بایەخ دانراوە. سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیش کە لەم وتارەدا دەکەوێتە بەر باس، بەدەر لەم پرەنسیپە نییە.

کاریگەری سیاسەتی دەرەوە لەسەر ژیانی هاوڵاتیانی ئێران بە تایبەت لە نزیک بە ٢٥ ساڵی ڕابردوو کە چالاکییە نهێنییە ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتە ئاشکرابوون و دۆسیەی ئەتۆمی ئێران سەری هەڵدا، بە ڕادەیەک بووە کە باس و مشتومڕ سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە بووەتە یەکێک لە مژارەکانی ڕای گشتی و تەنانەت باسی نێو هاوڵاتییان لە سەر شەقامەکاندا. لە نێو دەسەڵاتیشدا لانیکەم دوو بەرەی بناژۆخوازن و ڕیفۆرمخوازان بەردەوام سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە شەڕەچەقە و مشتومڕیان هەبووە. ئەگەرچی ڕوانگەی بناژۆخوازان کە بە تایبەت هێزی سەربازی و زۆربەی جۆمگەکانی دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە و نوێنەرایەتی ڕوانگەی سەید عەلی خامنەیی ڕابەری کۆماری ئیسلامیی دەکەن، تەنانەت ئەو کاتانەی کە سەرۆک کۆماری نزیک لە ڕیفۆرمخوازان لەسەر کار بووە بەسەر سیاسەتی دەرەوەدا زاڵ بووە و لە هەموو ئاستەکانی بڕیارداندا باڵادەست بوون، بەڵام سەرباری ئەوەش هەندێک گۆڕانکاری هەرچەند بە شێوەی کاتی بووبێت لە سەردەمی ڕیفۆرمخوازاندا هاتووەتە ئاراوە یاخود لانیکەم هەوڵی گۆڕانکاری دراوە.[1] ئەو گۆڕانکاریانە لە قۆناغی هەشت ساڵەی سەرۆک کۆماری سەید محەمەد خاتەمی و بە ڕێژەیەکی کەمتر لە قۆناغی هەشت ساڵەی سەرۆک کۆماری حەسەن ڕۆحانیدا کە ئەمیش بە یارمەتی ڕیفۆرمخوازان دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و زۆر جار لە بەرەی ڕیفۆرمخوازان هەژمار دەکرێت، بەدی کراون.

لە ڕۆژانی دوای هێرشی ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە سەربازی و ستراتیژییەکانی ئێران و هەروەها هێرشی ئەمریکا بۆ سەر بنکە و دامەزراوە ئەتۆمییە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە، دیسان هەرا و مشتومڕی نێوان ڕیفۆرمخوازان

کە لە ئێستادا مەسعود پزشکیان وەک سەرۆک کۆماری نزیک لە خۆیان دەبینن لەگەڵ بناژۆخوازان سەری هەڵدایەوە. ئەم مشتومڕە بە تایبەت دوای ئەوە هات کە کەسانێک وەک میرحسێن موسەوی و مەهدی کەڕووبی لە ڕابەرانی ناسراو بە بزووتنەوەی سەوز، حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆماری پێشووتری کۆماری ئیسلامیی و محەممەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی سەردەمی ڕۆحانی باسیان لە پێویستی گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی کرد. دواتر بەرەی ڕیفۆرمخوازان کە لە نزیکەی ٣٠ ڕێکخراو و گرووپ و کۆمەڵ پێکهاتووە، لە ڕاگەیەندراوێکدا کە ڕۆژی ١٧ی ئابی ٢٠٢٥ بڵاوکرایەوە، باسیان لە پێویستی گۆڕانکاری لە وێژمان و سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی کۆماری ئیسلامیدا کرد وەک تاقە ڕێگەچارەی دەربازبوونی کۆماری ئیسلامیی لە قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان(٢). ڕیفۆرمخوازان سەبارەت بە سیاسەتی دەرەکی دەڵێن کە سیاسەتی ئێستای بناژۆخوازان هەنگاو بە هەنگاو کۆماری ئیسلامیی بەرەو هەڵوەشانەوە دەبات و دواجاریش وڵاتەکەیان بەرەو چارەنووسی لیبیا، عێراق و سووریا ڕادەکێشێت. بناژۆخوازان ئەوە ڕەت دەکەنەوە و لە کاردانەوەی تونددا ڕاگەیەندراوەکەی ڕیفۆرمخوازان بە هاوپێچی هێرشی ئیسرائیل، وەرگێڕدراوی لیدوانەکانی ناتانیاهۆ، بەڵگەی ملکەچکردن بۆ دوژمنی دەرەکی و ڕێگەچارەی دوژمنی دەرەکی وەسف دەکەن و واژۆکەرانی ڕاگەیەندراوەکە و بە گشتی بەرەی ڕیفۆرمخوازانیش وەک تابووری پێنجەم، وتەبێژی ناتانیاهۆ و خزمەتکارانی دوژمن ناو دەبەن. بناژۆخوازان دەڵێن ئەو گۆڕانکارییانە ڕیفۆرمخوازان بانگەوازی بۆ دەکەن هاوشێوەی ڕیفۆرمەکانی سەردەمی گۆرباتشۆڤە لە کۆتاییەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە بوونە هۆی هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت. تا ئێستا ئەمە وەڵامی داخوازییەکانی ڕیفۆرمخوازان بووە.

لەگەڵ ئەوەیدا کە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو مشتومڕانە دەرخەری ئەوەیە کە هەم ئامانجی ڕیفۆرمخوازان و هەم بناژۆخوازان بە شێوەیەکی سەرەکی پاراستنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە نەک ئەوەی لە خەمی بەرژەوەندییەکانی گەلی ئێراندا بن، بەڵام من لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم باس لە ڕوانگە و بنەما فکرییەکانی ڕیفۆرمخوازان سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی بکەم بەو شێوازەی خۆیان باسی دەکەن، هەروەها تێدەکۆشم وەڵامی ئەو پرسیارەش بدەمەوە کە بۆچی

بەرەی ڕیفۆرمخوازی بۆچوونەکانیان لە سیاسەتی دەرەوەدا شکستیان هێناوە و نەزۆکن. ئەمە بەو واتایەش دێت کە خوێنەری ئەم وتارە نابێ چاوەڕوان بێت کە نووسەر بە شێوەیەکی ورد بپرژێتە سەر وردەکارییەکانی ئەم مشتومڕانەی دوایی یاخود ڕووداوەکانی ڕۆژ، بەڵکو مەبەستی سەرەکی بریتییە لە ڕوونکردنەوەی بنەما فیکرییەکان و هەڵوێستی ڕیفۆرمخوازان بەرامبەر دیاردە و بابەتە جیاجیاکانی سیاسەتی دەرەکی بەو شێوازەی خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن. ڕەنگە سوودی ئەم هەوڵە ئەوە بێت کە خوێنەر خوێندنەوەیەکی وردتر و بنچینەییتری هەبێت لە بنەما هزرییەکان و دواتریش مشتومڕەکانی نێوان ئەو دوو بەرەیە لە داهاتووشدا لەمەڕ بابەتە جیاوازەکان.

بۆ ئەو مەبەستە ئەم وتارە لە سێ بەش پێکهاتووە: سەرەتا باس لە بنەما فکرییەکانی ڕیفۆرمخوازان سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کراوە. بەشی دووەم پرژاوەتە سەر ڕوانگە ڕیفۆرمخوازان سەبارەت بە پرسە جیاجیاکانی سیاسەتی دەرەوە. بەشی سێیەم تەرخانکراوە بۆ ڕوونکردنەوەی سەرەکیترین هۆکارەکانی شکست و نەزۆکی ڕێفورمخوازی لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا. لە کۆتاییدا ئەمجامی باسەکان پێشکەش کراوە.

## بنەما فیکرییەکانی ڕیفۆرمخوازانی ئێران سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە

ڕیفۆرمخوازانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کاتێک باس لە سیاسەتی دەرەوە دەکەن پەنا بۆ هەندێ چەمک و دەستەواژە دەبەن. ئەم چەمکانە دەتوانن ڕوونکەرەوەی ئەو ڕوانگە ڕیفۆرمخوازانە بن کە بانگەشەی بۆ دەکەن. هەر بۆیە بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر دیاردە و بابەتە جیاوازەکان پێویستە ئاگاداری ئەو چەمکانە بین کە پێکهێنەری بنەمای فکری ئەوانە لەمەڕ سیاسەتی دەرەوە. بۆیە لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم ئاماژە بە گرینگترینی ئەو چەمکانە بکەم کە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا باسیان لێ کردوون و سەرەکیترینیان بریتین لە «سڕینەوەی گرژییەکان»، «گەشەی سیاسی یاخود گفتوگۆی شارستانییەتەکان»، «سیاسەتی فرەڕەهەندی یان فرەلایەنەگەرایی»، «پێکهێنانی متمانە» و «ئاشتیخوازی ئەرێنی». حاشاهەڵنەگرە

زۆربەی ئەمانە هەمان ئەو چەمکانەن لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی سەید محەمەد خاتەمیدا- ٢٠٠٥-١٩٩٧- جەختیان لێ دەکرایەوە و ڕیفۆرمخوازان ئێستاکەش وەک قۆناغێکی زێڕین لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیی هەژماری دەکەن و شانازی پیوە دەکەن و ئێستاکەش ئاواتەخوازی گەڕانەوە بۆ ئەو قۆناغەن. بەم وەسفە، لە درێژەدا هەوڵ دەدەم ڕوونکردنەوەیەکی کورت سەبارەت بە هەر یەک لەو چەمکانە بخەمە ڕوو.

سەبارەت بە سیاسەتی سڕینەوەی گرژییەکان، ڕیفۆرمخوازان دەڵێن ئامانج لەو سیاسەتە بریتییە لە دابینکردن، پەرەپێدان و جێگیرکردنی ئاسایش و بەرژوەندییە نیشتمانییەکان. هاوکات جەخت لەوە دەکەنەوە کە سیاسەتی سڕینەوەی گرژییەکان بە واتای پشتگوێخستن و خافڵان لە هەڕەشەکان و مەترسییەکان نییە، بەڵکو ناسینی سنوورەکانی دوژمنایەتی و هەوڵدان بۆ زیادکردنی ژمارەی وڵاتانی دۆستە بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی باشتر و گونجاوتری هەڕەشەکان. بە وتەی خاتەمی ئەوە سیاسەتی بانگهێشتکردنی هەموو جیهانە بۆ جێگیرکردنی ئاشتی لەسەر بنەمای دادپەروەری، یەکسانی و سڕینەوەی ستەم لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا[٣]. هەڵبەت خاتەمی دەشڵێت سڕینەوەی گرژییەکان بە واتای دەستهەڵگرتن لە بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامیی، دەست درێژکردنەوە بەرامبەر دوژمنانی زلهێز، چۆکدادان بەرامبەر ستەمکاران و پشتگوێخستنی سەروەری و سەربەخۆیی نییە[٤]. سیاسەتی سڕینەوەی گرژییەکان بەو واتایە دێت کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا هەوڵی پێکهێنانی متمانە و وەلانانی ئەو گرژی و ناکۆکییەکانەی ڕابردوو بدات کە لەسەر یەک کەڵەکە کراون. بە وتەی ڕیفۆرمخوازان مەبەست لەو سیاسەتە ئەوەیە کۆتایی بە پێکدادان و کێشمەکێش لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا بهێنرێت. ئەم جۆرە سیاسەتە وێرای دووریگرتن و خۆبواردن لە توندوتیژی و خۆسەپێنی، بانگهێشتی هەموو وڵاتان دەکات بۆ هاوکاری دوولایەنە و ڕێگە دەکاتەوە بۆ هاوکاری و یەکگرتوویی هەمەلایەنە لە بوارە جیاجیاکانی سیاسی، ئابووری و کولتووریدا[٥]. ڕیفۆرمخوازانی ئێران جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەم سیاسەتە زۆر خاڵ لە خۆ دەگرێت، لەوانە خۆبواردن لە پێکدادان و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی پەیوەندی بەسوود و چالاکانە، گرینگیدان بە بەرژوەندییە نیشتمانییەکان و پابەندبوون بە ڕێوشوێن

و پێوەر و یاسا و ڕێسا هەرێمی و نێونەتەوەییەکان و پەرەپێدان بە پەیوەندییە دەرەکییەکان و پەیوەندیگرتن لەگەڵ باقی وڵاتان، پێکهێنانی بەرژوەندی هاوبەش و ڕەتکردنەوەی هەرجۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی و هەولدان بۆ جێبەجێکردنی یاسای نێونەتەوەیی، گرینگیدان بە ئاشتی و ئاسایشی ناوچەی نزیک و دەوروبەری ئێران، خۆبواردن لە داتاشینی دوژمن و دەستهەڵگرتن لە درووشمگەلی هەستەکی، ڕووکردن لە پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە، پەرەپێدان بە ئاشتی و ئاسایش بە میکانیزمی دانوستان و گفتوگۆ، گرینگیپێدان بە پرسە ئابوورییەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا، نەرمینواندن و لە هەمان کاتدا پاراستنی بنەما و بەها و بایەخەکان، پەرەپێدان بە هاوکاری و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە هەموو بوارەکاندا و لەگەڵ زۆرینەی وڵاتان لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەر و بەشداریکردنی چالاکانە لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا، نزیکی و دۆستایەتی جیهانی ئیسلام و پتەوکردنەوەی یەکگرتوویی و یەکێتی وڵاتانی ئیسلامی. ڕێفۆرمخوازان دەڵێن سیاسەتی سڕینەوەی گرژییەکان هەموو ئەوانە لەخۆ دەگرێت[٦]. بە کورتی لە دیدی ڕیفۆرمخوازانەوە ئەمە پرۆسەیەکە بۆ کەمکردنەوەی کێشە و گرژی و ناکۆکییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی و باقی گەمەکەرە نێونەتەوەییەکان بە شێوازێک کە ئەم گرژی و ئاڵۆزیانە بە شیوازێکی ئاشتیخوازانە و بەبی پەنابردن بۆ هێز و توندوتیژی چارەسەر بکرێن. بە واتایەکی دیکە، مەبەستیان شێوازێکە لە سیاسەتی قەناعەتپێهێنان یان قایلکردن لەسەر بنەمای هاوکاری، پێکەوەبەستراوەیی ئابووری و کێبڕکێ لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسا دانپێدانراوە نیونەتەوەییەکاندا.

دەربارەی گەشەی سیاسی کە زیاتر لەژێر چەتری گفتوگۆی شارسانییەتەکان باسی لێ دەکرێت، پێویستە سەرەتا ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم ئایدیایە یەکەم جار لە لایەن محەمەد خاتەمی هاتە ئاراوە. لە ساڵانی دوای ١٩٩٧، خاتەمی ئەم ئایدیایە بەرامبەر تیۆرییەکەی هانتینگتۆن سەبارەت بە پێکدادانی شارستانییەتەکان خستە ڕوو. خاتەمی لە ٥٣هەمین کۆڕبەندی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئەیلوولی ١٩٩٨دا بە فەرمی داوای لە کۆمەڵگەی جیهانی کرد وەک هەنگاوی یەکەمی بەدیهێنانی دادپەروەری و جیهانی بێ شەڕ و توندوتیژی ساڵی ٢٠٠١ وەک ساڵی گفتوگۆی شارستانییەتەکان ناوزەد بکەن و ئەوەش لە ساڵی ٢٠٠١ کرا. خاتەمی لە لێدوانێکدا لە پەڕلەمانی ئیتالیا وتی: «مەبەستی سەرەکی لە پێشنیاری گفتوگۆی شارستانییەتەکان

لەڕاستیدا هێنانەئارای مۆدێلی نوێیە لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا...گفتوگۆی شارستانییەتەکان بریتییە لە وەلانانی ویستی هێزخوازی و پەنابردن بۆ ئەوینخوازی»[٧]. ڕیفۆرمخوازان تاوەکو ئێستاش ئەوە بە ئایدیایەکی پێشکەوتوو دەناسێنن و جەخت بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو ئایدیایە لە سیاسەتی دەرەوەدا دەکەن. زۆر جاریش دەڵێن مەبەست ئەوەیە ڕوخسارێکی ئاشتیخوازانە لە ئیسلام نمایش بکەن[٨]. دەشڵێن ئەم ئایدیایە بە کردە بەستێن بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی سڕینەوەی گرژییەکان هەموار دەکات.

مەبەستی ڕیفۆرمخوازان لە سیاسەتی فرەڕەهەندی و فرەلایەنەگەرایی لە سیاسەتی دەرەوەدا ئەوەیە کە وڵاتەکەیان نابێت تەنیا پشت بە وڵاتانێکی تایبەت وەک چین و ڕووسیا ببەستێت و خۆی لە بەرەی ئەواندا پێناسە بکات کە زۆر کاتیش و لە کات و ساتە هەستیارەکاندا پشتیان لە ئێران کردووە و تەنانەت خیانەتیان پێ کردووە. ڕیفۆرمخوازان دەڵێن پێویستە پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژئاواش ئاسایی بکرێنەوە.

سەبارەت بە سیاسەتی پێکهێنانی متمانە، ڕیفۆرمخوازان دەڵێن لەبەر گەلێک ڕووداوی مێژوویی و بەتایبەت ڕووداوەکانی ساڵانی پاش شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، متمانە لە نێوان کۆماری ئیسلامیی و زۆرێک لە وڵاتانی جیهانیدا نییە و پێویستە ئێران دەستپێشخەری بکات بۆ پێکهێنانی متمانە کە ئەوەش دەبێتە هۆی پەرەپێدان بە پەیوەندییەکان[٩].

هەروەها ڕیفۆرمخوازان لەمەڕ ئاشتیخوازی ئەرێنی دەڵێن، بانگەوازێکە بۆ جێگیرکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی جیهاندا و هەروەها جێگیرکردنی دیموکراسی نێونەتەوەیی. بۆ نموونە خاتەمی سەبارەت بە هاوئاڕاستەیی و هاوتەریبی دادپەروەی، دیموکراسی و ئاشتی پاوەجێ لە ئاستی جیهانیدا دەڵێت: «ئیمە لە شانۆی نێونەتەوەییدا پێویستیمان بە دیموکراسی هەیە، وەک چۆن هاوڵاتییانی وڵاتێک خاوەن مافی یەکسانن، هاوڵاتیانی کۆمەڵگەی جیهانیش کە بریتین لە نەتەوەکان پێویستە خاوەن مافی یەکسان بن... لە ئەگەری جێگیرکردنی دیموکراسی لە جیهاندا، پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای گفتوگۆ، لۆژیک و ڕێزگرتنی بەرامبەر بیچم دەگرن... ئاشتی هەتاهەتایی لە جیهاندا جێگیر نابێت مەگەر ئەوەی دادپەروەری لە جیهاندا جێگیر بێت»[١٠].

گەرچی نووسەر نامیلکە یاخود نووسراوێکی توکمە و تایبەتی لە ڕیفۆرمخوازانی ئێران نەبینیوە کە ڕوونکەرەوەی سیاسەتی دەرەوەی دڵخوازی ئەوان بێت، بەڵام بە شیکردنەوەی لێدوان و نووسراوەکان و هەروەها وردبوونەوە لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی سەردەمی خاتەمی و ڕۆحانی و ئەوەی لە ئێستادا پزیشکیان باسی دەکات، دەکرێت ئەوانەی لە سەرەوە باسیان لێ کرا وەک گرینگترین بنەما فکرییەکانی ڕیفۆرمخوازان بۆ سیاسەتی دەرەوە سەیر بکرێن. ئەوان دەڵێن ڕوانگەی جیاوازی ئەوان لەگەڵ عەلی خامنەیی و باقی بناژۆخوازان لەمەڕ دیاردە و بابەتە جیاوازەکانی تایبەت بە سیاسەتی دەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم وێژمانە جیاوازە کە لانیکەم بە تیۆری بانگەشەی بۆ دەکەن. بە پشتبەستن بەم ڕوونکردنەوە سەبارەت بە بنەما فکرییە،کانیان لە خوارەوە بە شێوەیەکی وردتر دەپرژێمە سەر بیروبۆچوونیان سەبارەت بە گرینگترین پرسەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی.

## ڕوانگەی ڕیفۆرمخوازان سەبارەت بە پرسە جیاوازەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی

لەم بەشەدا، بە کورتی باس لە ڕوانگەی ڕیفۆرمخوازان دەکەین سەبارەت بە پرسگەلێکی وەک چۆنێتی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەی کەنداو، پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا، چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و باقی ڕێکخراوە نێونەتەوەیی و هەرێمییەکان، چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی فەلەستین و پەیوەندییەکان لەگەڵ حیزبوڵڵا، پرسی مافەکانی مرۆڤ و لەکۆتاییدا دۆسیەی ئەتۆمی.

ڕێفۆرمخوازانی ئێران گرینگییەکی تایبەت بە وڵاتانی ناوچەی کەنداو دەدەن و پێیان وایە پێویستە پێش هەموو شتێک پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتانە ئاسایی بکەنەوە و پەرە بە پەیوەندییەکانی نێوانیان بدەن. بە تایبەتی تر پێیان وایە کە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سعودیا دەتوانێت لەسەر باقی وڵاتانی عەرەبی و بە تایبەت وڵاتانی ناوچەی کەنداو کاریگەری هەبێت. پشتئەستوور بەم بۆچوونە، هەم لە سەردەمی خاتەمی و هەم لە سەردەمی سەرۆک کۆماری ڕۆحانیدا

گرنگییەکی تایبەت بە سعودیا دەدرا. هەروەها لەم دواییانەدا مەسعود پزیشکیان لە دیدار لەگەڵ محەمەد بن سەلمان شازادەی سعودیا لە پەراوێزی کۆبوونەوەی سەرکردەکانی وڵاتانی ئیسلامی و کۆڕبەندی عەرەب لە دوحەی پایتەختی قەتەر کە دوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئەو وڵاتە بە مەبەستی لەنێوبردنی سەرکردەکانی حەماس بەڕێوەچوو جەختی کردەوە کە ئێران ئامادەیە پەیوەندییە دوو لایەنە و هەرێمی و نێونەتەوەییەکانی لەگەڵ سعودیا پەرە پێ بدات. وتیشی سعودیا دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت لە یەکانگیری وڵاتانی ئیسلامی[١١]. یەکێک لە بەندەکانی ڕاگەیندراوەکەی ئەم دوایانەی ڕیفۆرمخوازانیش تەرخان کراوە بۆ پێویستی لێکنزیکبوونەوە لە وڵاتانی ناوچە و بە تایبەت سعودیا بە مەبەستی جێگیرکردنی ئاشتی و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتی سەرچاوەگرتوو لە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ئەوەشیان بە ڕێفورمێکی پێویست لە سیاسەتی دەرەوە داناوە[١٢].

لەپەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروویی و یەکێتی ئەورووپا، ڕیفۆرمخوازانی ئێران بە پێویستی دەزانن پەرە بە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان لەگەڵ ئەو یەکێتیە بدرێت. ئەوان دەڵێن پەیوەندی لەگەڵ ئەورووپا دەتوانێت زۆر یارمەتیدەر بێت بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی ئەو وڵاتانە و بە تایبەت بۆ کەرتی وزە. جگە لە قازانجی ئابووری ئەورووپا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی قاچاخی مادە سڕکەرەکان و کەمکردنەوەی پرسی کۆچەری و پەنابەری. خاتەمی سەبارەت بە چۆنێتی و ناوەڕۆکی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا دەیگوت پەیوەندییەکان پێویستە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوو لایەنە و دابینکردنی بەرژوەندییە هاوبەشەکان و بەرژوەندییە نیشتمانییەکانی هەر دوو لا بێت و ئەمە بنەمای هاوکاری دوولایەنەیە لەگەڵ ئەورووپییەکان[١٣]. ڕیفۆرمخوازان دەڵێن پرۆسەی گفتوگۆی بنیاتنەرانە لەگەڵ ئەورووپا کە لە سەردەمی خاتەمیدا دەستی پێ کرد، ئێستاش دەتوانێت زۆر یارمەتیدەر بێت بۆ دەربازبوونی ئێران لەم دۆخە قەیراناوییەی ئێستا کە بە هۆی سیاسەتی گوشاری هەمەلایەنە کەوتووەتە سەریان. هەڵبەت بە کردەش باشترین قۆناغی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەورووپا لە سەردەمی خاتەمیدا بوو. وەک دەزانین، زۆرێک لە بەرپرسانی باڵای ئەورووپا و لەوانە وەزیرانی دەرەوەی ئەڵمانیا و ئیتالیا و وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بۆ یەکەمجار دوای دەسەڵاتگرتنی کۆماری ئیسلامیی سەردانی

ئێرانیان کرد. لێژنەی وڵاتانی ترۆیکای ئەورووپا بە سەرۆکایەتی لویی میشل سەرۆک وەزیرانی بەلژیک سەردانی تارانی کرد بە مەبەستی پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانی نێوانیان. لە بەرامبەردا خاتەمی سەردانی چەندین وڵاتی ئەورووپی کرد، لەوانە سەردانی وڵاتی ئیتالیا لە ٩ی ئازاری ١٣٩٩ کە خاتەمی لەو دیدارەدا لەگەڵ پاپ ژان پۆلی دووەم سەرۆکی کاتولیکەکانی جیهان لە واتیکان لە ڕۆژی ١١ی هەمان مانگ دیداری کرد و ئەوەش یەکەم دیداری بەرپرسێکی باڵای ئێران بوو لەگەڵ پاپ دوای دەسەڵاتگرتنی کۆماری ئیسلامیی. هەروەها لە کۆتاییەکانی مانگی تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩، گەشتێکی سێ ڕۆژەی کرد بۆ فەڕەنسا و لەگەڵ ژاک شیراک سەرۆکی ئەو وڵاتە دیداری کرد. هەر ئەو لە ١٠ی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٠ سەردانی ئەڵمانیا و لە ٤ی نیسانی ٢٠٠١ دوای بانگهێشتی فەرمی کلستیل سەرۆک وەزیرانی نەمسا سەردانی ئەو وڵاتەشی کرد و پاشانیش گەشتێکی سێ ڕۆژەی کرد بۆ یۆنان. ئامانج لەو سەردان و گەشتانە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەورووپا بوو. [١٤] ئەمڕۆکەش ڕیفۆرمخوازان گەڕانەوە بۆ ئەو سیاسەتە بە پێویست دەزانن و پێیان وایە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەورووپا زۆرێک لە کێشە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامیی چارەسەر دەکات.

دەربارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ڕوانگەی ڕیفۆرمخوازانەوە دانوستان و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و تەنانەت لە ڕوانگەی هەندێکیانەوە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ واشنتۆن دەتوانێت چارەسەری زۆربەی کێشەکان بێت و دۆخی ئێران بە تەواوەتی لە شانۆی نێونەتەوەییدا ئاسایی بکاتەوە[١٥]. ڕیفۆرمخوازان دەڵێن تا ئەو کاتەی کێشە و ناکۆکییەکان لەگەڵ ئەمریکا چارەسەر نەبێت، ئەستەمە باقی کێشەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان چارەسەر بن. دەشڵێن پێویستە کۆتایی بە بێ متمانەیی نێوان تاران و واشنتۆن بهێنرێت وەک پێویستییەک بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە ناوچە و ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی و خێراییدان بە ڕەوتی گەشەی ئابووری و سیاسی لە نێوخۆدا.[١٦] خاتەمی هەوڵی زۆری دا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام بە هۆی بەرهەڵستکاری نێوخۆییەوە سەر نەکەوت[١٧]. یەکێکیش لە ئامانجەکانی حەسەن ڕۆحانی کەمکردنەوەی گرژییەکان بوو لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پێی وابوو ئەوە بۆ کۆتاییهێنان بە

گوشارەکان و بە تایبەت ئاساییکردنەوەی دۆخی ئابووری ئێران گونجاوترین سیاسەتە. ڕۆحانی ڕاشکاوانە دەیگوت ئەمریکا کوێخای گوندە و ڕێکەوتن لەگەڵ کوێخا کارێکی ئاسانترە.(١٨) ڕۆحانی بۆ یەکەم جار لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا و دوای ٣٥ ساڵ لە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٣ لەگەڵ باراک ئۆباما لە ڕێگەی تەلەفونەوە قسەی کرد و ڕۆژی دواتر محەمەد جەواد و جۆن کێری وەزیرانی دەرەوەی ئەوکاتی ئێران و ئەمریکا پێکەوە دیداریان کرد و ئەوەش وەک هەوڵێک بۆ پێکهێنانی متمانە ڕاڤە کرا.١٩ ڕۆحانی دوای هێرشەکانی ئەم دوایانەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێرانیش لە ڕۆژی ١٣ی مانگی ئابی ٢٠٢٥دا ڕایگەیاند کەمکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ ئەمریکا هەم پێویستە و هەم واجب. جەختیشی کردەوە لە پێویستی داڕشتنەوەی ستراتیژی نیشتمانی(٢٠).

سەبارەت بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و باقی ڕێکخراوە نیونەتەوەیی و ناوچەییەکان، هەرچەندە ڕیفۆرمخوازان وەک کۆی دەسەڵات پێیان وایە زۆرینەی ڕێکخراوە جیهانییەکان پێویستیان بە ڕیفورمە و بە تایبەتی دەڵێن کە دەبێ ڕێوشوێنێک بگیرێتە بەر کە ئەو ڕێکخراوانە لەژێر ڕکێفی زلهێزان و بە تایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێنە دەر، بەڵام دەڵێن پێویستە لە هەموو ڕێکخراوەکاندا بەشدار بین. بە گشتی ڕوانگەی ڕیفۆرمخوازان سەبارەت بە ڕێکخراوە جیهانییەکان جیاوازییەکی ئەوتوی لەگەڵ بناژۆخوازان نییە. ئەوانیش دەڵێن پێویستە ڕێکخراوە جیهانییەکان زیاتر ڕۆڵ بگێڕن، بەڵام هاوکات ڕێگە بە بەشداریکردنی هەموو وڵاتان بدەن. سەبارەت بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوشێوەی بناژۆخوازان دەڵێن پێویستە ڕۆڵی کۆڕبەندی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆڵی ئەنجومەنی ئاسایشی ئەو ڕێکخراوە بەرجەستەتر بێت. هەروەها دەڵێن پێویستە ژمارەی ئەندامانی هەتاهەتایی ئەنجومەنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر بن و نوێنەرانی وڵاتانی جیهانی سێیەم و نوێنەرانی جیهانی ئیسلامیش لەخۆ بگرێت. ئەمە بە کردە ڕوانگەی سەردەمی خاتەمی و ڕۆحانی(٢١) و پزشکیانە لە ئێستاشدا. هاوکات پێیان وایە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەگەر بە شیوازێکی دادپەروەرانە کار بکات دەتوانێت ببێتە هۆی سەقامگیری و ئاشتی، هەر بۆیە پێویستە ئێران لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەیە بە شێوەیەکی گونجاو پەیوەندی هەبێت. بە کردەش لە سەردەمی ڕیفۆرمخوازەکاندا بەشداریکردنی کۆماری ئیسلامیی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان زیاتر لە

سەردەمی بناژۆخوازان بووە. وەک ئاماژەم کرد لە سەردەمی سەرۆکایەتی خاتەمیدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠١ی وەک ساڵی گفتوگۆی شارستانییەتەکان ناوزەد کرد. جگە لەوەش، ڕیفۆرمخوازان دەڵێن پێویستە وڵاتەکەیان گرینگییەکی زیاتر بە ڕێکخراوە هەرێمییەکان بدات چونکە ئەو ڕێکخراوانە دەتوانن ئاسانکاری بۆ هاوکاریی و هەماهەنگی نێوان وڵاتانی ئەندام بکەن. بۆ نموونە دەڵێن ئێران دەتوانێت لە ڕێکخراوێکی وەک ئیکۆدا – ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری ECO =Economic Cooperation Organization - جەمسەرێکی شارستانی-کولتووری پێک بهێنێت. هەروەها پێگە و هەڵکەوتەی جوغرافیایی ئێران وا دەکات وڵاتەکەیان ڕۆڵی پردی نێوان باکوور - باشوور - ئاسیا - ئەورووپا بگێڕێت. وەک نموونەیەکی دیکە، ئەوان دەڵێن وڵاتەکەیان دەتوانێت لە ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی قازانجی زۆر ببینێت بە تایبەت ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوەدا تەرکیز بخرێتە سەر بەدیهێنانی سیستەمێکی نێونەتەوەیی فرەجەمسەری. بۆیە بە پێویستی دەزانن وڵاتەکەیان زیاتر لەوەی ئێستا و بە شێوەی جدیتر لەو ڕێکخراوەیەدا ڕۆڵ بگێڕێت.

دەربارەی پرسی فەلەستین و حیزبوڵڵا ڕیفۆرمخوازان هاوشێوەی بناژۆخوازان بە پێویستی دەزانن پشتیوانییان بکەن. ئەوانیش دەڵێن ئاشتی تەنیا لە ڕێگەی پێدانی مافی گەلی فەلەستین و لەوانە مافی دیاریکردنی چارەنووس و گەڕانەوەی ئاوارەکان و ڕزگارکردنی خاکە داگیرکراوەکان جێگیر دەبێت. تا ئێرە هەمان ڕوانگەی دەسەڵاتە. جیاوازییەک کە لەم بوارەدا لە نووسراوە و دەربڕینەکانیاندا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ڕیفۆرمخوازان دەڵێن پێویستە پاڵپشتییەکانی کۆماری ئیسلامیی لەو گرووپانە بە شێوازێکی قایمکارانە و دووربینانە بێت[٢٢]. سەعید حەجاریان لە ناودارترین تیۆریسیەنەکانی بەرەی ڕیفۆرمخوازان ، دەڵێت لە دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئوکتوبەری ئیسرائیل، زۆرێک لە دەستکەوتەکانی ئێران لە نێوچوون. حەجاریان دەڵێت سەردەمانێک ئێمە بەرەی موقاوەمەمان هەبوو، بەڵام ئێستا کانیگ نیگەرانی ئەوەین دوژمن بە پێکهێنانی «بەرەی شەڕەانگێز» دەورەمان بدات[٢٣]. ڕەنگە ئەم بۆچوونە کاریگەر بووبێت لەوەی کە ڕیفۆرمخوازان لە نەخشەڕێگەکەی دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل ئاماژەیان بەوە کردووە کە پێویستە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی پشتگیریکردنی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی بێت کە خواستی گەلی فەلەستینە.

ئەمە جیاوازە لە ڕوانگەی خامنەیی کە باس لە کۆتاییهێنان بە هەبوونی ئیسرائیل و ڕزگاری فەلەستین و قودس دەکات.

مافەکانی مرۆڤ پرسێکی دیکەیە کە بەردەوام کاریگەری لەسەر سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی ئێران هەبووە. ڕیفۆرمخوازان کە لە پڕۆپاگەندە و باسەکانیاندا خۆیان زیاتر لە بناژۆخوازان پابەندی جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ دەنوێنن، دەڵێن ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە نیوخۆدا گرینگە چونکە ئەمە تەنانەت لە سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە دەرەکییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. دەڵێن هەر ئەم پرسە دەتوانێت بەشێکی زۆر لە بیانووی ئەورووپییەکان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران ببڕێت.

سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی وەک گرینگترین پرسی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامییە، ڕیفۆرمخوازانی ئێران هەر وەک دەسەڵات باس لەوە دەکەن کە وڵاتەکەیان مافی بێ ئەملاو و ئەولای هەیە کە چالاکی ئەتۆمی ئاشتیخوازانەی-بە وتەی ئەوان- هەبێت. بەڵام ڕیفۆرمخوازان دەڵین سیاسەتی بناژۆخوازان سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی نەک هەر بووتە هۆی گەمارۆ و سزادانی قورسی ئێران و ژیانی خەڵکی بەرەو قەیران بردووە، بەڵکو مانەوەی کۆماری ئیسلامیی و بگرە ئێرانیشی خستووەتە مەترسییەوە. هەربۆیە دەڵێن پێویستە وڵاتەکەیان سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانیدا بکات و لە ڕێگەی هاوکاری لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و دانوستانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا ڕێککەوتنێکی گونجاو بکات. ئەوان دەڵێن دۆخەکە بە ئاقارێکدا چووە کە تەنیا ئەم تەگبیرە مانەوەی دەسەڵات و بگرە وڵات گەرەنتی دەکات[٢٤]. ڕیفۆرمخوازان لەو بڕوایەدان سەرباری هەموو کێشە و گرفت و ناکۆکی و گرژییەکان هێشتاش مەودا و دەرفەتی ئاساییکردنەوەی دۆسیەی ئەتۆمی ئێران هەیە. بەڵگەشیان ئەوەیە کە دوای ڕێککەوتنی پاریس لە سەردەمی خاتەمیدا و دوای ڕێکەوتنی ناسراو بە بەرجام لە خولی یەکەمی سەرۆک کۆماری حەسەن ڕۆحانیدا، توانرا هەرچەند بۆ ماوەیەکیش بێت دۆسیەی ئەتۆمی ئێران ئاسایی بێتەوە و بەشێکی زۆر لە سزا و گەمارۆکان لەسەر وڵاتەکەیان هەڵبگیرێن. بە پشتبەستن بەو ئەزموونانە و دوای هەستکردن بە مەترسی ڕووخانی دەسەڵات و هەڵوەشانەوەی ئێران، ڕیفۆرمخوازان لە دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل خوازیاری ئەوەن کە کۆماری ئیسلامیی سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا

دانوستان بکات و بە شێوەیەکی خۆویست و دڵخواز پیتاندنی یۆرانیۆم هەڵپسێرێت و ڕێگە بە چاودێرانی ئاژانسی نیونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بدات سەردانی بنکە ئەتۆمییەکان بکەن بۆ ئەوەی ڕێگری لە کاراکردنەوەی میکانیزمی پەلەپیتکە بکەن (٢٥).

ئەوەی باس کرا ڕوانگەی ڕیفۆرمخوازانی ئێرانە سەبارەت بە سەرەکیترین پرسەکانی تایبەت بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان. سەرباری ئەوەش، دەرکەوتووە ڕیفۆرمخوازی بە گشتی لە ئاستی نێوخۆ و بە تایبەت لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا ئایدیایەکی نەزۆک و شکستخواردووە و بەرەی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز نەیتوانیوە ئەم بیروبۆچوونانە کە بانگەشەیان بۆ دەکەن بە کردە جێبەجێ بکەن. لێکدانەوەی سادە و ساکار ئەوەیە کە کەسێک پێی وابێت هۆکاری ئەوە نەزۆکییە پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی ڕیفۆرمخوازانە لە لووتکەی دەسەڵات. بەڵام لەڕاستیدا، هۆکارەکان قووڵتر لەوەن و بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیی کە پێکهاتەیەکی ڕێفورم هەڵنەگرە و بەشیکی بۆ خودی ڕیفۆرمخوازان کە باسەکانیان زیاتر پڕۆپاگەندەیە و بە کردە نیگەرانییان پاراستنی کۆماری ئیسلامییە تا ئەوەی لە خەمی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیاندا بن. لە درێژەدا بە شێوەیەکی وردتر دەپرژێمە سەر ئەم بابەتە.

## هۆکارەکانی نەزۆکی ڕوانگەی ڕیفۆرمخوازانی ئێران لە سیاسەتی دەرەوەدا

ڕەنگە سەرەکیترین هۆکاری شکستی ڕیفۆرمخوازی ئەوە بێت کە ڕابەری کۆماری ئیسلامیی کە لە ئێستادا عەلی خامنەییە هەر وەک سیاسەتی نێوخۆیی لە شانۆی سیاسەتی دەرەوەشدا دەسەڵاتێکی بێ سنووری هەیە و بڕیارەکانی لە هەموو بوارێکدا و لەمەڕ هەموو پرسەکان یەکلاکەرەوەن. هیچ بەرنامە و پلانێکی تایبەت بە سیاسەتی دەرەوە نییە، کە بەبێ پرسکردن و پەسەندکردنی ڕابەری کۆماری ئیسلامیی جێبەجێ بکرێت. سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەر بنەمای ڕوانگە و جیهانبینی و بە گشتی ئایدۆلۆژیای ڕابەر دانراوە و ئەرکی سەرەکی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەو وڵاتە جێبەجێکردنی پرۆگرام و پلانەکانی ئەوە. ئەمە پرسێک نییە کە تەنیا پەیوەندی بە کەسایەتی خامنەییەوە بێت بەڵکو هەڵقوڵاوی ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامییە. چونکە ئەم دەسەڵاتە بێ سنوورانە تا ڕادەیەکیش پشتئەستوورن بە دەستووری وڵاتەکەوە.

دەستووری کۆماری ئیسلامیی بە شێوازێک داڕێژراوە کە دەسەڵاتێکی بەرفراوانی بە ڕابەر داوە. بە پێی دەستوور پێگە و جێگەی ڕابەر سەرتر لە هەموو تاک و دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئەو وڵاتەیە و هەر سیاسەتێک کە ئەو بە ڕەوای بزانێت تەنانەت ئەگەر لەگەڵ دەستووری وڵاتیش یەک نەگرێتەوە دەبێ بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە[٢٦]. پێدانی ئەم پێگەیە بە ڕابەر بە جۆرێک لە جۆرەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی شیعە کە بە پێی دەستوور، مەزهەبی ڕەسمی وڵاتی ئێرانە. لە ڕوانگەی شیعەکانەوە لە ئێستادا کە ئیمام مەهدی – ئیمامی دوازدەهەمی شیعەکان- غەیب بووە و نادیارە تا ئەو کاتەی کە دەردەکەوێتەوە هەموو دەسەڵات و بەرپرسیارییەکانی دەکەوێتەوە ئەستۆی «ولایەتی فەقیه» و سەرپەرشتی هەموو موسڵمانان و بەتایبەتی شیعەکان دەکات. هەر لەو ڕوانگەوە هەموو پێکهاتە و سیستەمی ئێران ڕەوایی و شەرعییەتی خۆی لە ولایەتی فەقیهـ وەردەگرێت کە هاوکات ڕابەری وڵاتەکەشە. لەم بارەوە پێویستە ئاماژە بکرێت کە زۆرینەی ئەو دەسەڵاتانەی کە دراون بە ڕابەری ئێران لە بەندی ١١٠ی دەستووری ئێراندا پۆلێنبەندی کراون کە زۆربەیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سیاسەتی دەرەوە هەیە، لەوانە: دەستنیشانکردنی سیاسەتی گشتی و هەمەلایەنەی حکومەت، چارەسەری کێشەکانی نێوان پەرلەمان و حکومەت و دەزگای داد دەربارەی چۆنێتی ڕاڤەکردنی دەستوور و ڕووداوە نیوخۆیی و دەرەکییەکان، فەرماندەیی هەموو هێزە چەکدارەکان، فەرمانی ڕاگەیاندنی شەڕ یان ئاشتی بەرامبەر وڵاتانی دیکە، چارەسەرکردنی زۆربەی کێشە و قەیرانەکانی ئێران –وەک قەیرانی ئەتۆمی-، ڕەواییدان بە سەرۆک کۆمار بۆ دەستبەکاربوون و بەپێچەوانەوە دوورخستنەوەی سەرۆک کۆمار لە دەسەڵات و هەروەها بڕیاردان سەبارەت بە ئەنجامدانی گشتپرسی لە کاتی پێویستدا و بۆ بابەتە گرینگەکان. ئەمانە هەر هەموویان دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ڕابەری ئێران[٢٧]. ئەم دەسەڵاتە فراوانە خۆی لە خۆیدا ڕوونکەرەوەی پێگە و ڕۆڵ یەکلاکەرەوەی ڕابەری ئێرانە لە پرۆسەی دەستنیشانکردنی سیاسەتی دەرەوەدا. کورت و پوخت، ڕابەر یەکەمین و سەرەکیترین بەرپرس و بڕیاردەری سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە.

ڕێبەر دەمێکە بۆ هەموو لایەنێک ڕوونی کردووەتەوە کە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی هەمان ئەو هێڵانەن کە ئایەتوڵڵا خومەینی

دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ دایڕشتوون.[٢٨] ئەو دەڵێت بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەمان لە بنەما ئایینییەکانمان جودانین. بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەمان هەتاهەتایین و هیچ جیاوازی و گۆڕانکارییەک لە بنەما و ئامانجە گشتیی و ستراتیژییەکانی سیاسەتی دەرەوەماندا بوونی نییە. ئێستاش هەمان ئەو ئامانجانەمان هەیە کە لە سەرەتای شۆڕشدا هەمانبوون و لە سیاسەتی دەرەوەدا هەوڵی دابینکردنی ئەو ئامانجانە دەدەین[٢٩]. ئەو پێی وایە شۆڕشی ئیسلامیی خۆی گەورەترین ڕێفورمە و وەک دەڵێت ڕێفورم لە ناخ و ناوەڕۆک و ناسنامەی شۆڕشی ئیسلامیدایە[٣٠]. ئەو هەر لە سەردەمی سەرۆک کۆماری خاتەمیدا کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە دەنگی خەڵکی چاوەڕوانی ڕێفورم دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتبوو، لە کۆڕی خوێندکارانی زانکۆی پیشەسازی ئەمیرکەبیری تاران وتی: «ئەمڕۆ، یەکێک لە چەمکە باوەکان، چەمکی ڕێفۆرمخوازییە... من لەو بڕوایەدام کە ڕیفۆرمخوازی سرووشت و گەوهەری شۆڕشی ئیسلامییە. بنەمای شۆڕشە. واتە، هەنگاوی گەورەی ئەم شۆڕشەمانە بەرەو پێشەوە و هەرگیز ڕاناوەستێت و بەردەوام بەرەو پێشەوە دەڕوات. ئەم پێشکەوتنە هەمان ڕیفۆرمخوازییە. بێگومان ئەگەر ئەمریکییەکان بیانەوێت وانەی ڕیفۆرمخوازیمان پێ بڵێنەوە لێیان وەر ناگرین، چونکە ئەوەی ئەوان بە ڕیفۆرمخوازی دادەنێن پاشڤەڕۆیی و دواکەوتووییە[٣١].

خامنەیی نیگەرانە لەوەی ڕیفۆرمخوازی دەستی دەرەکی لە پشتەوە بێت و لەو بارەوە لە سەردەمی خاتەمی لە دیدار لەگەڵ ئەندامانی لێژنەی نوێژی هەینی لە ڕێکەوتی ٢٧ی تەمووزی ٢٠٠٢، وێڕای ئەوەی ئاماژە بەو خاڵە دەکات کە ڕیفۆرمخوازی ئەمریکا وەک گەندەڵی وایە دەڵێت: «وەک دەبینن ئەمرۆ لە پڕۆپاگەندەی ئەمریکییەکاندا و لە لێدوانەکانیاندا -نەک هەر لە میدیاکانیاندا، بەڵکو لە لێدوانی سەرۆک و نوێنەران و باقی بەرپرسانیاندا- باس لە ڕیفۆرمخوازی لە ئێراندا دەکرێت. ڕیفۆرمخوازی دەستەواژەیەکی جوانە. بەڵام ئەو ڕێفورمەی ئەمریکییەکان دەیانەوێت لە ئێراندا ئەنجامی بدەن، ڕێک وەک گەندەڵی وایە. ئەوان دەیانەوێت کۆماری ئیسلامیی لەنێو ببەن کە دەرکەوتەی بڕوای گەل و سەروەریخوازی ئەوانە. ڕیفۆرمخوازی لە ڕوانگەی ئەمریکییەکانەوە واتە لەنێوبردنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی... لە ڕوانگەی ئەمریکییەکانەوە ڕیفۆرمخوازان ئەو کەسانەن کە بێنە سەر شەقامەکانی تاران و شووشەی دووکانەنان بشکێنن یان ئاگر لە ترۆمبێلەکان بەر بدەن. هەر کەس

لە هەر گۆشەیەکی ئێراندا دژی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی ئێران و شۆڕشی ئیسلامی و ئیمام قسەیەکی کرد، لە ڕوانگەی ئەمریکییەکانەوە ڕیفۆرمخوازە!».[٣٢] ئەو نیگەرانە لەوەش کە ڕیفۆرمخوازی لە ئێراندا ببێتە هۆی داڕمانی دەسەڵاتەکەی بەو شیوازەی کە لە سەردەمی گۆرباتشۆڤ لە یەکێتی سۆڤیەتدا بوو. هەر بۆیە دەڵیت: «پێویستە پێناسەیەکی ڕوون لە ڕیفۆرمخوازی بکرێت بۆ ئەوەی بزانین لە کۆتاییدا بە کوێ دەگەین... ئەگەر پێناسەیەکی ڕوون لە ڕیفۆرمخوازی نەکرێت، مودێلە دەرەکییەکان بەسەرماندا دەسەپێن، هەمان ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتدا ڕووی دا، چونکە خۆشیان نەیاندەزانی چی دەکەن، هەر بۆیە لاسایی هەندێک مۆدێل و پارادایمی ڕۆژاواییان کردەوە و پەنایان بۆ بردن....»[٣٣] بەم جۆرە بیرکردنەوە، خامنەیی لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا هەوڵی داوە سیاسەتی دەرەوە بەو جۆرە بێت کە دڵخوازی خۆیەتی.

بۆ نموونە، سەبارەت بە سیاسەتی سڕینەوەی گرژییەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا کە ڕیفۆرمخوازان بە شێوەیەکی بەرچاو پێداگری لەسەر دەکەن، خامنەیی دەڵێت: «سڕینەوەی ناکۆکییەکان یەکێکە لە سیاسەتە ڕاگەیەندراوەکانی کۆماری ئیسلامیی بەڵام نەک لەگەڵ ڕژێمی زایۆنیستی، کە هەر لە بنەڕەتدا دان بە بوونیدا نانێین... پرسی ئەمریکاش پرسی سڕینەوەی کێشە و ناکۆکییەکان نییە... چونکە سیاسەتی لووتبەرزانەی ئەمریکا لەسەر بنەمای کێشە و تەنگوچەڵەمە دروسکردن بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و دژایەتیکردنی پێشکەوتنی ئابووری وڵاتەکەمانە».[٣٤]

سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، خامنەیی هەتاوەکو ئێستاش پێی وایە ئامانجی واشنتۆن گۆڕینی ڕژێم بووە لە ئێراندا و ئەوەش بیانوویەک بووە بۆ ئەوەی ڕێگە بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان نەدات. بێگومان ئەو کاتانەش کە لەژێر فشاری سزا و گەمارۆکانی ئەمریکا بە تایبەت سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی ناچار بە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو وڵاتە لەژێر ناوی ‹نەرمینواندنی قارەمانانە» بووە، مەبەستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتە نەبووە، بەڵکو ئامانج کەمکردنەوەی گوشارەکان لە قۆناغێکی تایبەتدا بووە.[٣٥] خامنەیی هەر پێش سەرهەڵدانی قەیرانی دۆسیەی ئەتۆمی و لە خولی یەکەمی سەرۆک کۆماری خاتەمیدا، وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر قسەکانی خاتەمی کە ئەمریکای بە شارستانییەتی مەزن وەسف کردبوو و باسی ئەگەری دانوستان لەگەڵ ئەو وڵاتە کردبوو، وتی دانوستان و پەیوەندی

لەگەڵ ئەمریکا بۆ ئێران بێ سوودە. ئامانجی ئەمریکا ئەوەیە هەر شتێک دەبێتە هۆی یەکاناگیری گەلی ئێران بیکاتە دەستمایەی دووبەرەکی. وتیشی هەر کات بەرپرسانی ئەمریکا سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ ئێران دەدوێن ئەوا مەبەستیان دروسکردنی نائەمنی، دووبەرەکی و دوودڵی و ڕاڕاییە. جەختیشی کردەوە کە دوژمنایەتی ئەمریکا بە دانوستان کۆتایی نایەت. ئەمریکا بە شوێن بەرژوەندییەکانی خۆیەتی لە ئێراندا. تێچووی ئەوەی کە مرۆڤ سەربەرزانە بەرامبەر ئەمریکا ڕاوەستێت، زۆر لەوە کەمترە کە بەرامبەر ناهەقییەکانی ئەمریکا چۆک دابدات(٣٦). هەروەها لە کۆتا ساڵی سەدەی ڕابردوودا لە کۆبوونەوەی بەشێک لە خوێندکاران لە ساڵیادی گرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکادا دەڵێت: «لەم دواییانەدا خودی ئەمریکییەکان.. لە پێشەوە و هەندێک قەڵەم فرۆشی سووک و ڕیسوا و ڕەنگە کەسانێک فریوخواردوو و نەزان لە نێوخۆی وڵاتدا وا بیر دەکەنەوە ئەگەر ئەمریکا پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتێک وەک ئێران ئاسایی بکاتەوە، بەخێرایی هەموو کێشە ئابورییەکانی نەتەوەی ئێران چارەسەر دەبن! ئەگەر کەسێک وا بیر بکاتەوە، تووشی هەڵەیەکی زۆر گەورە بووە.»(٣٧) خامنەیی وتیشی: «ئەوانەی باس لە دانوستان لەگەڵ ئەمریکا دەکەن یان ئەلفوبێی سیاسەت نازانن یاخود هیچ غیرەت و پیاوەتییان نییە، بەدەر لەمە نییە. لەکاتێکدا دوژمن نێوچاوان تاڵ دەکات و بێ ڕێزی دەکات و پشتڕاستیشی دەکاتەوە کە دەیەوێت دژی ئەم دەسەڵاتە و ئەم وڵاتە و بەرژوەندییەکانی کار بکات، هەندێک کەس لێرەدا بە شێوەیەکی سووک و زەبوونانە دەڵێن چ بکەین و چ نەکەین؟ نزیکیان کەوینەوە؟ گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین؟ تکایان لێبکەین؟ ئەمە بێ ڕێزییە بە شکۆی گەلی ئێران و نیشانەی ناپیاوی و نەبوونی غیرەتە. بەمە ناوترێت سیاسەتوانی... ئەمەی ئێوە دەیکەن دژی تێگەیشتنی سیاسییە»(٣٨). بێگومان من لێرەدا بە مەبەست ئاماژەم داوە بۆ لێدوانەکانی خامنەیی لە ساڵانی پێشوو و تەنانەت پێش دەسەڵاتگرتنی ڕیفۆرمخوازان و سەرهەڵدانی دۆسیەی ئەتۆمی. مەبەست ئەوەیە جۆری بیرکردنەوەی خامنەیی سەبارەت بە ئەمریکا لە ماوەی هەموو ئەو ساڵانەدا هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. لە مێژوویەکی نزیکتردا، واتە لە سەردەمی ڕۆحانیدا کە هەوڵ دەدرا گرژییەکان لەگەڵ ئەمریکا کەمتر ببنەوە و بگەنە ڕێکەوتنێکی ئەتۆمی، خامنەیی دەیگوت: « ئێمە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دەوڵەتێک دەزانین کە متمانەی پێ ناکرێت. دەوڵەتێکی

خۆبەزلزان و نالۆژیکی و پەیمانشکێن، دەوڵەتێک کە بەتەواوەتی کەوتووەتە ژێر ڕکێفی تۆڕی زایۆنیستی نێونەتەوەیی».[٣٩] هەر لەم دوایانەدا و لە ڕاگەیەندراوی ژمارە ٣ لە کۆتایی هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر ئێران، وێرای ئەوەی کە ئاماژەی بە شکستی ئیسرائیل و ئەمریکا کرد، ڕایگەیاند ئێران تا ئێستا چۆکی بۆ ئەمریکا دانەداوە و لەمە بەدواش چۆک نادات.[٤٠] دواتریش وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر نەخشەڕێگەکەی بەرەی ڕیفۆرمخوازان وتی: کێشەی نێوان ئێران و ئەمریکا قووڵە و چارەسەر ناکرێت. ئەوانەی خوازیاری دانوستانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکان تەنیا ڕووکەش و ڕەواڵەتی بابەتەکە دەبینن. وتیشی دۆناڵد ترەمپ تەنیا ئەوەی دەوێت کە ئێران گوێڕایەڵی ئەمریکا بێت[٤١]. خامنەیی چەندە دژایەتی نزیکبونەوە لە ئەمریکا دەکات، هێندە لایەنگری نزیکبونەوە لە بەرەی دژە ئەمریکا واتە ڕووسیا و کۆماری چین و کۆریای باکوورە. ئەمە لە دەرەوەی ئەم باسەیە و زیاتر ناپرژێمە سەری.

هەروەها سەبارەت بە پرسی فەلەستین و حیزبوڵلا، خامنەیی لانیکەم بە سیاسەتی ڕاگەیەندراو تا ئێستا نەرمی نەنواندووە. پێی وایە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی بریتییە لە پشتیوانی لەو گرووپ و ڕێکخراوانە تا ئەو کاتەی ئیسرائیل لەنێو دەچێت. ئەو دەڵێت پرسی فەلەستین پرسێکی ئایینییە و پاڵپشتی کۆماری ئیسلامیی تەنیا بابەتێکی سیاسی نییە. وەک خۆی دەڵێت:»ئێمە بەرگری لە موسڵمانان و بەرگری لە نەتەوە چەوساوەکان بە بشێک لە بنەما سیاسییەکانی خۆمان دادەنەین و دەستی لێ هەڵناگرین. ئەمریکا چەندە لە زایۆنیزم بەرگری بکات ئێمە زیاتر بەرگری لە فەلەستین دەکەین...».[٤٢] ئەو بەرگریکردن لە حیزبوڵلاش بە واجبی ئایینی دادەنێت.

ئەو دەربارەی دۆسیەی ئەتۆمی، پێی وایە کە پیتاندنی ئۆرانیۆم و بەردەوامبوون لە چالاکییە ئەتۆمییەکان مافی کۆماری ئیسلامییە و هێڵی سوورە. پێێ وایە پاشەکشێکردن لە دۆسیەی ئەتۆمی بە واتای هەموارکردن و تەختوڕاستکردنی ڕێگە بۆ فرەخوازی زیاتری ئەمریکا و ڕۆژاوا دێت تا ئەو کاتەی بە تەواوەتی کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی بهێنن. دەڵیت چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران بە مەبەستی بەکارهێنانی ئاشتیخوازانەن بەڵام ئەمریکا و ئیسرائیل لە ڕێگەی میدیا و پڕۆپاگەندەوە دۆسیەکەیان بەئەمنییەتی کردووە. بۆیە وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا، خامنەیی تا ئەو کاتانەی کە بە تەواوەتی نەکەوتووتە ژێر فشاری سزا و گەمارۆ هەمەلایەنەکان نە بە

سەرۆکە بناژۆخوازەکان و نە بە سەرۆکە ڕیفۆرمخوازەکان مۆڵەتی دانوستانی نەداوە. ئەو کاتەش خۆی بە پێویستی زانیبێت کۆتایی بە دانوستانەکان هێناوە یاخود بە کردە هەڵپێساردوون. هەم لە سەردەمی خاتەمی و هەم لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی ڕۆحانیدا ئەمە ڕووی دا. لە سەردەمی ڕۆحانیدا کە ئێران و ئەمریکا لە ڕێکەوتن نزیک ببوونەوە و بە وتەی ڕیفۆرمخوازان تەنیا ئەوە مابوو واژۆ لەسەر دەقی ڕێکەوتنەکە بکرێت، خامنەیی مۆڵەتی نەدا و دوای دەسەڵاتگرتنی ڕەئیسی بە تەواوەتی باسی ئەو ڕێکەوتنە وەلا نرا[٤٣]. هەر ئەو سووربوونەوەی خامنەیی بووە هۆکار لە کۆتاییدا ئیسرائیل و ئەمریکا لە هێرشێکی برووسکەئاسادا بنکە و دامەزراوە ئەتۆمییە سەرەکییەکانی ئێران بوردۆمان بکەن. ئەستەمە وڵاتێک لەسەر بنەمای دیموکراسی ئیدارە بکرێت و بەو ئاسانییە بکرێتە ئامانجی ئەکتەرە دەرەکییەکان.

ئەم خەسڵەتەی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی کە تێیدا دەسەڵاتێکی زۆر و بەرفراوان بە ڕابەر دراوە، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە هەڵگری ڕێفورم نییە و ئەستەمە کۆماری ئیسلامیی لانیکەم بە بێ گۆڕینی ئەم دەستوورەی ئێستای گۆڕانکاری قووڵ بە خۆیەوە ببینێت. سەبارەت بە سیاسەتی دەرەکی ڕێفورم دژوارترە، چونکە لەم ساڵانەی دواییدا خامنەیی بە ئاشکرا تەنانەت وەزارەتی دەرەوەی لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەکیدا پەراوێز خستووە. لە هێرشی مووشەکی سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ی سوپای پاسداران بۆ سەر بنکەی سەربازی عەین ئەسەدی ئەمریکا لە عێراق، تەنانەت حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆمار و محەمەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوە لەو هێرشە ئاگادار نەکرانەوە. دوای ئەوەی ڕۆحانی ئەوەی ئاشکرا کرد، ڕۆژنامەی کەیهان نزیک لە خامنەییە لە وتارێکدا نووسی کە بڕیاری ئەو هێرشە لە کۆبوونەوەی بەرپرسانی باڵای سەربازی دراوە و کەمتر لە ١٠ کەس لە بەرپرسانی هێزە سەربازییەکانیش پێشوەختە ئاگاداری ئەو هێرشە بوون، هۆکارەکەش ئەوە بوو کە پێویست بوو ئەو بڕیارە تا ئەنجامدانی هێرشەکە بە نهێنی بمێنێتەوە[٤٤]! لە کۆتاییەکانی نیسانی ساڵی ٢٠٢١، فایلێکی دەنگی زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران بڵاوبووەوە کە تێیدا باسی لە ڕۆڵی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی پێشووی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران دەکرد، گوایە بە هاوکاری ڕووسیا ویستوویەتی ڕێگە لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ ئەمریکا بگرێت. هەروەها باسی لەوەش کردبوو کە ڕووسیا ویستوویەتی ئێران بچێتە نێو شەڕی سووریاوە و قاسم

سولەیمانی جێبەجێکاری خواستی ڕووسیا بووە. کۆی قسەکانی زەریف ئەوە بوو کە سوپای قودس و قاسم سولەیمانی زیاتر لە وەزارەتی دەرەوە گرنگییان پێ دەدرێت و بە کردە ئەوانن کە سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچە جێبەجێ دەکەن. خامنەیی وەک کاردانەوە بەرامبەر قسەکانی زەریف وتی هەندێک بابەت لەم دواییانەدا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای دوژمنان بڵاو کرانەوە کە دووپاتکردنەوەی قسە و بانگەشەکانی دوژمنان بوون. ئەو گوتی سوپای قودس لە دەرەوەی سنوورەکان سیاسەتی شکۆمەندانەی کۆماری ئیسلامیی جێبەجێ دەکات و یارمەتیدەرە بۆ دیپلۆماسییەکی چالاکانە. هەروەها وتی وەزارەتی دەرەوە جێبەجێکاری سیاسەتی دەرەکییە نەک داڕێژەر. خامنەیی بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەو وڵاتە دادەڕێژرێت[٤٥]. لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئیبراهیم ڕەئیسی (٢٠٢١-٢٠٢٤) هەتاوەکو ئێستا کە مەسعود پزیشکیانی نزیک لە بەرەی ڕیفۆرمخوازان سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتەیە ڕۆڵ و کاریگەری وەزارەتی دەرەوە کەمتریش بووەتەوە و ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی و سوپای پاسداران سیاسەتی دەرەوەی ئێران دادەڕێژن و وەزارەتی دەرەوە پەراوێز خراوە.

هۆکاری دیکەی نەزۆکی ڕوانگەی ڕیفۆرمخوازی لە ئێران خودی ڕیفۆرمخوازانن. ڕاستە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕیفۆرمخوازی لە سەردەمی سەرۆکایەتی خاتەمی خەڵک بەو هیوایەی بینەری قەڵافەتێکی نوێ لە سیاسەت بن، پێشوازییان لێ کردن و دەنگیان پێدان، بەڵام بێ توانایی ڕیفۆرمخوازان لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان و لە ساڵانی دواتریشدا هەڵوێستی لاوازی ڕیفۆرمخوازان بەرامبەر دەسەڵات لە کاتی سەرکوت و کوشتاری هاوڵاتیانی ئێرانی و بەپێچەوانەوە بەرگریکردنی دەستەیەک لە ڕیفۆرمخوازان لە دەسەڵات، گەلی ئێران و بە تایبەت پێکهاتە نەتەوەییەکانی بەو قەناعەتە گەیاند کە ڕیفۆرمخوازان بەشێکن لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی و خەمی ئەوان داڕووخانی دەسەڵات و ئامانج و کەڵکەڵەیان مسۆگەرکردنی مانەوەی ئەو دەسەڵاتەیە و تەنانەت بڕوایان بەو تیۆری و چەمکانەش نییە کە خۆیان باسیان دەکەن[٤٦]. بە کردەش لە ئاستی نێوخۆدا لە سەردەمی ڕیفۆرمخوازاندا گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە دۆخی ژیانی هاووڵاتیان و بە تایبەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان کە سەرەتا بە شێوەی بەرچاو پاڵپشتی ڕیفۆرمخوازانیان کرد ڕووی نەداوە. بگرە ڕیفۆرمخوازان لەم

ساڵانەی دواییدا دژی هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی بەرچاو بوون لە ئێراندا بەو بیانووەی کە ئەو گۆڕانکارییە لەم ساتەوەختەدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە تەقینەوەدایە، دەتوانن وڵاتەکەیان تووشی چارەنووسی سووریا و عێراق و لیبیا بکات.

دەزانین کە لە جیهانی ئێستادا بە پێچەوانەی سەدەکانی ڕابردوو، ئەستەمە سیاسەتی دەرەکی و نێوخۆیی لێک جودا بکرێنەوە. لەڕاستیدا ئەمە نوکتە و جەفەنگی سیاسییە کە ڕیفۆرمخوازان کە خۆیان بەشێکی سەرەکین لەو ستەمە نەتەوەیی و نادادپەروەرییەی لە نێوخۆدا بەرامبەر پێکهاتە نەتەوەییەکان دەکرێت و بە گشتی زۆر کات ڕێگرن لە گۆڕانکاری بنچینەیی سیاسی لە نێوخۆ لە بەرژەوەندی هاووڵاتیان، لە دەرەوەی سنوورەکان باس لە پێویستی گفتوگۆی شارستانییەتەکان و بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی نێونەتەوەیی و جێگیرکردنی ئاشتی و سەقامگیری و لایەنگری لە نەتەوە چەوساوەکان و مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکەن. ئەوان تەنانەت لە ڕاگەیەندراوەکەی دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیلدا کە کاردانەوەی توندی بناژۆخوازانی لێ کەوتەوە، هیچ باسیان لە گۆڕینی دەستوور یان گشتپرسی نەکردووە و هیچ ئاماژەیەکیش بە وەلانان یاخود گۆڕینی ڕێبەر نەکراوە، بۆیە وا دەردەکەوێت ئەم ڕاگەیەندراوەش زیاتر لە ئاڕاستەی پاراستنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدایە.(٤٧) کۆی ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی ڕیفۆرمخوازان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا وەک کەسانی دووڕوو سەیر بکرێن کە گوتار و کرداریان یەک ناگرێتەوە. بێ هۆ نییە ڕاگەیەندراوەکەشیان لە نێو هاووڵاتیاندا پێشوازی لێ نەکرا. لەڕاستیدا هاووڵاتیانی ئێران هیوایەکیان بە کۆی دەسەڵات بۆ چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانە هەمەلایەنەکان نەماوە، هەر بۆیە کۆتایی چیرۆکی دوانەی ساختەی بناژۆخوازی و ڕیفۆرمخوازی بووەتە درووشمی سەرەکی هەموو خۆپیشاندانەکانی ئەم ساڵانەی دوایی. بە حەقیقەت، بەرەیەک کە هەم لە دەسەڵات پەراوێز خرابێت و هەم پاڵپشتی زۆرینەی خەڵکی لەگەڵ نەبێت، ئەستەمە بەدیهێنەری گۆرانکاری بنچینەیی لە سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوە بێت. کۆماری ئیسلامیی وەک چۆن لە ئاستی نێوخۆیی و لەژێر گوشاری نارەزایەتییەکان برێک جار بەناچارەکی دان بە هەندێ گۆڕانکاریدا دەنێت، دەکرێت لەژێر گوشاری سزا و گەمارۆ دەرەکییەکانیشدا هەندێک جار لە سیاسەتی دەرەکیدا نەرمی بنوێنێت. لۆژیکی ئەم گۆڕانکاریانە هەوڵدانە بۆ درێژەکردنەوەی تەمەن و گەرەنتیکردنی مانەوەی کۆماری ئیسلامیی نەک ڕێفورمی بنچینەیی.

# ئەنجام

بەرەی ڕیفۆرمخوازانی ئێران لانیکەم لە سی ساڵی ڕابردوودا هەوڵیان داوە وا دەربکەون کە دەتوانن بە پشتبەستن بە وێژمانێکی جیاواز گۆرانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیاندا پێک بهێنن. لە سەردەمی خاتەمی و حەسەن ڕۆحانی و مەسعود پزیشکیان سەرۆک کۆماری ئێستای ئێران کە مەیلی ڕیفۆرمخوازنەی هەیە باسیان لە هەندێ بنەمای سیاسەتی دەرەوە وەک سڕینەوەی گرژی و ناکۆکییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و هەروەها لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا، پێویستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا، پابەندی زیاتر بە مافەکانی مرۆڤ و هتد کردووە، بەڵام بە کردە ئەم وێژمانە نەتوانیوە لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا ڕەنگ بداتەوە. لە لایەکەوە ناوەڕۆکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی و بە تایبەت پێگە و جێگەی ڕابەر و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە بڕیارە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا و شێوازی دەسەڵاتی ڕەها وای کردووە کە کۆماری ئیسلامیی هیچ جۆرە ڕێفۆرمێکی ڕاستەقینە هەڵنەگرێت. لە لایەکی دیکەوە، جگە لەوەی کە خودی ڕیفۆرمخوازانیش زۆر کات سەلماندوویانە کە بۆ ئەوان مانەوەی کۆماری ئیسلامیی لە هەر شتێکی دیکە لای ئەوان گرینگترە و باسی دیموکراسی و کرانەوە و ئازادی لە نێوخۆ و سڕینەوەی گرژییەکان لە دەرەوە و ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و جیهان و بوون بە ئەکتەرێکی ئاسایی تا کاتێک لایان گرینە کە نەبنە هۆی گوڕینی ڕژێم. لەڕاستیدا لە دەرەوەی تیۆرییەکان و لێدوان و وتارەکان، بە کردە گۆرانکارییەکانی سەردەمی ڕیفۆرمخوازانیش وەک تاکتیکێکی دەسەڵات و نەرمینواندنێکی سنووردار خۆیان نواندووە. مەبەست دەربازبوون بووە لە قەیرانەکانی قۆناغگەلێکی تایبەت. بۆیە لە لایەن خەڵکەوە دوانەی بناژۆخواز و ڕیفۆرمخواز فێڵی دەسەڵاتە. بەم وەسفە دوور و ئەستەمە کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لانیکەم تا ئەو کاتەی خامنەیی لە دەسەڵاتدایە و دەستووری ئەو وڵاتەش نەگۆڕدراوە، ئاڵوگۆڕی بەرچاوی ڕیفۆرمخوازانەی بەسەردا بێت. ئەمە بەو واتایە نییە کە چاوەڕوانی گۆرانکاری چارەلێبڕاو نەبین!

# پەراوێز و سەرچاوەکان

١. لە ماوەی ٢٨ ساڵی ڕابردوودا سێ سەرۆک کۆماری نزیک لە بەرەی ڕیفۆرمخوازان و دوو سەرۆک کۆماری نزیک لە بناژۆخوازان دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە. سەید محەمەد خاتەمی، حەسەن ڕۆحانی و لە ئێستادا مەسعود پزیشکیانی سەر بە بەرەی ڕیفۆرمخوازان سەرجەم ١٧ ساڵ و مەحمود ئەحمەدی نژاد و ئیبراهیم ڕەئیسی بناژۆخواز سەرجەم ١١ ساڵ. وێرای ئەوەی کە ڕۆحانی و پزیشکیان خۆیان وەک کەسانی میانەڕۆ ناساندووە بەڵام بە یارمەتی ڕیفۆرمخوازان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە و زیاتر وەک سەرۆک کۆماری بەرەی ڕیفۆرمخوازان دەناسرێنەوە. سەرباری ئەوەش، لانیکەم لە ١٦ ساڵی ڕابردوودا هەموو جارێک بناژۆخوازان لە مەجلسی شۆرای ئیسلامیدا زۆرینە بوون. هەموو هێزە چەکدارەکان لە کۆنترۆڵی ئەواندان و تەنانەت دەزگای داد و هێزەکانی ئاسایش جێبەجێکەری ڕوانگە و فەرمانەکانی بناژۆخوازانن.

٢. ڕاگەیەندراوی بەرەی ڕیفۆرمخوازانی ئێران کە لە چەندین جێگای ئەم وتارەدا ئاماژەی پێ دەکرێت، لەژێر ناوی «ئاشتی نیشتمانی: دەرفەتێکی زێڕین بۆ گۆڕانکاری و گەڕانەوە بۆ گەل» ١١ بەند لەخۆ دەگرێت و وەک خۆیان وتوویانە نەخشەڕێگایەکی پێویستە بۆ دەربازبوون لە قەیرانە دەرەکی و نێوخۆییەکان. ئەم ڕاگەیەندراوە وەک پێداویستییەکانی ئاستی نێوخۆیی ئاماژە بەو خاڵانە دەکات: دەرکردنی لێبوردنی گشتی، ئازادکردنی هەموو زیندانییە سیاسییەکان، گرینگیدان بە گەشەی وڵات و خۆشبژێوی هاوڵاتیان و کۆتاییهێنان بە ململانێی ئایدۆلۆژیک، کۆتاییهێنان بە سەرکوتی ڕەخنەگران و جودابیران، هەڵوەشاندنەوەی ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوانەی کە لە سەرەوە و لە دەرەوەی یاسا بڕیار دەدەن، کۆتاییهێنان بە پرژوبڵاوی لە ڕەوتی بڕیاردان، گەڕانەوەی هێزە سەربازییەکان بۆ بنکە سەربازییەکان و کۆتاییهێنان بە دەستێوەردانیان لە کاروباری سیاسی و ئابووری و کلتووری، پێداچوونەوە بە ڕێوشوێنەکان و شێوازی دابینکردنی ئاسایشی نێوخۆیی، مسۆگەرکردنی ئازادی میدیا و چاپەمەنی و کۆتاییهێنان بە سانسۆر، گۆڕینی یاساکانی دژ بە مافی ژنان و هەروەها پێدانی دەرفەتی یەکسانی ئابووری بە هەموو هاووڵاتیان و دابینکردنی بەستێن بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی نێوخۆیی و دەرەکی. سەبارەت بە سیاسەتی دەرەکیش ئاماژە بە هەندێک گۆڕانکاری پێویست دەکەن، لەوانە: پێویستی کەڵکوەرگرتن لە هەموو تواناکان لە بواری دیپلۆماسی فەرمی و دیپلۆماسی گشتی بە مەبەستی ڕێگریکردن لە کاراکردنەوەی میکانیزمی پەلەپیتکە Snapback Mech- anism لە لایەن وڵاتانی ڕۆژاواوە، هەڵپساردنی دڵخوازانەی پیتاندنی یۆرانیۆم، ڕێگەدان بە چاوەدێرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بۆ چاوەدێریکردنی بنکە و دامەزراوە ئەتۆمییەکان و لە کۆتاییدا دەستپێکردنی دانوستانی هەمەلایەنە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ

ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا. لـە کۆتاییـدا ئامـاژە بـەوە کـراوە کـە ئەگـەر دەسـەڵات ئامادەی ئـەو گۆڕانکاریانـە نەبێـت ئـەوا وردەوردە بـەرەو داڕووخـان دەچێـت. بڕوانـە دەقـی ڕاگەیەندراوەکـە لـەو لینکـەی خـوارەوەدا:

https://www.iran-emrooz.net/index.php/news1/more/122699/

٣. بڕوانە ئەو سەرچاوانە:

- ابولافضـل صدقـی. ١٣٩٢. **سیاسـت خارجـی دولـت خاتمـی**، تهـران: مرکـز اسـناد انـقلاب اسلامـی، چـاپ اول، بهـار، ص ٢٩

-علیرضـا ازغنـدی. ١٣٨٦. **سیاسـت خارجـی جمهـوری اسلامـی ایـران**، تهـران: نشر قومـس، چـاپ چهـارم ، ص ٣٠.

٤. مسـعود لعلـی. ١٣٧٨. **خاتمـی از چـه میگویـد؟**. تهـران: انتشـارات آزادی اندیشـه، چـاپ دوم، ص ١.

٥.جـواد سـوری.١٣٨٤. «از تنـش زدایـی تـا تعامـل سـازنده و موثـر: بازتـاب جهانـی شـدن در سیاسـت خارجـی خاتمـی»، **فصلنامـه راهبرد**، شماره سـی و ششـم، تابسـتان، ص ١٨٧.

٦ - لەم بارەوە بڕوانە ئەو سەرچاوانەی خوارەوە:

-ابوالفضل صدقی، هەمان، ل ٣٠.

-فرهـاد درویشـی و محمـد فـردی تازەکنـد.١٣٨٨ . «مفهـوم منافـع ملـی در سیاسـت خارجـی جمهـوری اسلامـی ایـران، مطالعـه مـوردی: دولـت خاتمـی ٨٤ – ١٣٧٦»، **فصلنامـه ژئوپلتیـک**، سـال چهـارم، شماره سـوم، پاییـز و زمسـتان، ص ١٢٥.

- جواد سوری. هەمان، ل ١٨٦.

٧ جواد سوری. هەمان. ل ١.

٨. بـۆ نموونـە بڕوانـە: کامـران طارمـی و ایـرج مـرادی. ١٣٩٣. «بررسـی سیاسـت خارجـی جمهـوری اسلامـی ایـران بـا اتحادیـه اروپـا در سـە دهـه گذشـته»، **پژوهشـنامه ڕوابـط بیـن الملـل**، دوره 7 ، شماره 28 ، زمسـتان، ص 149

٩ -بەرپرسـانی کۆمـاری ئیسلامیـی هـەر دوای دەسـەڵاترتنیان لـە سـاڵی ١٩٧٩ لـە لایەکـەوە کەوتنـە دژایەتـی ڕۆژاوا و لـە لایەکـی دیکـەوە دەسـتیان کـرد بـە کوشـتاری نێوخۆیـی و تیرۆری نەیـاران لـە دەرەوە و زۆرێـک لـە ڕابەرانـی ئۆپۆزیسـیونیان لـە وڵاتانـی ئەورووپـا تیـرۆر کـرد لـە نێویانـدا دوو سـکرتێری حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران واتـە دکتـور قاسـملو و دکتـور شـەرەفکەندی. ئەمانـە و دەسـتێوەردانی ئێـران لـە وڵاتانـی ناوچـە و ڕێکخسـتنی گروپـە تیرۆریسـتییەکان وایـان کـرد پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ زۆرێـک لـە وڵاتانـی هەرێمـی و جیهانـی و بـە تایبـەت وڵاتانـی ڕۆژاوا تێـک بچێـت.

١٠ جلال دهقانـی فیـروز آبـادی. ١٣٨٨. **سیاسـت خارجـی جمهـوری اسلامـی ایـران**، تهـران: انتشـارات سـمت، چـاپ اول، بهـار، ص ٤٥٥.

١١ . **ڕوزنامه فرهیختگان**. ٢٤/٠٦/١٤٠٤. " دیدار ولیعهد عربستان با مسعود پزشکیان"،

https://farhikhtegandaily.com/amp/214032/

١٢ - بڕوانە دەقی ڕاگەیەندراوەکە لەو لینکەی خوارەوەدا:

https://www.iran-emrooz.net/index.php/news1/more/122699/

هەروەها بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: **اینترنشنال**. ٢٧ مرداد ١٤٠٤. "جبهە اصلاحات خواستار تعلیق غنی‌سازی، آزادی زندانیان سیاسی و پایان سرکوب منتقدان مصلح شد»، https://www.iranintl.com/202508182346

١٣ - بڕوانە : جلال دهقانی فیروزآبادی، هەمان، ل 462 و ابوالفضل صدقی، هەمان، ل 86

١٤ - لەکۆتاییدا، هیچ یەک لەمانە نەبوونە هۆی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەورووپا. من لە درێژەدا دەگەڕێمەوە سەر هۆکاری شکستهێنانی ڕیفۆرمخوازی لە کۆماری ئیسلامییدا.

١٥ .ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆرێک لەو کەسانەی ئێستا لە بەرەی ڕیفۆرمخوازانی ئێراندان، دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، لایەنگری گرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران بوون و بەشێکیان لە هەڵمەتی بەبارمتەگرتنی کارمەندانی ئەمریکی لە باڵوێزخانە بەشدار بوون، کەچی ئێستا ئەوان تامەزرۆی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانن لەگەڵ ئەو وڵاتە و بەشێکی زۆر لە نێوان ناکۆکییەکانیان لەگەڵ خامنەیی و بناژۆخوازان بۆ ئەم پرسە دەگەڕێتەوە. لەدرێژەی باسەکەمدا دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە و بۆ نموونە ئاماژە بە هەڵوێستەکانی ئەو سەردەمەی کەسایەتییەکی وەک خاتەمی سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جیاوازی ئەو هەڵوێستانەی لەگەڵ هەڵوێستەکانی دواتری دەکەم.

١٦ - حسن کریمی فرد. ١٣٩٨. «سیاست تنش زدایی روحانی در قبال آمریکا: اهداف و موانع»، **فصلنامە سیاست**، مجلە دانشکدە حقوق و علوم سیاسی، دورە ٤٩، شمارە ١، بهار، ص ٢١٧ و ٢١٨،

https://jpq.ut.ac.ir/article_70954_8c4d0607a0c2dcb849215a813e98bc5f.pdf

١٧ - بناژۆخوازان دەڵێن لە سەردەمی خاتەمیدا و بە تایبەت دوای هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق، بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٣ لە ڕێگەی وڵاتی سوئیسراوە نامەیەکیان بۆ جۆرج دەبلیۆ بۆشی سەرۆکی ئەمریکا ناردووە کە تێیدا ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکا سەبارەت بە پرسگەلێک وەک ڕوونکردنەوەی چۆنێتی هاوکارییەکانی کۆماری ئیسلامیی بۆ گرووپە فەلەستینییەکان، چەککردنی حیزبوڵا، دانپێدانان بە وڵاتی ئیسرائیل و کۆتاییهێنان بە چالاکییە ئەتۆمییەکان. لەبەرامبەردا ئەمریکا بەڵێن بدات هەوڵی هێرش بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی یان گۆڕانکاری سیاسی لەو وڵاتەدا نەدات و کۆتایی بە هەموو سزا و گەمارۆکانی سەر ئێران بێنێت و ڕێگر نەبێت لەوەی ئێران ببێتە ئەندامی ڕێکخراوی جیهانی بازرگانی. هەروەها واشنتۆن یارمەتیدەر بێت بۆ ڕادەستکردنەوەی ئەندامانی حیزبە بەرهەڵستکارەکانی ئێران لە عێراقدا. بە وتەی بناژۆخوازان ئەم نامەیە کە بۆشی کوڕ هیچ گرینگییەکی

پێ نەداوە بە نهێنی نێردراوە و دواتر ئاشکرا بووە. لەم بارەوە بڕوانە ئەو سەرچاوانە: ڕۆزنامە **کیهان**. ٠٩ دی ١٣٩٩. « نامة محرمانه دولت خاتمی به رئیس‌جمهورآمریکا!»، https//:kayhan.ir/fa/news٢٠٧٣٠٩/

١٨ -بە گێڕانەوە لە: علی اکبر جعفری و دیان جانباز. ١٣٩٥. «تنوع گفتمانی در سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران و وجوه دیپلماسی نوین هسته‌ای»، **فصلنامه پژوهشهاي راهبردي سياست**، سال چهارم، شماره ١٦ ، بهار، شماره پیاپی ٤، ص ١٠٣،

https://qpss.atu.ac.ir/article_3987_97d3e7eb61796bd17eead99cfe04e3f4.pdf

١٩ -حسن کریمی فرد. ١٣٩٨. هەمان، لل ٢٠٦ و ٢١٣ و ٢٠١٥

٢٠ . اینترنشنال. ٢٧ مرداد ١٤٠٤. "جبهه اصلاحات خواستار تعلیق غنی‌سازی، آزادی زندانیان سیاسی و پایان سرکوب منتقدان مصلح شد»، https://www.iranintl.com/202508182346

٢١ .حسین کریمی فرد. ١٣٩٢. «جایگاه سازمان های بین الملل در سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه سازمان های بین الملل، سال اول، شامره چهارم، زمستان، ص ١٤٣.

٢٢. وەک پێشتر وتم لەو نامەیەدا کە لە سەردەمی خاتەمیدا بۆ ئەمریکا نێردراوە، باسیان لەوە کردووە کە دەکرێت دەربارەی چەککردنی حیزبوڵا و گرووپە ئیسلامییەکانی بەرەی موقاومە دانوستان بکەن. هەڵبەت بەبۆچوونی من دەکرێت وەک نامەیەک لە لایەن کۆی دەسەڵاتەوە سەیر بکرێت، چونکە ئەستەمە نامەیەکی لەو جۆرە بە بێ ئاگاداری و پەسەندی خامنەیی بۆ ئەمریکا بنێردرێت. بێگومان لەو قۆناغەدا بە هۆی ئەو ترسەی لە ئیدارەی بۆش هەیانبوو کە ئەو کات هێرشی کردبووە سەر ئەفغانستان و عێراق و ناوی ئێرانیشی خستبووە نیو لیستی وڵاتانی شەڕانگێز دوور نییە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئەو بڕیارەی دابێت بەڵام بناژۆخوازان بیدەنە پاڵ ڕیفۆرمخوازان. کەماڵ خەرازی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامیی وێرای ئەوەی کە ئاماژە دەکات نووسینی ئەو نامە پێشنیاری ئەو بووە ئاماژە بەوە دەکات کە هۆکاری سەرەکی نووسینی نامەکە، نیگەرانی ئەوان بوو لە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران. لەم بارەوە بڕوانە: ڕۆزنامە شرق. ١٥ مرداد ١٣٩٨. « نامه ٢٠٠٣ چه بود؟»،

https://www.sharghdaily.com/%D8%A8%D8%AE%D8%B4-%D8%A7 %D8%AE%D8%A8%D8%A7%D8%B1-3/786405-%D9%86%D8%A7%D9 %85%D9%87-%DA%86% D9%87-%D8%A8%D9%88%D8%AF

٢٣ -سعید حجاریان. ٢٣ تیر ١٤٠٤. جنگ ١٢روزه: میهن‌پرستی بود نه ملی‌گرایی، گفتگو با ڕوزنامه هم میهن،

https://www.khabaronline.ir/news/2089394/

٢٤ -یەکێک لە درووشمە سەرەکییەکانی حەسەن ڕۆحانی لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریدا ئەوە بوو کە «ڕاستە دەبێ چەرخی سانتریفیۆژی ئەتۆمی بگەڕێت،

بـەڵام پێویسـتە چەرخـی کارگـەکان و ژیانـی خەڵکیش بگەڕێـت»، ڕەنگە ئەمـە ڕەنگەدانـەوەی کـۆی بۆچوونەکانـی ڕیفۆرمخـوازان بێـت سـەبارەت بـە دۆسـیەی ئەتۆمـی.

٢٥ - بڕوانە بەندەکانی ٩ و ١٠ی ڕاگەیەنداروی بەرەی ڕیفۆرمخوازان لەو لینکەدا:
https://www.iran-emrooz.net/index.php/news1/more/122699/
هەروەهـا سـەیری ئـەو سـەرچاوە بکـە: فرهـاد محمـد صادقـی. ٢٠٢٥/٠٨/٢٠. " شـکاف در حاکمیـت پـس از جنـگ ١٢ ڕوزە؛ جبهـە اصلاحـات: خطـر «فروپاشـی تدریجـی» جـدی اسـت"، یورونیوز:
https://parsi.euronews.com/2025/08/20/reform-front-risk-of-gradual-collapse-is-serious
٢٦ . لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکـەم کـە ئـەوە لـە چوارچێـوەی حوکمـی حکومەتیدایـە کـە بـەو پێیـە ڕابـەری ئێـران دەتوانێـت لـە دەرەوەی یاسـا لەسـەر هەمـوو بابەتـە نێوخۆیـی و دەرەکییـەکان بڕیـار بـدات. لـەم بـارەوە بڕوانـە: نیلوفـر اردم. ١٣٩٠. **بررسـی مقایسـەای تاثیـر و نفـوذ رهبری در سیاسـت خارجـی جمهـوری اسلامـی ایـران در دورەهـای ریاسـت جمهوری آقـای هاشـمی**، پایاننامـە جهـت اخـذ مـدرک کارشناسـی ارشـد، دانشـگاە آزاداسلامـی واحـد تهـران مرکـزی، دانشـکدە علـوم سیاسـی، تابسـتان، ص 1
٢٧ .بڕوانە بەندی ١١٠ی دەستووری کۆماری ئیسلامیی لەو بەستەرەدا:
https://www.lu.ac.ir/uploads/123456_20436.pdf
هەروەهـا بـۆ خوێندنـەوەی وردەکاری زیاتـر لـەم بـارەوە بڕوانـە ئـەو سـەرچاوانەی خـوارەوە: علیرضـا ازغنـدی. ١٣٨٩. **چارچـوب هـا و جهـت گیـری هـای سیاسـت خارجـی جمهـوری اسلامـی ایـران**، تهـران: نشر قومـس، چـاپ اول، ص ٥٤ و فـرزاد پورسـعید. ١٣٨٧. سـاختار و ڕونـد تصمیـم گیـری در سیاسـت خارجـی جمهـوری اسلامـی ایـران: تحلیـل متـون آموزشـی و پژوهشـی»، **فصلنامـە مطالعـات ڕاهبردی**، سـال یازدهـم، شمارە دوم، شمارە مسلسـل ٤٠، تابسـتان، ص ٩
https://quarterly.risstudies.org/article_938_651b06e3edc3fed90361be261452eb48.pdf
و جلال دهقانی فیروزآبادی، هەمان، ل ٢٥٤-٢٦٢.
٢٨. بیـژن ایـزدی. ١٣٧١. **درآمـدی بـر سیاسـت خارجـی جمهـوری اسلامـی ایـران**، قـم: انتشـارات بوسـتان کتـاب، صـص 112 - 111
٢٩.بڕوانـە وتەکانـی خامنەیـی لـە دیدار لەگەڵ بەرپرسـانی وەزارەتـی دەرەوە و سـەرۆکانی شـاندە دیپلۆماتکارەکانـی ئێران لـە دەرەوەی وڵات،
https://farsi.khamenei.ir/news-content?id=1172
٣٠ . وتاری خامنەیی لە نوێژی هەینی، ١٤ / ٠٤ / ٢٠٠٠،
https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=3002
٣١ . بڕوانـە وتەکانـی خامنەیـی لـە کـۆڕی خوێنـدکاران و مامۆسـتایانی زانکـۆی ئەمیـر

کەبیــری تــاران، ٢٠٠١ / ٠٢ / ٢٧، https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=٣٠٥٣
٣٢ . وتەکانــی خامنەیــی لــە چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بنکەکانــی بەڕێوەبــەری نوێــژی هەینــی، ٠٧ / ٢٧ / ٢٠٠٢، https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=3133
٣٣ .وتەکانی خامنەیی لە کۆبوونەوەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی، ٠٩ / ٠٧ / ٢٠٠٠، https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=٣٠١٦
٣٤ .بە گێڕانەوە لە: جلال دهقانی فیروزآبادی، هەمان، ل ٤٥٦.
٣٥. بەراوردی بکە لەگەل ئەو سەرچاوە: حسن کریمی فرد. ١٣٩٨، هەمان، ل ٢٠١٤،
٣٦ .وتاری خامنەیی بۆ خەڵک و زیارتکەران لە شاری مەشهەد، ١٥.٠١.٢٠٠١، https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=٣٠٠١
٣٧ .وتەکانی خامنەیی لە کۆڕی قوتابیان و خوێندکاران، ٠٣. ١١. ١٩٩٩، https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=2978
٣٨. بڕوانــە وتەکانــی خامنەیــی لــە چاوپێکەوتــن لەگــەڵ بەشــێک لــە بنەماڵــەی کوژراوانــی کۆمــاری ئیســلامیی لە شــەڕی عێــراق، ٢٢.٠٥.٢٠٠٢ ، https://farsi.khamenei.ir/speech-con--tent?id=3122
٣٩ - بە گێڕانەوە لە: حسن کریمی فرد. ١٣٩٨، هەمان، ل ٢٠١٤، https://jpq.ut.ac.ir/article_٧٠٩٥٤_٨c٤d٠٦٠٧a٠c٢dcb٨٤٩٢١٥a٨١٣e٩٨bc٥f.pdf
٤٠ .بـۆ خوێندنـەوەی دەقـی سـێیەم پەیامـی تەلەڤزیۆنـی خامنەیـی لـە کۆتایی هێرشـەکانی ئیسرائیل، سـەیری ئەم لینکـە بکـە: https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=٦٠٥٠٢
٤١ . **ڕادیــو زمانــە.** ٣ شــهریور ١۴٠۴. « رئیــس قــوه قضائیــه امضاکننــدگان بیانیــه «جبهــه اصلاحــات» ڕا تهدیــد کــرد»، https://www.radiozamaneh.com/٨٦٣٠٢٣/
٤٢. بڕوانـە وتەکانـی خامنەیـی لـە دیدار لەگـەڵ بەرپرسـانی وەزارەتی دەرەوە و سـەرۆکانی شـاندە دیپلۆماتکارەکانـی ئێـران لـە دەرەوەی وڵات، هەمان،
٤٣ .محسـن میردامـادی. ٢٩/٠۴/١۴٠۴. "مهـم تریـن دسـتاورد ایران در جنـگ ١٢ ڕوز از نگاه فعـال اصلاح طلـب/ تندروهـا نگذاشـتند برجـام احیـا شـود"، مصاحبـە بـا ڕوزنامـە اعتماد، https://www.etemaad.ir/fa/Main/Detail/٢٣٥٧٢١/
٤٤ . یورونیـوز فارسـی. ٢٠٢۴/٠٣/٢٦. " چـرا ڕوحانـی از حملـه بـه عین‌الاسـد بـی‌خبر بـود؟ پاسـخ کیهـان: محرمانـه بـود، فقـط ١٠ نفـر خبر داشـتند"، https://parsi.euronews.com/٢٠٢٤/٠٣/٢٦/why-was-rouhani-unaware-of-the-attack-on-ain-al-assad-keyhan-iran-usa-soleimani
٤٥ .فریـا یونسـی. ٠٢-٠٥-٢٠٢١. زەریـف داوای لێبـووردن لـە خێزانـی قاسـم سـولەیمانی دەکات، ماڵپــەڕی ڕووداو، https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iran/٠٢٠٥٢٠٢١
هەروەهـا سـەیری ئـەو سـەرچاوە بکـە: بـی بـی سـی. ١٢ اردیبهشـت ١۴٠٠. آیت‌اللـه خامنـه‌ای سـخنان ظریـف ڕا ‹تکـرار حرف‌هـای آمریکا› خوانـد؛ ظریـف: بیانـات ڕهبری ختم

کلام اسـت، https://www.bbc.com/persian/iran-56963734

٤٦ . بـۆ نموونـە حەمیـدڕەزا جەلایـی پـوور کـە سـەرەتای شۆڕشـی سـاڵی ١٩٧٩ی ئێـران و لـە کاتـی لەسـێدارەدانی ٥٩ گەنجـی شـاری مەهابـاد لـە ڕێکەوتـی ١٩٨٣.٠٦.٠٢، قایمقامـی ئـەو شـارە بـوو و دەسـتی لـەو تاوانـە کۆمەڵکوژییـەدا هەبـوو و ئێسـتا وەک کەسـایەتییەکی ڕیفۆرمخـواز دەناسرێت، دوای خۆپیشـاندانەکانی سـاڵی ٢٠١٧، ناڕازییـان و خۆپیشـاندەرانی بـە داڵاش و مردارخـۆر وەسـف کـرد. هەروەهـا عەبـەس عەبدی ڕوخسـارێکی دیکـەی ڕیفۆرمخـوازان داوای کـرد دەسـەڵات بـە توندی سـزای خۆپیشـاندەران بـدات و بـە ئاژاوەچـی وەسـفی کـردن. بڕوانـە: **بی.بی.سـی**. ١٢ دی ١٣٩٦. « اصلاح‌طلبـان ایـران در مـورد اعتراض‌هـا چـه می‌گوینـد»، https://www.bbc.com/persian/iran-42542707

هەروەهـا لـە ڕۆژانـی دوای شـەڕی ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیـل دژ بـە کۆمـاری ئیسلامیـی، ئەلیـاس حەزرەتـی کەسـایەتی ڕیفۆرمخـواز و سـەرۆکی ئەنجومەنـی ڕاگایەندنـی ئیـدارەی مەسـعوود پزشـکیان، وتـی ئـەو نەیارانـەی کۆمـاری ئیسلامیـی کـە لـە کاتـی هێرشـەکانی ئیسرائیلدا سـەرباری ئـەوەی لـە سیاسـەتەکانی ڕژێـم نـاڕازی بـوون بـەڵام بێدەنـگ بـوون کەسـانێکی بـە حورمـەت و بـە شـەرەفن و ئەوانـەش هـەر نـاڕازی بـوون کەسـانێکی بـێ حورمـەت و بـێ شـەرەفن. بڕوانـە: **اینترنشـنال**. ٣١ خـرداد ١٤٠٤ . حمایـت اصلاح‌طلبـان از سیاسـت‌های جنگـی خامنـه‌ای، https://:www.iranintl.com/202506219803

هـەر لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـەو خاڵـەش بکـەم کـە کـەم نیـن ژمـارەی ئـەو کەسـانەی پێیـان وایـە هـەر لـە بنچینـەدا هێنانـە سـەرکاری ڕیفۆرمخـوازان تاکتیـک و فێڵـی خامنەیـی و دەسـەڵات بـوو لـە قۆناغێکـی قەیراناویدا بەمەبەسـتی مسـۆگەرکردنی مانـەوەی کۆمـاری ئیسلامیـی. پێـش هاتنـە سـەرکاری محەمـەد خاتەمـی وەک یەکـەم دەوڵەتـی ڕیفۆرمخـواز، ئێـران بـەرەوڕووی کێشـە و قەیرانـی قووڵـی جۆراوجـۆر لـە نیوخـۆ و لـە ئاسـتی نیونەتەوەییدا ببووەوە. بـە تایبـەت ڕووداوەکانـی دوای دادگای میکۆنـۆس کـە پەیوەنـدی بـە تیـرۆری دکتـور شـەرەفکەندی سـکرتێری ئەوکاتـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و هاوڕێیانییـەوە هەبـوو پەیوەندییەکانـی ئێـران لەگـەڵ وڵاتانـی ئەورووپـا و بـە گشـتی یەکێتـی ئەورووپـا بـە تەواوەتـی پچڕاندبـوو. ئەندامانـی یەکێتـی ئەورووپـا دوای ڕاگەیاندنـی بڕیـاری دادگای میکۆنـۆس و سـەلماندنی تاوانـی بەرپرسـانی بـاڵای کۆمـاری ئیسلامیـی و لەوانـە خامنەیـی ڕابـەری کۆمـاری ئیسلامیـی، عەلـی ئەکبـەر ڕەفسـەنجانی سـەرۆک کۆمـاری ئەوکاتـی ئێـران، عەلـی ئەکبـەر ویلایەتـی وەزیـری دەرەوە و عەلـی فەلاحیـان وەزیـری ئیتلاعات-زانیـاری ئێـران و تاوانبارکردنـی تـاران بـە ئەنجامدانـی تیـرۆری دەوڵەتـی، باڵوێزەکانـی خۆیـان لـە تـاران کشـاندەوە و لەبەرامبـەردا ئێرانیـش باڵوێزەکانی خـۆی لـەو وڵاتانـە بانگهێشـتی تـاران کـردەوە. هـاوکات لەگـەڵ ئـەوە تـرس و ناڕەزایەتـی وڵاتانـی ناوچـە لـە بـە مەیلـی فراوانخـوازی ئێـران و ناکۆکـی ئێـران لەگـەڵ زۆرینـەی وڵاتانـی عـەرەب و بـە تایبەتـی لەگـەڵ سـعوودیا، دەرکردنـی باڵوێـزی ئێـران لـە تورکیـا، بەرزبوونـەوەی ڕیسـکی سـەرمایەگوزاری و چالاکـی ئابـووری لـە ئێـران و هەروەهـا پەرەسـەندنی هەوڵـەکان

بۆ ئیدانەکردنی سیاسەتەکانی ئێران لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان لە نموونەی کێشەکانی دیکە بوون کە ئێران لە ڕۆژانی پێش دەسەڵاتگرتنی خاتەمیدا بەرەوڕوویان ببووەوە. ئەم قەیرانانە تا هاتنە سەر دەسەڵاتی خاتەمی بەردەوام بوون. ئەمانە بەڵگەن بۆ ئەو کەسانەی پێیان وایە دەسەڵاتگرتنی ڕیفورمخوازان هەر لە سەرەتاوە بە تایبەت پەیوەندی چڕوپڕی بە دادگای میکۆنۆسەوە هەبوو. ئەمە زێدەبێژی نییە، چونکە دوای دەرکردنی بڕیاری دادگای میکۆنۆس تەنانەت دانیشتنەکانی ئێران و ئەوڕووپا کە بە :گفتوگۆی ڕەخنەیی» دەناسران و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان دەستی پێکردبوو کۆتاییان هات و ئەورووپا سیاسەتی قەدەغەکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران پەیڕەو کرد. بێ هۆ نەبوو لەناکاو دروشمگەلێک وەک ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان و سڕینەوەی گرژییەکان و گفتوگۆی شارستانییەتەکان، بوونە مژاری سەرەکی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی. بەڵام لە کۆتاییدا کاریگەری درێژخایەنیان لەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتە دانەنا. بۆ خوێندنەوەی کێشە و قەیرانەکانی ئێران پێش دەسەڵاتگرتنی خاتەمی سەیری ئەو سەرچاوە بکە: مسعود موسوی شفایی و حجر اردستانی. ١٣٩٣. «نقش طبقه متوسط در سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران»، **فصلنامه سیاست خارجی**، سال بیست و هشتم، شماره ٢، تابستان، صص ٢٥٤ و ٢٥٥،

https://fp.ipisjournals.ir/article_14059_0f337a82686c6a5d3bc13312617491a4.pdf

هەر لەو بارەوە، ئەبولحەسەن بەنی سەدر یەکەم سەرۆک وەزیرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ژمارەیەکی زۆر بەڵگە و سەنەدی پێشکەشی دادگای میکۆنۆس کرد بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامیی بڕیادەری سەرەکی تیرۆری دکتور شەرفکەندی و هاوڕێیانی بوون، دەڵێت خودی ڕیفۆرمخوازان ڕایانگەیاندووە دادگای میکۆنۆس لەسەدا ١٠ بۆ ٢٠ یارمەتیدەر بوو بۆ دەسەڵاتگرتنی خاتەمی، بەڵام بەنی سەدر دەڵێت کاریگەری دادگای میکۆنۆس زۆر زیاتر بوو. بڕوانە ئەو سەرچاوە: میترا شجاعی.٢٦/٦/١٣٩١. "بازخوانی ترور میکونوس در گفت‌وگو با ابوالحسن بنی‌صدر"، **دویچە ولە فارسی**، https://www.dw.com/fa-ir/a-١٦٢۴۵١١۵

٤٧ - مسعود آذر. ٢٩ مرداد ١۴٠۴. "یک بیانیه و چند واکنش؛ آیا اصلاح‌طلبان علیه نظام «شورش» کردند؟:، **بی بی سی**، https://www.bbc.com/persian/articles/cedvzdz۵wxpo



# دەوڵەت لە هزری شیعیی ئێرانی و عێراقیدا

میران حسێن حەسەن

ماموٚستا لە زانکوٚی سلێمانی



## بەرایی

دەوڵەت چوارچێوەیەکی سیاسی و یاساییە کە ژیانی مرۆڤەکان ڕێکدەخات لە ناو سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو و کیانێکی سیاسی و یاسایی کە خاوەن دەسەڵاتێکی باڵایە لەسەر نەخشەیەکی جوگرافی دیاریکراو و کۆمەڵێك هاوڵاتی کە بەشێویەکی جیگیر تیایدا دەژین و سەروەری خۆی ئەنجام دەدات لە ڕێگەی ژمارەیەکی دامەزراوە و سیستەمی یاسایی کە پاراستنی سیستەمی و سەقامگیری مسۆگەر دەکات و یەکەیەکی سەرەکییە لە سیستەمی نێودەوڵەتی نوێ.

چەمکی دەوڵەت جێگیری نییە بەڵکو بەرەوپێش دەچێت بەپێی گۆڕانکاری هزری و سیاسی و مێژویی، لە ڕوویەکەوە وەکو کیانێکی یاساییە کە لەسەر کۆمەڵێك فاکتەری دیاریکراو بونیاد دەبێت، لەلایەکی دیکەوە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە گوزراشت لە ئیرادەیەکی بە کۆمەڵ دەکات و پەیوەندییەکانی لە نێوان تاکەکان ڕێك دەخات.

بیرۆکە دروستبوونی دەوڵەت و تێگەیشتنی لە واتای دەوڵەت جیاوازە بە جیاوازی لایەنە تیۆرییەکان کە باسی دەکەن هەندێك پێیان وایە بەخشینی خودایە و هەندێکی دیکە پێیان وایە بۆندێکی کۆمەڵایەتییە یان لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی مێژوویی و چینایەتی دروستبووە، بەڵام ئەوە کۆیان دەکاتەوە کە ئامانجی دروستبوونی دەوڵەت ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و ئاسایش.

لە ناو هزری ئیسلامی بە هەردوو لقەکەیەوە کە سوننە و شیعەیە هەردووکیان تێگەیشتنیان بۆ چەمکی دەوڵەت واتە دەوڵەتی ئیسلامیی، و پێیان وایە دەوڵەت لەسەر بنەمایەکی ئاینی دروست دەبێت کە هەموو هەڵگرانی ئاینی ئیسلامی لە خۆ دەگریت بێ جیاوازی، نەك دەوڵەت لەسەر بنەمای سنووری دیاریکراو لە جیهاندا و ئەو دەوڵەتە هەموو مسوڵمانانی جیهانی کۆدەکاتەوە، بەڵام جیاوازی هەیە لەسەر ئەم چەمکە لە نێوان سوننە و شیعە، و ئاینزای شیعەی بە تێکڕای هەموو بیرمەند و پیاوی ئاینی و مەرجەع و فەقیهەکان چەمکی دەوڵەتی ئیسلامیی دەبەستنەوە بە ئیمامەتەوە واتە ئیمامەکانی شیعەی دوانزە ئیمامی.

## دەوڵەت

دەوڵەت کیانێکی سیاسیە و یاساییە کە کۆمەڵێك مرۆڤ تیایدا دەژین، و سیستەمێك و کۆمەڵێك یاسا کاروباریان ڕێکدەخات، دەوڵەتەکان لە ڕووی سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی و قەبارە و شێوە جیاوازن، فەقیهەکان کۆکن لەسەر بوونی سێ پایە کە پێویستە بوونی هەبێت لە ناو هەر دەوڵەتێکدا: یەکەمیان کۆمەڵێك لە مرۆڤ کە پێیان دەگوترێت (گەل). پایەی دووەم پارچەیەکی زەوی کە هەرێمی دەوڵەتە. سێیەم دەسەڵاتیکی سیاسی سەربەخۆ و خاوەن سەرەروەی، هەر دەوڵەتێك یەکێك لەو پایانە لەدەستبدات ئەوە ناتوانرێت وەکو دەوڵەت لەقەڵەمبدرێت[١].

جیاوازی هەیە لەسەر بۆچوونەکان سەبارەت بە دروستبوونی دەوڵەت، فەقیهەکانی یاسای دەستووری جیاوازیان هەیە لە بۆچوونەکانیان سەبارەت بە شیکردنەوەی ڕەچەڵەکی دروستبوونی دەوڵەت و لەسەر چ بنەمایەکی دەوڵەتەکان دروستبوون، هەندێکیان پێیان وایە کە فاکتەری ئایینی ڕۆڵی هەبوو لە دروستبوونی دەوڵەت و پێیان وایە دەوڵەت بە بڕیارێکی خواوەندی دروستبووە و دەسەڵات شەرعیەتی لە خوداوە وەردەگرێت و ئەم بۆچوونە لەسەدەکانی ناوەڕاست بڵاوبوویەوە، هەندێکی دیکە پێیان وایە لەسەر بنەمای بنەماڵە دەوڵەت دروستبوو، و فەرمانڕەوا ڕۆڵی باوك دەبینێت و ئەم بۆچوونە دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ کە پێی وابوو دەوڵەت گەشەکردنێکی سروشتییە لە بنەماڵەوە بۆ گوند دواتر بۆ شار و دەوڵەت، و تیۆرێکی دیکە دەرکەوت کە تیۆری بۆندی کۆمەڵایەتییە کە لەسەردەمی ڕێنسانس دەرکەوت، کە پێیان وابوو دەوڵەت بۆندێکە لە نێوان تاکەکان بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان، لەوبارەیەوە هۆبز پێی وابوو کە مرۆڤ لە سروشتدا لە کێشمەکێشی بەردەوام بووە لەگەڵ هەمووان، بۆیە بڕیاریدا دەستبەرداری ئازادی خۆی بێت بۆ دەسەڵاتێکی بەهێز کە پاراستنی بپارێزێت. لۆك پێی وابوو مەبەست لە ئەنجامدانی بۆندەکان پاراستنی مافە سروشتییەکانی تاکە وەکو ژیان و ئازادی و موڵکدارێتی، دەسەڵات دەبێت بە یاسا کۆتوبەند بکرێت، ڕۆسۆ پێی وابوو بۆندەکە گوزارشت لە ئیدارەیەکی گشتی دەکات و دەوڵەت بەرهەمی ڕێکەوتنی کۆمەڵگەیە لەسەر پێکەوە ژیان، لەبەرامبەردا بەپێ تیۆری مێژوویی کۆمەڵایەتی پێیان وایە دەوڵەت لە ناکاو دروست نەبووە، بەڵکو بەرهەمی خەباتێکی دوور و درێژی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە کە

چەندین قۆناغی بڕیوە وەکو خێزان و هۆز و تیرە و شار، دواتر بوو بە دەوڵەت وەکو ئەنجامێك بۆ گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشچوونی قۆناغەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کار، لە لای خۆیەوە کارل مارکس لە تیۆری مارکسی بۆ دروستبوونی دەوڵەت پێی وابوو لە ئەنجامی کێشمەکێشمی چینایەتی دروستبووە و لەگەڵ دەرکەوتنی خاوەندارێتی تایبەت و زیادبوونی جیاوازی کۆمەڵایەتی، دەوڵەت وەکو ئامرازێکی سەرکوتکەر لە دەستی چینێك کە کۆنترۆڵی بارودۆخێکی کردووە بەمەبەستی سەپاندنی دەسەڵات و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی، بۆیە دەوڵەت ئامرازێکی چینایەتییە نەك دامەزراوەیەکی بێلایەن[٢]، ئیبنی خەلدون شیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە بۆ دەوڵەت و پێی وایە دروستبوونی کۆمەڵگە پەیوەستە بە دابینکردنی پێداویستییەکانی و پێی وابوو پەیوەندی نزیکایەتی بنەمایەکە بۆ یەکخستنی کۆمەڵگە. دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای نزیکایەتی دروستدەبن لە نێوان پێکهاتەکانی [٣]، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی زانستی کۆمەڵناسی سیاسی چەندین تیۆری دیکەی نوێ دروستبوون وەکو ماکس ڤێبەر کە پێی وابوو دەوڵەت دامەزراوەیەکە کە مۆنۆپۆلی بەکارهێنانی توندوتیژی ڕەوا دەکات[٤]، تیۆری ئەرکگەرایی کە پێی وابوو دەوڵەتی دروستبوو بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە لە ئاسایش و ڕێکخستنی و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان، تیۆرە جیۆپۆڵتیکیە نوێیەکان کە پێیان وایە دروستبوونی دەوڵەت پەیوەستە بە فاکتەرەکانی شوێن و سەرچاوە و کێشمەکێشمەکان لەسەر بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان.

## چەمکی دەوڵەت لە ئیسلام

دەوڵەت لە هزری ئیسلامیدا پەیوەستە بە دەوڵەتی ئیسلامیەوە، واتە دەوڵەتێك کە لەسەر بنەمای ئیسلام دروستبوو، کە پێچەوانەی دەوڵەتی هاوچەرخە کە لەسەر بنەمای دەوڵەتی هاونیشتمانبوون و دەوڵەتی نەتەوەیی دروستبوو و پاش ڕێنسانس و چاکسازی پرۆتستانتی لە ئەورووپا دروستبوو[٥]، زۆربەی فەقیهەکانی ئیسلام پێیان وایە دەوڵەت لای مسوڵمانان دەوڵەتی ئیسلامیە و لەسەر بنەمای دار ئیسلام دروست دەبێت واتە هەموو زەویەك کە مسوڵمانان تیایدا دەژین و فەرمانڕەوایی بەپێی ئایینی ئیسلام بکرێت، بەڵام ڕێگەش دەدرێت بە غەیەرە مسوڵمانان تیایدا بژین بەڵام بەپێ

فەرمانەکان حوکمی ئیسلام بن[٦]، بەمەش دەوڵەتی ئیسلامی واتە کۆمەڵێك کەس کە زۆربەیان مسوڵمانن لە دار ئیسلام دەژین و پابەندن بەسەرجەم ڕێنمایی و یاسا و ڕێنماییەکانی ئەو دەوڵەتەوە بەشێوەیەکی ڕەها لە بواری عەقیدە و یاسادانان و ملکەچی سیستەمێکی سیاسین کە پابەندە بە بنەماکانی شەرع، دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر دوو بنەما دروست دەبێت: یەکەمیان مادییە کە تیایدا هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ دەوڵەتی ئاسایی کە گەلە و هەرێم و دەسەڵاتی سیاسیە، بنەمای دووەم ڕۆحیە کە پەیوەستە بە ئایینی ئیسلامەوە وەکو عەقیدە و یاسادانان کە لە لایەن خوداوە سەپێنراوە[٧].

## دەوڵەت لە هزری شیعە و سوننە

سەرەڕای ئەوەی چەمکی دەوڵەت لای سوننە و شیعە هەردووکیان وەکو دوو بەشی سەرەکی لە ئایینی ئیسلام دەوڵەتی ئیسلامییە، بەڵام واتای دەوڵەتی ئیسلامیی لە هەردوو ئایینزا جیاوازییان هەیە، بەپێی هزری ئایینی هەردوو ئایینزای سوننە و شیعەکانی چەمکی دەوڵەت تێکەڵ دەکەن بەهەندێك چەمکی دیکەوە، بۆ نمونە سوننە چەمکی دەوڵەت تێکەڵ دەکەن بە خەلیفە و خیلافەتەوە لە ئایینزای سوننە چەمکی دەوڵەت وابەستەیە بە بنەمای خیلافەت و بوونی خەلیفە و وکو کەسێك کە هەردوو دەسەڵاتی ئایینی و سیاسی بەدەستەوەیە، بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوەی بکەن تا چەن ئەو خەلیفەیە بەشێویەکی یاسایی و شەرعی ئەو پۆستەی بەدەستهێناوە[٨]، لەبەرامبەردا لە شیعەدا چەمکی دەوڵەت بە چەمکی ئیمامەتەوە[٩]، واتە کەسێك کە لە لایەن خوداوە دیاریکراوە و مەعسومە واتە هەڵە ناکات ئەمەش تەنها لەسەر ئیمامەکانی شیعە جێبەجێ دەبێت کە ژمارەیان ١٢ ئیمامن، بەپێی بیروباوەڕی شیعەی دوانزە ئیمامی تەنها ئیمامی مەهدی ماوە لە ژیاندا و غەیبە و هەموویان کۆچی دواییان کردووە، بەمەش لە لای شیعە دەوڵەت تەنها لە لایەن کەسێکەوە سەرۆکایەتی دەکرێت کە ئیمام بێت و لە لایەن خوداوە دیاریکراوە و هەردوو دەسەڵاتی ئایینی و سیاسی هەیە[١٠]، پێیان وایە لەگەڵ نەبوونی ئیمامدا ئەوا وەلی فەقیهـ بوونی هەیە کە جێگرەوەی ئیمامە و وەلی فەقیهـ کە جێگری ئیمامە لە کاروباری سیاسی و ئایینی کار دەکات لە پێناو دروستکردنی دەوڵەتێکی ئایینی کە ڕێگە خۆشگەر دەبێت بۆ گەڕانەوەی ئیمامی مەهدی کە غەیب بووە[١١]

## چەمکی دەوڵەت لە هزری شیعی

ئیمامی جەعفەر سادق شەشەم ئیمامە لە دوانزە ئیمام کە شیعەی دوانزە ئیمامی باوەڕییان پێیان هەیە و مەعسومن، بە دامەزرێنەری فیقهی شیعی لەقەڵەمدەدرێت بۆیە شیعە بە جەعفەری ناودەنرێت پێی وایە ئیمامەت پایەیەکی سەرەکی ئایینە نەك بابەتێکی سیاسی و دەوڵەتی ئیسلامی تەنها بە ڕابەرایەتی ئیمامی مەعسوم کە دەستنیشانکراوە لە لایەن خوداوە، و ئیمامەت تەنها ڕابەراتی نییە بەڵکو سیستەمێکی سیاسی ئایینی گشتگیرە و ئایین و دەوڵەت کۆ دەکاتەوە[١٢]، لە نەبوونی ئیمامی مەعسوم و غەیبەتی ئیمامی مەهدی ئیمامی جەعفەر سادق پێی وایە پێویستە بگەڕێتەوە بۆ فەقیهی دادپەروەر، کە دواتر بوو بە ویلایەتی فەقیهـ و هەموو سیستەمێك لەسەر بنەمای ئیمامەتی مەعسوم نەبێت ڕەتدەکاتەوە[١٣]، بەمەش هەر دەوڵەتێکی ئیسلامیی لەسەر بنەمای ئیمامەت دروست نەبێت شەرعیەتی نییە و هەموو دەسەڵاتێك پێش دەرکەوتنەوەی ئیمامی مەهدی ڕەتدەکرێتەوە.

یەکێك لە گرنگترین کێشەکان بەردەم هزری سیاسی شیعی بابەتی دەوڵەتە، بەهۆی ئەوەی دەوڵەت لای شیعە پەیوەستە بە هزری ئایینی و مێژووە و پەیوەستە بە دەوڵەتی دادی خواوەندی، کاتێك ئیمامی مەهدی دەگەڕێتەوە و هەموو جیهان پڕ دەکات لە داد و خۆشگوزرانی و کێشە گەورەکە لە تێگەیشتنی شیعە بۆ بابەتی دەوڵەت کاتێك زیاتر بایەخ دەدەن بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە هەموو جیهان، بەڵام باس لە ئامراز و میکانیزمەکانی ناکات، پشت دەبەستن بە دەقی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر و کەسایەتی ئایینیەکان نەك بابەتێکی هزری و سەرەڕای ئەوەی هزری سیاسی شیعی توانیویەتی کە تیۆری وەلی فەقیهـ بونیاد بنێت و بنەمایەکی سەرەکی بوو بۆ ئەزموونی کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش ١٩٧٩[١٤]، بەڵام ئەزموونی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر پشتی بەستبوو بە ئەزموونی و پاشخانی حوکمڕانی فارسەکان بوو بەدرێژایی مێژوو نەك تەنها بە هزری سیاسی شیعی و سیستەمی و یلایەتی فەقیهـ[١٥].

بەشێویەکی گشتی هزری سیاسی شیعی زۆر بەکەمی باسی بابەتی دەوڵەتی کردووە بە بەراورد بە چەمکی ویلایەت و دەسەڵات، چونکە چەمکی دەوڵەت لای شیعە پەیوەستە بە دەوڵەتێك بە ڕابەرایەتی ئیمامی مەهدی و زۆربەی فەقیهانی

شیعە پێیان وایە دروستکردنی حکومەتێکی ئیسلامی پێچەوانەی تیۆری ئیمامەتی خواوەندیە کە دەبێت سەرۆکەکەی لە وەچەی ئیمامی حوسەین و بنەماڵەی پێغەمبەر بێت و پێچەوانەی تیوەری چاوەڕوانکردنی دەرکەوتنی ئیمامی مەهدیە کە ئیمامی دوانزەهەمە لای شیعە [١٦]و چەمکی دەوڵەت لای هزری سیاسی شیعی هاوچەرخ لە چوارچێوەی ڕەوتی ڕابوونی ئیسلامی هاوچەرخ دەرکەوت لە دەیەی سێهەمی سەدەی بیست کە بە ڕابوونی ئیسلامی ناسرا، و تەیایدا هزری سیستەمی ئیسلامی بەتەواوەتی دەرکەوت، و باوەڕی بە دروستکردنی سیستەمی ئیسلامیی تەواو هەیە و ئایینی ئیسلام سیستەمێکی گشتگیرە بۆ هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.. هتد[١٧]

## وەلی فەقیهـ

مەبەست لە وەلی فەقیهـ پۆستێکی ئایینی و سیاسیە و ڕابەرایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات، کەسی وەلی فەقیهـ دەبێت کۆکرەوەی هەموو مەرجەکان بێت، و دەبێت هەموو کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی وەلی ئەمرێکی هەبێت و فەرماندار و ڕابەرێکی هەبێت، بەمەبەستی پاراستنی ئومەت لە دوژمنانی ئیسلام و مسوڵمانان و پاراستنی سیستەمەکەیان و چەسپاندنی بنەماکانی دادپەروەری لەنێوانیان و ڕێگری کردن لە ستەم و دابینکردنی ئامرازەکانی پێشکەوتن و پەرەپێدانی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی... هتد، هەندێك جار ئەم بابەتە دژی ویست و بۆچوونی هەندێك لایەن و کەس دەبێت بەهۆی ئارەزوو و مەبەستەکانیان، دەبێت فەرمانداری مسوڵمانان لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانی لە ڕووانگەی فیقهی ئیسلامیی ڕێوشوێنی پێویست بگریتەبەر لەکاتی پێویستدا، دەبێت ئیرادە و دەسەڵاتەکانی لە پێناوی بەرژەوندی گشتی ئیسلام بێت[١٨]، وەلی فەقیهـ کۆمەڵێك ئەرکی هەیە وەکو ئەرکی فیقهی وەکو فەتوادان ئەرکی دادوەری، و ئەرکی دارایی کە تایبەتە بە مافە شەرعییەکان، ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی شیعی، و ئەرکی سیاسیە کە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و ڕابەرایەتیکردنی.

هەموو فەقیهەکانی شیعە کۆکن لەسەر چوار ئەرکی یەکەم بەڵام جیاوازییان هەیە لە ئەرکی پێنجەم، هەندێکیان پێیان وایە کە بە وتەی ئیمامەکان و بنەماکانی شەریعەت و سیستەمی ئیسلامیی ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێت ڕابەریی ئەو کارە

بکات، هەندێکی تر پێیان وایە کە وتەی ئیمامەکان ئاماژە بەم ئەرکە ناکەن، بەڵام چوار ئەرکەکەی یەکەم هیچ کێشەکی لەسەر نییە، هیچ کێشەك لەسەر بوونی ویلایەتی فەقیهـ لە نێوان فەقیهـ و مەرجەعەکان بوونی نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی کارەکانی ویلایەتی فەقیهـە، بەڵام لەسەر خودی بنەمای ویلایەتی فەقیە پێیان وایە بەشێك لە بیروباوەڕی ئیمامەکان کە هەمووان کۆکن لەسەری[١٩]، چونکە هیچ فەقیهی و پیاوی ئایینی شیعە نییە لە ڕابردوودا و نە لە ئێستادا باوەڕی بە بنەمای ویلایەتی فەقیهـ نەبێت و جێبەجێ نەکات، و بەهۆی ئەوەی فەقیهـ و پیاوی ئایینی شیعە نابێت بە پیاوی ئایینی ئەگەر باوەڕی بە بنەمای ویلایەتی فەقیهـ نەبێت، و هیچ شیعەیەك نیە تەقلیدی فەقیهێك بکات باوەڕی بە سیستەمی ویلایەتی فەقیهـ نەبێت چونکە کاتێك زانا شیعەکان خۆیان بە موجەتەهید یان مەرجەعی تەقلید لەقەڵەم دەدەن ئەوا دەبێت هەموو بنەماکانی ویلایەتی فەقیهـ لە ڕووی پراکتیکیەوە جێبەجێ بکەن، زۆرینەی پیاوانی ئایینی شیعە ئەسولوین واتە شیکردنەوەی بۆ بابەتە ئایینیەکان دەکەن و فەتواش دەدەن بۆ بابەتە نوێیەکانی، لە بەرامبەردا توێژیکی بچووکتر هەیە لە سەدەی هەژدە دەرکەوتن بەناوی ئیخبارییەکان کە تەنها شیکردنەوەی بۆ دەقە ئایینیەکان دەکەن وەکو قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر و ئیمامەکان[٢٠].

## دەوڵەت لە هزری سیاسی شیعی ئێرانیدا

هزری دەوڵەت لە هزری سیاسی شیعی ئێرانی خۆی لە کۆمەڵێك پیاوی ئایینی و مەرجەعی دەبینێتەوە، کە ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە داڕشتنی هزری سیاسی شیعی ئێرانی و بۆچوونەکانیان کاریگەر زۆر گەورەی هەبوو لەسەر چەسپاندنی هزری دەوڵەت لەناو شیعە لە ناو و دەرەوەی ئێران.

ئایەتوڵلا خومەینی: بە بڕوای ئایەتوڵلا خومەینی گرنگترین تایبەتمەندی و ڕەگەزی دروستکەری ئەم سیستەمە سیاسیەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە ڕەوایەتی لێوەردەگرێت ئیسلامی شیعی بوونەکەیەتی، چونکە ئەم دەوڵەتە بە دەوڵەتی ئیسلامیی شیعی دەناسێندرێت، بۆیە ئایینی ئیسلام و مەزهەبی شیعە گرنگترین ڕەگەزی دروستکەر و پێکهێنەری ناسنامەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و کولتووری ئیسلامی بە شێوەی گشتی و لە چوارچێوەی فیقهی شیعی دوانزە ئیمامی بەتایبەت وەکو کومەڵەیەکی

مەعریفی و نورماتیف کاریگەری لەسەر درک و تێگەیشتنی کوماری ئیسلامیی لە ڕووداو و دیاردە دەرەکیەکاندا هەیە[٢١] هەنارەکردنی شۆڕش لای خومەینی ئەوەیە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لە ڕێگەی یاساکانی ئیسلامەوە حوکم بکرێن، خومەینی پێی وایە دروستکردنی حکومەتی ئیسلامی لە ئێران هەنگاوی یەکەمە بەرەو دروستکردنی حکومەتێکی جیهانی[٢٢]، دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامیی لە ئێران یەکێکە لە ئامرازەکانی یەکێتی مسوڵمانان بەهۆی پشت بەستن بەتواناکانی کە لەبەردەستیدایە و یەکێتی مسوڵمانان ڕێگەیەکە بۆ ئازادی و گەڕانەوەی شکۆ و ئازادی و سەربەخۆیی و لەناوبردنی داگیرکەرەکانە، شۆڕشی ئێران سەرەتای پڕۆژەیەکی ئیسلامییە کە دەبێت هەموو مسوڵمانان بگرێتەوە لە ژێر ئاڵای ویلایەتی فەقیهـ[٢٣]. خومەینی پێی وایەکە فەقیە یان ئایەتوڵڵا لە لایەن خوداوە دیاریکراوە بۆیە دەبێت ڕاوبۆچوونەکانی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان بێت، بۆیە ئێران بە سەنتەری ئایدۆلۆژیای شیعی شۆڕشگێری ڕادیکاڵی لە قەڵەم دەردێت کە خومەینی ڕابەرایەتی ئەو ڕێچکەیەی دەکرد. لەناو پیاوە ئایینیە شیعەکان کە داوای فەرمانڕەوایەتی دەوڵەت دەکات بەشێوەیەکی نیمچە ڕەها لە لایەن وەلی فەقیهـ تا دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی و ئێران ناوی ئەم ڕێچکەیەی ناوە هێڵی ئیمام و ئەو هێڵە بە سەرچاوەی ڕینمایی و شیکردنەوەی فەرمی ئایینزایی شیعە لە قەڵەم دەدات[٢٤].

ئایەتوڵڵا خامنەیی: ئایەتوڵڵای خامنەیی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە شۆڕشی ئیسلامیی چەند قۆناغێکی هەیە قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدانی شۆڕشەکەیە و قۆناغی دواتر بونیادنانی سیستەمێکی ئیسلامیە دواتر بونیادنانی حکومەتێکی ئیسلامیە، دواتر دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامییە، دوا قۆناغ بونیادنانی جیهانێکی ئیسلامیی واتە دروستکردنی نمونەی هاوشێوەی ئێران لە وڵاتانی دیکە[٢٥].

سیستانی: یەکێکە لە گەورە مەرجەعەکان شیعە لە جیهاندا کە بەرچەڵەك ئێرانییە و مەرجەعێکی باڵای سەرەکی شیعەگەرایەتییە لە ئێستادا، هەڵویستی سیستانی سەبارەت بە پرسە سیاسیەکان ناوبراو باوەڕی بە سیستەمی ویلایەتی فەقیهی تایبەت هەیە واتە مافی حوکمدان شەرعی و فەوتوادان و بڕیاردان لە مافە شەرعی و دادوەری و کاروباری سیستەمی گشتی کۆمەڵگە و ڕێگری کردن لە کاری خراپە و هاندانی کاری باشە نەك حوکمکردن بەپێچەوانەی هەندێك لە ئایەتوڵڵاکانی دیکە کە باوەڕیان

بە سیستەمی ویلایەتی فەقیهی گشتیە کە حوکمڕانیش دەگەڕێتەوە نەک تەنها کاری شەرعی و وەکو خومەینی و خامنەیی ..هتد[٢٦]، ئەمەش دەگەڕێتەوە بەهۆی ئەوەی یەکێك بووە لە قوتابیانی ئایەتوڵڵای خوئی کە باوەڕی بە سیستەمی ویلایەتی فەقیهی تایبەت هەبوو و سەرجەم قوتابیەکانی باوەڕیان بەوە هەیە [٢٧]، بەڵام لەگەڵ دەستێوەردان مەرجعیەت نییە لە کاروباری حکومەتدا[٢٨] و پێی وایە سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق گەلی عێراق دیاری دەکەن[٢٩] لەگەڵ دروستبوونی حکومەتێکی ئایینی نییە[٣٠]، حکومەتی عێراق دەبێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوەی پێکبهێنرێت[٣١]

## چەمکی دەوڵەت لە لای ئیسلامی شیعی عێراقی

پاش ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق ئیسلامی سیاسی شیعی بوون بە بەشێکی گرنگ لە سیستەمی حوکمڕانی عێراق و وەکو دووهەم ئەزموونی حوکمڕانی شیعە لە جیهاندا پاش ئێران، بەڵام هزری دەوڵەت لە ئەدەبیاتی پارتە سیاسییە شیعەکان زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئەزموونی حوکمڕانیان لە عێراق پاش ٢٠٠٣ بەهۆی ئەوەی ئەدەبیاتی ئەو پارتانە بەدیدگایەکی زۆر جیاوازەوە دەڕواننە چەمکی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی و وڵات وەك لەوەی لە ڕووی پراکتیکیەوە جێبەجێ بوو، و ئەو پارتانە نەیاتوانی هیچ نمونەیەکی حوکمڕانی پێشکەش بکەن کە بگونجێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و دەستوور و دەوڵەتی هاوڵاتی، بەهۆی ئەوەی ئەو پارتە سیاسیانە نەیانتوانی خۆیان ڕزگار بکەن لە هزری داڕێژەرانی ئەدەبیاتی سیاسی ئەو پارتانە، لەسەردەمی پاش ٢٠٠٣ سیاسەتێکی پڕاگماتییان هەڵبژاردووە کە زۆر جیاوازە لە ئەدەبیاتی ئەو پارتانە لەسەردەمی ئۆپۆزسیۆن بوون.

لای محەمەد باقر سەدر کە داڕێژەری هزری سیاسی پارتی دەعوەی ئیسلامییە و پشتی پێ دەبەستن لە بیروباوەڕییان، پێی وایە دەوەڵەت واتە دەوڵەتی ئیسلامیی کە لەسەر بنەمای عەقیدە و ئایین دروست دەبێت و دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی پێویستە بۆ جێبەجێ کردنی حوکمی خودا لەسەر زەوی و مرۆڤەکان میراتگەری خودان لەسەر زەوی، واتە دەوڵەت پەیوەست نییە بە مرۆڤەوە بەڵکو نوێنەرایەتی عەقیدەی گرووپی باوەڕداران دەکات، لەسەر بنەمای و تایبەتمەندێتی کۆمەڵگەی دروست نابێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ڕۆحی ئایینە، و سەبارەت بە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی کە بنەمای هزری لە لای محەمەد باقر حەکیم نوسراوە، لە هەشتاکانی

ڕابردوو سەدەی و پشتی پێ دەبەستن لە بیروباوەڕییان، هەمان بۆچوونی محەمەد باقر سەد هەیە و پێی وایە کە لەسەردەمی غەیبەتی ئیمامی مەهدی ئۆمەتی ئیسلامی دوو ئەرکی هەیە دەستنیشانکردنی وەلی فەقیهـ و پێدانی ڕاوێژ بە حاکمی مسوڵمانان.

بەهەمان شێوە شێخی محەمەد یەعقووبی کە داڕێژەی بنەمای هزرییەکانی حزبی فەزیلەیە کە پاش ٢٠٠٣ دامەزرا پێی وایە فەقیە دەتوانێت یاساکان هەڵبوەشێنێتەوە و دیموکراسی سیستەمێکی گونجاو نییە بۆ حوکمڕانی مسوڵمانان، بەڵکو ناچاریە بەهۆی ئەوەی ئیمە ناتوانین سیستەمی ئیسلامی گونجاو جێبەجێ بکەین .

محەمەد محەمەد سادق سەدر باوکی موقتەدا سەدر لە کتێبەکانی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە باوەڕی بە دیموکراسی و دامەزراوەکان نییە، و داوای دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامیی دەکات و مسوڵمانان پێویستیان بە پەرلەمان نییە بەڵکۆ مسوڵمانان خۆیان یان نوێنەرانیان یاسا دادەنێن (٣٢)

## ئەنجام

جۆرێك لە جیاوازی هەیە لە نێوانی هزری شیعی ئێرانی و عێراقی سەبارەت بە چەمکی دەوڵەت لەگەڵ باوردۆخدا، چونکە هەریەك لە سیستەمی حوکمڕانی ئێران و پارتە شیعیەکانی عێراق کە دوو ئەزموونی حوکمڕانی شیعین لە جیهاندا لە گوتاری ڕۆژانەیان زۆر جەخت دەکەنەوە لەسەر مامەڵەکردنی وەکو دەوڵەت و قەوارەی دەوڵەت و بەرژەوەندی نیشتمانی دەوڵەت و پەیوستبوون بە نیشتمانەوە، لەکاتێکدا لە هزری ئاینزایی ئەو لایەنانە و باکگراوندی ئایدلۆژیان باوەڕیان بە دەوڵەتی نیشتمانی نییە، بەڵکو باوەڕیان بە دەوڵەتی ئیسلامییە، سەبارەت بەدەوڵەتی ئیسلامیش بە ناڕاستەوخۆ جەخت دەکەنەوە لەسەر دەوڵەتێکی ئیسلامیی شیعی کە لەسەر بنەمای هزری شیعی دروستبێت، نەك دەوڵەتێکی ئیسلامیی بۆ هەموو مسوڵمانان، چونکە ئەوان جەخت دەکەنەوە لەسەر بونیادنانی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئیمامەت، واتە دەبێت کەسێك لە دوانزە ئیمامەکە کە ئاینزای شیعەی دوانزە ئیمامی باوەڕیان پێیەتی و حوکمڕان بێت و مەعسومن، لە نەبوونی حوکمی ئیمامدا ئاوا مەرجەع و وەلی فەقیهـ حوکم دەکات تا دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی، بەمەش جۆرێك لە دووفاقی هەیە لە نێوان هزری سیاسی شیعی و پراکتیك.

# سەرچاوەکان

(١) د. سعيد السيد علي ، المبادئ الأساسية للنظم السياسية وانظمة الحكم المعاصرة ، دار الكتاب الحديث ، القاهرة ، ٢٠٠٧ ، لا ١٨

(٢) حمزه السلامات ، نظريه نشوء الدوله فى الفكرالسياسى الغربى ما بين التأصيل النظرى والعملي ،مجله دراسات للعلوم الانسانيهوالاجتماعيه، مجلد٥١ ،العدد ،٦ ، ٢٠٢٤، لا ١٣٨-١٤٠

(٣) عصام سليمان،مدخل الى علم السياسه ، بيروت، دار النضال للطباعه والنشر والتوزيع، لا ١٩٩

(٤)وجيه قانصو،الدولة الحديثة الخصائص والوظائف، مؤسسة كونورد،لا١١

(٥) محمد صالح قطب، جمال أحمد بادى، نشأه الدوله الحديثه : دراسه تحليليه للتاريخ والفكر السياسى، لا١٧

(٦) عبدالباسط جميل على،مفهوم الدوله و تكوينها فى الفقه الاسلامى ، مجله الجامعه العراقيه ،العدد ٦٨، لا٢٣٩

(٧) د. مقبل أحمد العمرى، «دراسه مقارنه بأحكام الشريعه الإسلاميه « مفهوم الدوله المدنيه الحديثه،مجله جامعه الملكه اروى،٢٠١٣ لا ٣٠-٣١

(٨) د.جعفر نجم نصر، الوالى والولى – التشيع السياسى و مجتمع اللادوله، الجزوالاول ، مؤسسه الانتشار العربى،ط ١ ،٢٠٢٠ ،لا١٩.

(٩) هەممان سەرچاوەی پێشوو،لا ٢٤

(١٠) هەممان سەرچاوەی پێشوو،لا ٢٥-٢٦

(١١) هەممان سەرچاوەی پێشوو،لا ٤٤-٤٥

(١٢)شبكه المعارف الاسلاميه الثقافيه،نظره فى الحياه السياسيه لدى الامام جعفر الصادق،١-٤-٢٠١٣ https://www.almaaref.org/maarefdetails.php?sub-catid=1645&id=11819&cid=394&supcat=39&bb=39&number=11

(١٣) د. على المؤمن ، الاجتماع الدينى الشيعى ثوابت التاسيس و متغيرات الواقع ، دار روافد ، بيروت،٢٠٢٥ ،لا ١٠٢

(١٤) د. اياد العنبر، اشكاليه الدوله فى مخيال السياسى الشيعى، مجله جامعه الكوفه العدد ١٢ ،٢٠١٨، ، لا٢١٦

(١٥) هەممان سەرچاوەی پێشوو ، لا٢١٥

(١٦) هەممان سەرچاوەی پێشوو ، لا٢١٦

(١٧) هەممان سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٢١

(١٨)خامنەیی، حاكميه الاسلام، الجزء الاول ، مؤسسه التاريخ العربى، لبنان ، بيروت، ٢٠٠٦، لا ١٤٧

(١٩) على مؤمن ،سەرچاوەی پێشوو، لا٧٦

(٢٠) و لى نصر، صحوه الشيعه ،دار الكتاب العربى ،بيروت، ٢٠٠٧ ، لا٦٥

(٢١) د.پەروێز ڕەحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە کۆماری ئیسلامی ئێران وەکو نمونە،خانەی موکریانی، هەولێر،٢٠٢٠، ، لا ١٢٤

(٢٢) نيفين مسعد، صنع القرار فى إيران والعلاقات العربيه-الإيرانيه، مركز الدراسات الوحده العربيه،بيروت،٢٠٠٢، لا ٦٤-٦٥.

(٢٣) «إيران أم القرى»، كما صاغها محمد جواد لاريجانى فى كتابه «مقولات فى الإستراتيجيه الوطنيه»، مجله الراصد الإلكترونيه .http://www.alrased.net/show_topic. php?topic_id=١٢٢١

(٢٤) غراهام اى فولر - رِند الرحيم فرانك، الشيعه العرب المسلمون المنسيون ،مركز الرافدين للحوار ،٢٠٢١، لا١٠٠-١٠٢

(٢٥) خامنەیی، الثوره مظهر لتحرك الدين بوجه الطواغيت، مؤسسه التاريخ العربى، بيروت ،٢٠٠٧،ص١٠

(٢٦) خامنەیی ، سەرچاوەی پێشوو ، لا١٤٧

(٢٧) محمد على الربانى، السيد على السيستانى فى تقريرات الاجتهاد والتقليد والاحتياط، مدار للثقافه والاعلام،٢٠١٦، ، لا٦٨ ـ ١٢٠.

(٢٨) حامد الخفاف ، النصوص الصادره عن سماحه السيد السيستانى فى المسأله العراقيه،دار المؤرخ العربى،بيروت ،٢٠٠٩، لا ٢٨

(٢٩) هەممان سەرچاوەی پێشوو،لا ٢٦

(٣٠) هەممان سەرچاوەی پێشوو،لا ٤٣

(٣١) هەممان سەرچاوەی پێشوو،لا ٢٦

(٣٢) د. اياد العنبر ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٢٢-٢٢٧

توێژینەوەی وەرگێڕدراو

ئێرانناسی

# ئایین و ڕەگەز؛
# کاریگەریی دیسکۆرسی ئیسلامیی سوننە
# لەسەر شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان *

ئەحمەد محەمەدپوور

بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی بێنتلی، ماساچۆسێت، ئەمریکا

فاتێح سەعیدی

بەشی توێژینەوە ئایینییەکان، زانکۆی تێگزاس لە ئاستین، تێگزاس، ئەمریکا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

مورتەزا مورادی (ئارما)

ناونیشانی بابەت بە ئینگیزی:

**Religion Meets Gender: The Impact of Sunni**

**Islamic Discourse on the Jina Uprising in Eastern Kurdistan**

**Ahmad Mohammadpour1 and Fateh Saeidi2**

## پوختە

شۆڕشی ژینا کە بە کوژرانی ژینا (مەهسا) ئەمینییەوە لەلایەن حکومەت لە ئەیلوولی ٢٠٢٢ی زایینییەوە هەڵگیرسا، خاڵی پێکگەیشتنی مێژوویی خەباتە ڕەگەزی، ئەتنیکی و ئایینییەکانی ئێران بوو؛ بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەگەرچی ئەم بزووتنەوەیە سەرەتا وەک شۆڕشێکی فێمێنیستی سەری هەڵدا، بەڵام زانا ئایینی و ڕێبەرانی مسوڵمانی سوننە، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە پێکهاتنی ڕێگەکەی گێڕا. ئەم توێژینەوەیە دەپەرژێتەوە سەر ئەوەی کە چۆن گوتاری ئایینی بووە هۆی خێراتربوون و بەردەوامبوونی شۆڕشەکە و چوارچێوە سێکولارە باوەکانی نێو تیۆریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی خستە بەر پرسیارەوە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆرینەی ئاپوورەی سەر بە ئایینی سوننەن، بووە ناوەندێک بۆ هەردوو چەشنی کۆبوونەوەی ناسیۆنالیستی و ئایینی؛ زانا ئایینییەکان لە مزگەوت و وتارەکانیانەوە، دەنگی داواکارییەکانی شۆڕشەکەیان بەرزتر کردەوە و خەباتە ڕەگەزییەکانیان لەگەڵ داواکارییە ئەتنیکی و ئایینییەکان گرێ دا. سەرەڕای سنوورە مێژووییەکان لەسەر چالاکیی سیاسی، تۆڕەکانی گرووپە ئیسلامییە سوننەکان و بنکە ئایینییەکان توانییان ڕێبەرایەتی، یەکڕیزی و مەشرووعییەتی ئەخلاقی، تەنانەت ئەو کاتەی کە ئاستی توندوتیژییەکانی حکومەت بەرەو هەڵکشان دەچوو، بۆ خۆپیشاندەران دابین بکەن. ئەم وتارە بە دانانی شۆڕشی ژینا لە بەستێنی چوارچێوەی ناسیۆنالیستیی شیعی-فارسی ئێران، پیشان دەدات کە ئایین -کە زۆر جار لە شیکارییە پەیوەندیدارەکان بە شۆڕشە نوێکان پشتگوێ دەخرێ- ئێستاش هێزێکی گرنگی بەرخۆدانە کە یەکڕیزی دەبەخشێتە ناڕەزامەندییە جۆراوجۆرەکان لە دژی زوڵمی فرەلایەنی سیستمی دەسەڵات. هەروەها پارادۆکسی ئایینمان بیر دەخاتەوە؛ هەم وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵی حکومەتی و هەمیش وەک کەرەستەیەکی گۆڕێنەر بۆ بە فەرمی ناساندنی و ڕزگاری.

**وشە سەرەکییەکان: ناسیۆنالیزمی ئێرانی، شۆڕشی ژینا، شوناسە نەفارسییەکان، دیسکۆرسی ئایینی، ژن، ژیان، ئازادی.**

## بەرایی

لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا، ئاگادار کراینەوە کە مامۆستا محەمەد خزرنەژاد، چالاکی ئایینیی کورد کە لە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»دا بەشداری کردووە، وێڕای سزای شازدە ساڵ بەندکران، لەلایەن دادگای باڵای ئێرانەوە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاوە. ناوبراو لە ڕێکەوتی ١٩ی نۆڤێمبری ٢٠٢٢دا دەستبەسەر کرا و لەو کاتەوە تا ئێستا، بەبێ ئەوەی پارێزەری هەبێ یان پێداویستییە پێویستەکانی بەردەست بێت، لە بەندیخانەدایە. ئەو تاوانانەی خراونەتە پاڵی بریتین لە بابەتی وەک «فەسادی فیلئەرز»، «هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی نەتەوەیی» و «پڕوپاگەندە دژی حکومەت[1]».

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ژیان، زانا ئایینییەکانی کورد و سەدان بەرنوێژی مزگەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕێگەی بەڕێوەبردنی وتارەکانی نوێژی هەینی، دەرکردنی ڕاگەیەنراوی گشتی بۆ دەربڕین و ڕاگەیاندنی یەکڕیزیی خۆیان لەگەڵ خۆپیشاندەران و هەروەها یارمەتیدان بە پێکهاتنی چوارچێوەیەکی گشتگیرتر بۆ ئەم شۆڕشە، لە خۆپیشاندانە گشتییەکاندا بەشدارییان کرد. ئەم کەسایەتییە ئایینییانە، وەک کوردە ناڕازییەکانی دیکە، لەگەڵ هەڕەشە، لێپرسینەوە و لێپێچینەوە و دەستبەسەرکران لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی حکومەتەوە ڕووبەڕوو بوونەوە. ئەوکاتەی شۆڕشەکە ڕووی لە داکشان کرد، چەندین ڕێبەری سەرەکی کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە ئەستۆ بوو، حوکمی قورسیان بەسەردا سەپێنرا. مامۆستا لوقمان ئەمینی، بەرنوێژی هەینیی کورد حوکمی ١١ ساڵ بەندیخانە، وەرگرتنەوەی هەمیشەیی لە پلەی مامۆستایی و تاراوگەی بەسەردا سەپێنرا. هەروەها مامۆستا ئیبراهیم کەریمی، بەرنوێژێکی هەینیی دیکەی کورد، حوکمی دوازدە ساڵ بەندیخانە، وەرگرتنەوەی هەمیشەیی پلەی مەلایەتی و تاراوگەی بەسەردا سەپێنرا. هەروەها مامۆستایان ئیبراهیم سەلیمی و مامۆستا سابیر خودامورادی بە ڕیز حوکمی سێ ساڵ و پازدە مانگ بەندیخانەیان بەسەردا سەپێنرا. ئەو تاوانانەی کە دادگای تایبەتی ئایینی لە هەمەدان خستبوویە پاڵ ئەم کەسانەوە بریتی بوون لە «پڕوپاگەندە دژی حکومەت و پاڵپشتیی لە حیزبە کوردییەکان»، «هاندانی ئاژاوە و ئاژاوەگێران» و «تێکدانی دیسیپلینی گشتی و ئاژاوەنانەوە[2]».

لە گەرمەی شۆڕشەکەدا، واتە پاییزی ٢٠٢٢ و زستانی ٢٠٢٣، بزووتنەوەکە

لەلایەن چینی دەستەبژێری دەسەڵاتدار و میدیاکانەوە وەک بزووتنەوەیەکی فێمێنیستی، شۆڕشگێڕانە و یەکەم نموونەی چەشنی خۆی لە ئێران پێناسە دەکرا[٣]. دروشمی پێشڕەوانەی ئەم شۆڕشە زیاتر لەسەر تەوەری مافەکانی ژنان و ئازادییە مەدەنییەکانی دەسووڕایەوە. بەڵام بەم حاڵەشەوە، لە دوو ناوچەی کەمینە و کەمتر پەرەپێدراوی ئابووری، واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەلووچستان، ڕێبەرە ئایینییەکان بوونە پشتیوانانی سەرەکیی بزووتنەوەکە، خۆپیشاندەران و خەڵکی ناڕازییان بەشێوەی چالاک هان دا و جاروباریش شۆڕشەکەیان بردە سەر ڕێبازێک کە بەربڵاوتر لە بازنەی پەیامە سەرەتاییەکەی بوو. ئەم وتارە ڕۆڵی هێزە موسڵمانە سوننەکان لە شۆڕشی ڕۆژهەڵات و شێوازی کاریگەریدانانی دیسکۆرسی ئایینی لەسەر خێراترکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ دەکات.

کوژرانی ژینا (مەهسا) ئەمینی لە ١٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٢ بۆ جارێکی دیکە پرسی سەرکوتکرانی ژنانی لە ئێران زەق کردەوە. ژینا، کچی تەمەن ٢٢ ساڵی کورد، بەهۆی «پێشێلکردنی یاساکانی حیجاب» لەلایەن پۆلیسی گەشتی ئیرشادی ڕژێمی ئیسلامییەوە لە تاران دەستبەسەر کرا. کۆچی دوایی ناوبراو لەو دۆخەدا، بووە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری خۆپیشاندانێکی سەرتاسەری لە ئێران کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، نموونەی دیکەی لەو چەشنە ڕووی نەداوە. ئەم خۆپیشاندانانە لە ماوەیەکی کورتدا گۆڕان بۆ کۆمەڵەیەکی بەربڵاوتر لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان دژی ڕژێم و سەرکوتکرانی نەتەوەیی درێژخایەن، بێبەشیی ئابووری و هەڵاواردنی پێکهاتەیی[٤]. ئەگەرچی خۆپیشاندانەکان باڵیان بۆ زۆرینەی ناوچەکانی ئێران کێشا، لەو ناوچەگەلەیدا کە کۆمەڵگەی ئایینی ناشیعەی فەرمی تێدا بوو، ڕێبەرە ئایینییە سوننەکان بوونە کەسایەتییە سەرەکییەکانی ڕێخستن و بەگشتیکردنی شۆڕشەکە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆرینەی ئاپوورە مسوڵمانی سوننەن و زیاتر لە سەدەیەکە کە پشتیوانی لە خەباتی کوردەکان بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسن دەکرێت، هەم هەڵاواردنی ئایینی و هەمیش هەڵاواردنی ئەتنیکی بوونە هۆی توندبوونەوەی ئاڵۆزییەکان. هەربۆیە خۆپیشاندانەکانی ئەم ناوچەگەلە ڕەوتێکی توندتریان بەخۆوە گرت و تەشەنەیان سەند بۆ ناوچەکانی دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم شۆڕشە کاردانەوەی توندوتیژانەی ڕژێمی ئێرانی بەدوادا هات و ئەنجامی بووە

کوژرانی ١٣٤ کەسی سڤیل و بەندکران و ئەشکەنجەی هەزاران کەس[٥].

پێویستە چاوخشاندنێکی کورتمان لەسەر گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانی و بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ «ئەتنیکەکانی دیکە» هەبێت. ئاخێزگەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی دەگەڕێتەوە سەر تێکەڵێک لە ڕەوتە هزری و سیاسییەکانی کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم کە دواجار لە ساڵی ١٩٢٥ی زاییندا دامەزران و جێگیربوونی ڕژێمی پەهلەویی لێکەوتەوە. ڕەزاشا کە ساڵی ١٩٢٥ لەڕێگەی کودەتایەکەوە و لەژێر سێبەری پاڵپشتیی بەریتانیا هاتە سەر دەسەڵات، دەیەویست بە جێبەجێکردنی سیاسەتی ناوەندگەرایی، ئێران مۆدێرنیزە بکاتەوە؛ سیاسەتێک کە بە ئامانجی تواندنەوەی زمان-ئەتنیکە جۆراوجۆرەکانی ئێران داڕێژرابوو. سەپاندنی زمان و شوناسی فارسی دەکەوتە ناخ و ناوەندی ئەم پرۆسەیە کە خەڵکی نەفارسی وەک کورد، بەلووچ، عەرەب، تورک و تورکمانی دەخستە پەراوێزەوە و بەکردەوە ڕێگە و هەلی بۆ سزادانیان دەڕەخساند[٦]. ڕژێمی پەهلەوی ئۆپەراسیۆنێکی سیستماتیکی لە نیشتەجێکردنی زۆرەملی، توانەوەی کولتووری و بەتایبەت «بەفارسکردنی» شوێنگری دەکرد. زمانە نەفارسییەکانی وەک کوردی، تورکی، بەلووچی و عەرەبی بەفەرمی لە سیستمی پەروەردە سڕانەوە و لە ئاستی گشتییشدا سنووریان خرایە سەر. ناسیۆنالیزمی ئێرانی هەروەها بەشێوەیەکی قووڵ گرێ درابووە ئیسلامەوە و هەوڵی دەدا تا ئەم ئایینە لە چوارچێوەی «ئیسلامی فارسگەرایانەدا» نەتەوەیی بکاتەوە[٧]. ئەم سیاسەتە واتە بە زۆر «بەفارسکردن» بەشێوەیەکی ئێجگار توند و تۆڵ لە سیستمی پەروەردە، دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکان و بوارە کولتوورییەکاندا جێبەجێ کرا. هاوشانی ئەم سیاسەتانەش، پەراوێزخستنی ئابووریش کەوتە چوارچێوەی سەرکوتکردنی «غەیرە ناوخۆییەکان». ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە بەرەی پێشەوەی توندوتیژییە حکومەتییەکاندا بوو، بەئەنقەست لە سەرمایەگوزارییەکانی پەرەپێدان بێبەش کرا و بووە ناوچەیەکی جوداکراوە و ئابوورییەکی پەراوێزخراو. شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ سەرەتا مزگێنی هەڵوەشانەوە و پچڕانی سیاسەتە سەرکوتکارانەکانی ڕژێمی پەهلەوی دەدا. بەڵام زۆری پێنەچوو، ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕێبەر و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، فەتوایەکی دەرکرد و کوردەکانی بە کافر ڕاگەیاند و فەرمانی ڕاستەوخۆی سەرکوت و کوشتوبڕ و هەروەها لەناوبردنی خەباتی ئازادیبەخشی کوردیی ڕاگەیاند[٨].

ڕژێمی تازەدامەزراوی کۆماری ئیسلامیی لەژێر ڕێبەرایەیی ئایەتوڵڵا خومەینیدا، ناسیۆنالیزمی شیعی-فارسی، بۆ جارێکی دیکە وەک ئایدۆلۆژیای ناوەندیی حکومەت پاراست. لە دەستووری فەرمیی کۆماری ئیسلامییدا، زمانی فارسی وەک زمانی فەرمیی ئێران ڕاگەیێندرا (ماددەی ٥٥) و ئایینزای شیعە وەک ئایینی فەرمیی هەموو خەڵکی ئێران پێناسە کرا (ماددەی ١٢). سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکان بۆ سەپاندنی شوناسێکی شیعی-فارسی، خەباتی کوردی کە تەنانەت پێش سەرهەڵدانی ڕژێمی پەهلەویش دەستی پێکردبوو، بەردەوام مایەوە و سەردەمی پاش شۆڕشی ١٩٧٩یش بە داواکردنی بەفەرمی ناسێندرانی مافە ئەتنیکی، زمانی و ئایینییەکانەوە بەهێزتر کرا.

شۆڕشی ژینا خاڵێکی وەرچەرخانی یەکلاکەرەوە لە بەرخۆدان و خەباتی سەدساڵەی کوردان بوو. ئەم ڕووداوە گرنگە نەک تەنیا داواکارییە دێرینەکانی کوردانی بۆ بەفەرمیناساندنی ئەتنیکی-زمانی سەرلەنوێ بووژاندەوە، بەڵکو ئەو داواکارییانەی لەگەڵ خەباتی ڕەگەزی گرێ دا[٩]. ژنانی کورد کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە بەرەی پێشەوەی خەباتی ڕزگاریبەخشی کوردیدا بوون، لەم شۆڕشەیشدا وەک فاکتەر و کەسایەتیی کاریگەر دژی حکومەتی شیعی-فارسی و هەروەها پیکهاتە کۆنەکانی پیاوسالاری هاتنە گۆڕەپانەوە. هێزی ئەکتەرە ئایینییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم شۆڕشەدا بەرچاو بوو و ئەو ڕاستییەی ڕوون کردەوە کە ئایین، بەپێچەوانەی ئەوەی کە وەک پەراوێز وێنا دەکرێ، هێشتا ڕۆڵێکی گرنگ و ڕێکخەری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەدا هەیە. ئەم دیاردەیە تیۆریی سێکولاریزاسیۆن دەخاتە ژێر پرسیارەوە؛ تیۆرییەک کە وەک سمیت ئاماژەی پێداوە، لە شیکاریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئایینی پەراوێز خستووە. بەپێی تیۆریی سێکولاریزاسیۆن، دوابەدوای پێشکەوتن و مۆدێرنبوونی کۆمەڵگەکان، ڕۆڵی ئایین کاڵ دەبێتەوە و بۆیە لە داینامیکی بزووتنە کۆمەڵایەتییەکان وەلا دەنرێ. لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تیۆریدانانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئایین وەک فاکتەرێکی سەرەکیی گۆڕانکارییەکی بە کەم سەیر دەکرا. ڕوانگە سوبژەکتیڤە باوەکان -بەتایبەت ئەوانەی کە پشتیان بە کەڵکی پێکهاتەییەوە دەبەست- ئایین زیاتر وەک هێزێکی جێگیرکەرەوە بۆ پاراستنی دیسیپلینی کۆمەڵایەتی وێنا دەکرا، نەک هاندەرێک بۆ ئەوەی دۆخی ئێستا و پەروەردەکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە[١٠]. سمیت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر پێویستن. کارلێکە بەردوامەکانی نێو گرووپە ئایینییەکان، پشتیوانی دەکات لەم بزووتنەوەگەلە لەڕێگەی بەهێزکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییە جێگیرکراوەکانەوە. ئەم تۆڕگەلە یارمەتیدەری پەرەسەندنی ڕێبەرایەتیی لێزان لە کۆمەڵگە ئایینییەکان دەکەن و ئاسانکاری بۆ وەرگرتن و ڕاکێشانی بەشداربووان دەکەن. سەرەڕای ئەمانەش، ئایین گێڕانەوەیەکی مەشرووعییەتبەخش ئاڕاستە دەکات؛ گێڕانەوەیەک کە بۆ چالاکیی سیاسیی پاکانەی ئەخلاقی دابین دەکات و لەڕێگەی ئاماژەدان بە ڕاستییەکی باڵاوە، یارمەتیی بزووتنەوەکان دەدات تا بەرامبەر بە کێشە دەرەکییەکان خۆڕاگر و بەردەوام بن[١١]. لەم پرۆسەیەدا، ناسیۆنالیزم وەک سەرچاوەیەکی بەهێز لە وزەی عاتیفی تێگەیشتنی بۆ دەکرێ، بەتایبەت ئەوکاتەی کە لەگەڵ ئاماژەدانە ئایینی یان ئەتنیکییەکان تێکەڵ دەبێت[١٢]. ئایین بە ئاڕاستەکردنی هێماکان، ئایینەکان و هەستی یەکڕیزیی لەپێشەوە، کۆبوونەوەی کۆمەڵ بەهێز دەکات و ڕێبەران دەتوانن بەئاسانی کەڵک لەو کۆمەڵە وەرگرن.

## پاڵنەرە ئایینییەکانی شۆڕشی ژینا

کوردەکانی ئێران لە چوار پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان (پارێزگای سنە)، کرماشان، ئیلام و بەشە باکوورییەکانی خۆراسان کە لە باکووری ڕۆژهەڵات دەژین و نزیک بە سەتا ٦٠یان سەر بە ئایینزای سوننەن. ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەها مەڵبەندی ژیانی کەمینەیەک لە کوردانی سەر بە ئایینی یارسانە. بەپێچەوانەی کوردە سوننەکان، کوردە شیعەکان ڕووبەڕووی هەڵاواردنی ئایینی نەبوونەتەوە؛ ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە ڕوانگەی مێژووییەوە لە ناوچە کوردنشینە شیعەکاندا تەشەنەی زیاتری سەندووە. هەربۆیە ئایین لە ناوچە کوردنشینە شیعەکاندا هاندەری سەرەکیی شۆڕشی ژینا نەبووە. لە ناوچە سوننەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەندێ لە گرووپە ئیسلامییەکان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردی تێکەڵاون، ئایین ڕۆڵێکی گرنگتری لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکاندا هەبووە. گرووپە ئیسلامییە سوننەکان وەک سەلەفییەکان و «ڕێکخراوەی دەعوەت و ئیسلاحی ئێران» بەشێوازی جۆراوجۆر لە شۆڕشی ژینادا بەشدارییان هەبووە[١٣]. سەلەفیگەری نەیاری ناسیۆنالیزمی کوردییە و داواکارییە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ مافەکانی ژنان پشتگوێ دەخات، لەحاڵێکدا کە

ڕێکخراوەی دەعوەت و ئیسڵاحی ئێران لەگەڵ کار و بەرنامە ڕیفۆرمخوازانەکانی کۆماری ئیسلامیی یەک دەگرنەوە. دیسکۆرسی ئەم ڕێکخراوەیە کوژرانی ژینا وەک دەرەنجامی یاساکانی ئێران و ناکارامەیی ئەم یاساگەلە پێناسە دەکات؛ ڕوانگەیەک کە لە بڵاوکردنەوەی سنوورداری هەواڵەکانی سەر ماڵپەڕەکەیان ڕەنگدانەوەی هەبووە و بەجۆرێک ڕەنگدانەوەی هەڵویستی ڕیفۆرمخوازەکانی سەر بە حکومەتە[١٤].

لە ئێران و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو سنوور و لەمپەرە قورسانەی کە حکومەت لەسەر ڕێگەی دانانی پارت و ڕێکخراوەکان دایناوە، بووەتە بەربەستێک بۆ ئەوەی کە گرووپە ئایینییەکان بتوانن هەبوونی سیاسیی فەرمیی خۆیان بێننە ئاراوە. بەڵام بەم حاڵەشەوە کاریگەرییان هێشتا دیارە. ئەم گرووپانە تۆڕێکی بەربڵاوی مزگەوتەکانیان لە شارەکاندا پاراستووە کە پەیوەندییەکی ئۆرگانیک و قووڵیان لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی پیکهێناوە. سەرەڕای ئەو گرووپانەی پێشتر ئاماژەیان پێدرا، دوو ڕێکخراوەی بەناوبانگی ئیسلامیی -»مەکتەب قورئان» و «یەکێتی مامۆستایانی ئایینی مەریوان و هەورامان (یەمامە)» دیسکۆرسی جیاوازیان پەروەردە کردووە و ئەمەش کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ڕوانگەی بەشیک لە مەلا و مسوڵمانە کوردەکان داناوە[١٥]. ئەگەرچی زۆرێک لە پێشنوێژە کوردەکان بەفەرمی سەر بەم گرووپانە نین، بەڵام بەجوانی لە گرنگبوونی زمان و کولتووری ئاگادارن. بۆ زۆرێکیان، ئیسلام بەشێکی سەرەکی لە شوناسی کوردی پێکدێنێت.

ئەگەرچی حیزبە سیاسییەکانی کورد (کە هەموویان لە ئێراندا قەدەغەکراون) ڕۆڵی سەرەکییان لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە، تەنیا «ڕێکخراوەی خەباتی کوردستانی ئێران» بەشێوەی مێژوویی لایەنگرییە ئیسلامییەکانی دەرخستووە. پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران (KDPI) بنکەیەکی بەنێو «یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران» هەیە (UZAKI). هەردوو ڕێکخراوەکە بەئاشکرا پاڵپشتیی خۆیان بۆ شۆڕشی ژینا ڕاگەیاند[١٦]. UZALKI و یەمامە لە هەندێ بوارە هزرییەکاندا هاوبەشن، بەتایبەت ڕوانگەیان لەسەر ئیسلام وەک بەشێکی بنچینەیی لە شوناسی کوردی. ئەو دوو گرووپە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە تەشەنەکردنی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە هەر شوێن و

بەستێنێکی دیکە لە سۆفیگەریدا دەبینرێت، چونکە زۆرێک لە شاعیرە کلاسیکەکانی کورد و بیرمەندە کوردەکان، سۆفی بوونە. هەردوو گرووپەکە هەروەها دانیان بەوەدا ناوە کە زۆرێک لە ڕێبەرە سیاسییەکانی کورد، وەک قازی محەمەد (١٩٨٣-١٩٤٧) دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦)، مەلا مستەفا بارزانی (١٩٧٩-١٩٠٣)، شێخ مەحمودی بەرزنجی (١٨٧٨-١٩٥٦)، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٣-١٨٢٦)، شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥-١٨٦٥) و سەید ڕەزا دەرسیمی (١٩٣٧-١٨٦٣)، هەموویان کەسایەتیی ئایینی بوون کە پێش نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم چالاکییان کردووە. ڕەوتە ئیسلامییەکانی دیکەی وەک سەلەفی و ڕێکخراوەی دەعوەت و ئیسلاحی ئێران (لقێکی ئیخوانول موسلمین لە ئێران) وەک هاوردەی تا ڕادەیەک نوێ سەیر دەکرێ و هەر بەم بۆنەیشەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەگ و ڕەسەنایەتییەکی قووڵیان نییە.

بازنە و ئاستی بەشداریی ڕێبەرە ئایینییە کوردەکان، زانایانی ئایینی و خۆپیشاندەران بە شوناسی ئایینییەوە، تا ڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی تێگەیشتنیان لە ناسیۆنالیزمی کوردی. ڕەوتە سەلەفییەکان و «ڕێکخراوەی دەعوەت و ئیسلاح» کە کێشەیان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردی هەیە، هەوڵ دەدەن خۆیان تێکەڵی چوارچێوەی ڕژێمی ئیسلامیی ئێستای ئێران بکەنەوە و هەڵویستی پاوانخوازنە لەسەر مافەکانی ژنان هەڵگرن. ئەم دیاردەیە دەتوانێ هۆکاری ئامادەنەبوونیان لە شۆڕشی ژینادا بێت. بەپێچەوانەوە، ڕەوتە ئیسلامییەکانی دیکە هاوڕێی ناسیۆنالیزمی کوردی بوون یان فاکتەرە بنچینەییەکانی وەک زمان و کولتووری کوردییان بەفەرمی ناسی. ئەم جیاوازییە بەتایبەت لە ناوچە شیعەنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (وەک کرماشان و ئیلام) گرنگە؛ لەو شوێنانەدا ڕێژەی بەشداریی لە شۆڕشی ژینا لەچاو ناوچە سوننەنشینەکانی دیکە کەمتر بوو. ڕێبەرایەتیی ئایینیی کوردی شیعە، کە تا ڕادەیەکی ئێجگار قووڵ لە دیسکۆرسی حکومەتیدا توێنراونەتەوە، ئەم شۆڕشەیان وەک هەڕەشەیەک دەبینی و بڕیاریان دا بەشداری تێدا نەکەن. ئەم هەڵویستە ڕەخنەی زانایانی ئایینی کوردی سوننەی لێکەوتەوە کە داواکاری پاڵپشتیی لە شۆڕشەکە بوون[١٧].

## ئایین، ڕەگەز و سیاسەتەکانی شوناس

لە گەرمەی خۆپیشاندانە بەربڵاوەکانی نۆڤێمبری ٢٠٢٢دا، زانایانی ئایینی کوردی سوننە لە زۆرینەی هەرەزۆری شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاڵپشتیی تەواوی خۆیان لە شۆڕشی ژینا لە مزگەوتەکانەوە ڕاگەیاند. ئەم ڕاگەیەندراوانە بەشێوەی جیاواز و کاریگەر ئاڕاستە کران. لە ناوەندە شارییە گرنگەکانی وەک سنە، مەریوان، جوانڕۆ، سەقز، بۆکان، بانە، مەهاباد، پیرانشار، سەردەشت و شنۆ مەلاکان لە مزگەوتە گەورەکاندا کۆبوونەوە و نوێنەرێکی دەستنیشانکراو، ڕاگەیەنراوەکانی بەئاشکرا خوێندەوە. بەشداربووانی ئەم ڕێوڕەسمە زۆرینەیان جلوبەرگی کوردییان لەبەردا بوو و ڤیدیۆی کورتی ئەم کۆبوونەوەگەلە خێرا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تێلێگرام و ئینستاگرام بڵاو بووەوە[١٨]. لە هەندێ لە شارەکاندا، دواکەوتنی دەرکردنی ڕاگەیەنراوەکان گوشاری خەڵکی لەسەر پێشنوێژان لێکەوتەوە و داواکاری شرۆڤەی هۆکارەکانی دواکەوتن بوون. کەسایەتییە کاریگەرەکانی وەک مەلا لوقمان کەریمی لە مزگەوتی چوار یاری نەبی لە سنە، مەلا سابیر خودامورادی لە مزگەوتی «قۆخ»ی سەقز و مەلا ئیبراهیم کەریمی لە مزگەوتی نەنەڵەی سنە، کە بەرنوێژانی هەینی بوون، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە پێکهێنانی ڕوانگەی کۆمەڵی سەربەخۆیان هەبوو. ئەم ڕێبەرانە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا دواتر لەگەڵ حوکمی قورسی بەندیخانە ڕووبەڕوو بوونەوە. لە ماوەی شەش مانگرتنی گشتیدا کە زیاتر لە ٢٥ ڕۆژی پێچوو و زۆرینەیان لەلایەن حیزبە سیاسییە کوردییەکانەوە ڕیبەرایەتی دەکرا، بەرنوێژانی مزگەوتەکان پاڵپشتییان لە مانگرتنەکان کرد[١٩]. یەک لە لقەکانی گرووپی مەکتەب قورئان، بە ڕێبەرایەتی حەسەن ئەمینی بەفەرمی لە ڕاگەیەنراوەکانی خۆیدا پاڵپشتیی مانگرتنەکانی کرد.

شیکردنەوەی وتارەکانی نوێژی هەینی و ڕاگەیەنراوەکانی بەرنوێژان لە مزگەوتەکان لە پاییزی ٢٠٢٢ و زستانی ٢٠٢٣ چەندین ناوەرۆکی هاوبەش ئاشکرا دەکات. زانیاریی وردتر لە کەناڵی فەرمیی تێلێگرامی «یەمامە» بەردەستە[٢٠]. ئەم کەناڵە زۆرێک لە وتار و ڕاگەیەنراوەکان بڵاو دەکاتەوە، ئەگەرچی هەر مزگەوتێک ئەکاونتی تێلێگرامی تایبەتی خۆی هەیە. لەدرێژەدا ناوەڕۆکە سەرەکییە هاوبەشەکانی وتارەکانی نوێژی هەینی دەخرێنە ڕوو.

یەکەم، سەرەڕای جەختکردنەوەی شۆڕشی ژینا لەسەر مافەکانی ژنان و ئەو ڕاستییەی کە هێزە حکومەتییەکان ژینایان بە تاوان و بیانووی پێشێلکردنی حیجابی ئیسلامیی کوشتووە، بابەتی حیجاب بەدەگمەن لەلایەن بەرنوێژانەوە باسی کرا یان وەک هۆکاری سەرەکیی خۆپیشاندانە سەرتاسەرییەکان ئاماژەی پێدرا. زۆرێک لە بەرنوێژان، ئەگەرچی نەیارێتی توندیان بەرامبەر بە حیجابی ئیسلامیی نییە، دەڵێن کە جلوبەرگ و پۆشەنی نەریتیی ژنانی کورد لەگەڵ ئاکارە ئیسلامییەکان یەک دەگرێتەوە و ئەمەش پیشان دەدات کە ژنانی کورد لە بنەڕەتدا کێشەی حیجابیان نییە"[٢١].

لە بەرامبەردا کاک حەسەن ئەمینی، یەک لە ڕێبەرانی مەکتەب قورئان ئاماژەی بەوە داوە کە ئەگەرچی ئیسلام ژنان بەرەو بەرچاوگرتنی حیجاب هان دەدات، بەڵام لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکاندا هیچ ژنێک لەبەر بەرچاونەگرتنی حیجاب سزا نەدەدرا.

دووەم، بەرنوێژە کوردەکان خۆیان وەک بەشێکی سەرەکیی کۆمەڵگەی کورد بینیوە و لەسەر ئەو باوەڕەی بوون کە بۆ یەکڕیزی لەگەڵ خەڵک، بەرامبەر خواستەکانی حکومەتی ئیسلامیی ئێران خەباتیان کردووە. هەندێکیان خۆیان وەک میراتگرانی زەقی ئایینیی کورد دەبینی کە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوە کوردییەکانیان کردووە. لە یەک لە وتارەکانیدا، مامۆستا خودامورادی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی وەک قازی محەمەد، مەلا مستەفا بارزانی، شێخ مەحموودی بەرزنجی، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزا دەرسیمی لە کوردستاندا پەروەردە کرابوون و دواتر بوونە ڕێبەرانی گەلی کورد.

سێهەم، لە وتار و ڕاگەیەنراوەکانی خۆیاندا، هەموو مەلاکان ڕایانگەیاندووە کە هاندەرە سەرەکییەکانی خۆپیشاندانەکان بریتین لە هەڵاوسانی لەڕادەبەدەری ئابووری، هەژاری، کێشە ئابوورییەکان، نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان و نەتوانکاریی حکومەت بۆ چارەسەکردنی کێشە ئاماژەپێکراوەکان. ئەوان دەیانگوت کە تەنانەت ئەگەر حکومەت بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان ئەوپەڕی توندوتیژییش بنوێنێ، کێشە سەرەکییەکان هەر دەمێننەوە و دەبنە هەوێنی خۆپیشاندان و ناڕەزامەندیی نوێ. بەگشتی، لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام حکومەت سەرچاوەکانی لەباتی تەرخانکردن بۆ پێشکەوتنی ناوخۆ، بۆ خەون و خولیا سیاسییەکانی لە عێراق، سووریا،

یەمەن و لوبنان تەرخان کردووە.

بەرنوێژان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە یەک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ناڕەزامەندیی لەنێو خەڵکی کورد –و ئەتنیکەکانی دیکەی وەک بەلووچ و عەرەب- زوڵمی دووهێندەیە کە لێیان دەکرێ. لە باری ئەتنیکییەوە، ئەو ئەتنیکانە لە مافەکانی پەروەردە، وانەوتنەوە و کەڵکوەرگرتن لە زمانی دایکی لە سیستمی پەروەردەدا بێبەش کراون؛ مافێک کە تەنانەت لە دەستووری ئێرانیشدا بەفەرمی ناسێندراوە. ئەم بێبەشبوونە نەیارێتییەکی بەربڵاوی لە دژی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران هێناوەتە ئاراوە، بەتایبەت لەنێو کوردەکاندا. سەرەڕای ئەمەش، کورد وەک سوننە، بەردەوام ڕووبەڕووی هەڵاواردنی ئایینیش بووەتەوە. کوردەکان لەبەر زمان و ئایینیان وەک شارومەندی پلە دوو سەیر کراون و لە ساڵی ١٩٧٩ بەدواوە بەردەوام و سیستماتیک مافە نەتەوەیی و ئایینییەکانیان پێشێل کراوە.

پێنجەم، وێڕای سەرکۆنەکردنی کەڵکوەرگرتنی حکومەت لە توندوتیژی بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان، بەرنوێژان داواکاری ئازادکرانی هەموو دەستبەسەرکراوان بوون. نازناوی شەهیدیان بەخشی بەو کەسانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزە حکومەتییەکانەوە کوژران و بەردەوام لە ڕێوڕەسمەکانی ناشتنیاندا بەشدارییان کرد تا ببنە هۆی ئۆقرەی بنەماڵەکانیان و بەجۆرێک پاڵپشتیی خۆیان پیشان بدەن. سەرەڕای ئەمەش، بەردەوام خەڵکیان هان دا بۆ نافەرمانیی مەدەنیی ئاشتیخوازانە و لەهەمانکاتدا داواکاری ئەوە بوون کە توندوتیژی یان لەناوبردنی داراییە گشتییەکان نەیەتە ئاراوە.

لەئەنجامدا، دوابەدوای بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکان و لەو دۆخەیدا کە حکومەتی ئیسلامیی ئامادە نەبوو هەر چەشنە دانوستانێک لەگەڵ خۆپیشاندەران بکات و لەباتی دانوستان سزای بەکۆمەڵ و توندوتیژانەی خەڵکی کوردی خستە ڕیزی کار و بەرنامەی خۆیەوە، کۆمەڵێک لە بەرنوێژان و ڕێبەرە ئایینییەکان داواکاری بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم بوون. پێشنیاری ئەو تاقمە ئەوەیە کە دەستوور لەڕێگەی ڕێفراندۆمێکەوە و لەژێر چاودێریی بنکە نێودەوڵەتییەکاندا ڕیفۆرمی لەسەر بکرێ. بەرنوێژان داوا لە بەرپرسانی حکومەتی دەکەن کە ڕێز بۆ خواستی جەماوەر دانێن و لەمە زیاتر نەبنە هۆی دواکەوتن و لەناوچوونی وڵات.

## ئەنجام

پەیوەندیی نێوان خەباتی ڕەگەزی و کۆکردنەوە و سازدانی ئایینی لە شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیشاندەری ئاڵۆزیی خەباتی کوردییە لە ئێران؛ خەباتێک کە پەلی بۆ دەرەوەی بازنەی بزووتنەوەیەکی تەنیا فێمێنیستی کێشاوە و بەشێوەیەکی قووڵ لەگەڵ شوناسە ئایینی و نەتەوەییەکان گرێ دراوە. دیسکۆرسی ئیسلامی سوننە – وەک هێزێکی گرنگ بەڵام زۆر جار پشتگوێخراو لە خەباتی کوردیدا- ڕۆڵێکی سەرەکیی لە ڕێکخستن و بەردەوامبوونی ئەم خەباتەدا گێڕاوە. زانایان و ڕێبەرانی ئایینیی کورد نەک تەنیا پاڵپشتیی مەعنەوی و ئەخلاقییان بۆ خۆپیشاندانەکان دابین کردووە، بەڵکو پێکهاتەیەکی ڕێکخراویان لە نەیارێتییەکان خوڵقاندووە کە دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو سەرچاوەی ئایینی و ناسیۆنالیستی. ئەم سازدانە ئایینییە، بەتایبەت لە ناوچە سوننەنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بازنە و کاریگەریی شۆڕشەکەی گواستەوە بۆ دەرەوەی سنوورە ڕەگەزییەکان. بەشداریی کەسایەتیيە ئایینییەکان –کە زۆرێکیان کەوتنە بەر شەپۆلی سەرکوتە توندەکانی حکومەت- پیشاندەری ئەوەیە کە ئیسلام هێشتا لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێگەی هەرمانی خۆی هەیە. ئامادەبوونی ئەو تاقمە تیۆرییە سێکولارەکانی خستە ژێر گومان و پرسیار کە ڕۆڵی دینیان وەک هاندەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت ئەوانەی کە داواکاری گۆڕانکاریی سیاسین، پشتگوێ دەخست. بەپێچەوانەوە، شۆڕشی ژینا ئەوەی ڕوون کردەوە کە ئایین دەتوانێ ئامرازێکی بەهێز بۆ کۆکردنەوەی هێز بێت؛ ئامرازێک کە هەم زایەڵەی هەست و هەمیش هێزی مەشرووعییەتبەخش بێت بۆ خەباتی بەربڵاوتر لە دژی سەرکوت و زەبری حکومەت.

لایەنی ئایینیی خەباتی کوردی هەروەها پیشاندەری کەلێنێکی ناوخۆیی لەنێو گرووپە ئایینییەکانی کۆمەڵگەی کوردییە. زانا ئایینییە سوننەکان ئامادەبوونێکی چالاکانەیان لە شۆڕشەکەدا هەبوو و وەک دەرفەتێک بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرکوت و هەڵاواردنی ڕەگەزی، هەروەها هەڵاواردنی سیستماتیکی ئایینی-ئەتنیکی سەیریان دەکرد کە خەڵکەکەیان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی فارسی شیعەدا لەگەڵی ڕووبەڕووە. لەبەرامبەردا، ڕێبەرانی شیعەی کورد کە زۆربەیان لە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی و ئایینی حکومەتدا توێنراونەتەوە، زۆرینە خۆیان لە شۆڕشەکە پاراست و بەدوور گرت.

سەرەڕای ئەمە، بەشداریی چالاکانەی زانایانی ئایینی کورد لە شۆڕشەکەدا گێڕانەوەی حکومەتی ئێرانی کە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی زیاتر دەگەڕاندەوە بۆ خواستە ناسیۆنالیستی و جودابیخوازانەکان تووشی ئاڵۆزییەکی زیاتر کرد. زانا ئایینییەکانی کورد بە چوارچێوەدانان لەسەر بەشداریی خۆیان لە چوارچێوەی دیسکۆرسی ئیسلامیدا، دووڕوویی و درۆی حکومەتیان ئاشکرا کرد؛ حکومەتێک کە لەلایەکەوە یەکسانیی ئایینی دەسەپێنێ و لەلایەکی دیکەیشەوە کەمینە سوننەکان سەرکوت دەکات. ئەم خەباتە دوولایەنە لە دژی هەردوو شێوازی زوڵمی ئایینی و ئەتنیکی، زایەڵەیەکە لە مێژووی دوور و درێژی خەباتی کوردی کە بەردەوام هەڵگری داواکارییە کولتووری، زمانی و سیاسییەکان بووە.

## سەرچاوە

١. دادگای باڵا حوکمی لەسێدارەدانی محەمەد خزرنەژاد، یەک لە دەستبەسەرکراوانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیی پشتڕاست کردەوە، هەنگاو، 6ی حوزەیرانی 2024، /net.hengaw//:https .33-article/2024/06/news/fa

٢. مامۆستا لوقمان ئەمینی حوکمی 11 ساڵ بەندیخانەی بەسەردا سەپێنرا، هەنگاو، 14ی حوزەیرانی 2023، 60002/archive/news/fa/net.hengaw//:https ، مامۆستا ئیبراهیم حوکمی 12 ساڵ بەندیخانەی بەسەردا سەپێنرا، هەنگاو، 14ی حوزەیرانی 2023، .hengaw//:https ٥٩٩٩٦/archive/news/fa/net ، مامۆستا ئیبراهیم سەلیمی حوکمی 3 ساڵ بەندیخانەی بەسەردا سەپێنرا، هەنگاو، ٦٣٤٠٧/archive/news/fa/net.hengaw//:https، و مامۆستا سابیر خودامورادی حوکمی 15 مانگ بەندیخانەی بەسەردا سەپێنرا، کوردپا، 29ی ئابی 2024، .\2024/08/66/news/fa/net.kurdpa//:https

٣. تارا مێحرابی، «ژن، ژیان، ئازادی: لەسەر خۆپیشاندانەکانی ئێران و ئەوەیکە بۆ بزووتنەوەیەکی فێمێنیستییە»، Kvinder, Køn und Forskning 2 (2022): 114–21, https:// doi.org/10.7146/kkf.v34i1.134480، https://doi.org/10.7146/kkf.v34i1.134480 ؛ ڕێزوان موقەدەم، "هۆکارەکانی شۆڕشی ژنان لە ئێران لە ساڵی 2022: ژن، ژیان، ئازادی"، گۆڤاری توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارەی 1 (2024)، 132-40، //:https ١٠٩٦١٨٦٠-١٥٥٢٥٨٦٤/١٠,١٢١٥/org.doi ؛ هوما بازئەفکەن، "ژن، ژیان، ئازادی: سەردەمی شۆڕشێکی نوێ لە ئێران"، ئەنستیتۆی ڤییەنا بۆ وتووێژ و هاوکاری، 2022، .www//:https iniran-era-revolutionary-new-a-freedom-life-women/detail/en/org.vidc ؛ فەرهاد

خوسرەوخاوەر، "شۆڕشی مەهسا: یەکەم بزووتنەوەی فێمێنیستی لە ئێران؟"گۆڤاری بیری ئازاد، 14 (2023): 38-11، https://doi.org/10.53895/ftj1407.

٤. فەرەنگیس قادی، "ژن، ژیان، ئازادی و پاکتاوکردنی مێژوویی کورد"، گۆڤاری نێودەوڵەتی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارەی 4 (2023): 718-23، https://doi.org/10.1017/S002074382300137X ؛ ئەحمەد محەمەدپوور، "دەنگی کۆتاییهێنان بە کۆلۆنیالیزمی ڕۆژهەڵات: هەڵاواردن و غەیرسازیی ڕەگەزی، پاکتاوی ئەتنیکی و سیاسەتەکانی ئینتەرسێکشیۆناڵیتی لە ئێران"، کۆمەڵناسیی ڕەخنەگرانە، ژمارەی 1 (2024): 106-85، https://doi.org/10.1177/08969205231176051.

٥. ڕاپۆرتی ئاماریی هەنگاو لەسەر کوژرانی لانیکەم 134 شارومەندی کورد لە درێژەی شۆڕشی ژینادا"، هەنگاو، 11ی ئازاری 2023، https://doi.org/10.1177/08969205231176051.

٦. ئەحمەد محەمەدپوور، "داهێنانی ئێران: لە ئێرانیبوونەوە بۆ فارسبوون"، توێژینەوە ئاسیاسییەکان، 2024، https://doi.org/10.1080/10357823.2024.2355110.

٧. فاتیح سەعیدی و ئەحمەد محەمەدپوور، «ناسۆینالیزەکردنی ئایین: سۆفیگەری لە جیهانی فارسیدا»، ئەتنیسیتەی ئاسیایی ١:٢٠٢٤-٢٦، https://doi.org/10.1080/14631369.2024.2410839.

٨. فاتیح سەعیدی و داوود عوسمانزادە، "دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی و سیاسەتی مەرگی ئایینی: قوربانی کردنی پیرۆزی کوردانی کافر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"، ئەتنیکەکان 2024، https://doi.org/10.1177/14687968241287204.

٩. قادری، "ژن، ژیان، ئازادی."

١٠. ئایینی ئاژاوەگێر: هێزی باوەڕ و ئیمان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا (لەندەن، ڕاتلێج، ١٩٩٦)، لاپەڕەکانی ٢-٤.

١١. هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٩ بۆ ١٣.

١٢. بڕوانە سیدنی تارۆ، هێز لە بزووتنەوەدا: بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەتە ئاڵۆزیهێنەرەکان، ئیدیتی سێیەم (کەمبریج، بەریتانیا: وەشانخانەی زانکۆی کەمبریج، ٢٠١١).

١٣. ڕێکخراوەی دەعوەت و ئیسڵاح، «لیستی ئەندامان»، IDSB یەکێتی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی جیهانی ئیسلام، https://idsb.org/en/list-member/call-and-reform-organization.

١٤. ڕاگەیێندراوی پێوەندییە گشتییەکانی جەماعەت لەسەر کۆچی دوایی خاتوو مەهسا ئەمینی، ئیسڵاح، 17ی ئەیلوولی 2022.

١٥. بڕوانە https://fa.maktabquran.com/%D9%85%D8%A9%D8%B1%D9%81%DB%8C ؛ و سەباح موفیدی، «ئایین و سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (تەرکیز لەسەر مەکتەب قورئان لە سەروبەینی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران)، گۆڤاری سیاسەت و یاسا، ژمارەی ٣ (٢٠١٥):

لاپەڕەکانی ٣٦ بۆ 50، https://doi.org/10.5539/jpl.v8n3p3.

١٦. سازمانی خەبات، "بەشی ناوخۆی سازمانی خەبات پاڵپشتی مانگرتنی گشتیی کوردستان دەکات"، سازمانی خەبات، 18ی ئەیلوولی 2022، https://www.sazmanixebat.com/kurdi/articles.php?id=5249 ؛ Yzaki، «پاڵپشتیی لە ڕاگەیێندراوی ناوەندی هاوکارییەکانی پارتە سیاسییەکانی حیزبە کوردستانییەکانی ئێران بۆ مانگرتن و دەربڕینی ناڕەزایەتی لەسەر شەهیدبوونی ژینا ئەمینی»، ١٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٢، https://yzak١٣٥٠.blogspot.com/٢٠٢٢/٠٩/blog-post_١٨.html.

١٧. حەسەن ئەمینی، "پەیامێک بۆ زانایانی ئایینی شیعە"، 27ی نۆڤێمبری 2022، https://t.me/kakhasanamini؛ ڕاگەیێندراوی بەرنوێژانی هەینی و زانایانی ئایینی شارەکانی دێگولان و قوروە»، ٢٤ی نۆڤێمبری ٢٠٢٢، https://t.me/nishteman_delsozani.

١٨. یەمامە، "کەناڵی فەرمیی تێلێگرامی یەکێتی مامۆستایانی ئایینی مەریوان و هەورامان"، 2024، https://t.me/nishteman_delsozani.

١٩. ئالان حەسەنییان، "بۆ دووەمین ساڵوگەڕی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی: سزای توندوتیژانەی بەکۆمەڵ لە ڕۆژهەڵات و هەڵکردنی تۆتالیتەر لە ئێران"، ناوەندی توێژینەوەکانی کوردستان، 2024، https://tishk.org/blog/kurdistanagora/on-the-secondanniversary-of-the-jin--ji-yanazadi-upris-ings/#:~:text=. ئەم وتارە دەپەرژێتەوە سەر سزای توندوتیژانەی بەکۆمەڵ کە پاش کوژرانی ژینا ئەمینی لە ئەیلوولی ٢٠٢٢ هاتە ئاراوە.

٢٠. کەناڵی تێلێگرامی یەمامە.

٢١. حەسەن ئەمینی، «کەناڵی فەرمیی تێلێگرامی کاک حەسەن ئەمینی»، بیستی سێپتێمبری ٢٠٢٢، https://t.me/kakhasanamini.

# ململانێی ئێران و ئیسرائیل؛

## ململانێیەک بۆ نەوت، مووشەک و دەسەڵات

## شەڕی جیۆپۆلەتیکی

ئەمبرین ئامان، فەرحان خالید، ڕۆشان ئارا

و. عەزیز ڕەئووف

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە(١) هەوڵێکە بۆ تاوتوێکردنی گرژییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە مێژە پرسێکی گرنگ بووە، کە بووەتە هۆی ململانێیەکی ناجێگیر کە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەخۆوە بینیوە. پرسی سەرەکی ناوەندی ئەم ناکۆکییە، بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانە کە لەلایەن ئیسرائیلەوە وەک مەترسییەک بۆ سەر مانەوەی ئێران تەماشا دەکرێت. ململانێی بەردەوامی نێوان ئیسرائیل و ئێران بووەتە هۆی سووڕێکی مەترسیداری گومان و کردەوەی سەربازیی. لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٥دا، گرژییەکان گەیشتە خاڵی کوڵان، کاتێک ئیسرائیل ئۆپەراسیۆنی دەستپێکرد و زیاتر لە ١٠٠ شوێنی سەربازی و ئەتۆمی لە ئێران کردە ئامانج. لە تۆڵەسەندنەوەدا، ئێران بە هێرشەکانی خۆیان کە بە ئۆپەراسیۆنی بەڵێنی ڕاستەقینەی ٣ ناسراوە، بۆ سەر شوێنە سەرەکییەکانی ئیسرائیل وەڵامی دایەوە. دۆخەکە بە خێرایی پەرەی سەند، ئەمەش بە بەشداریکردنی ئەمریکا و هێرشی ئاسمانی بۆ سەر سێ دامەزراوەی ئەتۆمی گەورەی ئێران. ململانێی ئێران و ئیسرائیل بە تێپەڕبوونی کات چۆن پەرەی سەندووە و چ هۆکارێک بووەتە هۆی ئەوەی کە لە دۆخی ئێستایدا بێت؟ پرۆژەی توێژینەوەکە بەدواداچوون بۆ گرنگیی سەرەکی گەرووی هورمز و ڕۆڵی دەستێوەردانی ئەمریکا و ئەگەری دەرئەنجامەکانی گۆڕانی ڕێژیم لە ئێران دەکات. مرۆڤ بە تێگەیشتن لەم هۆکارانە دەتوانێت تێگەیشتنێکی باشتر بەدەستبهێنێت لەوەی کە چۆن ڕەنگە لە داهاتوودا هاوکێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانی بەسەردابێت.

**وشە سەرەکییەکان: ململانێ، جیۆپۆلەتیکی ئێران، مووشەک، نەوت**

---

١. - ناونیشانی بابەتەکە بە ئینگلیزی:

The Iran-Israel Conflict: A Struggle for Oil, Missiles, and Power - The Geopolitical Battle Unfolds Vol. 11, No. 1, January–June 2025, pp.55–64 Journal of Politics and International Studies

## بەرایی

پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، ئێران و ئیسرائیل پەیوەندییەکی تاڕادەیەک دۆستانەیان هەبوو. شای ئێران، محەمەد ڕەزا پەهلەوی، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل باشبوو، پێکەوە کاریان لە بواری هەواڵگری و بازرگانیدا دەکرد. هەروەها نیگەرانییەکانیان سەبارەت بە پەرەسەندنی مەترسییەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی هاوبەشبوو. بەڵام لەگەڵ هاتنە سەردەسەڵاتی ئایەتوڵڵا خومەینی و دامەزراندنی نیزامێکی تیۆکراتیک، هەڵوێستی ئێران بەرامبەر بە ئیسرائیل بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش گۆڕا بۆ هەڵوێستی دژایەتییەکی توند. ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل پچڕاند و شەرعیەتی دەسەڵاتی خومەینی لەو وڵاتە ئیدانە کرد و خۆی لەگەڵ دۆزی فەلەستین هاوتەریب کرد. لە دوای لەشکرکێشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢، ئێران پشتیوانی سەربازیی و دارایی بۆ ئەو گرووپە چەکدارانەی کە دژی ئیسرائیل بوون پەرەپێدا (Darya & Savill, ٢٠٢٥). ئەمەش بووە هۆی دامەزراندن و پڕچەککردنی حزبوڵڵای لوبنان، وەک میلیشیایەکی شیعە کە بوو بە کاریگەرترین بریکاری ناوچەیی ئێران. بەدرێژایی ساڵان، ئێران پشتیوانی خۆی فراوانتر کرد و حەماس و جیهادی ئیسلامی فەلەستینیشی لەخۆگرت، چەک و پارە و مەشق و ڕاهێنانیان بۆ دابین کرد. ئەمڕۆ تۆڕی بە وەکالەتی ئێران مەترسییەکی بەرچاو بۆ سەر سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە دروست دەکات. کاریگەریی ئەوان لە سەرانسەری لوبنان، سووریا، غەزە و یەمەندا دەگرێتەوە و ڕێگەیان پێدەدات دەسەڵات فراوان بکەن و کارنامەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر بکەن. لە لوبنان حزبوڵڵا وەک پارتێکی سیاسی و میلیشیایەکی بەهێز مامەڵە دەکات و هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بۆ سەر سنووری باکووری ئیسرائیل دروست دەکات. ئێران چالاکانە لە چەندین ململانێدا لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشدار بووە و پاڵپشتی لە گرووپە چەکدارە جیاوازەکان کردووە بۆ فراوانکردنی نفوزی خۆی و تەحەدای ڕکابەرە ناوچەییەکانی. لە سووریا هێزەکانی ئێران پشتیوانیان لە ڕژێمی ئەسەد کردووە و ڕێڕەوی لۆجستیکی بۆ پڕچەککردنی حزبوڵڵا دامەزراندووە. لە غەزە، پاڵپشتی ئێران، حەماس و جیهادی ئیسلامی هەوڵدەدەن بتوانن هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل و ستراتیجی ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆیان بەهێزتر بکەن. لە یەمەن، ئێران هاوپەیمانییەکی بەهێزی لەگەڵ حوسییەکان پێکهێناوە و وەک بە وەکالەت بەکاریان هێناوە بۆ تێکدانی

ئاسایشی دەریایی لە دەریای سوور. ئەم تۆڕە بە وەکالەت چاو دەخاتە سەر ئیرادەی ئێران بۆ فراوانکردنی نفوزی خۆی و ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە. ململانێی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە ساڵانی ٢٠٠٠ ەوە بەردەوامە و هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بووەتە هۆی شەڕێکی شاراوەی تێکدان و هێرشی ئەلیکترۆنی و کوشتنی بە ئامانجی زانایانی ئەتۆمی. گرژییەکان لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ بە هێرشێکی سەرکردایەتی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل پەرەی سەند و شەڕی غەزە و ململانێی زیاتری ناوچەکەی لێکەوتەوە. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٥ ئیسرائیل هەڵمەتێکی گەورەی ئاسمانی دژی ئامانجەکانی ئێران دەستپێکرد، ئەمەش بووە هۆی تۆڵەسەندنەوەی خێرا بە هێرشی مووشەکی بۆ سەر خاکی ئیسرائیل. ململانێکان پەرەی سەند و بوو بە ئاڵوگۆڕی سەربازیی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردوو نەتەوەدا. قەیرانەکە گەیشتە خاڵی وەرچەرخانێکی گرنگ کاتێک ئەمریکا ڕاستەوخۆ هاتە ناو ململانێکانەوە و هێرشی ئاسمانی بە ئامانج بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئەسفەهان، فۆردۆ و نەتەنزی ئێران دەستپێکرد. گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە هەڵوێستی ستراتیژیی ململانێکان، هاوتەریب لەگەڵ ئامانجی ئیسرائیل بۆ هەڵوەشاندنەوەی ژێرخانی ئەتۆمی ئێران. سەرۆک ترامپ ئۆپەراسیۆنەکەی بە «سەرکەوتنی سەرنجڕاکێش» ڕاگەیاند و وتی کە ئەمریکا بەردەوام دەبێت تا توانای ئەتۆمی ئێران بە تەواوی هەڵدەوەشێتەوە (Rana, 2025). لێکۆڵینەوەی زیاتر ئامانجێکی گەورەتری نیشان دا کە نەک تەنیا دواخستنی بەڵکو بە ئەگەرێکی زۆرەوە خۆڕاگری ستراتیژی کۆماری ئیسلامیی لاواز بکات. هێرشە ئاسمانییەکانی ئەم دواییەی تاران بە توندی شەرمەزار کران و وەک پێشێلکردنی سەروەری ئێران و کردەوەی شەڕ سەیر کران. سەرەڕای پەرەسەندنی گوشارە نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەری دیپلۆماسی، بەرپرسانی ئێران ڕەتیانکردەوە و ڕایانگەیاند، ئەو هێرشانە هەڕەشەن بۆ سەر خودی بوونی وڵاتەکەیان. هەروەها جەختیان لەوە کردەوە کە تا ئەو کاتەی دەستدرێژی و هێرشەکان بەردەوام بن، ناتوانرێت بوار بۆ گفتوگۆ و دیپلۆماسی هەبێت. ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ ئەو باوەڕە لەمێژینەی ئێران کە دیپلۆماسییەکی مانادار لە ژێر فشاری زۆرەملێدا ناتوانرێت ڕووبدات. لە ئەنجامدا ئێران بە ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوە وەڵامی داوەتەوە، لەوانە ئەگەری داخستنی گەرووی هورمز، کە ڕێگەیەکی چارەنووسسازە بۆ هەناردەکردنی نەوتی جیهانی (Rana, 2024).

## گرنگی ستراتیژی گەرووی هورمز

یەکێک لە گرنگترین ڕێڕەوی تەسک بۆ بازرگانی دەریایی گەرووی هورمزە کە دەکەوێتە نێوان عومان و ئێران. ئەم ڕێڕەوی ئاوە کەنداوی عەرەبی بە کەنداوی عومان و دەریای عەرەبییەوە دەبەستێتەوە، قووڵایی و پانییەکی تەواو بۆ جێگیرکردنی گەورەترین کەشتییە نەوت هەڵگرەکان دابین دەکات. گرنگی ستراتیژییەکەی بەهۆی ئەو بڕە بەرچاوەی نەوت و گازی سروشتی شل (LNG) کە بەناودا دەڕوات، زەق دەبێتەوە. لە ساڵی ٢٠٢٤دا نزیکەی ٢٠ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، نەوتی خاو بەو گەرووەدا تێپەڕیوە، کە نزیکەی لەسەدا ٢٠ی خواستی جیهانی بۆ نەوت پێکدەهێنێت. لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥دا، ئەم بەرگانە تا ڕادەیەکی زۆر وەک خۆیان مانەوە، ئەمەش جەخت لەسەر ڕۆڵی بەردەوامی گەرووەکە دەکاتەوە لە دابەشکردنی وزەی جیهانیدا. هەرچەندە ململانێی سیاسی لە ناوچەکەدا بەردەوامە، بەڵام گەرووەکە بۆ هاتوچۆی دەریایی بە کراوەیی دەمێنێتەوە. بەڵام بازاڕ بە ئاسانی کاریگەری مەترسییەکانی هەستپێکراوی لەسەرە. ئەمەش لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٥دا دیاربوو کاتێک نرخی نەوتی خاوی برێنت لە ٦٩ دۆلاری ئەمریکییەوە بۆ ٧٤ دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر بەرمیلێک لە ماوەی تەنها ٢٤ کاتژمێردا بەرزبووەوە، ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی گرژییەکانی ناوچەکەوە بوو، ئەمەش گرنگیی گەرووەکە وەک نیشاندەرێک بۆ سەقامگیری بازاڕی وزە نیشان دەدات. گەرووی هورمز گرنگییەکی زۆری هەیە بەهۆی سنووردداربوونی بەدیلەکانی بژاردەیی بۆ گواستنەوەی هەناردەکردنی نەوت لە کەنداوی عەرەبیدا. هەرچەندە سعودیە و (ئیمارات) ژێرخانی بای پاسیان پەرەپێداوە، وەک هێڵی بۆری ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوای ئارامکۆی سعودیە کە بەرەو دەریای سوور دەڕوات و بۆری فوجەیرەی ئیمارات بۆ کەنداوی عومان، بەڵام ئەم ڕێگەیانە لە سنووری کارکردنیان نزیک دەبنەوە. لە ڕاستیدا لە ساڵی ٢٠٢٤دا، ڕێژەیەکی سەرسوڕهێنەر ٨٤٪ی نەوتی خاو و کۆندێنسێت و هەروەها ٨٣٪ی گاز کە بەو گەرووەدا تێدەپەڕین، بۆ بازاڕەکانی ئاسیا بوو. ئەمەش چاو دەخاتە سەر گرنگی ستراتیژی پاراستنی ڕێڕەوی دەریایی کراوە لە ڕێگەی گەرووەکەوە بۆ وڵاتانی وەک چین، هیندستان، ژاپۆن و کۆریای باشوور کە بە کۆی گشتی لەسەدا ٦٩ی ڕۆیشتنی نەوتی هورمزیان پێکهێناوە. لە کۆتاییدا گەرووی هورمز بەردەوامە لە بوون بە

کەناڵێکی چارەنووسساز بۆ بازرگانی وزەی جیهانی و شوێنێکی گەرمی جیۆپۆلەتیکی بەرچاو. هەر پچڕانێک، چ ڕاستەقینە بێت یان خەیاڵی، توانای ئەوەی هەیە کاریگەری لەسەر بازاڕە نێودەوڵەتییەکان هەبێت و گرژییەکانی نێوان زلهێزەکانی جیهان بەرز بکاتەوە .(Barden, Candace, 2024)

## ئەگەر ئێران گەرووی هورمز دابخات، بازاڕەکانی نەوتی جیهانی چ وەڵامێکیان دەبێت؟

لە کاتێکدا ئێران دەسەڵاتی یاسایی نییە بۆ داخستنی گەرووەکە، بەڵام لەوانەیە تاکتیکی وەک دەستوەردان لە کەشتییەکان، جێگیرکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان یان مووشەک، یان دانانی مین لە ئاوەکاندا بەکاربهێنێت (Hurley,& Tom, 2025).

ئەم کردەوانە هێرشەکانی حوسییەکان لە دەریای سوور بەبیر دەهێنێتەوە کە پێشتر وایکردووە کەشتییەکانی کەشتیوانی ڕێگەی جێگرەوە لە دەوروبەری ئەفریقا بگرنەبەر و لە ئەنجامدا خەرجی زیاتر و ماوەی گەشتکردنیان درێژتر بکەنەوە. بەدرێژایی مێژوو ئێران گەرووی هورمزی بەتەواوەتی داخستووە، تاکتیکی وەک دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکان و دروستکردنی پەککەوتنی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی کاریگەری سیاسیی هەبێت، بەتایبەتی لە کاتی سزاکان یان گرژییە ناوچەییەکان. لە حاڵەتەکانی ڕابردوودا هێزەکانی ئێران کۆنترۆڵی ئەو کەشتیانەی پەیوەست بە وڵاتانی وەک ئیسرائیل، ئەمریکا، بەریتانیا و یۆنانیان کردووە و زۆرجار پاساوی یاسایی جێی پرسیاریان بەکارهێناوە. گەمارۆدانی تەواوەتی گەرووەکە نەک تەنها تۆڵەسەندنەوەی سەربازیی و بەتایبەتی لەلایەن کەشتییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانییە دەریاییەکانی دیکەوە ورووژێنێت، بەڵکو کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووری ئێران خۆی دەبێت، چونکە وڵاتەکە بۆ هەناردەکردنی نەوت بۆ کڕیارە سەرەکییەکەی، چین، بەشێوەیەکی زۆر پشت بەو گەرووە دەبەستێت، کە لەڕووی دیپلۆماسیشەوە چارەنووسسازە. دەوڵەتانی کەنداو کە بریتین لە سعودیە و ئیمارات توانای بۆرییەکانیان سنووردارە بۆ تێپەڕاندنی گەرووی هورمز، لەکاتێکدا عێراق، کوەیت، قەتەر و بەحرەین بە تەواوی وابەستەی ئەو گەرووەن . (Chehayeb, 2023) ئەمەش وا دەکات ئەم وڵاتانە ڕووبەڕووی هەر جۆرە پەککەوتنێکی ڕۆیشتنی نەوت لە گەرووەکەوە ببنەوە. بەو

پێیەی زۆربەی ئەو نەوتەی کە بەو گەرووەدا تێدەپەڕێت، بەرەو بازاڕەکانی ئاسیا دەڕوات، هەر پچڕانێک کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئابوورییەکانی ناوچەکە دەبێت. دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل بۆ ڕێککەوتنی ئاگربەست بێ گومان موزایەدەی ستراتیژی لەخۆدەگرێت، بەتایبەتی لە دەوروبەری گەرووی هورمز (Minhas, et al., 2024). وەک خاڵێکی گرنگی خنکاندنی وزە، گەرووەکە بەرپرسە لە بەشێکی بەرچاو لە هەناردەکردنی نەوت و گاز لە جیهاندا. کۆنترۆڵکردنی ئێران بەسەر ئەم ڕێڕەوی ئاوییەدا، هێزێکی سیاسی بەرچاوی پێدەبەخشێت، بەتایبەتی کە ڕووبەڕووی سزای ئابووری و فشاری سەربازیی دەبێتەوە. ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە کۆنترۆڵی خۆی بەسەر گەرووەکەدا، دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەکتەرەکانی ڕۆژئاوا و ناوچەیی هەبێت بۆ قبوڵکردنی مەرجی ئاگربەستی بەسوودتر، هەڵگرتنی سزاکان، یان باشترکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان. لە کاتێکدا بەکارهێنانی ئەم تاکتیکە ڕەنگە سوودی کورتخایەن بەدەستبهێنێت، بەڵام توانای زیانگەیاندن بە هاوبەشییە گرنگەکانیش هەیە، وەک لەگەڵ چین کە زۆر پشت بە وزەی کەنداو دەبەستن. هەروەها ڕەنگە ببێتە هۆی ململانێی سەربازیی لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، کە ئازادی کەشتیوانی وەک پرسێکی چارەنووسساز دەزانن. لە ئەنجامدا، بەکارهێنانی گەرووی هورمز لە دانوستانەکانی ئاگربەستدا مەترسی ستراتیژی و ئابووری بەرچاوی بۆ ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی بە گشتی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت (Lee, 2025).

## ڕکابەری ئەتۆمی و شەڕی بە وەکالەت

دینامیکی ناوازەی ململانێی ئێران و ئیسرائیل لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئیسرائیل لە ئێستادا تاکە وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە توانای ئەتۆمی هەیە. ئیسڕائیل بۆ پاراستنی ئەم قازانجەیە هەوڵدەدات تەماحە ئەتۆمییەکانی ئێران پووچەڵ بکاتەوە و هەژموونی ناوچەیی خۆی فراوان بکات. ئەمەش بووەتە هۆی ناهاوسەنگی، ئیسرائیل دەسەڵاتی بەرچاوی بەدەستەوەیە و ئێران هەستی بە ناچاری کردووە توانا سەربازییەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هاوسەنگی بەهێز بکات (Atlan-tic, 2025). ستراتیژی ئێران بریتییە لە: فراوانکردنی توانای سەربازی و پەرەپێدانی توانا ئەتۆمییەکان و بەهێزکردنی هێزە ئاساییەکانی. دامەزراندنی قووڵایی ستراتیژی

بنیاتنانی هاوپەیمانی و ئامادەبوون لە لوبنان (حزبوڵڵا)، پاڵپشتیکردنی فەلەستینییەکان و تێوەگلانی سەربازی لە سووریا. ئەمەش شەڕی ناهاوسەنگە بە بەکارهێنانی هێزی بە وەکالەت بۆ تەحەدای ئیسرائیل بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ. کردەوەکانی ئێران بەهۆی خواستی گەیشتنە بە هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا، بە لەبەرچاوگرتنی قۆرخکاری ئەتۆمی ئیسرائیل (Reuters, June 24, 2025).

## کاریگەری ڕێکخستنە ناوچەییەکان و دەرئەنجامەکانی

دەرئەنجامەکانی کردەوە سەربازییەکانی ئێران کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەتی سووریا و ئوردن دەبێت. حکومەتی سووریا کە بەهۆی درێژخایەنی ململانێی مەدەنییەوە لاواز بووە و زۆر پشتی بە هاوکارییەکانی ئێران بەستووە، خۆی لە دۆخێکی ناجێگیردا دەبینێتەوە. ناچارە ئەولەویەتە ستراتیژییەکانی ئێران لەخۆبگرێت و لە هەمان کاتدا هەوڵبدات بۆ دوورکەوتنەوە لە توندکردنەوەی ئاستی لاوازی خۆی بەرامبەر بە هێرشی زیاتری ئیسرائیل. ئەم سیناریۆ ئاڵۆزە ڕەنگە پێویستی بە هەڵسەنگاندنەوەی هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ ئێران لەلایەن سووریاوە هەبێت، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی ئەو مەترسییانەی پەیوەستن بە بوون بە شانۆیەک بۆ ململانێکانی ئێران و ئیسرائیل. لە چوارچێوەیەکی هاوتەریبدا، ڕۆڵی ئوردن وەکو پارێزەرێکی هێڵی پێشەوە بۆ پشتگیریکردن لە ئیسرائیل ڕەنگە دەرفەتی ئەوەی پێبدات کە هەڵوێستی خۆی لە بابەتە دوولایەنەکاندا بەکاربهێنێت، لەوانەش دانوستانەکانی تایبەت بە غەززە، بەمەش پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا بە ئەگەرێکی زۆرەوە دابڕێژێت.

## وێنەی سەرهەڵدانی ئێران لە وڵاتانی ئیسلامی

کردەوە سەربازییەکانی ئێران لە نێوان ململانێی غەززەدا پێدەچێت پێگەی خۆی لە نێوان پێکهاتە ئیسلامییەکان بەرز بکاتەوە و وەک داکۆکیکارێکی بەهێزی مافەکانی فەلەستین لە دژی دەستدرێژییە هەستپێکراوەکانی ئیسرائیل پێگەی خۆی دابنێت. لە کاتێکدا سعودیە چاکسازییە ناوخۆییەکان و پەیوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە پێشینەی کارەکانیدایە و ئوردنیش پەیوەندییە ئەمنییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل دەپارێزێت، ئێران

دەرفەتەکە دەقۆزێتەوە بۆ پاڵپشتیکردنی دۆزی فەلەستین. ئێران بە گرتنەبەری هەڵوێستی بەهێز ئامانجی بەرزکردنەوەی هێزی نەرم و تەحەدای نفوزی سعودیەیە. ڕەنگە هەڵوێستی جەختکردنەوە پشتیوانی ئەو کەسانە ڕابکێشێت کە مافەکانی فەلەستین لە پێشینەدان، بە ئەگەرێکی زۆرەوە داینامیکی دەسەڵاتی ناوچەیی و هاوپەیمانییەکان لە قاڵب بداتەوە. بۆ ئەمەش کردەوەکانی ئێران دەتوانێت وەک دەنگێکی پێشەنگ لەم پرسە گرینگەدا جێگیر بێت (Mahmoudian, 2024).

داهاتووی وەبەرهێنانەکانی کەنداو: دەرئەنجامەکانی وەستانی ئێران و ئیسرائیل

سەفا ئەلکۆگەلی، بەڕێوەبەری وڵاتەکانی بانکی نێودەوڵەتی بۆ ناوچەی کەنداو پێشبینی دەکات کە لە نیوەی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥دا وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە ناوچەی کەنداو کەم ببێتەوە بەهۆی زیادبوونی گرژییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل. هێرشە سەربازییەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا بۆ سەر شوێنە ئەتۆمییەکانی ئێران لە ٢٢ی حوزەیران، نادڵنیایی ناوچەکەی زیاتر کردووە و وەبەرهێنەران وایکردووە ڕێبازێکی وریاتر بگرنەبەر. لە کاتێکدا ئاستی FDI لە سەرانسەری GCC جیاوازە، ئیمارات لە ساڵی ٢٠٢٤دا بە ڕێژەی ٤٨٪ زیادبوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و ٤٥,٥ ملیار دۆلاری بۆ خۆی ڕاکێشاوە. لە لایەکی دیکەوە، سعودیە، بەحرەین، کوەیت و قەتەر دابەزینیان بەخۆوە بینی، عومان تاکە جیاکارییە بەهۆی بەڕێوەبردنی دارایی دروست و هەوڵەکانیان بۆ هەمەچەشنکردنی. بە گوتەی ئەلکۆگالی، پێوانەکردنی وردی کاریگەرییە ئابوورییە تەواوەکانی ململانێکان لە ناوچەکەدا جێگەی تەحەدایە. بەڵام هۆشداریدا لە لێکەوتەکان لەسەر پیشەسازییە جیاوازەکان بەهۆی زیادبوونی تێچووی کاڵا و کەشتیوانیەوەیە، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە هەڵاوسان ڕووبدات. هەروەها کەرتی گەشتیاری کە بەشدارێکی سەرەکییە لە بەرهەمی ناوخۆییدا، ڕەنگە زیانیان پێ بگات، چونکە گەشتیاران خۆیان لە ناوچە ناسەقامگیرەکان بەدوور دەگرن. لە کاتێکدا کە ڕەنگە سوودی بۆ وڵاتانی کەنداو هەبێت ئەگەر نرخی نەوت لە بەرزبوونەوە بەردەوام بێت، بەڵام ئەلکۆگالی جەختی لە گرنگی هەمەچەشنکردنی ئابووری بۆ خۆڕاگری بەردەوام کردەوە. وڵاتانی وەک ئیمارات کە گرنگییەکی بەهێزیان لەسەر کەرتەکانی غەیرە نەوت هەیە، لە دۆخێکی باشتردان بۆ بەرگەگرتنی شۆکی دەرەکی. بانکی نێودەوڵەتی داوا لە وڵاتانی کەنداو دەکات داهاتی نەوتی خۆیان لەو کەرتانەدا

وەبەربهێنن کە توانای ڕەخساندنی هەلی کاریان زۆرە، بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی گەشەی ئابووری درێژخایەن. سەرەڕای پێشینەی هەرێم لە وەڵامدانەوەی کاریگەرانە بۆ قەیرانەکان لە ڕێگەی سیاسەتە داراییەکانەوە، ئەلکۆگالی هۆشداریدا لەوەی کە ڕێبازێکی تەرکیزکراوتر و کاریگەرتر بۆ وەبەرهێنان پێویستە بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی مەترسییە بەردەوامەکان تێپەڕێنرێت.

## سیناریۆی ئەگەری ململانێ و کاریگەرییەکانیان لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان: (سیناریۆکانی گۆڕینی دەسەڵات و گۆڕینی ڕژێم)

هەرچەندە لە ئێستادا ئاگربەست لە ئارادایە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی ململانێی ئێران و ئیسرائیل، واتە بەدواداچوونی ئێران بۆ توانا ئەتۆمییەکان و پابەندبوونی ئیسرائیل بە ڕێگریکردن لێیان، هێشتا چارەسەرنەکراون. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەگەری زۆرە ئەو ململانێیە لە داهاتوودا بەردەوام بێت یان فۆڕمی نوێ وەربگرێت. ئەگەر عەلی خامنەیی ڕێبەری مەزنی ئینقلابی ئیسلامی تیرۆر بکرێت، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دیمەنی سیاسی ئێران دەبێت، چ لە ناوخۆ و چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پێدەچێت دوای ئەوە بە ناسەقامگیری سیاسی و حکومەتێکی بێهێزتر تایبەتمەند بێت، کە قەیرانی شەرعیەتی ئێستای ئێران توندتر دەکات و نادڵنیایی لە دەوری پلانی جێنشینی ڕێژیم دروست دەکات (BBC, June 23, 2025). ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی نائارامی مەدەنی بەرفراوان، چونکە لایەنە کێبڕکێکارەکانی ناو نوخبەی سیاسی و ئایینی، بەتایبەتی توندڕەوەکان، کێبڕکێ لەسەر دەسەڵات و کاریگەری دەکەن لە پرۆسەی جێنشینی پشێو و کێبڕکێکاردا. ئەگەر گرژییە بەردەوامەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بەردەوام بێت، ئەگەری ئەوە هەیە کە سوپای پاسداران لە ناو ڕیزەکانی خۆیدا تووشی ناکۆکی و ململانێ ببێت. دەکرێت نادڵنیایی و ناسەقامگیری زیاتر لەناو وڵاتدا دروست بکات. سەرەڕای ئەوەش، بازاڕە جیهانییەکان، بەتایبەتی لە کەرتی وزەدا، ڕەنگە تووشی ناجێگیری ببن، چونکە پێشبینی پچڕان دەکەن بۆ ڕۆیشتنی نەوت و گاز لە ناوچەکەوە. دوای ڕووداوێکی گەورە، ئەگەری دوو دەرئەنجام هەیە. یەکەمیان ئەگەر ڕژێم بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و پلانی گواستنەوەی دەسەڵات دابڕێژێت، لەوانەیە کەسێکی وەک موجتەبا خامنەیی کوڕی ڕێبەری مەزنی ئێران وەک کەسێکی توندڕەو

دەستنیشان بکات. پێدەچێت ئەمەش ببێتە هۆی زیادبوونی پاوانخوازی و کۆنترۆڵی ناوخۆیی و هەروەها سیاسەتێکی دەرەکی شەڕانگێزتر لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە هێزە بە وەکالەتەکانی ئێران. لە کاتێکدا کە پێکهاتە بنەڕەتییەکەی حکومەت نەگۆڕا، بەڵام ڕژیم زیاتر جەختی لەسەر ئاسایش و بەکارهێنانی هێز بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی لەناو وڵات و ڕاگرتنی هەڕەشە دەرەکییەکان دەکردەوە. یانیش ئەگەر ڕژێمی ئێستای ئێران بڕووخێت، دەتوانێ ماوەیەکی درێژخایەنی ئاژاوەی ناوخۆی لێبکەوێتەوە. بەبێ جێنشینێکی ڕوون و شەرعی، بۆشایی دەسەڵات دەتوانێت دۆخێکی هاوشێوەی ئەو ناسەقامگیرییە دروست بکات کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراقدا بینرا. ئەمەش دەتوانێت کاریگەریی لە ناوچەکەدا هەبێت و ئەگەری هەیە ببێتە هۆی ململانێی سەربازی، کردەوەی پێشبینینەکراو و ئەگەری گۆڕانکاری سیستماتیکی لە پێکهاتەی سیاسی ئێراندا. سیناریۆیەکی لەم شێوەیە ژینگەیەکی زۆر ناجێگیر و ناسەقامگیر دروست دەکات، کە لێکەوتەی بەرچاو بۆ ئاسایشی ناوچەکە و بازاڕەکانی وزەی جیهانی و هۆکارە سیاسی و جوگرافییەکان کە دیمەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قاڵب بدەن. بێ گوێدانە بەردەوامی یان داڕمان، تیرۆرکردنی ڕێبەری مەزنی ئێران کۆتایی سەردەمێک و سەرەتای قۆناغێکی پڕ لە گێژاو و نادیار لە مێژووی ناوچەکەدا دەردەخات (Uberti &Costas ,2025).

## ستراتیژییە دیپلۆماسی و سەربازییە ئەگەرییەکان

ئاگربەست لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥ بە نێوەندگیری ئەمریکا ڕاگەیەندرا، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ وەستاندنی ململانێی بەردەوامی نێوان ئێران و ئیسرائیل. ئەو پلانە کە سەرۆک ترامپ لە پلاتفۆرمی تایبەتی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرای کرد، ڕێبازێکی قۆناغ بە قۆناغی لەخۆگرتبوو کە بە وەستانی ١٢ کاتژمێر لەلایەن ئێرانەوە دەستپێیکرد، دواتر ئیسرائیل بۆ ماوەی ١٢ کاتژمێر وەستا. پاشان ئەمەش کۆتاییەکی فەرمی بە دوژمنایەتییەکان بەدوای خۆیدا هێنا. ڕێکەوتنەکە ڕێگەی بە هەردوولا دا کە ئەرکە سەربازییە بەردەوامەکان ئەنجام بدەن و داوایان لێکرد لە ماوەی پەنجەرە دیاریکراوەکاندا بە ئاشتی و ڕێزەوە بمێننەوە. لە کاتێکدا ئیسرائیل ڕایگەیاند کە ئامانجەکانی گەیشتووە، ئێران تەنیا بە مەرج پابەند بوو و هۆشداری دا کە خۆگرتنیان پەیوەستە بە کردەوەکانی ئیسرائیلەوە. لە ئەنجامدا دۆخێکی نائارامی خۆگرتن، پشت

بەستن بە ڕێگریکردن لە یەکتر و چاودێری دەرەکی (Seddon & Gabriela, 2025). جگە لەوەش، لە ٢٣ی حوزەیران، ئێران ١٤ مووشەکی بالیستی بەرەو بنکەی ئاسمانی ئەلعودەیدی ئەمریکی لە قەتەر هەڵدا، بەڵام بەهۆی سەرکەوتنی ڕێگریکردن، تەنها یەکێکیان توانی ئامانج بپێکێت. هێرشەکە کە وادیارە پێشتر ڕاگەیەندرابوو، بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەمزی بوو و خزمەتی بە نیشاندانی هێز و نفوزی ئێران لە ناوچەکەدا دەکرد بەبێ ئەوەی گرژییەکان زیاتر پەرە پێبدەن. لە هەمان کاتدا دەسەڵاتدارانی ئێران هەڕەشەکانیان بۆ داخستنی گەرووی هورمز دووپاتکردەوە، ئەمەش بووە هۆی پەککەوتنی کورت لە بازاڕی نەوتدا و توانای خۆیان بۆ بەکارهێنانی خاڵە ئابوورییە ستراتیژییەکان وەک ئیستفزازی نیشاندا. بۆ پاراستنی ئاشتی پێویست دەبێت هەوڵەکانی نێوەندگیری بەردەوام بن و ئامادەیی سەربازی بەهێز بپارێزرێت. ئەمریکا بە کەڵک وەرگرتن لە کاریگەرییە دیپلۆماسییەکان و توانا سەربازییەکانی ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە سەپاندنی ئاگربەستەکەدا بینیوە. هەروەها قەتەر ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ئاسانکاری پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل و دڵنیابوون لە پاراستنی پابەندبوون. کەشتی پێنجەمی هێزی دەریایی ئەمریکا و بنکەی ئاسمانی ئەلعودەید کە هەردووکیان لە بەحرەین جێگیرکراون، وەکو ڕێگرییەکی گرنگ کاردەکەن، تەنانەت لە وەڵامی بەرزبوونەوەی گرژییەکان جێگیرکراون (Roomi, 2023). لە ئەنجامدا، فەیلەقی سوپای پاسدارانی ئێران و گرووپە بە وەکالەتەکانی سەر بە خۆیان لە لوبنان، سووریا، غەزە و عێراق خۆیان لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە بەرفراوانەکان بەدوور گرتووە، دوای ئەو تیرۆرانەی ئەم دواییە لەلایەن ئیسرائیلەوە ئەنجامدراون. یاخیبووانی حوسییەکانی یەمەن بە پاڵپشتی ئێران، بەردەوامن لە هێرشی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ سەر ئیسرائیل و کەشتییە نێودەوڵەتییەکان لە دەریای سوور. هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل لە ئامادەباشییەکی بەرزدا ماونەتەوە و ئەگەر ئاگربەستەکە لەرزۆک بێت ئامادەن کاربکەن. هاوسەنگییەک لە ڕێگەی تێکەڵەیەک لە دۆخی سەربازی، هەوڵەکانی نێوەندگیری ناوچەیی و فشاری دیپلۆماسی دەپارێزرێت. هاوسەنگیەکە پشت بە دوورکەوتنەوە لە هەنگاوە هەڵەکان دەبەستێت کە دەتوانێت ئاگربەستەکە ببەزێندرێت و دوژمنایەتییەکان لە دەرەوەی کۆنترۆڵ زیاتر بکات. دۆخەکە هێشتا ناجێگیرە، لەگەڵ گرژییە بەردەوامەکان و ئەگەری نوێبوونەوەی ململانێ (Saleh & kalin, 2025).

## کاریگەرییەکانی

لە کاتێکدا تا ئێستا شەڕێکی گەورە لە نێوان ئێران و ئیسرائیل ڕووی نەداوە، بەڵام کردەوەکانی ئێران کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیرکردنەوەی ستراتیژی ئیسرائیل داناوە. لە ئەنجامدا ئیسرائیل دوکتۆرینی MABAM ی خۆی جێبەجێ کردووە و تاکتیکەکانی هێزی ئاسمانی نوێ کردووەتەوە. بەگوێرەی سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکانی ئیسرائیل، تاکتیکی هێرشکردنیان لە سووریا لە ساڵی ٢٠٢٢ دەستکاری کراوە بۆ بەرپەرچدانەوەی زیادبوونی مەترسییەکانی بەرگرییە ئاسمانییەکانی ئێران. بەکارهێنانی پێکهاتەی گەورەتر لەخۆدەگرێت بۆ لێدانی چەندین ئامانج لە یەک کاتدا، ئەمەش نەک تەنها پەنجەرەی مەترسی کەمدەکاتەوە بەڵکو ڕێگە بە پشتیوانی باشتری یەکتر و هۆشداریدان لە بەرامبەر بەرگرییە ئاسمانییەکان دەدات. هەروەها یارمەتیدەرە لە پشتڕاستکردنەوەی ئامانجەکان و هەڵسەنگاندنی سەرکەوتنی ئەرکەکانی بۆردومانکردن. هەرچەندە گۆڕانکارییەکانی تێز و تاکتیکەکان تا ئێستا سەرکەوتوو بوون، بەڵام ئێستا سەرکردە سیاسییەکانی ئیسرائیل دەبێ ڕەوتی فراوانتر بەرەو ژینگەیەکی کێبڕکێکارتر لەبەرچاو بگرن (Dryden,2023). ئەگەری کوژرانی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل لە سووریا ڕەنگە ئیرادەی سیاسی بۆ درێژەدان بە هێرشەکانی مابام لاواز بکات. لە کاتێکدا ئیسرائیل دەتوانێت تواناکانی خۆی بۆ سەرکوتکردنی بەرگری ئاسمانی دوژمن بەرز بکاتەوە، بەڵام ئەمە تەنها چارەسەرێکی بەشەکییە. بڕیاری قوورستر بۆ سەرکردەکانی ئیسرائیل ئەوەیە کە ئایا لەدەستدانی وردەوردەی ئازادی مانۆڕ بۆ هێزی ئاسمانی نێودەوڵەتی پێویستی بە پەرەسەندن هەیە بۆ گەڕاندنەوەی هەژموونی ئاسمانی ئیسرائیل. ئەگەر ئیسرائیل هەڵبیژێرێت کە بەسەر سووریادا نەفڕێتەوە، دەبێت لە دەرئەنجامەکانی ڕێگریکردنەکەیان تێبگات. ئەگەر ئێران بتوانێت ئازادی مانۆڕی هێزی ئاسمانی نێودەوڵەتی لە شام سنووردار بکات، ئەوە شتێکی مەعقولە کە گریمانە بکەین کە دەتوانن ڕێگری لە هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیلیش بکەن لە ئێران (Farnaz, Ronen & Eric, 2022).

## پێشبینی ململانێکان: ئێران، ئیسرائیل و داهاتووی جەنگ

هەرچەندە ئێران و ئیسرائیل خاوەنی توانای سەربازیی ناهاوسەنگن، بەڵام هەردوو نەتەوە دەتوانن هێرشی سنووردار بۆ سەر خاکە سەروەرییەکانی یەکتر ئەنجام بدەن؛ بەڵام توانای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئاسایی درێژخایەنیان نییە. دینامیکی سیاسی ناوخۆیی، هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان، سنووردارکردنی سەرچاوەکان و ئاڵنگاری لۆجستی وەک بەربەستێک بۆ پەرەسەندن بۆ هەردوو لایەنەکە دەبن. سەرەڕای ئەوەش، ئەم سنووردارکردنانە ڕێگری لە هیچ لایەنێک ناکەن لە هەستکردن بە لێدانی ئاسایی دژی خاک و سەروەت و سامانە سەروەرەکان وەک بەشێک لە چوارچێوەی پەرەسەندنی ململانێی بەردەوامیان. هەردوولا پاڵنەریان هەیە بۆ بەردەوامبوونی ململانێی ژێر ئاست؛ بەڵام ڕەنگە ئەم دۆخە پەرە بسێنێت. ئەگەر ئیسرائیل بڕیار بدات، وەک ئەوەی ئەگەری هەیە، تواناکانی حزبوڵڵا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکاتەوە، ئەوە ئاڵۆزییەکی بۆ تاران دەخاتە ڕوو: توانای لاوازکردنی هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ حزبوڵڵادا نییە، هەروەها ناتوانێت بە شێوەیەک وەڵام بداتەوە کە ڕەنگە ئیسرائیل بوروژێنێت بۆ پەرەسەندنێکی ئەگەری کارەساتبار. ئەگەر ئێران بەبێ دەستەبەرکردنی پشتیوانییەکی بەرچاو لە ئەکتەرێکی دیکەی سەرەکی دەوڵەتەوە پەرەسەندن هەڵبژێرێت، ئەوا توانای بەشداریکردنی لە شەڕێکی تەواو دژی ئیسرائیل بەهۆی توانا سەربازییەکان و ئامانجە ستراتیژییەکانیەوە سنووردار دەمێنێتەوە (McKenzie, 2024).

## پێشنیارە سەرەکییەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێی داهاتوو

لێدانەکانی ئەم دواییەی ئێران گۆڕانکارییەکی گەورە لە ستراتیجی سەربازی خۆیان نیشان دەدات و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەوان ئامادەن بوێرانەتر و بێباکانەتر لەوەی پێشتر بیریان لێدەکرایەوە مامەڵە بکەن. ئەوە پەرەسەندنی باوەڕیان بە هێزی سەربازی خۆیان و ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە ڕووبەڕووبوونەوەکان نیشان دەدات، کە دەتوانێت گرژییەکان لە ناوچەکەدا پەرەپێبدەن. لە ئەنجامدا پێویستە لایەنە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان هەڵسەنگاندن

بۆ ڕێبازە دیپلۆماسی و سەربازییەکانیان بکەنەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر مامەڵە لەگەڵ کردەوە پێشبینی نەکراوەکاندا بکەن. بۆ بەرگرتن لە ئەگەری ململانێی نێوان ئێران و ئیسرائیل، پێشنیار دەکرێت دانوستانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ چارەسەرکردنی پرسە گرنگەکانی وەک بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و نیگەرانییەکانی ئاسایشی ناوچەکە ئەنجام بدرێت. سەرەڕای ئەوەش، جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی دروستکردنی متمانە وەک دامەزراندنی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن یان کەمکردنەوەی چالاکییە سەربازییەکان دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە باشترکردنی پەیوەندییەکان. هەروەها پێویستە گفتوگۆی ناوچەیی کە هەموو لایەنەکان تێیدا بەشدارن، بە ئێران و ئیسرائیلەوە، هان بدرێت بۆ چارەسەرکردنی نیگەرانییە ئەمنییە هاوبەشەکان. هەروەها دەتوانرێت هاندانەکان بۆ هاوکاری ئابووری وەک ڕێگەیەک بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان بکۆڵرێتەوە. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یان ناوبژیوانەکان دەتوانن ڕۆڵ بگێڕن لە ئاسانکاری گفتوگۆ و پێشکەشکردنی پشتیوانی بەرچاو. جگە لەوەش دەتوانرێت سزا ئابوورییەکان بەکاربهێنرێت بۆ فشارخستنە سەر هەردوو وڵات بۆ ئەوەی بەدوای چارەسەری ئاشتیانەدا بگەڕێن. جگە لەوەش زۆر گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەشەوە بەشداری خۆیان لە ناوچەکەدا زیاتر بکەن بۆ ئەوەی ڕێگری لە هەر پەرەسەندنێکی زیاتری توندوتیژی بکەن. پاراستنی دیالۆگ و کەناڵەکانی پەیوەندی کراوە لە نێوان هەردوو وڵاتدا زۆر گرنگە و چارەسەرکردنی هۆکارە بنەڕەتییەکانی ململانێکە دەبێت لە پێشینەی کارەکان بێت. سەرەڕای ئەوەش، پێویستە هەوڵەکان بەرەو داماڵینی چەک و کەمکردنەوەی میلیتاریزەکردن لە ناوچەکەدا لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هانبدرێن و پشتیوانییان لێبکرێت.

# ئەنجام

ململانێی بەردەوامی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە تەرکیزکردنی تەنیا بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانەوە پەرەی سەندووە و بۆ لەخۆگرتنی مەودای بەرفراوانتر لە بابەتەکانی وەک ستراتیژی سەربازی، جیاوازیی ئایدیۆلۆژی، نیگەرانییەکانی ئاسایشی ناوچەکە و بەرژەوەندییە ئابوورییە جیهانییەکان فراوانبوونی بەخۆوە بینیوە. ئەم قەیرانە فرەلایەنە بووەتە هۆی شەڕی بە وەکالەت و بەشداری ڕاستەوخۆی سەربازی و بەرزبوونەوەی گرژییەکان لە ناوچە سەرەکییەکانی وەک گەرووی هورمز. وەک ڕێڕەوێکی گرنگ بۆ دابینکردنی وزەی جیهانی، هەر پچڕانێک یان داخستنی ئەم ڕێڕەوی ئاوییە گرنگە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بازاڕەکان و ئاسایشی دەریایی هەیە، بەتایبەتی بۆ ئابووریی ئاسیا کە زۆر پشت بە هاوردەکردنی وزە دەبەستن. بەشداری گەلانی کاریگەر، بە تایبەتی ئەمریکا، وەک بەربەستێکی زیادە لە چارەسەرکردنی ململانێی بەردەوامدا دروستکردووە. هەرچەندە ڕێککەوتن لەسەر ئاگربەستی ئێستا کراوە، بەڵام تەنها چارەسەرێکی کاتییە، چونکە گرژییە بنەڕەتییەکان و بەرژەوەندییە ناکۆکەکان بەردەوامن. چارەنووسی هەرێم پشت بە سەرکەوتنی هەوڵە دیپلۆماسییەکان و خۆگرتنی ستراتیژی لە تێپەڕاندنی ئەجێندا توندڕەوەکان و میلیتاریزمی کاردانەوە دەبەستێت. گێژاوی ناوخۆیی و دابڕانی نێودەوڵەتی ئێران و نیگەرانییە ئەمنییەکانی ئیسرائیل، ئەگەری پەرەسەندنی زیاتر وەک نیگەرانییەکی گەورە بەجێدەهێڵێت.

قەیرانەکە وەک بیرخستنەوەیەک بۆ وڵاتانی کەنداو و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەولەویەت بە وەبەرهێنان لە سەقامگیری ناوچەکە و هەمەچەشنکردنی سەرچاوە وزە و ئامادەکاری بۆ دیمەنێکی جیهانی پێشبینینەکراوتر بەخۆوە دەبینێت. تەمەنی درێژخایەنی ئاگربەستەکە پشت بە دیپلۆماسیەتی بەردەوام و ڕێگریکردنی یەکتر و کۆنترۆڵکردنی هێز و ئەکتەری بە وەکالەت دەبەستێت، چونکە دەرئەنجامەکانی شکستەکە زۆرن. بەڵام بێمتمانەیی قووڵی نێوان ئێران و ئیسرائیل و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا وا دەکات پێشبینیکردنی دەرئەنجامی ئەم وەستانە کاتییە یان داهاتووی ئەم ململانێ ناجێگیرە کارێکی قوورس بێت.

# سەرچاوە:

al-batati, Saleh, and Stephen Kalin, "Israel-Iran Conflict: Trump Pressures Both Sides for Cease-Fire," The Wall Street Journal, June 22, 2025.

Dolzikova, Darya & Savill, Matthew, "Operation Rising Lion: The First 72 Hours," Rusi.org, 2025.

Nejad, Rana. 2025. "Iran and Israel's Covert Pragmatic Friendship," New Lines Magazine, January 29, 2025, https://newlinesmag.com /argument/iran-and-israels -cover t -pragmatic- friendship/.

Fasshi, Farnaz, Bergman, Ronen & Schmitt, Eric "Iran's Attack was Response to Secret Israeli Attack on Drone Site," New York Times, March 16, 2022, https://www.nytimes.com/.

Ayad, Christophe, "Hezbollah's Four Decades of War with Israel," Le Monde, October,2024.

Chehayeb, Kareem, "How Lebanon's Hezbollah Group Became a Critical Player in the Israel-Hamas War," AP News, November 7, 2023. https://apnews.com/article/hezbollah-israel-hamas-war-lebanon-iran- 493e9290bc796fd90a9220bab229cd37.

Dryden,Joshua,(2023). Iran, israel, and the struggle for the skies over the middle east, æther: A journal of strategic airpower & spacepower, vol. 2, no. 1, spring 2023.

Roomi, F. The Iran-Israel Conflict: An Ultra-Ideological Explanation.

Middle East Policy.2023;1-16.https://doi.org/10.1111/mepo.12687.

"Four Questions (and Expert Answers) about Iran's Threats to Close the Strait of Hormuz," Atlantic Council, June 23, 2025.

Hurley, James, Emily Gosden, and Tom Saunders, "Oil Majors Fear Threat of Iran Blocking Strait of Hormuz," The Times, June 23, 2025.

Barden, Justine, and Candace Dunn, "Amid Regional Conflict, the Strait of Hormuz Remains Critical Oil Chokepoint – U.S. Energy Information Ad-

ministration (EIA)," EIA, 2024.

Lee, Julian, "What Happens to Global Oil If Iran Tries to Close Strait of Hormuz?," Australian Financial Review, June 23, 2025, https://www.afr.com/world/middle-east/what-happens-to-global-oil-if- iran-tries-to-close-strait-of-hormuz-20250623-p5m9ob.

Minhas, Saeed Ahmed, Shujahi, Konami Farhat & Saeed, Shanzy. Analytical Appraisal of the 2024 Iran-Israel Conflict and Chances of Global Escalation, Journal of Law and Social Sciences-University of Turbat, 2 (2), 97-115, 2024

"Netanyahu Says Israel Has Agreed to Trump's Proposal for Ceasefire with Iran," Reuters, June 24, 2025, https://www.reuters.com/world/middle-east/netanyahu-says-israel-has-agreed-trumps-proposal-ceasefire-with-iran-2025-06-24/.

Seddon, Sean, and Gabriela Pomeroy, "What We Know about Iran's Attack on US Base in Qatar," BBC, June 23, 2025, https://www.bbc.com/news/articles/cdjxdgjpd48o.

Uberti, David, and Costas Paris, "The Strait of Hormuz: The 6 Miles of Water Keeping Global Markets on Edge," The Wall Street Journal, June 22, 2025, https://www.wsj.com/world/middle-east/strait-hormuz-oil- markets-0d046c6b.

"Qatari Prime Minister Secured Iran's Agreement to US Ceasefire Proposal after Call with Trump, Official Says," Reuters, June 23, 2025.

"As Iran Threatens Retaliation, Spotlight Turns to US 5th Fleet Base in Bahrain," https://www.ndtv.com/world-news/iran-israel-middle-east-as- iran-threatens-retaliation-spotlight-turns-to-us-5th-fleet-base-in-bahrain-8730850.

Mahmoudian, Arman, «Iran-Israel Conflict: A New Stage Emerges» (2024). GNSI Publications.

شرۆڤە

# ئێرانناسی

# ڕێگە لە ئێران نەگیراوە؛ تاران و واشنتۆن و ئەو شکستانەی بوونە هۆکاری شەڕ

نووسینی: وەلی نەسر*

وەرگێڕان و ئامادەکردن: ئارام مەحمود

شەڕی دوانزە ڕۆژەی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، کە ئەمریکا لەگەڵ ئیسرائیل لە بۆردومانکردنی ئێران بەشدار بوو، لوتکەی چوار دەیە بێ متمانەیی، دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوە بوو. کۆماری ئیسلامیی لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ١٩٧٩ بەردەوام بووە لە دژایەتی ئەمریکا و ئەمریکاش بەردەوام گوشاری زیاتری خستووەتە سەر تاران.

پێشتریش ئێران و ئەمریکا لە ململانێی ڕاستەوخۆ نزیکبوونەوە. ئەمریکا لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ سەکۆی نەوتی دەریایی و کەشتییە دەریاییەکانی ئێرانی تێکشکاند و دواتر بە هەڵە فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری ئێرانی خستە خوارەوە. ئێران ئەو کردەوانەی بە شەڕێکی ڕانەگەیەنراو لێکدایەوە، بەڵام هەر زوو سەرنجی واشنتۆن ڕووی لە عێراق و شەڕی کەنداو کرد. لە هەمان کاتیشدا دوژمناییەتی نێوان ئێران و ئەمریکا بەردەوام بوو. کوژرانی قاسم سولەیمانی ژەنەراڵی ئێرانی ساڵی ٢٠٢٠، ململانێی نێوان ئەو دوو وڵاتەی گەیاندە لوتکە، هەروەها دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا ئەمساڵ بە هاویشتنی دەیان مووشەکی کروز و بۆمبی ٣٠ هەزار تەنی سێ شوێنی ناوەکی ئێرانی کردە ئامانج.

ئێران لە مێژە ئەمریکای وەک دوژمنی سەرەکی خۆی، شەیتانی گەورە داناوە، کە بە پشتیوانی لە کودەتایەکی سەربازی ساڵی ١٩٥٣ سەربەخۆیی وڵاتەکەی تێکدا و ڕژێمی پاشایەتی هێنایە سەر تەخت. ساڵی ١٩٧٩ سەرکردەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران نیگەران بوون لەوەی ئەمریکا بەردەوام بێت لە دەستوەردان لە ئێران و ڕێگری لەو گۆڕانکارییە گەورەیە بکات کە لە ئارادایە. کۆماری ئیسلامیی بۆ ڕێگری لە هەوڵەکانی ئەمریکا بڕیاری دا، ئەمریکا نەک تەنیا لە ئێران، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەربکرێت. ئەم گریمانانە سیاسەتی دەرەوەی تارانیان خستە سەر ڕێڕەوی پێکدادان لەگەڵ واشنتۆن. ئێران بە ئامانجی هەڕەشە لە ئەمریکا و هاوپەیمانە ئیسرائیلی و عەرەبییەکانی، پشتیوانی لە دەوڵەتان و گرووپە چەکدارە نەیارەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە کردووە. لە بەرامبەردا ئەمریکا ستراتیژی گوشاری پەیڕەو کردووە و بە سزاکان، ئابووری ئێرانی خنکاندووە. لە کۆتاییدا، ئەمساڵ ئەمەریکا ڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەر بنکە ناوەکییەکان لە قووڵایی خاکی ئێراندا.

زۆرێک لە چاودێران ئەم ململانێیە بە درێژکراوەی مێژوویی لە ساڵی ١٩٧٩وە لێکدەدەنەوە، بەڵام دەکرا خۆ لە پەرەسەندنەوەی گرژییەکان بپارێزرێت. دەکرا بە ڕێگەی ئاشتیانە ڕێگە لە ئاڵۆزییەکان بگیرێت و ئێران و ئەمریکا دەیانتوانی ڕێگەیەک بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان و تەنانەت ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان بدۆزنەوە.

## ئاسۆیەکی درۆینە لە ئەفغانستان

بۆ ماوەیەکی کەم دوای ١١ی سێپتەمبەر، پێدەچوو پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا باشتر بێت. عەلی خامنەیی ڕابەری ئێران و محەمەد خاتەمی سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئێران هێرشە تیرۆریستییەکانیان شەرمەزار کرد و خەڵکی ئێرانیش لە شەقامەکان وەک هاوسۆزی لەگەڵ هاوڵاتییانی ئەمریکا مۆمیان داگیرساند و لە یاریگاکانی تۆپی پێدا چەند ساتێک بێدەنگ بوون. لەناکاو بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئێران و ئەمریکا یەکیان دەگرتەوە و لەناوبردنی قاعیدە بوو بە یەکێک لە کارە لەپێشینەکانی ئەمریکا. ئێرانی شیعە بە نیگەرانییەکی قووڵەوە سەیری ڕادیکالیزمی سوننەی قاعیدە و تاڵیبانی خانەخوێی دەکرد. سێ

ساڵ پێشتر و لە ١٩٩٨ تاڵیبان ١١ دیپلۆماتکار و ڕۆژنامەنووسی ئێرانی لە مەزار شەریف لە باکووری ئەفغانستان کوشتبوو، ئەمەش ئێرانی هاندا بۆ کۆکردنەوەی هێز لەسەر سنوورەکانی ئەفغانستان. دوای چەندین ساڵ لە دژایەتی، بەرپرسانی ئێران و ئەمریکا بۆیان دەرکەوت، کە کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەشیان هەیە.

ئێران لەمێژبوو پشتیوانی لە هاوپەیمانی باکوور دوژمنە سەرەکییەکانی تاڵیبان دەکرد. تەنیا چەند ڕۆژێک پێش هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، خۆکوژەکانی قاعیدە، ئەحمەد شامەسعود سەرکردەی ئەفسانەیی هاوپەیمانی باکووریان کوشت، تیرۆرکردنێک کە ئاماژە بوو بۆ هێرشی تاڵیبان بۆ سڕینەوەی یەکجارەکی هاوپەیمانی باکوور و کۆنترۆڵکردنی ئەفغانستان. ئێرانی شیعە ترسی لە هەڵکشانی ناوچەیی ڕادیکالیزمی سوننە لە شێوەی تاڵیبان، قاعیدە، لایەنە چەکدارەکانی دیکە و ناسەقامگیری زیاتر لە سنووری ڕۆژهەڵاتی خۆی هەبوو.

ئێران لە ڕێگەی شێوازە جیاجیاکانی هاوکارییەوە، کە پێدەچێت ئەمڕۆ باوەڕپێنەکراو بن، هاوکاری لەشکرکێشی ئەمریکای کرد بۆ ئەفغانستان. سوپای پاسدارانی ئێران هاوکاری هەواڵگری و لۆجستی پێشکەشی ئەمریکا کرد. ڕایان کرۆکەر و زاڵمای خەلیلزاد دیپلۆماتکارانی ئەمریکی بەشدارییان لە کۆبوونەوەکان لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکان و ئەفسەرە باڵاکانی سوپای پاسداران کردبوو، لەنێویاندا فەرماندە باڵاکان و ڕەنگە تەنانەت سولەیمانیش. زیاتر لە دوو مانگ دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، تاڵیبان لە کابول و شارە گەورەکانی دیکە دەرکرا و بەناو میرنشینی تاڵیبان لە ئەفغانستان کۆتایی پێهێنرا.

## ئێران و ئەمریکا و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان

ئێران بەرژەوەندییەکی تایبەتی هەبوو لە داڕشتنی ئەو حکومەتەی جێگەی تاڵیبانی دەگرتەوە. لە کۆنفرانسی بۆن لە کانوونی دووەمی ٢٠٠١ کە داهاتووی ئەفغانستانی یەکلا کردەوە، لە نزیکەوە لەگەڵ ئەمریکا کاریان کرد. هەردوو وڵات هەمان ئامانجیان هەبوو لە داڕشتنی سیستەمێکی سیاسی نوێ، کە لە ڕێگەی حکومەتێکی دیموکراسی گشتگیرەوە، ئەفغانستان یەکبخات و سەقامگیری بکات. جەیمس دۆبینز کە سەرکردایەتی هەوڵەکانی ئەمریکای دەکرد لە کۆنفرانسەکەدا،

دواتر ستایشی جەواد زەریف هاوتا ئێرانییەکەی کرد بۆ دروستکردنی کۆدەنگی لە نێوان هەموو کوتلە ئەفغانییەکان لەسەر داڕشتنی دەستوورێکی نوێ و ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ لە کابول. لە بەرامبەردا زەریف ستایشی سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودسی کرد کە سازشەکانی لە هاوپەیمانی باکوور دەستەبەر کردبوو، وەک ئاسانکارییەک بۆ ڕێکەوتن لە بۆن.

بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ئەم هاوکارییە دەگمەنە دەرفەتێک بوو بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا. کارکردن پێکەوە لە ئەفغانستان دەیتوانی وەک ڕێوشوێنێکی بەرچاو بۆ دروستکردنی متمانە و پاڵنەرێک بێت بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان و دواتر بە ئەگەرێکی زۆرەوە بۆ ئاساییکردنەوەی وردە وردەی پەیوەندییەکان. سەرکەوتن لە ئەفغانستان دەیتوانی پەیوەندییەکە بخاتە سەر ڕێڕەوێکی جیاواز.

بەڵام ئەوەش بەدی نەهات. لە مانگی یەکی ٢٠٠٢، ڕاستەوخۆ دوای کۆنفرانسی بۆن، ئیسرائیل ڕێگەی لە بارێکی چەکی ئێرانی بۆ حەماس گرت. بۆ ئێران، هاوکاری لەگەڵ ئەمریکا لە ئەفغانستان، داڕشتنەوەی ستراتیژی ئێرانی پێکنەهێنا، کە هەموو لایەنەکانی سیاسەتی ناوچەیی ئێران بگرێتەوە. ئەوەی لە ئەفغانستان ڕوویدا تەنیا کرانەوەیەکی ئەزموونی بوو، تاران بەو خێراییە سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی خۆی پێچەوانە نەدەکردەوە و هێزە لە برییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا ئامادە دەکرد. جۆرج بوش سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا ئاماژەی بە توڕەیی و زەنگی ئاگادارکردنەوە کرد و ئێرانی وەک دوژمنێکی بێ ئیرادە ناساند و ئەو نیازپاکییەی کە بەهۆی پێشهاتەکانی ئەفغانستانەوە دروستبوو، لەناوی برد. بوش لە وتاری مانگی یەکی ٢٠٠٢ ئێرانی لە ڕیزی ئەو وڵاتانە ناوبرد کە پشتیوانی تیرۆر دەکەن.

دوای سەرکەوتن لە ئەفغانستان، واشنتۆن تیشکی خستەسەر شەڕی دژی تیرۆر و لەو شەڕەدا ئێران دەیتوانی تەنیا ئامانجێک بێت، نەک هاوپەیمان. دوای لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ عێراق لە ٢٠٠٣، زۆرێک لە ئێرانییەکان ترسیان هەبوو لەوەی تەنیا پرسی کاتە تا ئەمریکا هێرش بکاتە سەر وڵاتەکەیان. بە وتەی حەسەن کازمی قومی، یەکەم باڵیۆزی ئێران لە بەغدا، دوای لەشکرکێشی

ئەمریکا و ڕووخانی سەدام حسێن، «دوای عێراق سەرەی ئێران بوو». بۆیە ئێران هەوڵیدا ئەمریکا ئارام بکاتەوە. لە ئایاری ٢٠٠٣، خاتەمی سەرۆکی ڕیفۆرمخوازی وڵاتەکە، پێشنیارێکی بۆ دانوستان و نەخشەڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی «هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو وڵات» بۆ واشنتۆن نارد، لەوانە بەتایبەتی بەرنامە ناوەکییە تازەپێگەیشتووەکەی ئێران و سیاسەتی فراوانتری ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کۆشکی سپی تەنانەت دانی بە وەرگرتنی ئەو پێشنیارەدا نەناوە.

ئەو ڕەتکردنەوەیە بووە هۆی ئەوەی ئێران هەڵوێستەکانی توندتر بکاتەوە و خۆی بۆ ململانێ ئامادە بکات. بە پێچەوانەی لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان، لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق هیچ ڕێکەوتنێکی لەگەڵ ئێران بەرهەم نەهێنا، بەڵکو دوو وڵاتی خستە ناکۆکی قووڵەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی ئەو بەرپرسانەی ئیدارەی بوش کە تارانیان وەک هەڕەشەیەکی گەورە سەیر دەکرد، ئێران پێیوابوو دەبێت خۆی بپارێزێت. لە ئاژاوەگێڕییەکانی دوای ڕووخانی سەدام، لەوانەیە ئێران بە هاوبەشی لەگەڵ سووریا ئەو تاڵاوەی ئەمریکا لە عێراق ڕووبەڕووی بووەوە قووڵتر کردبێتەوە. سوننە بە پاڵپشتی سووریا و میلیشیا شیعەکان بە پاڵپشتی ئێران دژی هێزەکانی ئەمریکا وەستانەوە و ئەو توندوتیژییەی لە عێراق ڕوویدا، پرۆژەی ئەمریکی لە عێراق مەحکوم بە شکست کرد.

بەم شێوەیە سەرکردەکانی ئێران ئەو مەترسییەی ئەمریکایان لە خۆیان دوورخستەوە، کە زۆر لێی دەترسان: سوپای سەرکەوتووی ئەمریکا لە عێراق بەردەوام بوو لە هەڵمەتەکەی لە ڕۆژهەڵات بۆ ناو ئێران. بەڵام تێڕوانینی ئەمریکییەکان بۆ ئێران توندتر بوو. لای خۆیەوە ئێران بەو ئەنجامە گەیشتووە کە دەتوانێت بە باشترین شێوە هەڕەشەکانی ئەمریکا بە سەرقاڵکردنی لە شانۆ جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوەببات. ئەمریکا بەهۆی ململانێ درێژخایەنەکانەوە ماندوو بوو، لە ناوچەکە بێزار دەبوو، نەیدەویست لەگەڵ ئێران شەڕ دەستپێبکات. بڕیارەکەی واشنتۆن بۆ کێشانەوەی هێزەکانی لە عێراق لە ٢٠١١، پێدەچوو ئەم شێوازە بیرکردنەوەیەی ئێرانییەکان بسەلمێنێت. تا بەرپرسانی

ئەمەریکا زیاتر باسیان لە جێهێشتنی ناوچەکە دەکرد، ئێران زیاتر مکوڕ دەبوو لەسەر ستراتیژەکەی.

ئەم ستراتیژە کاریگەری لەسەر گۆڕینی هاوسەنگی هێز لەناو ئێرانیشدا هەبوو. هێزە لایەنگرەکانی شەڕ دژی واشنتۆن کۆنترۆڵی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیان کرد. لە ڕووداوەکانی عێراقەوە، سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران گەشەی کرد و بوو بە هێزێکی فراوانی ناوچەیی کە زاڵبوو بەسەر بڕیاردانی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا.

## پەیوەندیی درۆینە

دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، سەرکردەکانی ئێرانی تێگەیشتن، کە واشنتۆن هەرگیز ئامادە نییە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران ئاسایی بکاتەوە. تاران لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا تێگەیشت، لەوانە دروستکردنی بنکەی سەربازی لە ئەفغانستان، کەنداوی فارس و ئاسیای ناوەڕاست و توندکردنی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران، کە هەموویان ئامانجیان گۆڕینی ڕژێمی تاران بوو. دوای شەڕی عێراق، دەسەڵاتدارانی ئێران بۆیان دەرکەوت، کە دەبێت لە ڕێگەی بنیاتنانی بەرنامەی ناوەکی و بەهێزکردنی توانای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکیی ئێرانەوە بەرەنگاری ئەمریکا ببنەوە و ڕێگری لێبکەن. دەبوو ئابووری ئێران و دامودەزگاکانی دەوڵەت و سیاسەت لە خزمەت ئەو ستراتیژەدا ڕێکبخرێن.

خواستی ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی و بەدانانی ئێران لە بەرەی پشتیوانانی تیرۆریزم لەلایەن ئەمریکاوە، پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران بەرەو خراپتر چوون. دۆزینەوەی ناوەندێکی ناوەکی نهێنی ململانێکانی قووڵتر کردەوە و ئێران پێیوابوو ئەمریکا ئەم بەرنامە ناوەکییە دەکاتە پاساوێک بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتەکەیان، وەک چۆن بە پاساوی هاوشێوە هێرشی کردە سەر عێراق. لای خۆیەوە واشنتۆن نەیدەویست ئێران توانای ناوەکی بەدەستبهێنێت، بەڵام تا کۆتایی ئیدارەی بوش لە ٢٠٠٩، بەرپرسانی ئەمریکا گرنگییان نەدەدا بە چارەسەری سەربازی بۆ کێشەی ئێران، چونکە کاتێکی زۆر بەسەر هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق تێنەپەڕی بوو. دیپلۆماسی نەک شەڕ، دەبوو بەرنامە

ناوەکییەکانی ئێران لەخۆ بگرێت و بەم شێوەیە دەرفەتێکی دیکە بۆ ئێران و ئەمریکا کرایەوە بۆ ئەوەی لە ململانێ دوور بکەونەوە و بەرەو پەیوەندییەکی ئاشتیانەتر هەنگاو بنێن.

ئەمریکا دەیتوانی زووتر ئەم ڕێگەیە بگرێتە بەر. ٢٠٠٣ فەڕەنسا، ئەڵمانیا و بەریتانیا دانوستانیان بۆ ڕێکەوتنێک لەگەڵ ئێران دەستپێکرد، کە دەبووە هۆی وەستاندنی گەشەی بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران لە بەرامبەر کەمکردنەوەی سزاکان. ساڵی ٢٠٠٤ ئیدارەی بوش ڕێکەوتنەکەی پەکخست و پێداگربوو لەسەر ئەوەی پێویستە ئێران دەستبەرداری بەرنامە ناوەکییەکەی بێت و لە بەرامبەردا هیچ ئیمتیازێکی پێشکەش ناکرێت.

## دیپلۆماسی ناوەکی

بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران بەردەوام بوو لە فراوانبوون و تاران پێیوابوو واشنتۆن ئارەزووی بەشداریکردنی لە دیپلۆماسی واتاداردا نییە، تەنانەت لە پرسی ناوەکیشدا. حەسەن ڕوحانی سەرۆکی وەفدی دانوستانکاری ناوەکی ئێران ساڵی ٢٠٠٣، کاتێک لە ٢٠١٣ بوو بە سەرۆک کۆماری ئێران، هەوڵی زیندووکردنەوەی دانوستانەکانی دا. لە ساڵی ٢٠٠٤دا خۆی و سەرکردەکانی دیکەی ئێران گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی، کە ئەمریکا لەبەرئەوە بە خێرایی ڕێکەوتنی ئەورووپای ڕەتکردووەتەوە، چونکە بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران زۆر بچووکترە لەوەی شایستەی دیپلۆماسی و ئیمتیازاتی ئەمریکا بێت. ئێران پێویستی بە بەرنامەیەکی زۆر گەورەتر بوو بۆ ئەوەی ئەمریکا ناچار بکات بێتە سەر مێزی دانوستان. لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیە چالاکییەکانی ئێران لە سەردەمی ئیدارەکانی ئۆباما و یەکەم ترەمپ و بایدندا زیاتر بوو.

ئەگەر واشنتۆن پاڵپشتی لە هەوڵە ئەورووپییەکان بکردایە، پێدەچوو بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران بە بچووکی بمایەتەوە و دەکرا تاران کەمتر لە واشنتۆن بترسێت و لە ئەنجامدا ئێران لە عێراق ڕەفتارێکی جیاوازی دەنواند و ئەوەندە دوژمنایەتی ئەمریکای نەدەکرد، بەڵام ڤیتۆی ئەمریکا زیاتر قەناعەتی بە تاران کرد کە خوێندنەوەیان بۆ ویستی ئەمریکا ڕاستە. واشنتۆن تەنیا بە هێز

سەرسام دەبوو. بۆ ڕاگرتنی ئەمریکا، ئێران دەبوو بەرنامەیەکی ناوەکی گەورەتر بنیات بنێت و شەڕی ناهاوسەنگی خۆی دژی ئەمریکا لە عێراق و وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فراوانتر بکات.

ئێران لەبارەی ئەوەی بەرنامەیەکی ناوەکی گەورەتر ڕای واشنتۆن دەگۆڕێت، ڕاست بوو. تا ساڵی ٢٠١١ بەرنامەی ناوەکی ئێران گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. ئیسرائیل بەهۆی ترس و دڵەڕاوکێ لە خێرایی پێشکەوتنەکانی ئێران، هەڕەشەی هێرشکردنە سەر ئێرانی کرد بۆ ئەوەی نەبێتە خاوەنی بۆمبی ناوەکی، بەڵام دوا شت کە ئیدارەی ئۆباما ویستبووی، گیرۆدەبوون بوو لە شەڕێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئۆباما پێیوابوو تاکە ڕێگە بۆ ڕێگری لەوەی ئێران ببێت بە هێزێکی ناوەکی، دیپلۆماسییە.

باراک ئۆباما لە ٢٠١٠ سەرەتا گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێرانی زیاتر کرد، بەڵام دواتر بۆ تارانی ڕوونکردەوە کە واشنتۆن بەدوای گۆڕینی دەسەڵاتی ئێرانەوە نییە. ئۆباما لەوە تێگەیشت کە فشار وا لە ئێران ناکات بەرنامە ناوەکییەکەی بوەستێنێت. بەم شێوەیە ئەمەریکا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر دانوستان بۆ سنووردارکردنی بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران لە بەرامبەر کەمکردنەوەی سزاکان.

لای خۆیانەوە دەسەڵاتدارانی ئێران لەسەر پێشنیاری ئۆباما ناکۆکییان هەبوو. سوپای پاسداران و هاوپەیمانە سیاسییەکانی گومانیان لەوە هەبوو، کە ئیدارەی ئۆباما جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئیدارەی پێش خۆیدا هەبێت. ئەوان پێیان وابوو، دیپلۆماسی ئەنجامێکی ماناداری نابێت، بەڵکو ئاماژەیە بۆ لاوازی و ئەو مەترسییە نارەوێنێتەوە کە ئەمریکا بۆ ئێران دروستی دەکات، بەڵام ڕیفۆرمخوازەکان بە سەرۆکایەتی ڕوحانی کە ٢٠١٣ بوو بە سەرۆک کۆمار، پێیانوابوو دیپلۆماسی سەرکەوتوو لەگەڵ ئەمریکا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گرژییەکان و گوشارەکانی سەر ئابووری ئێران کەمتر دەکاتەوە و دووبارە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات ڕێکدەخرێنەوە. ڕیفۆرمخوازەکان هیوایان دەخواست دیپلۆماسی دەرەنجامی ئەرێنی لێبکەوێتەوە، وەک هاوکارییەکانی ئەفغانستان لە ٢٠٠١، پێشنیاری دانوستانەکانی لە ٢٠٠٣ و ڕێکەوتنە ناوەکییەکەی ٢٠٠٣ لەگەڵ ئەورووپا، بەڵام دوای ئەوەی واشنتۆن ڕەتیکردەوە، هەڵوەشابووەوە.

دوو ساڵ گفتوگۆی چڕ لە نێوان ئێران، چین، ڕووسیا، ئەمریکا و سێ زلهێزی ئەورووپی، کە پێشتر دانوستانیان لەسەر ڕێکەوتن کردبوو، دەستپێکرد. لە ٢٠١٥دا بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتن، لەوانە لە بەرامبەر کەمکردنەوەی سزاکان، لانیکەم بۆ ماوەی دە ساڵ سنووداری توند بخرێتە سەر چالاکییە ناوەکییەکانی ئێران و بە وردی چاودێری بکرێن. لەو کاتەوە مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەوە دروست بوو، کە ئایا ئەم ڕێکەوتنە بە شێوەیەکی کاریگەر ویستە ناوەکییەکانی ئێرانی سنووردار کردووە؟ ئایا ئەمریکا دەیتوانی لەسەر مێزی دانوستان داواکاری زیاتری لە ئێران هەبێت؟ لە تارانیش، ئێرانییەکان پێیانوابوو زۆریان بەخشیوە و کەمیان وەرگرتووە، بەڵام ئەم ڕێکەوتنە بەرنامەی ناوەکی ئێرانی خاو کردەوە و ١١ ڕاپۆرتی جیاواز ئاماژەیان بە پابەندبوونی ئێران بە مەرجەکان دەکرد. لە ڕوویەکی ترەوە ئەم ڕێکەوتنە نوێنەرایەتی پێشکەوتنێکی دەکرد لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێراندا. دوای دەیان ساڵ دوژمنایەتی، دواجار ئەمریکا و ئێران ڕێکەوتنێکیان ئەنجامدابوو، لانیکەم تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبوو، سەرکەوتووانە جێبەجێی کردبوو.

ئەگەر ئەو ڕێکەوتنە بەردەوام بوایە دەیتوانی ببێتە بەردی بناغەی ڕێکەوتنەکانی دواتر لە بارەی بەرنامە ناوەکی و مووشەکییەکانی ئێران لەلایەک و سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە لە ناوچەکەدا. کەمکردنەوە گەمارۆکان دەیتوانی ببێتە هۆی بەهێزبوونی ڕیفۆرمخوازەکان لە ئێران و لاوازکردنی کاریگەریی توندڕەوەکان لەسەر بڕیارەکانی ئێران لە سیاسەتی دەرەوەدا و بە تێپەڕبوونی کات دەکرا پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا بەرەو ئاساییبوونەوەی زیاتر هەنگاو بنێن.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکەوتنەکە ستراتیژی بەرفراوانتری ئێرانی نەگۆڕی. سوپای پاسداران و هاوپەیمانە سیاسییەکانی لە پەڕلەمان و دامەزراوە ئابووری و سیاسییەکان پێیانوابوو، سەرەڕای پێشکەوتنی دیپلۆماسی، هیچ بەڵگەیەک بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێراندا ڕووی نەداوە. ئەمریکا هێشتا هەڕەشەیەک بوو بۆ سەر ئێران و هیچ هەوڵێکی نەدابوو بۆ گۆڕینی ئەو تێڕوانینە. چەند مانگێک دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە، واشنتۆن پابەند نەبوو بە هەڵگرتنی سزاکانی سەر تاران و ئەوەش نیگەرانی ئێرانی لێکەوتەوە. توندڕەوەکانی

ئێران باسیان لەوە دەکرد، کە هەموو ئەمانە فێڵێک بوون بۆ وەستاندنی بەرنامەی ناوەکی ئێران. بۆیە پێویستە ئێران بەردەوام بێت لەسەر ئەو سیاسەتە ناوچەییانە، وەک پابەندبوونی بە پاڵپشتیکردنی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا، یاخیبوونی حوسییەکان لە یەمەن، حزبوڵڵا لە لوبنان و میلیشیا جۆراوجۆرەکان لە عێراق.

تاران بەهاری عەرەبی و ئەو نائارامییە جەماوەرییەی جیهانی عەرەبی گرتەوە، وەک دەرفەتێکی نوێ قۆستەوە بۆ فراوانکردنی شوێنپێی خۆی لە ناوچەکەدا. هەرچەندە ئەو دەرفەتە نوێیە مەترسی نوێشی بەدوای خۆیدا هێنا، ڕووخانی ئەسەد لە سووریا کە هاوپەیمانی ئێران بوو، زیانێکی ستراتیژی بوو بۆ ئێران و بووە هۆی لاوازکردنی حیزبوڵڵای لوبنانی. سەرهەڵدانەوەی سوننەکان و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ لە سووریا کە لەلایەن زلهێزە ڕۆژئاوایی و عەرەبییەکانەوە پشتیوانی دەکرا، دەستکەوتەکانی ئێرانی لە عێراقیش خستووەتە مەترسییەوە. دەسەڵاتدارانی ئێران، بە تایبەتی سوپای پاسداران و هاوپەیمانە سیاسییەکانی گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئامانجی ڕاستەقینەی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ ڕووخاندنی ئەسەد، کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامییە.

## شکستی ڕێکەوتننامەی ناوەکی

تاران بەرنامە ناوەکییەکەی بچووک کردەوە، بەڵام شوێنپێی خۆی لە ناوچەکەدا پاراست و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانە عەرەبییەکانی، بەتایبەتی سعودیە و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی فراوانتر کرد. ئەو هاوپەیمانانە سوودێکی کەمیان لە ڕێکەوتنی ناوەکی بینی، بەڵام زۆر ترسیان لە یارییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا هەبوو. ئەوان دەیانویست ئەمریکا سەرنجی لەسەر سیاسەتی ئێران لە ناوچەکەدا بێت، نەک تەنیا بەرنامە ناوەکییەکەی. ئەوان لەگەڵ ئیسرائیل بەرەیەکیان دژی ئێران و دیپلۆماسیەتی نوێی ئەمریکا (ڕێکەوتنی ناوەکی) پێکهێنا.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ تا ٢٠١٨ ئاڵۆز بوو. بە وتەی زەریف، وەزیری دەرەوەی ئەو کاتە، ئێران بەهۆی ململانێی نێوان دیپلۆماسی و مەیدانی شەڕەوە ئیفلیج بوو، لە ئەنجامیشدا شەڕ بەسەر دیپلۆماسیدا سەرکەوت. لای خۆیەوە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر سوپای پاسداران جێگیر بوو. ئەمریکا

لەجیاتی ئەوەی دەستبەرداری دیپلۆماسی بێت، بۆ سزادانی ئێران بەهۆی هەڵسوکەوتە ناوچەییەکانییەوە دەیتوانی دەست بە دەستکەوتە دیپلۆماسییەکانی خۆیەوە بگرێت و لە هەمان کاتیشدا فشار بخاتە سەر ئێران بۆ گۆڕینی سایسەتی خۆی لە ناوچەکەدا. بە واتایەکی تر دەیتوانی لە ڕێکەوتنی ناوەکیدا بمێنێتەوە و ڕێکەوتنی نوێ لەبارەتی سیاسەتی ناوچەیی ئێران ئەنجام بدات.

ئەگەر ئەمریکا ئەم ڕێگەیەی بگرتایەتەبەر، بەرنامەی ناوەکی ئێران بە سنوورداری دەمایەوە و متمانەی زیاتر لە نێوان ئێران و ئەمریکادا دروست دەبوو، ئەو کاتە واشنتۆن دەیتوانی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری ناوچەیی تاران دروستبکات. ڕێکەوتنێکی ناوەکی سەرکەوتوو دەیتوانی تێڕوانینەکانی ئێران بۆ هەڕەشەی ئەمریکا کەم بکاتەوە و لە بەرامبەردا ڕێگەی بەو وڵاتە دەدا چاو بە چالاکییەکانی لە ناوچەکەدا بخشێنێتەوە، یان سنووری بەرنامە مووشەکییەکەی تاوتوێ بکات. ئەو دەستکەوتە ئابوورییانەی بە مانەوە لە ڕێکەوتنە ناوەکییەکەدا دەهاتە دی، وای لە ئێران دەکرد پابەندی ڕێکەوتنەکە بێت. سەرەڕای بێزاری تاران بەهۆی خاوی هەنگاوەکانی سووککردنی سزاکان، ئێران نەبووە هۆی هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنەکە، بەڵکو ئەمریکا هۆکار بوو. ئەوەش وەک بەرچاوترین دەرفەتی لەدەستچوو بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەمێنێتەوە.

## کشانەوەیەکی چارەنووسساز

کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێکەوتنەکە، گرژییەکانی نێوان تاران و واشنتۆنی ئاڵۆزتر کرد. دوای کشانەوە لەو ڕێکەوتنە، ترەمپ لە چوارچێوەی بەرنامەی «زۆرترین فشار» سزای توندی بەسەر ئێراندا سەپاند. ئامانجی ڕاگەیەنراوی ئەو هەڵمەتە، ناچارکردنی ئێران بوو بۆ هاتنەوە سەر مێزی دانوستان، بەڵام ئێران ئەو هەوڵەی ترەمپی بە هیچ کەمتر لە هەوڵێک بۆ هێنانەدی گۆڕینی ڕژێم لە ڕێگەی گەمارۆی ئابووری و هاندانی یاخیبوونی جەماوەری نەدەزانی. لە وەڵامدا ئێران بە خێرایی دەستی بە چالاکییە ناوەکییەکانی کردەوە و لەو ئاستەی بۆی دیاریکرابوو پیتاندنی یۆرانیۆمی زیاتر کرد. ساڵی ٢٠١٩ هەنگاوی شەڕانگێزانەتری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامدا، لە مانگی ئایاردا بە هێرشکردنە سەر کەشتییە

نەوتهەڵگرەکان لە ئاوەکانی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، دواتر لە مانگی حوزەیراندا فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمریکی خستە خوارەوە، لە مانگی ئەیلولدا هێرشی کردە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودیە. ئەم پەرەسەندنی توندوتیژییە بووە هۆی ئەوەی ترەمپ مانگی یەکی ٢٠٢٠ فەرمانی کوشتنی سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودس لە عێراق بدات. کوشتنی سولەیمانی ئێرانییەکانی تووڕە کرد. کۆماری ئیسلامیی بە هێرشکردنە سەر بنکەیەکی سەربازی ئەمریکا لە عێراق وەڵامی دایەوە.

هەڵبژاردنی جۆ بایدن بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ٢٠٢٠ و گەڕانەوەی ئیدارەی دیموکراتەکان لە ٢٠٢١ دەیتوانی گرژییە پەرەسەندووەکان بوەستێنێت. لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا دیموکراتەکان، لەنێویاندا بایدن، ئاماژەیان بە ئامادەیی خۆیان کردبوو بۆ زیندووکردنەوەی ڕێکەوتننامە ناوەکییەکە، بەڵام کاتێک بایدن گەیشتە دەسەڵات، ڕەتیکردەوە. لەبری ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی سەردەمی ئۆباما، هەڵوێستی ترەمپی لە زۆرترین فشاردا درێژە پێدا. ئیدارەی ئەمریکا پێداگری لەسەر ئەوە کرد، کە ئەو کاتە ئەمریکا بیر لە گەڕانەوە بۆ ئەو ڕێکەوتنە دەکاتەوە، کە سەرەتا ئێران هەموو ئەرکەکانی بەپێی ڕێکەوتنی ناوەکی جێبەجێ بکات. لەم نێوەندەدا سزای زۆرترین فشار لە شوێنی خۆیدا مایەوە. مانگەکانی سەرەتای ئیدارەی بایدن هاوکات بوو لەگەڵ کۆتاییهاتنی ماوەی سەرۆکایەتیی ڕوحانی. ڕوحانی و تیمەکەی ڕێکخەرانی ڕێکەوتنە ناوەکییەکە بوون و دەیانویست نوێکردنەوە ببیننەوە، بەڵام ئەوەیان لە بایدن-دا نەدۆزیەوە. ئەوەی تاران بینی بەردەوامی بایدن بوو وەک سەرۆکی پێش خۆی و پێیانوابوو خوازیاری گۆڕینی ڕژێمی ئێرانە.

ئەمریکا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر دانوستان لەگەڵ ئێران لە ڤیەننا لە نیسانی ٢٠٢١. بەڵام تا ئەو کاتە ئێران گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە هیچ گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە لە سیاسەتی ئەمریکادا ڕوونادات. ڕێبەرانی ئێران ڕایانگەیاند، دەست بە پیتاندنی یۆرانیۆم دەکەن تا ٪٦٠. لە بەرامبەر ئەم مەترسییەدا، ئیدارەی بایدن ستراتیژی خۆی گۆڕی و جەختی لەسەر دانوستان لەگەڵ ئێران کردەوە و بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێکەوتنە ناوەکییەکە و لە بەرامبەر پابەندبوونی تەواوەتی ئێران

بە ڕێکەوتنەکە، سزاکانی سەر ئەو وڵاتە سووک دەکرێت، بەڵام تا ئەو کاتە سەرۆکایەتیی ڕوحانی لە کۆتاییدا بوو. دوای ئەویش توندڕەوێکی وەک ئیبراهیم ڕەئیسی گەیشتە کۆشکی سەرۆکایەتی کۆمار.

لەو چوارچێوەیەدا ئێران بڕیاریدا لە ٢٠٢٢دا پشتیوانی لە شەڕی ڕووسیا دژی ئۆکرانیا بکات، ئێران لە کاتی شەڕی ناوخۆی سووریادا پەیوەندیی هەوڵگری و سەربازیی نزیکی لەگەڵ ڕووسیا پەرەپێدابوو، هاوبەشی ستراتیژیی خۆی لەگەڵ مۆسکۆ بە گرنگ دەزانی بۆ ڕزگاربوون لە هەوڵە یەکلاکەرەوەکانی ئەمریکا بۆ گۆشەگیرکردن و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی. ئەم پشتیوانییە بۆ ڕووسیا پاساوێکی زیاتری دا بە واشنتن بۆ گوشار خستنە سەر تاران. بەم شێوەیە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و ئەورووپا دژی ڕووسیایەکی فراوانخوازدا، تێکەڵ بوون. ئەگەر ئیدارەی بایدن پێش ئەوەی ڕوسیا هێرش بکاتە سەر ئۆکرانیا، ڕێکەوتنێکی نوێی لەگەڵ ئێران ئەنجام بدایە، تاران زۆر شتی دەبوو، کە بە هۆی پشتیوانی لە ڕووسیا بکەونە مەترسییەوە، بەڵام بەو پێیەی بایدن ئامادە نەبوو لە سیاسەتی ترەمپ بکشێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتنەکەی ئۆباما، ئێران بڕیاریدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا بەهێزتر بکات و ئەوەش لە بەرامبەردا کاری دیپلۆماسی هێندەی تر قورس کرد. ئێران و ئەمریکا تەنانەت کەمتر لە پێشوو متمانەیان بەوی دیکە هەبوو، واشنتۆن ناچار بوو لەگەڵ تارانێکی یاخیبووتردا مامەڵە بکات. دانوستانە ناڕاستەوخۆکانی نێوان ئێران، ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا نەیتوانی پێشکەوتنێک بەرهەم بهێنێت.

## کۆتایی

لە ساڵانی دواتردا پێگەی ناوچەیی ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو بەهێز بوو. دوای هێرشەکانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، ئیسرائیل بە شێوەیەکی سیستماتیک بریکارەکانی ئێرانی لە ناوچەکەدا کردە ئامانج و زیانی گەورەی بە حەماس لە غەززە گەیاندووە و لە لوبنانیش حزبوڵڵای بە تەواوی لاواز کردووە. ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، ئێرانی بێ یەکێک لە بەسوودترین هاوپەیمانە ناوچەییەکانی هێشتەوە و سووریایەکی دژە ئێرانی بە

سەرکردایەتی سوننە لێدروست بوو. لە ساڵانی ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥دا هێزەکانی ئیسرائیل لە قوڵایی خاکی ئێراندا هێرشیان ئەنجامدا و لاوازییە گەورەکانی هەواڵگریی ئێران و بێتوانایی ئەو وڵاتەی بۆ زیانگەیاندن بە ئیسرائیل دەرخست و لەگەڵ ئەوەشدا دوای هێرشەکەی ترەمپ بۆ سەر دامەزراوە ناوەکییە هەستیارەکانی ئێران، زۆر شت لەبارەی دۆخی بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران و ئەگەری ئەوەی کە سەرکردەکانی ئێران هێشتا بتوانن خەریکی پەرەپێدانی بۆمبێک بن، نادیارە.

ئەگەر ترامپ نایەوێت ئێران نموونەی کۆریای باکوور پەیڕەو بکات و ببێتە دەوڵەتێکی ناوەکی و نایەوێت بەردەوام بێت لە شەڕ لەگەڵ ئێران، دەبێت ئیدارەکەی بەدوای چارەسەرێکی دیپلۆماسیدا بگەڕێت. ئێرانیش بە هەمان شێوە شەڕی لەگەڵ ئەمریکا ناوێت و ناتوانێت بە خێرایی و بە ئاسانی جبەخانەی چەکی ناوەکی بۆ ڕاگرتنی هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا ئامادە بکات. تاران بێجگە لە بژاردەی دیپلۆماسی، بژاردەی دیکەی نییە. پێویستە دوو وڵات نەک تەنیا بۆ ئەنجامدانی ڕێکەوتنێکی بەپەلە سەبارەت بە توانا ناوەکییەکانی ئێران، بەڵکو بۆ دروستکردنی متمانە و دانانی ڕێڕەوێکی نوێ بۆ پەیوەندییەکانیان، ڕێگەی دیپلۆماسی بگرنەبەر.

ئیدارەی ترەمپ پێی وایە شەڕی ١٢ ڕۆژە سزایەکی توندی ئێرانی داوە و ئەگەر تاران بیەوێت بگاتە ئەنجامە دروستەکان و هەست بکات توانای دەستبەرداربوون لە بەرنامە ناوەکییەکەی و سیاسەتی ناوچەیی شەڕانگێزی خۆی هەبێت، ئەوا دەبێت دیپلۆماسی وەک ڕێگەیەکی باوەڕپێکراو بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتەکانی ببینێت.

---

* وەلی نەسر پرۆفیسۆری کاروباری نێودەوڵەتی و لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی جۆنز هۆپکینز بۆ توێژینەوەی نێودەوڵەتی پێشکەوتوو، نووسەری کتێبی  ستراتیژی گەورەی ئێران: مێژوویەکی سیاسییە .

**سەرچاوە:**

https://www.foreignaffairs.com/iran/irans-roads-not-taken-nasr

# سیناریۆکانی مەلەفی وزەی ئەتۆمی ئێران، لە نێوان یەکلاکردنەوە و پەرەسەندندا

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: گۆران سەلام محەمەد

**بەرایی**

پرسی ئەتۆمی ئێران دەچێتە قۆناغێکی نوێی گرژی و ئاڵۆزییەوە، ئەمەش دوای دەنگدانی ئەم دواییەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دێت بۆ هەڵنەگرتنی سزاکانی سەر ئێران، بەپێی مەرجەکانی دەنگدانەکە ئەگەر لەگەڵ تاران ڕێککەوتن نەکرێت لە ٢٧ی ئەیلوولی ٢٠٢٥دا سزا ئابوورییەکان دەسەپێندرێنەوە، هەروەها میکانیزمی «سناپباک» بۆ گەڕاندنەوەی سزاکانی سەر ئێران کە بەپێی ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکەی ساڵی ٢٠١٥ هەڵگیرابوون چالاک دەکرێتەوە، ئەمەش پەیامێکی سیاسی ئەمریکا و وڵاتانی ترۆیکای ئەوروپییە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا مەرجەکانی دانوستان لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە، ئەمەش چەندین سیناریۆ بۆ وەڵامدانەوەی ئێران دەوروژێنێت لە ئەگەری پەرەسەندنی بارودۆخ لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوادا.

(چەمکی بەرگری) وەک بەشێک لە باوەڕ یاخوود ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دادەنرێت، لە ساڵی ١٩٧٩ەوە ئەم باوەڕە سێ دوژمنی بۆ خۆی دەستنیشان کردووە: (دوژمنی ڕەها ئەمریکا و ئیسرائیلە، دواتر دەوڵەتانی هاوپەیمانی واشنتۆن و تەلئەبیب بە دەوڵەتی دوژمن دادەنرێن و ئۆپۆزسیۆنی ئێران و بزووتنەوەی ئەهواز و موجاهدینی خەلق) وەک دوژمنی ناوخۆ پۆلێن دەکرێن، بەم پێیە سووپای

پاسدارانی ئێران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی ئەو دوژمنانە دامەزراوە.

ئێران وا وێنای سیاسەتەکەی کردووە کە بەرگرییکارە، نەک هێرشبەر. بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەیە بۆ پاراستینی وڵاتەکەی لە هەر هەڕەشەیەک، کەچی چەندین هێزی پرۆکسی وەک حزبوڵڵا لە لوبنان، هێزەکانی حەشدی شەعبی و حزبوڵڵا لە عێراق، حووسییەکان لە یەمەن، هەروەها بزووتنەوەکانی فاتمیون و زەینەبیون، کە پێش ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا دامەزراندبەە چالاکییان دەکرد، لە رابردووشدا واتە هەر لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە سووپای قودسی بۆ ئەنجامدانی ئەرکی هەواڵگری و سەربازی و چاودێریکردنی نەیارەکانی ئێران لە دەرەوەی خاکەکەی دامەزراندووە.

بە دواکەوتنی وەڵامدانەوەی هێرشەکانی ئیسرائیل لە حوزەیرانی ٢٠٢٥، ئێران بیرۆکەی پاشەکشەی وەک تاکتیکێک لە چوارچێوەی بنەمای بەرگری خۆیدا بەرەوپێش برد و ڕێگەی پێدا هەنگاوەکانی وەڵامدانەوەی سەربازی خۆی بۆ دوژمن دوابخات یان بیگۆڕێت. پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و پاراستنی هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک وەک ئەولەوییەت تەماشا دەکات. دوابەدوای تیرۆرکردنی (ئیسماعیل هەنیە)، بەرپرسی ئەوکاتی مەکتەبی سیاسی حەماس، لە ٣١ی تەمووزی ٢٠٢٤، عەلی خامنەیی، ڕێبەری مەزنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، وتی: «دوژمن لە ڕێگەی شەڕی دەروونییەوە، هەوڵدەدات، دۆخی پاشەکشە و ترس دروست بکات و ئەو پاشەکشەیە هەندێکجار تاکتیک یان پەرەسەندنی تاکتیکێکە».

یەحیا ڕەحیم سەفەوی، ڕاوێژکاری باڵای ڕێبەری مەزنی ئێران بۆ کاروباری سەربازی، پێی وایە قووڵایی بەرگری ستراتژیکی ئێران لە سنوورەکانی دەریای سوور و دەریای سپی ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە، ئەم ستراتیژە پشتدەبەستێت بە پەرەپێدانی توانای سەربازی و بەکارهێنانی ئامرازی جەنگی ناتەقلیدی وەکوو: (هێرشی ئەلیکترۆنی، بڵاوەپێکردنی سیخوڕ، پەرەپێدانی پیشەسازی بەرگری وەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەک و پاڵپشتیکردنی بریکارەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)دا.

ئایا ئێران بەڕاستی ئاشتی دەوێت یان تەنها کڕینی کات؟

سەرەڕای ئەوەی ئێران جەختی لەوە کردەوە کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئاشتییانەیە و هەوڵی پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی نەداوە، لەم پێناوەشدا ڕێککەوتنی لەگەڵ (٦) زلهێزی جیهان بۆ سنووردارکردنی چالاکییە ئەتۆمییەکان و ڕێگەدان بە پشکنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی بۆ چاودێریکردنیان ئەنجامداوە، بەڵام هێشتا گومانەکان بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی کەم نەبووەتەوە، یەکێک لە گومانەکان ئەوەیە ئێران دەیەوێت سوود لە کات وەربگرێت، چونکە لەگەڵ کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە ساڵی ٢٠١٨دا بەرهەمهێنانی یۆرانیۆمی پیتێنراوی بۆ ٦٠٪ زیادی کردووە، ئەمەش تۆمەتبارکردنی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوەکی لە ساڵی ٢٠٢٤ لێکەوتەوە کە بە تەواوی بە ئەرکەکانی هەڵنەساوە.

دوابەدوای کۆتایی هاتنی شەڕ دوانزە ڕۆژ لە نێوان ئیسرائیل و ئێران لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٢٥ و ئەگەری سەپاندنەوەی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەر تاران، تا ئێستا جددیەتی ئێران سەبارەت بە دانوستانەکان نادیارە، بەرپرسانی ئێران باسیان لە دەستدانی متمانە بە واشنتۆن کردووە و کازم غەریب ئابادی جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران لە ٢٠ی ئەیلولی ٢٠٢٥ ڕایگەیاند: «کاراکردنەوەی گەمارۆکان، ئەو ڕێککەوتنە بە تەواوی هەڵدەپەسێرێت کە لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوەکی ئەنجامدراوە».

لە نێو ئێراندا هەڵوێستی جیاواز هەیە سەبارەت بە دانوستان و کڕینی کات بۆ خێراکردنی بەرنامە ئەتۆمییەکە. ڕۆژنامەی (تەلەگراف)ی بەریتانی ئاماژەی بەوەداوە کە ئێران توانای سەربازی و ئابووریی نییە بۆ بەرگەگرتنی سزا نوێیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ترسی سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییەکان لە ناوخۆدا. ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی داوای لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد، پێش ئەوەی درەنگ بێت، ڕێگایەک بۆ وتووێژ بدۆزێتەوە. لە ١٠ی ئابی ٢٠٢٥، مەسعوود پزیشکیان، سەرۆک کۆماری ئێران جەختی لەوە کردەوە کە وتووێژ بە مانای ڕادوستبوون یان شکست نییە، جەختی لەسەر ڕاوێژ لەگەڵ ڕێبەری ئێران کردەوە. پزیشکیان لە ١٣ی ئابی ٢٠٢٥ ڕەخنەی لە لێدوانەکانی بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل گرت کە ئیسرائیل لە دوای ڕووخانی ڕژیم هاوکاری ئێرانییەکان دەکات و بیرۆکەی

چوونە ناو دانوستانەکانی بۆ دوورکەوتنەوە لە هێرشی دیکی پێشنیار کرد.

ئیبراهیم عەزیزی، سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی نیشتمانی و سیاسەتی دەرەوەی پەرلەمانی ئێران، پێی وایە ئەو دانوستانە پاشەکشە نییە، بەڵکو زیاتر ئەوەیە کە وڵاتەکەی لە هەموو قۆناغەکانی مێژی دانوستاندا ئامادە بووە. مەهدی کەروبی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی ئێران ڕایگەیاند: «دانوستانی ڕاستەوخۆ ڕێگایەکە بۆ هەڵگرتنی سزاکان و دوورکەوتنەوە لە شەڕ». حەسەن ڕۆحانی، سەرۆک کۆماری پێشووی ئێرانیش داوای کەمکردنەوەی گەمارۆکان لەگەڵ واشنتۆن کرد. لە بەرامبەردا ڕۆژنامەی کەیهانی ئێرانی هێرشی کردە سەر بازش پزیشکیان و و لێدوانەکانی بە بەرهەمی «نەزانی» وەسف کرد. ئاژانسی هەواڵی تەسنیم سەر بە سووپای پاسداران ڕەخنەی لەو قسانە گرت و بە لاوازی ئێران لێکیدایەوە.

دانی سیترینۆڤیچ، لێکۆڵەری کاروباری ئێران لە ئینستیتیوتی ئیسرائیلی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاسایشی نەتەوەیی، پێی وایە ئێران ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی دەرەکی و ناوخۆیی بووەتەوە، ئەمەش ڕەنگە وا بکات کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل وەک هێرشێکی پێشوەختە لە بەرامبەر هەر هێرشێکی ئەگەری هەڵبژێرێت. پێشبینی دەکات ئێران سەرنجی لەسەر گەڕاندنەوەی تواناکانی بەرگری ئاسمانی و مووشەکیی خۆی و بریکارەکانی بێت و تا ئەو کارە ڕووبدات بڕیاری ستراتیجی سەبارەت بە پرسی ئەتۆمی نادات.

ڕۆژئاوا ترسی ئەوەی هەیە ئێران درێژە بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بدات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە توانا ئاسایییەکانی ڕێگریکردن سنووردار بووە و نزیکەی (٤٠٠) کیلۆگرام یۆرانیۆمی پیتێنراوی تا ٦٠٪ی هێشووەتەوە، کە بەسە بۆ بەرهەمهێنانی چەندین کڵاوەی ئەتۆمی، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی هەڵوێستی توندڕەوی پەرلەمانی ئێران و پێشنیارەکەی لە ٢٩ی ئابی ٢٠٢٥ بۆ کشانەوە لە پەیماننامەی قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٥، پەرلەمان یاسایەکی دەرکرد کە هاوکارییەکانی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ڕاگرت و مەرجی ئەوەی دابوو کە هەر پشکنینێک لە داهاتوودا بە ئاگاداریی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی لە تاران ئەنجام بدرێت.

## سیناریۆی گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی هەموارکراو

ئێران پابەندە بە مەرجی پیتاندن، ئیبراهیم عەزیزی، سەرۆکی لژنەی ئاسایشی نیشتمانی و سیاسەتی دەرەوەی ئەنجوومەنی ئێران، دووپاتی کردەوە کە پرەنسیپی پیتاندن جێگای دانوستان نییە، بەڵکو ئاست و ڕێژەی سەدی پیتاندن دەتوانرێت دانوستان بکرێت. ئێران جەختی لەوە کردەوە کە گەڕانەوە بۆ دانوستانەکان پەیوەستە بە چالاکنەکردنی سزاکان و دانوستان نەکردن لەژێر گوشار و بەدەستهێنانی گەرەنتی ئەوەی کە جارێکی دیکە لەڕووی سەربازییەوە نەکرێتە ئامانج و قەرەبووکردنەوەی دارایی ئەو زیانانەی کە لە شەڕی ئەم دواییەدا بە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی گەیاندووە. لە لایەکی دیکەوە (ترۆیکا) پێداگری لەسەر دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان لەسەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەکات بۆ ئەوەی دووبارە سزاکان نەسەپێندرێتەوە، ماوەیەکەی کەمی بە ئێران داوە پێش ئەوەی سزاکان بسەپێنرێنەوە.

پاتریک کلۆسۆن، هاوکارێکی باڵای پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک، پێی وایە کە ئیدارەی ئەمریکا لەگەڵ سیاسەتی دووبارە سەپاندنەوەی سزاکانە بە خێرایی بە پێی بڕیارنامەی ٢٢٣١ی نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە بەبێ هیچ هەوڵێکی واشنتۆن بەرەو کاراکردنەوەی سزاکان هەنگاو دەنێت و سێ وڵاتی ئەورووپی بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان و گوشار خستنە سەر تاران مامەڵەیان کردووە، بە تایبەت کە (ترۆیکا) نیشانی دا کە قەیرانەکە دەگەڕێتەوە بۆ پرسی ناوەکی و هەوڵی ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی، نەک هێرشی ئیسرائیل و ئەمریکا.

## سیناریۆی پەرەسەندنی لەسەرخۆ و بەبێ شەڕ ی فراوان

سەرەڕای لێدوانی عەلی لاریجانی سکرتێری گشتی ئەنجەومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، کە وڵاتەکەی بۆ خۆدزینەوە لە گەمارۆکان، ئامادەیی پیتاندنی یۆرانیۆمی بۆ ٢٠٪ لە جیاتی ٦٠٪ کەم بکاتەوە، کەچی ئێران بەردەوامە لە بەرزکردنەوەی ئاستی پیتاندنی، ڕێگریش لە دەستڕاگەیشتنی پشکنەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی دەکات، هەروەها پشت بە هێرشە ئەلیکترۆنیەکان و حووسییەکان دەبەستێت وەک ئامرازێک لە دژی وڵاتان، لە ٢٨ی ئابی ٢٠٢٥، (ترۆیکا) نامەیەکی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش ناردووە و داوای چالاککردنی میکانیزمی تریگەری کرد. لە ٢٠ی

ئەیلولی ٢٠٢٥ ئەنجوومەنی ئاسایش هاوتەریب لەگەڵ هەڵوێستی ڕۆژئاوا دەنگی بە بژاردەی هەڵگرتنی سزاکانی دا لە بەرامبەر گەیشتن بە ڕێککەوتن. (ترۆیکا) ڕوونی کردەوە کە ئەرکەکانی خۆی بەپێی ڕێککەوتنی ئەتۆمی جێبەجێ کردووە، لە کاتێکدا ئێران یۆرانیۆمی بە (٤٨) هێندەی ئاستی ڕێگەپێدراو پیتاندووە.

## سیناریۆی ڕووبەڕووبوونەوەی کراوە

وەستانی شەڕ و پێکدادانەکان بە مانای کۆتایی هاتنی ڕووبەڕووبوونەوەکان نییە. ئیسرائیل هەوڵدەدات لە هەموو ململانێکانی ئەم دواییەیدا لە ڕێگەی هێرشی مووشەکی و تیرۆرەوە باڵادەستی خۆی نیشان بدات. ئیسرائیل پەرەپێدانی بەردەوامی بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکییەکانی ئێران بە هەڕەشە بۆسەر خۆی لێکدەداتەوە، تۆڕی هەواڵی بی بی سی ئاماژەی بە ئەگەری شەڕێکی نوێ کردوە، بەهۆی زیادبوونی ئامادەیی سەربازیی ئەمریکا و هۆشدارییەکانی سەبارەت بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران. ئەمەش ئاماژەیە بۆ زیادبوونی پشتیوانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل، بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ نەک پشتیوانی لۆجستی لە ئەگەری هێرشی نوێ بۆ سەر ئێران.

واشنتۆن کاریگەریی سەربازی لە کەنداوی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست هەیە، بنکە سەربازییەکان وەک خاڵی ئۆپەراسیۆنی دەریایی و ئاسمانی و هەواڵگریی کاردەکەن، ئەمە جگە لە گرووپێکی هێرشبەری فڕۆکە هەڵگر کە لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە کاردەکەن، هەروەها سیستەمی بەرگری مووشەکیش بۆ ڕاگرتنی ئێران ئامادەکراوە، ئەم دۆخە ڕێگە بە وەڵامدانەوەی خێرا دەدات بۆ هەر هێرشێک و بژاردەی بەرگری بەگوێرەی دیدگای واشنتۆن دابین دەکات. هاوکات وڵاتانی ناوچەکە ترسیان لەوە هەیە ئەم ئامادەکارییە بەردەوامانە بەلبکێشن بۆ پێکدادانی نوێ.

## سیناریۆی «بێ چارەسەر» و بەردەوامیی دۆخی ئێستا

هەردوولا لە دانوستانە کاندا هێزی خۆیان دەپارێزن، بە لەبەرچاوگرتنی پێداگری ڕۆژئاوا لە سە ڕ دانانی کۆت و بەندی هەمیشەیی بۆ ڕێگرتن لە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی ئێران، هەروەها بەردەوامی زیادبوونی پیتاندنی ئێران، کە دۆخەکەی خستۆتە قۆناغی دواخستن و بەستنی دانوستانەکان بۆ چەند مانگێک، لەگەڵ گەڕانەوەی

سزاکانی سەر تاران. لە ٢٣ی ئەیلولی ٢٠٢٥، (ترۆیکا) دەرفەتی کۆتایی بە ئێران داوە بۆ دانوستان بۆ دوورکەوتنەوە لە سزاکان، ئەگەر لێکتێگەیشتنێک نەیەتە ئاراوە، متمانەی بەیەکتر لەدەست دەچێت، لە ئەگەری قایل نەبوون بە هیچ مەرجێک بۆ دانوستان دۆخەکە خراپتر دەکات.

## هاوسەنگی نێودەوڵەتی: ڕووسیا، چین و ئاسایشی وزە

ڕووسیا و چین هەوڵیان دا بڕیارنامەیەک بۆ درێژکردنەوەی وادەی بەسەرچوون بۆ گەڕانەوەی خێرای سزاکانی سەر ئێران بۆ ماوەی (٦) مانگ دابڕێژن، بەڵام ئەم هەنگاوە داوا لە تاران دەکات کە پشکنینی بێ سنوور لەلایەن ئاژانسەوە قبوڵ بکات و ڕوونکردنەوەیەک بۆ (٤٠٠) کیلۆ یۆرانیۆمی پیتێنراو تا (٦٠٪) بدات و ڕازی بێت لەسەر دەستپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ واشنتۆن. لە ٢٠ی ئەیلولی ٢٠٢٥ نوێنەری ڕووسیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دووپاتی کردەوە کە واژۆکارانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە مافی دووبارە سەپاندنی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیان نییە. نوێنەری چین لە نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کرد پەلە نەکەن لە سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا. ڕووسیا و چین میکانیزمێکیان نییە بۆ ڕێگریکردن لە سەپاندنی سزاکان بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی ڤیتۆی خۆیان، بەمەش ئێران بەبێ پاراستنی دیپلۆماسی لەلایەن چین و ڕووسیا دەمێنێتەوە. بەو پێیەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە، تەنها لە ڕێگەی فەرەنسا، ئەڵمانیا، یان بەریتانیا دەتوانرێت میکانیزمەکە چالاک بکرێت.

چین و ئێران پەیوەندییەکی پتەویان هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی پشتبەستنی چین بە نەوتی ئێرانەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە شەڕ هەڕەشە لە هەردوولا دەکات. پەکین خۆی لە تێوەگلان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واشنتۆن و تەلئەبیب بەدوور دەگرێت و خۆی وەک ناوبژیوانێک نیشان دەدات و ئیدانەی پەرەسەندنەکانی دژی تاران لە شەڕی حوزەیرانی ٢٠٢٥ دەکات. ڕووسیا و ئێران هاوکاری هاوبەشی چەک و هەواڵگری دەکەن و ئێرانیش لە شەڕی دژی ئۆکرانیا پاڵپشتی ڕووسیای کرد. ڕووسیا هۆشداریی دا بە ئەمریکا لە ڕێوشوێنی زیاتر لە دژی ئێران و هۆشداریشی دا لە کاردانەوەکانی دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکا لەسەر ئاسایشی جیهانی.

## خوێندنەوەکانی داهاتوو:

• هێرشەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل-ئەمریکی، ئێرانی ناچارکرد پلانەکەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ئێستا ڕێکبخاتەوە، دوای ئەوەی لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ەوە زیانی بەرکەوتووە، ئامرازەکانی خۆپارێزی لە ناوچەکەدا سنووردار بوون، بەتایبەتی کە شەڕی ئیسرائیل کەلێنەکانی دامەزراوەی ئەمنی تارانی ئاشکرا کرد. ئیسرائیل توانی سەرکردە سەربازییەکان و زانایانی ناڤۆکی لە شوێنی کار و ماڵەکانیان بکاتە ئامانج، ئەمەش تەحەدایەک بوو بۆ ڕژێمی ئێران لە ژێر ڕۆشنایی کەلێنی ناوخۆیی و فشاری دانوستانەکاندا.

• ئەگەرچی هێشتا ڕادەی زیانەکانی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران ڕوون نەبووەتەوە، بەڵام دەرئەنجامەکانی هێرشەکانی ئەمریکا پێویستی بە کات و هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی ئەم دامەزراوانە بە کارایی بەرز کاربکەن. بەڵام ئێران لە درێژەدان بە پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی شوێنەکانی بەرهەمهێنانی مووشەک کە پێشتر لەلایەن ئیسرائیلەوە کرابوونە ئامانج، نەوەستاوە. ئەمەش بەو مانایەیە کە تاران سیاسەتێکی «کات کڕین» پەیڕەو دەکات بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی بەبێ ئەوەی ئیمتیازاتی جەوهەری لە پرسی ئەتۆمیدا بکات، بە تایبەت کە بە لەبەرچاوگرتنی توانای ڕۆژئاوا بۆ بەکارهێنانی سزاکان، پێگەی لاوازی خۆی درک پێدەکات.

• ئیدارەی وڵاتانی (ترۆیکا) لە دانوستانەکان لەگەڵ ئێران ئاماژەیە بۆ خواستی ئەورووپا بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و گەیشتن بە ڕێککەوتن، بە پێشنیارکردنی گریمانەی دواخستنی سزاکان کراوە ئەگەر تاران پابەند بێت بە مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە.

• دانوستانەکان لەگەڵ واشنتۆن و ئاسانکاری بۆ چاودێریکردنی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی لە کۆگای یۆرانیۆمی پیتێنراوی ئێران بەردەوامە. پێشوازیی واشنتۆن لە نێوەندگیری ئەورووپی لە خواستی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت کە خۆی لە سروشتی ئێستای دانوستانەکان دوور بخاتەوە، نەک لەلایەن تارانەوە تۆمەتبار بکرێت بە بێهەڵوێستی یان بکەوێتە ژێر فشاری ئیسرائیل و پەرەی سەندووە.

• پەرەسەندنی ئیسرائیل لە غەززە و لوبنان و یەمەن دەبێتە بەشێک لە پلانی ئیسرائیل بۆ هەڵگیرسانی ڕووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ ئێران. ئەمەش ئاماژەیە بۆ

ئەوەی کە حکوومەتەکەی بنیامین ناتانیاهۆ بەدوای سیناریۆی شەڕدا دەگەڕێت، لە کاتێکدا خامنەیی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل بەدوور دەگرێت و هەوڵدەدات پرسی ئەتۆمی بەبێ چارەسەر و بێ سزا بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی بەرنامە ئەتۆمییەکە دەگاتە قۆناغێک کە پێگەی دانوستانکاری ئێران بەهێزتر بکات و زەمینەسازییەکی بەهێزتری پێبدات بەسەر ڕۆژئاوادا.

• واشنتن درک بەوە دەکات کە بەشداریکردن لە شەڕێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تاران، لە ئەگەری نەگەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر پرسی ئەتۆمی، نەک هەر کاریگەری لەسەر ڕژێمی ئێران دەبێت، بەڵکو ئەم ڕووبەڕووبوونەوانە لایەنەکانی دیکەش دەگرێتەوە، بەتایبەتی کە هاوپەیمانەکانی ئێران، وەک چین و ڕووسیا، وەڵامەکانیان بەتەنها بۆ لێدوانەکان سنووردار ناکەن، بەڵکو فشاریان لەسەر ڕۆژئاوا لەسەر پرسە دڕکاوییەکانی دیکە دروست دەکەن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئێران هاوپەیمان و هاوبەشی ستراتیژییە بۆ ئەوان، و دژە قورسایی کاریگەری ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا، بەپێی دیدگای مۆسکۆ و پەکین. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەگەری دووبارە داڕشتنی هاوپەیمانییە جیهانییەکان و گۆڕینی هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەکان.

**ناوی ناوەند:**

المركز الأوروبي لدراسات مكافحة الإرهاب والاستخبارات

لینکی بابەت: https://www.europarabct.com/?p=109829

## سەرچاوە


• IAEA Board of Governors on the JCPoA, September 2025: E3 Statement
https://bit.ly/3Kc4aVg

• Iran Update, August 11, 2025
https://bit.ly/3IpFTuq

• IAEA Director General Grossi's Statement to UNSC on Situation in Iran
https://bit.ly/4pqK6P3

• Back to Basics: Iran Sanctions After the June 2025 Conflict
https://bit.ly/4mrsfFc



# کەسایەتی
# ئێرانناسی

# میر حسێن موسەوی

## «سەرۆك وەزیرانی جەنگ»

ئامادەکردن: ئێرانناسی



# ژیاننامەی کەسیی و سیاسی موسەوی بەر لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران

## بەرایی

میرحسێنی موسەوی خامنە، لە ٢ی ئازاری ١٩٤٢، لە شارۆچکەی خامنە، سەر بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات لە خێزانێکی تورك زمان لەدایکبووە. باوکی کە ناوی میر ئیسماعیل موسەوییە لە شاری تەبرێز یەکێك لە بازرگانەکانی فرۆشتنی چا بووە. موسەوی لە شارۆچکەی خامنە ژیانی منداڵی بەڕێکردووە. دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی، خانەوادەی موسەوی دەچنە تارانی پایتەخت، لەوێ بەردەوام دەبێت لەسەر خوێندن و لە زانکۆی نەتەوەیی ئێران لە تاران لە بەشی ئەندازیاری تەلارسازی وەردەگیرێت، دواتریش لە هەمان زانکۆ بڕوانامەی ماستەر بەدەست دەهێنێت و وەك یەکێك لە کادیرەکانی زانکۆ لە وتنەوەی وانە بەردەوام دەبێت.

موسەوی لە میانی خوێندنی زانکۆیی، «ئەنجومەنی ئیسلامیی زانکۆی میللیان»ی لەگەڵ هاوڕێکانی دامەزراند، دوای تەواوکردنی زانکۆ لەگەڵ هەمان ئەو هاوڕێیانەی زانکۆی، کۆمپانیای سەمەرقەندیان دامەزراند. کۆمپانیاکە بووە شوێنی کۆبوونەوەی دەنگە ناڕازی و ئۆپۆزسیۆنەکانی دەسەڵاتی شاهەنشاهی لە ئێران. محەمەد عەلی ڕەجایی یەکێك بوو لە هاوڕێ نزیکەکانی، لەگەڵ چەند هاوڕێییەکی دیکەی وەك عەبدول عەلی بازرگان و عەلی خامنەیی، پێش شۆڕش بەردەوام لە ململانێدا بوون بۆ دژایەتیکردنی دەسەڵاتی پەهلەوی لە ئێران.

لە ساڵی١٩٦٩ لەگەڵ زەهرا ڕەهنەوەرد، کە کچی یەکێك لە دەرەجەدارە سەربازییەکانی شاهەنشاهی و یەکێك لە خوێندکارانی بەشی پەیکەرسازی بوو، هاوسەرگیری کرد. ڕەهنەوەردیش لەو ساڵانەدا یەکێك لە قوتابییە ناسراوەکانی عەلی شەریعەتی بوو، کە لە خەباتی دژ بە حکومەتی پەهلەوی چالاك بوو.

موسەوی بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی مسوڵمانان لەسەر تەرزی سۆسیالیستی دادەنرێت، هەربۆیە بە لایەنگری چەپەکانی ئێران لەو قۆناغەدا لەقەڵەم دەدرا. لە ڕاستیدا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بیرو باوەڕی چەپ لە ئێران لەوپەڕی برەوی خۆیدا بوو، عەلی شەریعەتی کە بیرمەندێکی ئێرانی بوو، بەوە ناسرابوو کە

پشتگیری لە چینی هەژار و کەمدەرامەت دەکرد و دژایەتی ئیمپریالیزمی دەکرد، کە چەپەکان لەو قۆناغە بانگەشەیان بۆ دەکرد، ئەوەش کاریگەری هەبوو لەسەر بڵاوبوونەوەی لە ناو چینی خوێندەواری ئێرانیدا.

بەهۆکاری چالاکییە سیاسییەکانییەوە، دەزگای هەواڵگری ساواك، هێرشی کردە سەر کۆمپانیای سەمەرقەند و تەواوی ئەندامانی کۆمپانیاکە بە میرحسێن موسەویشەوە دەستگیر کرد. موسەوی دوو جار لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستگیر دەکرێت، دواتر لە ساڵی ١٩٧٧، لەگەڵ خێزانەکەی کە پێشتر لە ئەمریکا ژیابوو، سەفەری ئەمریکا دەکات بە مەبەستی خۆ حەشاردان لە دەزگا ئەمنییەکانی ئێران. بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێك لەو وڵاتە دەمێنێتەوە. پێش گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ ئێران بە ماوەیەکی کەم، موسەویش گەڕایەوە بۆ تاران بە مەبەستی درێژەدان بە خەبات دژ بە دەسەڵاتی شاهەنشاهی.

## بەشداری سیاسی موسەوی لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش تا ساڵی ١٩٨٩

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٩، شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوتنی بەدەستهێنا و کۆتایی بە دەسەڵاتی شاهەنشاهی لە ئێران هات. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش، لە لایەن محەمەد بەهەشتییەوە حیزبی جمهوری ئیسلامیی دامەزرا، هەر زوو موسەوی پەیوەندی بە حیزبە نوێیەکەوە کرد و بوو بە یەکێك لە ئەندامە باڵاکانی حیزبەکە، هاوکات وەك سەرنووسەری ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامیش دەستبەکار بوو.

لە سەردەمی سەرۆك کۆمار محەمەد عەلی ڕەجایی، موسەوی وەك وەزیری دەرەوەی ئێران دەستبەکار بوو، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم و لە ٣٠ئابی ١٩٨١، سەرۆك کۆمار» ڕەجایی»، و سەرۆك وەزیران «باهونەر»، لە ئەنجامی تەقینەوەیەك لە نووسینگەی سەرۆك وەزیران تیرۆر کران، هەربۆیە جارێکی دیکە هەڵبژاردن لە ئێران کرایە وە و عەلی خامنەیی وەك سەرۆك کۆماری نوێی ئێران هەڵبژێردرا. هەرچەندە لەسەرەتادا خامنەیی، ویستی عەلی ئەکبەر ولایەتی وەك سەرۆك وەزیران هەڵبژێریێت، بەڵام لە پەرلەمان دەنگی پێویستی بەدەست نەهێنا، هەربۆیە ناچار بوو موسەوی بۆ ئەو پۆستە دیاری بکات، چونکە ڕەزامەندی ڕابەری باڵای «خومەینی» لەسەر بوو.

لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەستی سەرۆك

وەزیراندا بوو، سەرۆك کۆمار لە ڕێگەی دەنگی ڕاستەوخۆی هاونیشتیمانیانەوە هەڵدەبژێردرا، بەڵام سەرۆك وەزیران لە لایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێ دەدرا و دواتریش تەواوی کابینە وزارییەکەی دەنگی لەسەر دەدرا، بەو پێییەش دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەست سەرۆك وەزیراندا بوو.

بابەتی ئابووری دەوڵەتیی، یەکێك بوو لەو بابەتانەی کە لایەنگرانی موسەوی نەیاندەویست باسی لێوەبکرێت، چونکە موسەوی بە ئەندازیاری ئەو پرۆژەیە دادەنرا. موسەوی لە کابینەی یەکەمی سەرۆك وەزیرانی خۆیدا زۆر بە جدی کاری لەسەر ئەوە دەکرد، کە ئابووری وڵات لە لایەن دەوڵەتەوە بەڕێوە ببرێت، بە جۆرێك زۆربەی زۆری کارگەو پیشەسازییە گرنگەکانی خستەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەت. کەرتی گشتی جێگەی کەرتی تایبەتی گرتەوە و ئێران بەرەو وڵاتێکی ئابووری سۆسیالیستی هەنگاوی دەنا.

موسەوی وەك سەرۆك وەزیرانی نوێی ئێران لە ئۆکتۆبەری ١٩٨١ دەستبەکار بوو، لە ماوەی دەسەڵاتی وەك سەرۆك وەزیران، ئێران ڕووبەڕووی جەنگێکی درێژخایەن بوویەوە لەگەڵ عێراقی دراوسێی، سەرباری ئاڵنگاری جەنگەکە، کە وڵاتی تووشی قەیرانی گەورە کردبووە، موسەوی و خامنەیی لەسەر چۆنیەتی ئیدارەدانی وڵات ناکۆك بوون، هەر ئەوەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی، کە موسەوی داوای دەستلەکارکێشانەوە بکات، بەڵام دەستلەکارکێشانەوەکەی لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە قبوڵ نەکرا.

چوار ساڵی یەکەمی کابینەکەی بە ناکۆکی لەگەڵ سەرۆك کۆمار تێپەڕاند، دوای تەواوبوونی وادەی سەرۆکایەتییەکەی، خامنەیی بە مەرجی دەستکراوەیی لە دیاریکردنی سەرۆك وەزیران بۆ حکومەتەکەی بڕیاریدا خۆی هەڵبژێرێتەوە، سەرباری ئەوەی خومەینی بەڵێنی ئەوەپێدا بوو، وەك بەشێك لە ئاژانسە هەواڵییەکان ئاماژەیان بۆ دەکرد، بەڵام دوای سەرکەوتنی خامنەیی لە هەڵبژاردنەکە ، ئایەتوڵڵا خومەینی نامەیەك ئاڕاستەی خامنەیی دەکات و پێی دەڵێت دیاری نەکردنی موسەوی بۆ سەرۆك وەزیران بەمانای خیانەت دێت، ئەوەش خامەنیی ناچار دەکات سەرباری نارەزایەتی و نەگونجانی لەگەڵی، جارێکی دیکە موسەوی وەك سەرۆك وەزیرانی حکومەتەکەی دیاری کردەوە.

لە دەورەی دووەمی سەرۆکایەتی خامنەیی، ناکۆکییەکانی لەگەڵ موسەوی درێژەی هەبوو، ئەوەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە موسەوی لە ٦ سێبتەمبەری ١٩٨٨، داوای دەستلەکارکێشانەوە بکات، سەرباری بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لە ڕۆژنامەی

جمهوری ئیسلامی زمانحاڵی حکومەت، بەڵام جارێکی دیکە لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی داواکەی موسەوی ڕەتکرایەوە، ئەوەش موسەوی ناچار کرد لەسەر کارەکەی بەردەوامبێت.

کۆچی دوایی ئایەتوڵڵا خومەینی و کاریگەری لەسەر چالاکی سیاسی موسەوی

لە ٦ی نیسانی ١٩٨٩، ئایەتوڵڵا خومەینی کۆچی دوایی کرد و عەلی خامنەیی وەك ڕابەری باڵای نوێی شۆڕشی ئیسلامیی دیاری کرا، بەوپێیەش موسەوی گرنگترین و کاریگەرترین کەسی لەدەستدا و ڕکابەرەکەی جێگەی گرتەوە. دەستبەکاربوونی خامنەیی بەمانای کۆتایی هاتنی نفوز و پێگەی موسەوی دەهات لە وڵات، دوای کەمتر لە سێ مانگ لە مردنی ئایەتوڵڵا خومەینی، بە مەبەستی چاوخشاندنەوە بە دەستووری نوێی ئێران، دوای گشتپرسی، بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران و تەواوی دەسەڵاتەکان درایەوە بە سەرۆك کۆمار، بەو شێوەیەش موسەوی بەتەواوی بێ هیوا کرا لە دووبارە گرتنەوە دەستی دەسەڵات.

دوای ئەوەی خامنەیی وەك ڕابەری باڵا دیاری کرا، بڕیاریدا موسەوی وەك ئەندامی دیاریکرنی بەرژەوەندییەکانی ئێران دیار ی بکات، لە ڕاستیشدا بە درێژایی نزیکەی بیست ساڵ موسەوی هیچ جۆرە ئەرکێکی سیاسی گەورەی پێ نەسپێرا، هەرچەندە ماوەیەك وەك ڕاوێژکاری سەرۆك کۆمار دەستبەکار بوو، بەڵام نەیتوانی کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت لە سیاسەتی نوێی وڵاتەکەی.

## بەشداری موسەوی لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی ٢٠٠٩

لە سەروبەندی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٩، موسەوی لە میانی چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاند بارودۆخی دژواری وڵات ئەوی ناچارکردووە جارێکی دیکە بەشداربێت لە کایەی سیاسی و دەیەوێت وڵات بخاتەوە سەر ڕێگە ڕاستەکە، بە بڕوای موسەوی ئەگەر وڵات بە شێوەیەکی باش بەڕێوە ببرایە ئەو پێی خۆشبوو سەرقاڵی کاری هونەری ببوایە، کە یەکێك بووە لە کارە لە پێشینەکانی بەر لە سەرهەڵدانی شۆڕش.

لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٩، بەشێك لە لایەنگرانی موسەوی لە هوتافەکانیاندا هاواریان دەکرد، سەرۆك وەزیرانی ئیمام، مەبەستیان

لەوە بوو کە لە دەورەی دووەمی سەرۆکایەتییەکەی بە فەرمانی ئایەتوڵڵا خومەینی بووەتەوە بە سەرۆك وەزیران، وەك ئاماژەیەك بۆ ڕەزامەندی ڕابەری پێشوو، کە دامەزرێنەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە سەبارەت بە موسەوی.

بەشێك لە لایەنگرانی موسەوی هۆکاری ناکۆکی و دەستلەکارکێشانەوەکانی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوویان بۆ ئەوە دەگێڕایەوە، کە گوایە موسەوی ناڕازی بووە لە شێوازی بەڕێوەچوونی حکومەت، بەتایبەتی سەبارەت بە زیندانی و دادگایی کردنی نەیارو ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو قۆناغە و لە سێدارەدانیان بە شێوەی دەستە جەمعی، بەڵام لە لایەن دەزگاکانی حکومەتی ئێرانەوە تەواوی دەستخەتی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی موسەوی ساڵی ١٩٨٨ بڵاوکرایەوە، لە نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەیدا، موسەوی بەهیچ جۆرێك باس لە سێدارەدان و شێوازی بەڕێوەچوونی حکومەت ناکات لە ناوخۆی وڵات، بەڵکو گلەیی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەیە، کە بە بێ ئاگاداری سەرۆك وەزیران چەندین کۆبوونەوە و ڕێکەوتنی نهێنی دەرەکی کراوە، لەکاتێکدا ئەو وەك سەرۆك وەزیران ئاگای لە هیچکام لەو ڕێکەوتنە نهێنییە دەرەکییانە نەبووە. بۆ نمونە باس لەوە دەکات، کە عەلی لاریجانی خۆی دان بەوەدا دەنێت کە لە پێنج کەناڵەوە پەیوەندییان بە ئەمریکاوە هەبووە، بەڵام من وەك سەرۆك وەزیران ئاگام لە هیچکام لەو کەناڵانە نەبووە، ئەوەش ناڕەزایەتی ئەوی بەدوای خۆیدا هێناوە داوای دەستلەکارکێشانەوەی کردووە. هێزە ئۆپۆزسیۆنە ئێرانییەکان سەبارەت سەروەختی دەسەڵاتی موسەوی و بەردەوامی زیندان و لە سێدارەدان ئاماژەیان بەوە کرد، کە موسەوی دەورێکی زۆر گەورەی بینیوە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و بەردەوامی سیاسەتی ستەمکارانە دەرهەق بە کۆمەڵگەی ئێران لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو.

لە ٢٠٠٩\٦\١٢، هەڵبژار دن بۆ سەرۆك کۆماری نوێیی ئێران ئەنجامدرا، کە ڕکابەری سەرەکی ئەو هەڵبژاردنە لە نێوان میر حسێن موسەوی و ئەحمەدی نەژاد دا بوو، بە پێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە نەژاد سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەوەش ناڕەزایەتی موسەوی و لایەنگرانی لێکەوتەوە، موسەوی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، «کە ئەو سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و ئەوەی ڕاگەیەنراوە ڕاست نییە، بەڵکو ساختەکاری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کراوە، داوای کرد ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەڵبوەشێندرێتەوە».

## بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی بزووتنەوەی سەوز و بڕیاری مانەوەی زۆرەملێ دژ بە موسەوی «حصر خانگی»

بەهۆکاری ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی گوێیان لە داواکارییەکەی موسەوی نەگرت، خۆپیشاندانی گەورەی جەماوەری لە ئێران سەریهەڵدا، کە دواتر بە «جوڵانەوەی سەوز» ناونرا. خۆپیشاندان زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئێرانی گرتەوە، ئەوەش عەلی خامنەیی ناچار کرد یەك حەفتە دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکە لە وتاری نوێژی هەینی لە تارانی پایتەخت هەڕەشە لە موسەوی و کەڕوبی بکات وەك دوو ئایکۆنی هەڵسوڕێنەری خۆپیشاندانەکان. خامەنیی ئاماژەی بەوە کرد «پێویستە هەموو لایەك بە گیانی دۆستانەوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە قبوڵ بکات، پەنابردن بۆ هاندانی خەڵك و خۆپیشاندان کارێکی دروست نییە، داوای کرد هەرچی زووە کۆتایی بەو هەڵویستە بهێنن، دەرئەنجامەکەشی خستە ئەستۆی ئەوانەی کە هۆکاری سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانن، کە مەبەست لێی موسەوی و کەڕوبی بوو».

بە هۆکاری بەردەوامیدان بە هەڵوێستی نەگۆڕیان سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و فراوانبوونی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی بڕیاریاندا بە ناچارکردنی موسەوی بە مانەوە لە ماڵەوە» حصر خانگی»، ئەو بڕیارەشیان بۆ ئەوە بوو کە پەیوەندی نێوان خۆپیشاندەران و موسەوی، کە ڕابەرایەتیانی دەکرد بپچڕێنن. بەو شێوەیەش موسەوی و خێزانەکەی ناچار کران لەو خانووەی کە تیاییدان بمێننەوە و تەواوی پەیوەندییەکانیان بە دەرەوە پچڕا.

دوای ئەو بڕیارەی دەسەڵاتدارانی ئێران، موسەوی بە شێوەیەکی گشتی نەیتوانی هیچ جۆرە چالاکییەکی سیاسی ئەوتۆ ئەنجام بدات، بە ناچاری ئەو دۆخە تازەیەی بۆی هاتە پیشەوە قبووڵ کرد، بەڵام دوای تێپەڕینی نزیکەی ١٢ ساڵ لە بێدەنگی، بۆ یەکەمین جار موسەوی، دوای ڕووداوی کوشتنی «مەهسا ئەمینی» و سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئیران، پەیامێکی بڵاوکردەوە، هەرچەندە بە بڕوای چاودێران پەیامەکەی موسەوی درەنگ وەخت بڵاوکرایەو و دوای تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر لە سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئیران بوو، بەڵام پەیامەکە بەلای دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بەزاندنی هێڵی سوور بوو، چونکە لە پەیامەکەیدا داوای دووبارە ڕیفراندۆمێکی گشتی بۆ وڵات دەکرد و پێی وابوو ئەوانەی کە لە دەسەڵاتن ناتوانن بەشێوەیەکی دادپەروەر حوکم بکەن، هەربۆیە داوای کردبوو ئەنجومەنێکی دامەزراندن هەڵبژێردرێت

و لە ڕێگەی ئەنجومەنەکەوە جارێکی دیکە چاو بە دەستووری وڵاتدا بخشێنرێتەوە. بەیاننامەکەی موسەوی لە کاتێکدا بوو کە لە بەشێکی زۆر لە شارو شارۆچکەکانی ئێران خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی هەبوو، خەڵکێکی زۆر لەسەر شەقامەکان داوای گۆڕینی شێوازیی بەڕێوەبردنی وڵاتیان دەکرد.

دوای کۆتایی هێنان بە ناڕەزایەتییەکان جارێکی دیکە بۆ ماوەی نزیك بە دوو ساڵ، موسەوی بێدەنگی هەڵبژارد، بەڵام هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئیران و کوشتنی چەند سەرکردەیەکی سەربازی و چەند زانایەکی ناوەکی ئیران لە لایەن ئیسرائیلەوە، جارێکی دیکە چانسی ئەوەی بۆ موسەوی هێنایە پێشەوە، کە بتوانێت دەنگ هەڵبڕێت، لە بەیاننامەیەکیدا دوای شەڕی دوانزە ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل، موسەوی ڕایگەیاند خەڵکی ئێران لەو بارودۆخەی تێی کەوتووە، ناڕازییە، حکومەتی ئێستای ئێران ناتوانێت نوێنەرایەتی تەواوی خەڵکی ئیران بکات، هەربۆیە داوای کرد هەرچی زووە لە ڕێگە گشتپرسییەکەوە، ئەنجومەنی دامەزراندن پێکبهێنرێت بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ و تەواوی زیندانیانی سیاسی ئازاد بکرێت.

دوایین پێشهات سەبارەت بە موسەوی، ئاژانسەکانی هەواڵ باس لەوە دەکەن، کە نوێنەرێکی پزیشکیانی سەرۆك کۆماری ئیران، سەردانی موسەوی کردووە، ئامانج لە سەردانەکە گفتوگۆکردن بووە سەبارەت بە هەڵگرتنی سزای مانەوەی بە زۆرەملێ لە ماڵەکەی، کە لە دوای هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێران و بەردەوامیدان بە خۆپیشاندان لەساڵی ٢٠١١، بە سەریدا سەپێندرا. هەرچەندە ئەو هەواڵە لەلایەن جێگری سەرۆك کۆماری ئێران بۆ کاروباری جێبەجێکردن پشتڕاستکرایەوە، بەڵام نووسینگەی تایبەتی موسەوی تەواوی ئەو هەواڵانەی ڕتکردەوە و ڕایگەیاند موسەوی ئامادە نییە هیچ بەرپرسێکی حکومەتی ئێران ببینێت، ئەوان ئامانجیان ئەوەیە دەسەڵاتداران نەرمی بنوێنن و سزای ناچارکردنی زۆرەملێی مانەوە لە ماڵەوە بەسەر موسەویدا هەڵبووەشێننەوە. بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە دوای ئەوە هات، کە سەرۆك کۆماری ئێران ڕایگەیاند ئەوان دەیانەوێت لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدەنەوە و لەگەڵ تەواوی هاوڵاتیانی ئیرانی گفتوگۆ بکەن، شایەنی باسە ماوەیەك پێش سزای مانەوەی زۆرەملێ بەسەر مەهدی کەڕوبی هەڵوەشێنرایەوە، کەڕوبی هاوکات لەگەڵ موسەوی ئەو سزایەی بەسەردا سەپێنرا بوو، هەربۆیە بە بڕوای چاودێران لە ئاییندەیەکی نزیکدا سزای سەر موسەویش هاوشێوەی کەڕوبی هەڵدەوەشێندرێتەوە.

# سەرچاوەکان:

-زندگی‌نامه نامزدها: میر حسین موسوی، https://www.bbc.com/persian/lg/iran/2009/05/090521_og_ir88_mosavi، لە مانگی ئایاری ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.

-فروغ فرزانه، میرحسین موسوی خواهان رفراندوم برای مجلس موسسان شد، https://www.dw.com/fa-ir، بەرواری سەردان، ٢٢\ئابی\ ٢٠٢٥.

- مروری بر زندگی و فعالیت‌های میرحسین موسوی، https://www.asianewsiran.com/fa/newsagency، بەروری سەردان، ٢٣\ئابی\٢٠٢٥.

- زندگي نامه میرحسین موسوي، https://mirhussein2.blogfa.com/post/1، بەرواری سەردان، ٢٣\ئابی\٢٠٢٥.

- مرضيه جوادی، بیوگرافی میرحسین موسوی از نخست وزیری دوران جنگ تا انتخابات جنجالی ٨٨،

١٤٠٣٦٤٩٩٤٧/https://rooziato.com، لە بەرواری ١٤ دیسەمبەری\٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

- موسوی در مقابل خامنه ای: جنبش سبز به دنبال چه بود؟ لە چەناڵی یوتیوب لینکی چەناڵ: https://www.youtube.com/watch?v=LfZUItXenzs&t=324s، لە بەرواری ١٢٩ سێپتەمبەری\ ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

- میرحسین موسوی ؛ نخست وزیر محبوب خمینی چگونه به زنـدانی در حصر خامنه ای تبدیل شد ؟ لە چەناڵی یوتیوب، لینکی چەناڵ: https://www.youtube.com/watch?v=O_zjKbg٩y٥s، لە بەرواری ٢٥\ئۆگست\ ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.

- حقایق ناگفته از سوگلی خمینی میرحسین موسوی ناجی نظام در٨٨، لە چەناڵی یوتیوب، لینکی چەناڵ: https://www.youtube.com/watch?v=KvmS-p٣ndPU، لە بەرواری ١٢١ ی جوڵای ٢٠٢٥\ بڵاوکراوەتەوە.

- هادی فلادکار، مير حسين موسوي.. من رئاسة الوزراء إلى الإقامة الجبرية، https://aljadah.media/archives/70867، لە بەرواری ١١\ فبرایری ٢٠٢٣\ بڵاوکراوەتەوە.

- متن کامل بیانیه میرحسین موسوی (بدون سانسور + واکنش ها)، https://www.roozlog.com/١٤٨٧.تاریخ انتشار ١٧\بهمن\ ١٤٠١.

- موسوی در مقابل خامنه ای: جنبش سبز به دنبال چه بود؟، لە چەناڵی یوتیوب، لینکی چەناڵ: https://www.youtube.com/watch?v=LfZUItXenzs&t=418s، لە بەرواری ١٢٩ سێپتەمبەری ٢٠٢٤\ بڵاوکراوەتووە.

-تضارب حول اجتماع مبعوث بزشكيان بمير حسين موسوي،https://aawsat.com/%D8%B4%D8%A4%D9. نشر فی 31\یولیو\2025.

کتێبناسی

ئێرانناسی

# کورد لە سەفەرنامەکاندا
## (لە سەفەوییە تا کۆتایی پەهلەوی)[1]

ئامادەکردنی: ئێرانناسی




١. فرامرز اقا بیگی. کرد در سفرنامەها ( از صفوی تا پایان پهلوی) . تهران انرشارات ایرانشانسی چاپ اول ١٤٠٠

ئەوانەی لە بواری کوردناسی و ئێرانناسی کاریان کردووە، پشتیان بە سەفەرنامەکان وەک سەرچاوەی مێژووی و ئەتنوگرافی بەستووە. لەگەڵ شیرینی خوێندنەوەی ئەو کتێبگەلانە، ناوبەناو ئەگەر دێڕێک یاخود بەشێک پەیوەندی بە کورد و کوردستانەوە هەبوو‌بێت ئەوا خەتێکمان بە ژێریدا کێشاوە و بوەتە جێگەی سەرنجمان. بەڵام کەمتر بینیبوومان کە کتێبێک بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی کۆی ئەو زانیارییانەمان بۆ ڕێکبخاتەوە و لە دووتوێی کتێبێکی لەم چەشنە پێشکەشی خوێنەر و پسپۆڕانی ئەو بوارەی بکات. خۆشبەختانە ‹دامەزرەوەی ئێرانناسی» لە ئێران و بە قەڵەمی توێژەرێکی بە سەبر و بەتاقەت ئەو بەرهەمەی هێنایە بوون، ئەویش «فەرامەرزی ئاقابێگی» یە.

کوردناسی کۆڵەکەیەکی گرنگی ڕۆژهەڵاتناسیە. وەک نەتەوەی چوارەم لە ناوچەکە جێگەی سەرنجی گەشتیار و گەریدەکان بووە. وەک نەتەوەی بێ دەوڵەتی ناوچەکەش هەمیشە چاوی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکانی لە سەر بووە. لە پێنج سەد ساڵی ڕابردوو و بە تایبەتەت لە سەدەکانی پانزە و شانزە بە دواوە گەریدەکان کاری کنە وپشکنینی کولتووریان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و ئێران کوردستان بە تایبەتی ئەنجام داوە. ئەو ناوە دیارانەی کە چ وەک گەشتیار و گەڕیدە و چ ئەوانەی بو مەبەستی کاری ئەتنۆگرافی و زانستی کاریان کردووە لە کۆتاییدا ئامانجیان ناسینی ڕۆژهەڵات بووە. لێرەوە ڕۆژهەڵاتناسی وەک زانست خۆی نمایش دەکات.

کتێبەکە بە ستراکچەرێکی بەهێز داڕێژراوە. ڕیزبەندی بەشەکانی بە شێوازێکە، کە زەمەنی مێژووی تێیدا ڕەچاو کراوە. بە پێی زنجیرەی کات و مێژووی بابەتەکانی تێرئاو کراون. جیاواز لە ڕای گەڕیدە و سەرچاوەکانی کە وەک سەفەرنامە دەرکەوتوون پشت بە نووسراوی هەندێک لە کەسانە بەستراوە کە وەک نێردە و یاخود فەرمانەبەر یا خود دیپلۆماتکار لە ناوچەکە کاریان کردووە.

سەفەرنامەکان وەک پەردەی نیگارکێشی داب و نەرتی و ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری خەڵک لە ئامێز دەگرن. یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی مێژوو نووسی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئیسلامی ئەوە بووە کە: مێژوونووسان گرنگییان بە مێژووی کۆمەڵایەتی نەداوە ئەم کەلێنە هەمیشە لە لایەن گەشیتار و گەڕیدەکانەوە پڕ کراوەتەوە. بە هۆیی هەلومەرج و دۆخیی مێژوویی وڵاتانی ڕۆژهەڵات کەمتر توانای سەفەر کردن بۆ

ڕۆژهەڵاتییەکان ڕەخساوە کە سەفەر بۆ ڕۆژئاوا بەکەن و نمونەی زۆر کەم نەبێت سەرچاوەی وامان لە بەردەست نییە، بۆ نموونە سەفەرنامەی ناسرەدین شا بۆ فەرەنگ. بەڵام بە پێچەوانەوە جیهانی ڕۆژهەڵات و میزۆپۆتامیا بە تایبەت بابەتی لێکۆڵینەوەکانی گەشتیار و میسیۆنێر و گەریدە ئەورووپاییەکان بووە. بە تایبەت ئەوەی کە پەیوەستە بە کولتوور و شارستانییەتی گەلانی ئێران لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە تا مێژووی هاوچەرخ بابەتی ئەم لێکۆڵینەوە بە نرخەیە. کە ئاماژە بە هەندێک لەو سەرچاوە بە نرخانە دەکەین.

زۆربەی ئەو سەفەرنامانەی کە لە سەردەمی سەفەوییدا نوسراوە بە شێوەیەکی گوماناوی و هەندێک جار هاوتەریب لە گەڵ مێژوونووسە ئیسلامییەکان کە کوردیان وەک خێڵی جنۆکە .. ناساندووە، ئەورووپاییەکانیش بە هەمان شێوە هەندێک دەستەواژەی وەک وەحشی و دز ..یان بەکارهێناوە.

بازرگانە وینیزییەکان یەکەم دەستەی ئەوانە بوون کە لە سەردەمی سەفەوییەوە گەیشتوونەتە ئێران. پاشان «برایانی شرلی»، «فیگۆئروا»، ‹پیتر دولاواله»، «تارونییە»، «شاردن» و» کارری» گرنگترین ئەو کەسانە بوون کە لە سەردەمی سەفەوییەکان گەیشتوونەتە ئێران. دواتریش لە سەردەمی نادر شای ئەفشاو و خانەدانی زەندییە تا کۆتایی قاجار بەردەوام بوو.

گرنگترین سەفەرنامەکانی ئێران لە سەرەتای سەفەوییە تا کۆتایی قاجارەکان نووسراون.

- سەفەرنامەی پیترودولاواله. گەریدەی ئیتاڵیایی ١٦١٧
- سەفەر لە ئێران، گاسپار درووپل ١٨١٢ لە سەدەمی قاجارەکان هاتووەتە ئێران.
- سەفەرنامەی هانری بایندەر: سەفەر نامەی کوردستان و بەینولنەهرەین و ئێران.١٨٨٧ و لە سەردەمی قاجارەکان و ناسرەدین شا
- ئێران و قەزییەی ئێران.جورج ناتانیل کۆرزۆن ١٨٩٠
- سەرزەمینی سەرسوڕهێنەر و خەڵکێکی میهرەبان. ١٩٤٩-١٩٥٠ ویلیام داگلاس قازی دیوانی باڵای ئەمریکا لە سەفەری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نووسیویەتی.

توێژەری ئەم باسە لە بنەڕەتدا بۆ یەکێک لە زانکۆکانی ئێرانی نووسیووە، توانیویەتی داتاکانی سەفەرنامەکانی بە شێوەیەکی باش لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەکار بهێنێت.

سەفەرنامەکانی سەردەمی سەفەوی دەربارەی کورد و کوردستان «گشتی و کورتن» ئاماژەکان زۆربەی جار پڕن لە دیدگای دژ بە یەک لە سەر کوردەکان. بۆ نمونە «برایانی شرلی» کاتیک دەگەنە کوردستان دەڵین: میللەتێکی وەحشی و دزن» لە هەمان کاتدا لە شوێنێکی تردا باسی میواندۆستی و جوامێری کوردەکان دەکات. بە وەحشی ناوزەد کردنی کورد لە لایەن ئەورووپییەکانەوە وەک باوێک لە ناو کتێبەکاندا باس کراوە وەک لە سەفەرنامەی ‹ژان باتیست» ئاماژەی پێ کراوە. هەر وەک چۆن مێژوو نووسە مسوڵمانەکان کوردیان بە جنۆکە پێناسە دەکرد.

کتێبەکە بە گشتی پێکهاتووە لە پێنج بەشی سەرەکی کە بەشی یەکەم لە پێناسە و ناساندنی سەفەرنامەنامە نووسی و بنەماکانی. لە بەشی دووەم باس لە جوگرافیای کورد دەکات لە ناوچەکە. بەشی سێیەم تەرخانە بۆ ئابووری کورد لە سەفەرنامەکاندا. بەشی چوارەم تایبەتە بە خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی کورد. کۆتا بەش باس لە تایبەتمەندییە کولتووری و ئەدەبییەکانی کورد دەکات.

ئەم کتێبە سەنگ و نرخی خۆی هەیە بە لێکۆلەرانی زانکۆ و ئەوانەی خولیای مێژووی ئێران و گەلی کوردیان هەیە.

چەمکناسی

ئێرانناسی

# بزوتنەوەی سەوز
# (جنبش سبز)

**هەورامان فەریق**

بزوتنەوەی سەوزی ئێران بە یەکێك لە گرنگترین ناڕەزایەتی و بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران هەژمار دەکرێت. بزوتنەوەکە دوابەدوای ناڕەزایەتییەکان لە هەمبەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی سەری هەڵدا. دروشمی ئەو بزوتنەوەیە لە سەرەتاوە بریتی بوو لە «کوا دەنگەکەم؟». خۆنیشاندەران هەر ئەوکات داوای ژماردنەوەی دەنگەکانیان کرد و ڕژێمی ئێران بە هەموو توانایەکی بزوتنەوەکەی سەرکوت کرد. ئەو بزوتنەوەیە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران دانا.



### بزوتنەوەکە سێ تایبەتمەندی ئاشکرای هەبوو کە بریتی بوون:

- بە نارەزایەتی دژ بە دەستکاری و گزی لە هەڵبژاردن دەستی پێکرد، بەڵام دواتر بوو بە خاوەنی گوتارێکی ڕوون کە لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ، ئازادییە مەدەنی و دیموکراسییەکان بونیاد نرابوو.

- تایبەتمەندی دووەم ئەوەبوو کە سێ سەرکردەی دیار ڕابەرایەتیان دەکرد کە لە هەموویان بەرچاوتر میرحسێنی موسەوی بوو، متمانەپێکراوی ئایەتوڵڵا خومەینی، دووەم سەرۆك وەزیرانی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران و کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی. هەروەها محەمەدی خاتەمی و مەهدی کەڕوبی کە لەوکاتەوە تا ئێستا هەر یەکێکیان بە جۆرێك بە دەستبەرسەرکراوی ماونەتەوە. هەرچەندە بۆچوونێك بەهێز هەیە کە پێی وایە نەبوونی سەرکردایەتییەکی بەهێز خۆی یەکێك لە هۆکارەکانی شکستی بزوتنەوەی سەوز بوو. نە مووسەوی و نە هیچ کەسیان لە ئاست ڕابەرایەتی ئەو بزوتنەوەیەدا نەبوون.

- سێیەم، سودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای سەردەم کە خۆی لە بەکارهێنانی بەربڵاوی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕێکخستن و ناردنی پەیامی خۆنیشیاندەران دەبینییەوە. ڕەنگی بزوتنەوەکە کرابە سەوز و لایەنگرانی موسەوی ئاڵا، دەستبەن، جانتا و جلی سەوزیان لەبەردەکرد.

### ڕەگوڕیشەی بزوتنەوەی سەوز

ڕەنگە ڕەگوڕیشەی بزوتنەوەی سەوز قووڵتربێت لەو نارەزایەتییانەی کە بەرامبەر بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان سەری هەڵدا. هەر ئەوەیکە  لە ڕوانگەی خەڵکەوە دەسەڵات دەیویست ئەنجامی هەڵبژاردن بە قازانجی مەحمودی ئەحمەدی نەژاد و زەرەری میر حسێن موسەوی یەکلایی بکاتەوە، هەندێك سەرەداوی تێگەیشتن لە دۆخەکەی تێدا دەخوێنرێتەوە. خوێندنەوەکان بۆ بزوتنەوەی سەوز جۆراوجۆرن. لەم کورتەباسەدا لە دوو ڕوانگەوە هەوڵ دەدەم ئەو چەمکە بناسێنم. یەکەم ڕەوتی چاکسازیخوازی ـ کە وەکو چەمك لە ژمارە ١٣ی وەرزنامەی ئێراناسیدا کورتەیەکم لەسەر نووسیوە ـ دووەم لە ڕوانگەی شیکردنەوەی گوتاری میرحسێنی مووسەوییەوە و بە پشتبەستن بە مەقالەیەك بەناونیشانی ڕووداوەکانی هەڵبژاردنی ١٣٨٨ لە گۆشەنیگای شرۆڤەی چوارچێوەوە.

## بنبەستی چاکسازی

لە ڕوانگەی ململانێی نێوان بناژووخوازان و چاکسازیخوازانەوە، لەسەردەمی محەمەدی خاتەمیدا، کە قۆناغی چاکسازیی گەورەی یەکەم بوو، هەوڵێك هەبوو بۆ نزیککردنەوەی خەڵکی لە دامودەزگای ڕژێم. لەو قۆناغەدا پەیوەندییەکی سنووردار بەرقەرار بوو بوو لەگەڵ ڕۆشنبیرانی لەبنەڕەتدا نائایینی و بەشێك لە کادیرانی هزری و سیاسی حکومەت کە لە کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان و بەرەو بنبەست ڕۆشتنی ڕژێم تێگەیشتبوون. بەڵام بە هاتنی ئەحمەدی نەژاد ئەم هەستی بنبەستەی دەسەڵات، گەیشتە لوتکە و بە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی سەوز، پێویستی نوێخوازییەکی ئاشکرا لە نێو چاکسازیخوازانی (دووەمی خورداد) بوو بە داخوازی ئەو ڕەوتە. بۆیە لەو پێناوەدا هەندێکیان خرانە بەندیخانە و هەندێك هەڵهاتن. لە سەردەمی نەژاددا چاکسازییەکانی خاتەمی ڕاوەستێران. لە بەرامبەردا جۆرێکیتری چاکسازی لە ڕوانگەی ویلایەتی فەقیهەوە دەستی پێکرد کە ئامانجی هێرشبەرکردنی دەزگای ڕژێم بوو لە کایەی سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆ و گەڕانەوە بۆ پێگەی جەماوەریی شۆڕشی ئیسلامی. بەڵام چاکسازییەکانی ئەو شکستیان هێنا. لە ویلایەتی فەقیهەوە تا خەڵکی سادە کە دەنگیان بە ئەودابوو لێی هەڵگەڕانەوە و ئەستەم بوو بتوانێت ڕکابەری کاندیدێکی بەهێز بکات. ئەم دۆخە نالەبارە زەمینەی لەباریان بۆ سەرهەڵدانی هەرجۆرە ناڕەزایەتییەك دەسازاند.

## هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار

بۆ ئەوەی زەمینەی سەرهەڵدانی بزوتنەوەکە باشتر ڕوون بکەینەوە، دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەمەی کە هەڵبژاردنەکەی تێدا دەکرێت. چونکە دواجار لە هەڵبژاردندا لایەنە ڕکابەرەکان دۆخی هەبوو دەدەنە بەر ڕەخنە و پرۆژەی خۆیان بۆ گۆڕانکاری لەو دۆخە دەخەنەڕوو. لە ڕێگەی گوتاری ئەوانەوە دەنگدەر لە کێشە و قەیرانەکان تێدەگات و دەنگ دەدات بەو کاندیدە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکات. ئێمەش لە ڕێگەی گوتارە سەرەکییەکانی ڕابەری بزوتنەوەکەوە کە خۆی تا ئەو ساتە یەکێك بووە لە کۆڵەکەکانی ڕژێم و زۆر باش دەتوانێت پەردە لەسەر ڕاستییە شاراوەکان هەڵبداتەوە، دەتوانین پەنجە بخەینە سەر هۆکارەکان و ئامانجەکانی بزوتنەوەکە و

گوتارە سەرەکییەکانی میرحسێن موسەوی بۆ سێ قۆناغی پێش هەڵبژاردن، سەروبەندی پڕوپاگەندە تا هەڵبژاردن و قۆناغی دوای هەڵبژاردن پۆلێن بکەین.

لەوەوە دەست پێبکەین کە مووسەوی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کاندید کردووە. هۆکاری یەکەم لە قۆناغی یەکەمی گوتاری مووسەویدا بەمشێوەیە ڕەنگ دەداتەوە. ئەو لەسەرەتاوە لە قەیرانی ئابووری و دۆخی نالەباری ژیانی خەڵکی بەتایبەت چینی هەژار و نێوەڕاست دەستی پێکرد. ئەو ئاماژە بە گرنگیی بەهێزکردنی ئابووریی نیشتیمانی و سەرکۆنەکردنی هاوردەی کاڵای دەرەوە دەکات. ئەو چەمکی (بچووکبوونەوەی سفرەی هەژاران) بەکار دەهێنێت و خراپی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەم پێناوەدا. پاشان لە یەکەم کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیدا باسی لە تێکچوونی بونیادەکان کرد لەسیستمی بڕیار و خستنەڕووی ئاماری هەڵە و زێدەڕۆیی تێیدا. لەم قۆناغەدا لە مزگەوتی نازی ئابادەوە دەستی پێکرد.

هەر لەو قۆناغەدا ڕوویکردە چینی گەنجان و پێویستیی ئازادیی ڕاگەیاندن و کۆتاییهێنان بە پۆلێنکردن و گۆشەگیرکردنی قوتابییانی زانکۆی وروژاند. لێرەوە کەمپەینی هەڵبژاردنی خۆی گواستەوە بۆ نێو زانکۆکان. بەتایبەت لە زانکۆی مەشهەدەوە وردەوردە هێلکەکانی خۆی خستە سەبەتەی ریفۆرمخوازەکانەوە. لەو کاتەدا دژبەرەکانی کە بەسیجییەکانی نێو زانکۆکان بوون ئەویان دایە بەر ڕەخنە.

قۆناغی دووەم، لە دیبەیتەکانەوە دەست پێدەکات تا هەڵبژاردن. بە دیاریکراوی لە ١٣ خوردادی ١٣٨٨ کە ئیدی گۆڕانکاری لە چوارچێوەکانی موسەویدا هەستی پێدەکرێت. بۆ یەکەمجار بوو کە چەمکی هەژاریی ئەخلاقی و ماددی ڕووبەڕووی ڕژێم دەکرێتەوە و لەبەرامبەریدا پابەندبوون بە بەها ئەخلاقییەکان لە حوکمڕانی و کۆتاییهێنانی بە خورافە و خستنەڕووی ئاماری درۆینە دەکاتە دەستکەلای لێدان لە سەرۆك کۆماری ئەوکات و لایەنگری سەرتاپای ڕژێم. لەو کاتەوە دەسەڵاتی ئێرانی بە درۆکردن لەگەڵ خەڵك تۆمەتبار کرد. لەو ڕۆژەوە کەمپەینەکانی نێوشەقامەکانی دروشمی «درۆکردن قەدەغە» یان دەگوتەوە. هێدی هێدی کەلێنەکانی نێو دەسەڵات زیاتر دەبوون و لە ڕێگەی لایەنگری میدیایی فەرمی بۆ ئەحمەدی نەژاد خۆی دەردەخست. لایەنگرەکانی موسەوی زیاتر داوای مافەکانی گەنجان و ژنانیان لە ئەو

دەکرد.

قۆناغی سێیەم، دوای هەڵبژاردن و نارەزایەتی ئەوە لە هەمبەر گزی لە دەنگەکان. لەوکاتەوە موسەوی و بزوتنەوەکە داوای مافی رەوای خەڵك بۆ نارەزایەتی، مافی یاسایی خەڵك، پێویستیی بەردەوامیی خەڵك بۆ بەرەنگاربوونەوە، ئازادیی بەندکراوانی سیاسی و هەڵگرتنی سنووردارکردنی میدیا دەکەن. میرحسێن بوو بە یەکەم کەس کە رەخنەی توندی لە دیکاتۆرییەتی سیاسی گرت و داوای پابەندبوونی بە دەستوور کرد. کەمپەینەکانی دروشمی درۆی گەورەیان بەرز کردەوە. و دۆخە تا نزیکەی هەشت مانگ بە ئاڵۆزیی مایەوە و بە کۆتاییهێنانی بە بزوتنەوەکە دامرکایەوە. سەرکردەکانی بزوتنەوەکە بە دەستبەسەرکراوی هێڵرانەوە و دۆخی ئەو وڵاتە لەوکاتەوە تا بزوتنەوەی ژینا و هەنووکە درێژە بە دۆخی نالەباری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی دەدات و بە چالاککردنی رێکاری بەلەپیتکەی ئەورووپییەکان دژ بەو وڵاتە دوور نییە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ژێر ناوی دیکەدا سەرهەڵبدەنەوە.

### سەرچاوە بەکارهاتووەکان:

1-https://www.radiozamaneh.com/149865/?utm_source=chatgpt.com
(تحلیل جنبش سبز؛ به مناسبت پنج سالگی آن، محمدرضا نیکفر، (٢٠٢٥/١٠/١
2-https://www.bbc.com/persian/lg/iran/2009/05/090521_og_ir88_
(زندگی‌نامه نامزدها: میر حسین موسوی، بی بی سی فارسی، (mosavi 1/10/2025
٣-حمیدرضا جلائی پور، آرش نصر اصفهانی، رخدادهای انتخابات ١٣٨٨ از چشم
.انداز تحلیل چارچوب، جامعه‌شناسی تاریخی، دوره ٦، شماره ١، بهار و تابستان ١٣٩٣
،٤-ایرج مصداقی: جنبش سبز نقطه پایان اصلاحات در ایران بود، ایران وایر
https://iranwire.com/fa/features/31526/?utm_source=chatgpt.com

CFS

Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکـۆڵیـنەوەی ئایندەیی





















CFS

Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵـینـەوەی ئایندەیی

































CFS

Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵـینەوەی ئایندەیی


















Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٦) ساڵی چوارەم، تشرینی یەکەم ٢٠٢٥